د. مارسیل لوکلیر

# پۆلیسی تەکنیکار

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی
**د. بسام الهاشم**
دکتۆر لەئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان
زانکۆی لبنان

وەرگێڕانی بۆ کوردی بەدەستکارییەوە
**عەمیدی مافپەروەر**
**غفران سلیم سام**
-ماستەر لەیاسا-

**چاپی یەکەم / ٢٠٢٠**

ناوی کتێب: پۆلیسی تەکنیکار
دانەر: مارسیل لوکلیر
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د. بسام الهاشم
وەرگێڕانی بۆ کوردی بەدەستکارییەوە:عەمیدی مافپەروەر غفران سلیم سام
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
پیت چنین و دیزاین : کۆمپیوتەری هیوا
هەڵەچن: شاخەوان عەلی مامۆکی
چاپخانە :
چاپ : یەکەم/ ٢٠٢٠

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

دەزگـای پـۆلیس لـەدەزگاکانی هـەر دەوڵـەتێك دەزگایـەکی چـالاکە، هەمیشە بەر فراوان و پڕ ئەرکە و لێپرسـراوێتی جۆراوجـۆر و هەمەلایەنـەی لە ئەستۆدایە، چەندین ئامانجی پیرۆزی وەك دروشـم هـەڵگرتووە و ڕۆژانـە بـەکردەوە، هـەنگاو دوای هـەنگاو جێبـەجێیان دەکـات، سـەر و سـامانی هاوڵاتیان و ئاسایشی وڵات دەپارێزێ، ئارامی و ئاسودەیی دەخاتە ناو ماڵ و دڵی هـەموو دانیشـتوانی شـار و شارۆچـکە و گونـدەکانی وڵات و جێگـای سەرنج و متمانەی گەورە و بچووکی گەلەکەمانە و لەکاتی تەنگانـەدا هانـای بۆ دەبەین.

سەرەڕای ئەم هەموو ئەرك و لێپرسراوێتییەی لەئەستۆی دایە و ڕۆژانە بـێ وچـان ڕایـان دەپـەڕێنێ، بـەهانای لاوازتـرین مرۆڤـی کۆمـەڵ و زوڵـم لێکـراوە بێدەسـەڵاتەکان دێـت و ئـەو دروشمـە بەچـاکی دەکاتـە کـردەوە کەدەڵێ: (پۆلیس لەخزمەتی گەلدایە).

پـــۆلیس، کۆمـــەڵگا لەچـــەندین تـــاوانی وەك دزی و دەســـتدرێژی و جـەردەیی و زەوتکـردن و تەڵەکـەبازی و هـی دیکـە دەپـارێزێ و پـەردە لەسەر ڕووی تاوانە سیاسییەکانی وەك ڕەشـەکوژی و پیلانـە چـەپەڵەکانی دژ بەسەروەری وڵات هەڵدەماڵێ و پووچەڵیان دەکاتەوە.

پۆلیس، ئەم ئەرکانە و گەلێکی دیکەی لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگا و لەچوارچـێوەی یاسـادا بەدەسـتپاکی و داوێنپـاکی و بـەووردبینی ئـەنجام دەدا، بەرامبـەر هـەر کێشـە و گرفتێـك ژیرانـە دەجووڵێتـەوە و شـێوازی جۆراوجۆری نوێ و هاوچەرخ بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەو دەکات.

ئەمڕۆش، کە لەسەردەمی سیستەمی نـوێی جیهانیـدا دەژیـن و پێمـان

ناوەتە چەرخی بیست و یەکەمین، هەر چەندە دەوڵەتان لەرووی زانستە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام لەپێشکەوتن دانە و گۆڕانکارییەکان بەخێرایی دەڕۆن، لەهەمان کاتیشدا کێشمەکێشم و ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانیش بەهەمان خێرایی و شان بەشانی ئەم پەرەسەندن و گەشەسەندنانە، ڕۆژانە سەرهەڵدەدەن.

میللەتی کوردیش، ئەگەرچی ئەمڕۆ لەکوردستانێکی فرەحزبی و لەژێر سایەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو و حکومەتێکی نیشتمانیدا ئازادانە و دوور لەهەموو جۆرە فشار و چەوساندنەوەیەك ژیانی خۆی بەسەر دەبا و دام و دەزگایەکی پۆلیسی چاوکراوەی ئەوتۆی هەیە، کەهەمیشە پاسەوانی ئەو خاکەی کوردستانن و لەپێناو ئارامی و ئاسایش و چەسپاندنی حکومەتی یاسا شەونخونی دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گرفت و کێشەکان ڕەگیان قووڵە و پێویستە هەموو لایەك هەوڵبدەین لەناخەوە هەڵیانبکێشین.

نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کەئەو ئەرکە پیرۆزە دەکەوێتە سەرشانی پۆلیسی تەکنیکار و ئەو هەموو دەستدرێژی و تاوانانەی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی پرۆگرامەکانی و هەر خۆی بەر لەهەموو کەسێك دەچێتە ناو جیهانی پڕ لەنهێنی و تاوانبارێتی و پۆلیسی زانستیش بەشێوازی ژیرانە و زانستیانە، دوای جێبینی و بەدواداچوون، بەدوای دۆزینەوەی تاواندا دەگەڕێ و لێی دەپرسێتەوە و هەموو کەرەستە و پێداویستییەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەڕەخسێنێ و پوختەی کارەکانی تایبەت بەلێکۆڵینەوە، دەخاتە بەردەم دادگاکان و ئاسانکارییەکی بەرچاو بۆ دادوەر دەڕەخسێنێ و لەوانەشە لەپێناو گەیشتن بەئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، ڕێنماییشی بکات لەپێناو پەردەلادان لەسەر ئەو گرفت و کێشە و تاوانانەی باسمان کردن، لەبەرئەوە لەوانەیە تاکو ئێستاش گەلێ کەس هەبن، هیچ جۆرە زانیارییەکیان سەبارەت

بەئەرکەکانی پۆلیسی تەکنیکار و پۆلیسی زانستی نەبێ، بۆ ئەوەی– ئەگەرچی بەکورتیش بێ– پوختەیەك لەو ئەرکانە بخەینەڕوو تاکو کوردستانیش وەك هەر دەوڵەتێکی پێشکەوتوو، لەم زانست و هونەرە پێشکەوتووە بێبەش نەبێ و دوای هەوڵدان و شەونخونییەکی زۆر و بەردەوام، ئەم کتێبە بەنرخ و تازە داهێنراوەمان لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، کەهەندێك دەستکاریشی تیا کراوە، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ کومەڵگاکەمان کە لەبنەڕەتدا لەلایەن پسپۆرێکی کارامە و شارەزای ئەم بوارە بەزمانی فەڕەنسی چاوی کردۆتەوە و ڕووناکی بەدی کردووە.

وەرگێڕ

**غفران سليم سام**

٢٠٠٠/٨/١٥



دەرچوانی کۆلێژی پۆلیس (خولی بارزانی نەمر) هەولێر

# بەشی یەکەم

# ڕوخسارە گشتییەکانی تاوان و پۆلیسی تەکنیکار

# پۆلیسی تەکنیکار

هەر لەکۆنەوە لەناو کۆمەڵدا سەرپێچیکردن هەر هەبووە و لێکۆڵینەوەی تاوانکاریش لەسەر چەند بنەمایەکی کردەیی دامەزرابوو. بەڵام تا کۆتایی چەرخی نۆزدەهەم لەلایەك پێویستی بایەخدان بەهزربوونی (عقلنتها) ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە سەری هەڵنەدابوو (چونکە فێربوونی، تەنیا پشتی بەداب و نەریتێکی بۆماوەیی (متوارث) زارەکی و کردەیی دەبەست) و لەلایەکی دیکەش جیاوازییەکانی نێوان ڕێگاو شێوازەکانی پۆلیسی داریۆس و پۆلیسی لویسی چوارەم لاواز بوو، کەچی بەربڵاوی زانستەکان لەوکاتەدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دیاردە تاوانکارییە جیاجیاکاندا هەبوو.

زۆر جۆرە شێواز و شێوەی تازەی لێکۆڵینەوەی تاوان لەکاتێکدا هاتنە کایەوە کەخێرایی پەیوەندییەکان و جۆری بیرکردنەوە لەشارە گەورەکاندا سزانەدانی تاوانبارانیان ئاسان دەکرد.

بەرامبەر بەم وەرچەرخانەی ژینگە و بەرزبوونەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری گشتی، پۆلیسیش– بە مەبەستی دۆزینەوەی چەکی تازە لەتاقیگەکاندا– ئاوڕی لەسیستەمە تازەکانی زانست دایەوە.

پەیدابوونی پۆلیسی تەکنیکی و پۆلیسی زانستی، دەگەڕێتەوە بۆ چاوپێداگێڕانەوە بەپڕۆگرامەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە، سەرەڕای ئەوەی ڕووکەشە، تاکو ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەدەربڕینە کۆتاییەکەی خۆی بدۆزێتەوە، واتە بگاتە دوا قۆناغی لێکۆڵینەوەی تاوانباری، زۆر لە دادوەر و دانەرەکان ئەم دوو دەستەواژەیە (پۆلیسی تەکنیکاری و پۆلیسی زانستی) بەیەك مانا

بەکاردەهێنن، کەهەرچەندە هاوواتاش نین.

هــەروەها، دەســـتەواژەی (هونـــەری لێکۆڵینـــەوەی تواناســـازی)[1] بـەکاردەهێنن کارەکــە پــتر تێکــەڵاو و ئــاڵۆز دەکـات، پرۆفیسـۆر (ش– سانیە)ش کەسەرۆکی فەرمانگەی پێناسەی دادوەری پـاریس بـوو، لـەکاتی گرێدانی کۆنگرەی دووەمی نێودەوڵەتی بۆ زانستی تاوانناسی، کە لەسـاڵی (١٩٥٠)[2] لــەپاریس بەســترا، لەیــەکێك لەتێبینییــە دیارەکانیــدا ئـــەم جیاوازییەی خستبووەڕوو.

دوای ئەویش (ب.ف. سیکالدی) هەمان شـتی ئـەنجام دا دوای ئـەوەی جـەختی لەسـەر ئـەوە کـردەوە کـە دەبـێ پۆلیسـی تـەکنیکار و پۆلیسـی زانستی هاریکاری یەکتر بکەن و لەهەمان کاتی جیاوازی نێوان هـەردوو لای دەستنیشان کرد ئەو پەنجەمۆرەی کەلەشوێنی تاوان وەردەگـیرێ، ئەگـەر بە پەنجەمۆری گومان لێکراو بچێ ئەوە مانای ئەوەیە ئـەو کەسـە دەسـتی لە لەشی قوربانیەکە داوە، بەڵام ناتوانی ئەوە بسەلمێنی وەختـێ لەشـەکە پەنجەمۆری پێ کەوتووە هەر لەو شـوێنە بـووە یـان نـا. ناشـکرێ بەچـەند بەڵگەیەکی وێکچوویی بگەینە سەلماندنی تاوان، واتە تاوانەکە بسـەلمێنین، ئەگــەر ســەلماندنەکان بــە گــەواهی شــایەدەکان و ئــەو بەڵگــە کــاتی و شوێنیانەی پۆلیسی تەکنیکار کۆی کردوونەتـەوە تێکهـەڵکێش نەکـەین[3]. بەم جۆرە پۆلیسی تەکنیکار، بێجگە لەئافـەرین لێکردنـی، دەبـێ جێگـەی ڕەزامەندی یاسا ناسانی تاوانناسی بێ.

ئەم بابەتەش وامان لێ دەکات سنورێك بۆ پۆلیسـی زانسـتی بکێشـین، کە بەر لەهەر شتێك، وەك زانستێکی کردەنی هەموو بەرنامـە گونجاوەکـان بەبێ جیـاوازی بـەکاردەهێنێ، بـەبێ ئـەوەی بەرنامەیـەکی تایبـەتی خـۆی هەبێ[4]. هەروەها دەبێ ئەو زاراوانەی کەتا ئێسـتا بـۆ زۆر کـەس تازەنـە و بـە تــەواوی بـۆ زانسـتی پۆلیسـی دەگەڕێتــەوە، کـە ئـەویش پۆلیسـی

تەکنیکارە.

پۆلیسی زانستی، بۆ ڕێکردنی (سوق) بەڵگەی تاوانکاری، بەتایبەتی بەڵگەی وێکچوو، بەرنامە و شێوازی زانستی بەکاردێنێ و پشت بە هەر شوێنەوارێك یان ئاماژەیەکی بابەتی دەبەستێ کە گەواهی چالاکی تاوانکارییەك، یان تێپەڕبوونی تاوانبارێك بێت وەك (پەنجەمۆرەکان، شوێن پێیەکان، دەردراوەکان، مووەکان، قەوانی تەقەمەنییەکان، جل و بەرگ، یان شتە بەجێماوەکان، نوسینو...هتد) سەرباری ئەو شوێنەوارانە، یان ئاماژانە هاریکاری لەنێوان پۆلیسی زانستی و پۆلیسی تەکنیکار دروست دەبێ: ئەوەش دوای ئەوەی پۆلیسی تەکنیکار بەڵگەکان کۆدەکاتەوە و پۆلیسی زانستیش هێماکان شی دەکاتەوە، پاشان هەردووکیان پێکەوە، بەهۆی ڕاڤەکردنی دەرئەنجامەکان، لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستە دەکەن، هەروەك شارەزایەکی سویدی بەناوبانگ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە و دەڵێ:[٥] (جوانترین تاقیگەی پۆلیسی سودی چییە ئەگەر پۆلیسی سەر شەقام قەت هاتوچۆی نەکات).

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بانگەشەی ژمارەیەکی زۆر کەمی زانا پسپۆرەکانی بواری تاوانکاری، بۆ سنوور بەندکردنی ڕۆڵی پۆلیس تەنیا بە (ئەرکە سەرەتاییەکان)، مایەی گاڵتەجاڕی بووە[٦]. بەڵام ئایا (نیسیفۆرۆ) دەمێکە زێدە بایەخی بەم بەناو پێشکەوتنە نەداوە؟ لەڕاستیدا ئەم پسپۆرە ساختانە وایان تێگەیاندووین کەکاری سەرەکی پۆلیس، تەنیا پاراستنی شوێنەوار و پشکنینی ماڵەکانە، ئەوەش بێئاگا بوونە لەو ڕاستییەی کە دەڵێ: لێکۆڵینەوەی دادوەری دابەش ناکرێ، بەڵکو هەر لەو ساتەی تاوانکارییەکە دەست پێدەکات تا دەگاتە سزادان، بە یەك پارچە دادەنرێ.

پۆلیسیش لە کۆتاییدا، وەك شایەدی ساتی یەکەمی تاوانکارییەکە و

وەك باوەڕپێكراوێك، بەباشترین شێوە دەتوانێ لەسەر كاری تاوانكارییەكە بدوێ، بێجگە لەوەی قۆناغی جێبینی (معاینة)ی تاوان، بەتەواوی دەست بەسەر ئاڕاستەی لێكۆڵینەوەكەدا دەگرێ، واتە كۆنترۆڵی دەكات.

ئێمە لێرەدا پرسیار دەكەین، ئایا چی لەو فەرمانبەرە چاوەڕوان دەكرێ كە ئاگای لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و هۆكارانە نییە كە بۆ ئەم وردبینییە، یان ئەوەی دیكە پێویستن؟ پۆلیس تەنها لە چوارچێوەی ڕاگرتن (توقیف) نەبێ، ناتوانێ سەلماندنە بابەتییەكان بداتە تاقیگە و بنەما سەرپێچیكارییەكان بداتە دادگا، دادوەر دەبێ چاودێری لێكۆڵینەوەكە بكات، دەبێ سەرەتاكانی یاسایی هەڵبوەشێنێتەوە و پاشان ڕێكیان بخاتەوە. شارەزاش (خبیر) دەبێ وا لە بەڵگەكان (الدلیل) بكات خۆیان بدوێن. كەچی پۆلیس دەبێ بواری بدرێتێ بۆ ئەوەی بایەخ بەدۆزینەوەی شایەد بدا و شوێن پێی بكەوێ و گوێبیستی دانپیانانی بێ و ئەو ڕەگەزە بەڵگە نەویستانە بداتە دادوەر و شارەزا كە هەر ئەمەش سەرچاوەی زانیارییەكانی ئەم دوو بابەتەن، چونكە پۆلیس تاكە كەسێكە كە لەڕووی تەكنیكییەوە ئەم توانایەی هەیە و لەرووی یاساییەوە ڕێگەی پێدراوە.

لێرەدا بواری پۆلیسی تەكنیكار بەدیار دەكەوێ كە دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانی بكەین: بریتییە لەزانستی جێبینی تاوانكارییەكە (علم المعاینة الجریمیة) و بەدواداچوونی تاوانبار (تقصي المجرم)، ئەو بەدواداچوونەی بەندە بە زانینی بارودۆخی ئەنجامدانی تاوان و شێوە كردەنییەكانی، هەروەها بە بەكارهێنانی پرۆگرامەكانی تەكنیكی و زانستی لە چوارچێوەی یاسایی ڕێكردنی بەڵگە (سوق البرهان)، واتە سەلماندنی.

ئەم دیاردەیە ئەگەر بێت و بەم شێوەیە شیبكرێتەوە ئەوا زانستیتر دەبێ: چاودێریكردنی ژینگەی تاوانكاری (البیئة الاجرامیة) و زانینی شێوە

کردەنییەکان دیاردەی تاوانکاری پێکدەهێنن، کەچی بەکارخستنی تەکنیکە گونجاوەکانی جێبینی و توێژینەوە و دواندن، داخوونی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە دەبێ.

ئێستا دەرکەوت کە پۆلیسی تەکنیکار وەك پۆلیسی زانستی چەند پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر بێتو ئەمڕۆ پێویست بێ لەسەر پۆلیس (بەجل و بەرگەکەی خۆی) پەی بە نهێنییەکانی جوگرافیای کەلوپەلەکان ببات، ئەوا بەیانی دەبێ لەپێناوی تەنیا یەك تاقمانە تەواوی پێداویستییە کارەباییە تازەکان دابهێنێ. ئەو پۆلیسەی چاکەتی پۆلیسی لەبەر دەکات، پێویستە پەرە بە زانیارییەکانی خۆی بدا، ئەوەندە کارامەییەی، لە کاتی کارکردنی ڕۆژانەیدا، بەدەستی دێنێ بەشی ناکا، بەڵکو دەبێ هەموو جارێك خۆی لەگەڵ چەند هەل و مەرجێکی دانسقەی چاوەڕوان نەکراوی نەگۆڕ رابێنێ، لەگەڵ ئەو هەل و مەرجانەی کە شتێکی دیکەیان تێدایە، نەك واقیعە بابەتییەکە و ڕووە یاساییەکەیان.

لێکۆڵینەوەی تاوانکاری ئەگەر پێویستی بەزانیارییەکی فەرهەنگی نەبێ کە لەم چاخەدا هەرگیز ناکرێ، ئەوە بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە مێملایەتی و مەرایی (ئارەزووی فرە شت زانین)یەکی تەواو هەیە. کە ئەوەش مەرجێکی بەکارهێنانی ڕەسمییە بە ئاراستەی زانستە پەراوێز ئامێزەکانی پیشەی پۆلیسی. ئەو زانستانەش لە ژمارەدا زۆرن هەر لەو تەکنیکە جۆراوجۆرانەی کە کارامەیی مرۆیی دەگرنە خۆیان، تا دەگەنە ئەو پاڵنەرە دەروونییانەی هانی کارکردن دەدەن. لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە کە (پۆلیس بەسەرپێیی دروست نابێ، بەڵکو لێی دەکۆڵرێتەوە) ئەوەش بێگومان یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم کتێبە(٧).

بەڵام ئەوەی لەهەمووان گرنگترە و لەسەرەتا پاڵگری ئەو زانیارییانە دەردەکەوێ کە ڕێکخستنی تەکنیکەکانی پۆلیسی پێویستیان پێیەتی (کە

سەرەڕای هەموو شتێکیش ناتوانێ جێگای ئەزموونگە بگرێتەوە)، بریتییە لە کرداری مرۆیی لێکۆڵەرەوەکە.

ئەفسەری پۆلیس، هەر پایە و پلەیەکی هەبێ، نابێ خۆی تەنیا شتە وردەکان و بابەتە سەرەتاییەکان دانوسێنێ و گریمانەیەکی فراوانی بۆ دابنێ، بەتایبەتی ئەگەر بێتو ئەو ئەفسەرە وەکو زانایەك دەستپاك نەبێ و شارەزاییەکی قوڵی لە دەروونی مرۆیی بۆ خۆی دەستەبەر نەکردبێ، ئەو شارەزاییەی تەنها خۆی توانای لێکهەڵوەشاندنەوەی شتە سەرەتاییەکانی پاڵنەرەکان و بارودۆخەکانی هەبێ، لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵۆزییەی تێشیاندایە. لێرەدا هزری تەکنیکار، کە وەك پێویستییەك یاساییە، بەدیار دەکەوێ و لەهەمان کاتیشدا پێویستە ئەوەش بزانین کە دەستنیشانکردنی لایەنی یاسایی تاوانکاری بێگومان بۆ دادوەر و فەرمانبەری پۆلیس پێویستە. با وا دابنێین کە ئێستا ئەم کارە، بەهۆی مافە بەراوردکارییەکان لە لایەك و پیرۆزی داب و نەریتە گشتییەکان لەلایەکی دیکەوە، مۆرکێکی فرە لایەنی هەڵگرتووە. ئەم کارە وای کردووە بنەماکانی سەرپێچیکاری لە ناوچە جیاجیاکاندا وەك یەك بن، بەڵام دادوەر و پیاوانی پۆلیس (کارمەندانی پۆلیس) دەبێ بە وردی ڕێز لەبنەما ڕەوانکارییە (القواعد الاجرائية) تایبەتییە یەکجار زەقەکان بگرن، ئەوە نەك تەنها لەبەر ئەوەی ئەم ڕێزگرتنە وەك مەرجێك بۆ پەسندکردنی بەڵگە دەمێنێتەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر، چونکە پێویستە لەسەر تەکنیکار– کە شایەنی ئەم ناوەیە– نەك وەك ئاستەنگێك، بەڵکو وەك ڕێگایەك دابنێ کە یاسا خۆی لەژێر دەستکاری ئەو دایە.

# باوەڕ پێکراوانی پۆلیسی تەکنیکار

دیارکردنی پۆلیسی تەکنیکار ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە کۆمەڵە زانیارییە پێویستەکان و فرە لایەنی تاوان هیچ تایبەتمەندییەك نادەنە جۆرە دادوەرێك، یان فەرمانبەرێك بۆ ئەوەی ئەم تەکنیکە وەدەست بهێنێ و بە تاك و تەنیایی بیخاتە کار.

بێگومان وشەی (پۆلیس) لە سەرەتادا مانای ئەو پۆلیسە دەبەخشێ کە یەکەم کەسە لێکۆڵینەوەی پێ دەسپێردرێ، زۆر جار گوێبیستی سکالا و ڕەخنەگرتن دەبێ و لە گۆڕەپانی ڕووداوەکەدا، دەست بە جێبینی (المعاينة) دەکا و شایەدەکان کۆدەکاتەوە و پێناسەی تاوانبار دیاری دەکا و بەدوایدا دەگەڕێ. هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن دەکەونە ژێر باری (ژێر کۆنترۆڵی) پرۆگرامەکانی پۆلیسی تەکنیکار، بەڵکو لە سەرەتادا هەر خۆی بەکاری دادوەری هەڵدەستێ. مادامەکیش ئەم هەموو بەدواداچوونە لەسەر تاوانبار کردنێ وەستاون، کە پێویستە بەر لەهەموو هەوڵدانێك پۆلیس ڕوونی بکاتەوە، بۆیە تاکو ڕێ لە بێدادی و گەندەڵی بگیرێ، پێویستە دەستەیەك کارمەندی هەڵبژێردراو هەبێ، ئەو دەستەیەش دەبێ ئاگاداری شتە ووردەکانی یاسا و تەکنیکەکانی تاوان بێ، بەڵام نابێ دادوەرەکان پۆلیسی تەکنیکار فەرامۆش بکەن و ناشبێ بڵێین ئەرکی پۆلیسی تەکنیکار تەنها کارە بەرپەرچدانەوەکانە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزگرتنی دادپەروەرییە. هەروەها دادوەرەکان خۆیان، ئەم یاسایە ڕایان دەسپێرێ کە داوای ئەو بەڵگانە بکەن و لە هەمان کاتیشدا بۆ سەلماندنی تاوانەکان، پێویستە پشت بە ڕاپۆرتەکانی پۆلیس ببەسترێ. کەواتە بۆچی وا دادەنێن کە هەوڵ و کۆششی پۆلیس لە هەوڵ و کۆششی هەر

فەرمانبەرێکی میری کەمترە، ئەگەر وابێ دەبێ دەوڵەت خۆی خۆی تاوانبار بکات، واتە نەیتوانیوە شتەکان بە چاکی هەڵبژێرێ. بۆیە نابێ تاوانەکە بخەینە پاڵ یاریدەدەری داد (مساعد العدالة)، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ دادوەرەکان (کە شارەزاییان لەهەموو زانستەکان پەیدا کردووە و بەرپرسی ڕاستەقینەی پۆلیسی دادوەرین، ئەو پۆلیسەی دەروازەی پشکنینی سەرپێچییەکانی یاسای سزایی و بەڵگەکان کۆ دەکاتەوە و بەدوای تاوانبارەکاندا دەگەڕێ[٨]. دەبێ هەموو تەکنیکەکانی تاوان بزانن تا بەپێی یاسا هەڵس و کەوت بکەن و تاوانباران بدوێنن، بەڵکو دەبێ بەپێی ئامۆژگاری پۆلیس و پسپۆرەکان ئیش بکەن و جاری وا هەیە دەبێ جێگایان بگرنەوە. هەروەها دەبێ ئەوە لەبیر نەکەن کە باوکی هونەری لێکۆڵینەوەی تاوانکاری (هانز گرۆس)، کە دادوەری لێکۆڵینەوە و پاشان ڕاوێژکاری دادگای تاوانکارییەکانی ڤییەننا بووە، یەکێك بووە لەو کۆمەڵە دادوەرانە و ئەو پوختە کردەییەی لە لێکۆڵینەوەی دادوەری (الوجيز العملي في التحقيق القضائي)[٩] بۆ بەجێ هێشتوین کە وەك قەڵایەك لە قەڵاکانی پۆلیسی تەکنیکار ماوەتەوە، چونکە دەروونناسی قوڵ و زانیارییەکانی جیهانی تاوانکاری پێکەوە کۆکردۆتەوە ئەوەشیان باشترین کتێبی مەشقکردنە لە بواری پیشەی دادوەر و پۆلیس.

ئەگەر پۆلیس یەکەم کەس بێ لە تاوانبار بکۆڵێتەوە، ئەوا دوا لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ئەستۆی دادوەر کە ئەم لێکۆڵینەوەیەش سزای توندی بەدواوەیە، بۆیە تەکنیکەکەی بەسەرپێیی نایەتە کایەوە. ئەمەش لە لایەك ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە کە بۆچی هەموو یاساکان، ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەفسەرەکانیان بۆ ڕاپەڕاندنی کاری پۆلیسی دادوەری و پاشکۆکەی (پۆلیسی تەکنیکار) تەرخان کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆچی شێوەکانی کۆکردنەوەی بەڵگەکان و گەڕان بەدوای ئەنجامدەرانی

تاوانـەکان لـە خـۆوە پـەردەپۆش کـراون. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە یاسـاکان بنەماکانی بەڵگە و سنوورەکانی توندڕەوییان بە وردی دیار کردووە، بـەڵام ئەم شێوە جۆراوجۆرانە کردارەکانی ژیانی ڕۆژانە جۆراوجۆر دەکەن.

بەڵام لە زۆربـەی ڕەوانکارییـەکانی تاوانکـاری (الاجـراءات الجنائیـة) وا تێبینـی دەکـرێ کـە داوەر و پـۆلیس و لێـزان، گـرنگترین بـاوەڕ پێکـراوی پۆلیسـی تـەکنیکارن، کـە یاسـا بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان کردوونـی بـە شایەدی یەکجار باش، پلە یەك لەکاتێکدا ئەم جۆرە لە بارییەی پێداون کـە جێگای شانازییە، توانستی ماددی (دەربارەی هەموو سەرپێچییەکان، یـان بەشێکیان) و کارامەیەکی خۆیەتی پـێ بەخشـیون (لەلایـەك پەیوەسـت بـە واقیعە تاوانکراوەکـە خـۆی و لەلایـەکی دیکـەیش بـەو هەرێمـەی کـە تـاوان تیایـدا بـاوە، بـۆ ئـەوەی فەرمانبـەر، یـان دادوەر لێیـی بـەئاگا بێتـەوە). دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە بڵێین، لـەو جـۆرە کتێبـەدا کـە باسـی شـتی گشتی دەکا، واتە فرە لایەنە بـۆ هـەر بەرنامـە و زانسـتێك کـە پێویسـتیان پێیەتی، لـەکاتی ئامـادەکردنی ئـەو بـاوەڕ پێکراوانـەی پۆلیسـی تـەکنیکار دەخەنە کار و دەسەڵاتیان دەستنیشان دەکەن. ناکرێ تایبەتمەندییەکانی ئـەم یاسـا نەتەوەییـە، یـان ئـەوەی دیکـە بـاس بکـەین. بـەڵام پێویسـتە سەرنجی هەموو لایەك بۆ دوو تێبینی ڕابکێشین کە ئەمانەن:

١- بەرژەوەنـدی هەنـدێ جـار لـەوەوە پەیـدا دەبـێ، کـە خەسـڵەتی فەرمانبـەرێك (هـەروەها دەگـوترێ: ئەفسـەرێك) لـە پۆلیسـی دادوەری و پۆلیسی تەکنیکار[١٠] و لەهەمان کاتیشدا لە شـارەزا کۆدەبێتـەوە، هەنـدێ جاریش لەوەوە کۆدەبێتەوە، کە پۆلیسی تەکنیکار وەك شارەزاییەك وایـە و دەتوانێ پشت بە چەند فەرمانبەرێکی یاریدەدەر[١١]، یان چەند کەسێکی شیاو بەهۆی تەکنیکەکەیان، یان هونەرە تایبەتییەکەیان ببەستێ.

٢- سوود لەوەدایە کە پاڵپشتییەکی وردی خوێنـەر بکـرێ، هەرچـەند

پۆلیسـی تەکنیکـار

شارەزاییشی هەبێ، بۆ دامەزراوێك كە بەوە ڕاسپێدراوە بیروڕا و بەرنامە بەردەستەكانی خۆی بخاتە كار.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین، ئەگەر بەكورتیش بێ، ئاماژە بەوە بكەین كە ڕێكخراوی پۆلیسی فەڕەنسی (منظمة الشرطة الفرنسية) لەسێ لق پێك دێت:

١- پۆلیسی یاسا پارێزی، كە بە جلی یاسایی (پۆلیسی) یاساكان دەپارێزن.

٢- پۆلیسی بە ئاگایی و پرسینەوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی.

٣- پۆلیسی سەركوتكردن، یان دادوەری كە لەتاوان و كەتنەكان (الجرائم والجنحات) دەكۆڵێتەوە.

كەچی دام و دەزگاكانی پۆلیسی دادوەری كە لەسەر خاكی وڵات بڵاو بوونەتەوە و بەشێوەی جیا جیا خۆیان لە خۆیاندا باوەڕپێكراوی ڕاستەوخۆی پۆلیسی تەكنیكین كە بەم شێوەیە پێك هاتووە:

١- لەلایەكەوە هەر حەڤدە (١٧) فەرمانگە ناوچەییەكانی پۆلیسی دادوەری، كە بەسەر تەواوی خاكی وڵات بڵاوبوونەتەوە و تەنیا خۆ لە تاوانە ترسناكەكان، یان گەڕۆكەكان هەڵدەقورتێنن.

٢- لەلایەكی دیكەوە، سەبارەت بە تاوانی سووك، چوار سەد دەسەڵاتداریەتی پۆلیسی شارەكان و سێ هەزار و نۆ سەد و شەست و پێنج مەفرەزەی لە گوندەكان (كە ئەو مەفرەزانە لە شارەكانیش، بە تایبەتی دەوروبەریان، بەكەڵكن) ئا بەم جۆرە لە سەرجەمی (١٥٢٠٠٠) پۆلیس، یان دەرەك، (٣٠٠٠٠) ئەفسەر، یان بڕوا پێكراوی پۆلیسی تەكنیكار هەیە[١٢].

# هۆکارەکانی تاوان

گەڕان بەدوای هۆکارەکانی دیاردەیەکی دیاریکراو، یەکەم هەوڵدانە بۆ هەر زانستێك، یان تەکنیکێك... هیچ دادوەرێك، یان پارێزەرێك، یان پۆلیسێك، بەبێ لێکۆڵینەوەی پێشینە لەو فاکتەرانەی تاوان دروست دەکەن، ناتوانن بچنە ناو جیهانی تاوانناسی، بۆیە بەر لە چوونە ناو ئەو توێژینەوەیە، چاکتر وایە تاوان دەستنیشان بکەین:

(تاوان ڕەفتارێکە لەلایەن یاسایەکی نوسراوی ئەوتۆ حوکمی بەسەردا دەسەپێندرێ کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵە) سەرەڕای ئەم پێناسەیە دەتوانین ئەم ڕاستکردنەوەیەی خوارەوەشی بخەینە پاڵ:

(یاساکان شان بەشانی پەرەسەندنی ئاکارەکانی کۆمەڵانی خەڵك دەڕۆن، بەڵام ئەم ئاکارانە دروست ناکەن).... (ماکسویل).

بۆیە زانستی هۆیەتی تاوانناسی (علم السببية الجنائية) کە دەربارەی جیهانی تاوانناسی زانیارییەکی بەکەڵکمان دەداتێ، چاکتر گوناه (تاوان) هەڵدەسەنگێنێ و سیاسەتێکی خۆپارێزی دروست دادەنێ و بەر لەهەموو شتێکیش، نیازی تاوانکار بۆ ئەنجامدانی تاوان دەستنیشان دەکات. لە زۆربەی چالاکییەکانی تاوانکاریدا چەند ئامادەباشییەك لە کەسەکەدا، هەروەها چەندین نیشانە لە ڕەفتاریدا هەنە، کە بەهۆیانەوە هەندێ لە زاناکان[١٣] دەتوانن تا ڕادەیەك پێشبینی ئەنجامدانی تاوان بکەن لەکەسەکەدا.

دەبێ ئەوەش بزانین کە چەند فاکتەرێکی سەرەکی هەیە بەرپرسن لە ڕاکێشانی کەسێك بەرەو ئەنجامدانی تاوان، ئەمانەی خوارەوە هەندێك لەو هۆکارانەن:

١- هۆكارەكانى تاكايەتى (الفردية):

أ- هۆكارەكانى جەستەيى:

نابێ هەميشە ديمەنێكى ناشيرينى ياخيبوو لە مێشكماندا تۆمار بكەين، وەك پاڵپشتێك بۆ ئەم قسەيە، پرۆفيسۆر (ئەشانبورگ) كاتێك وانەكانى زانستى تاوانكارى بە قوتابييەكانى دەگوتەوە، هەر لە دەستپێكردنى وانەكانييەوە بەگاڵتە كردنێكەوە بە قوتابييەكانى دەگوت (ئايا دەتانەوێ مێشكى نمونەيى خوێنمژێك ببينن؟ كەواتە سەيرى مێشكى من بكەن[١٤] لێرەدا دەبێ ئەوە بزانين كە مەبەستى ئەم پرۆفيسۆرە لەو گوتەيەيدا ئەوە نييە، كە خۆى خوێنمژە، بەڵكو مەبەستى ئەوەيە كە مێشكى خوێنمژێك و كەسێكى ئاسايى جياوازييان نييە. (لومبرۆزۆ) ئەوەى سەلماند، كە پەيوەندى لە نێوان ڕاستەوانەكان و چەپەوانەكان و تاوانەكاندا هەيە. (لاكاسان)يش بەڵگەى لەسەر ئەوە هێناوەتەوە كە سەر و سەكوتى (سيماى) بكوژەكان لە خەڵكانى سەرەتايى (بدائى) نزيكترە نەك خەڵكانى نوێ. ئەوەش دەمانگەيەنێتە ئەو لێكدانەوەيە، كە ئەوانە لە ڕووى كۆمەڵايەتييەوە ناتەواون و هێشتا ناتوانن لە پێويستبوونى ياساكانى شارستانييەت بگەن. لەوەش نوێتر ئەوەيە كە پزيشكى هاوچەرخ ئەوەى دۆزيوەتەوە كە پەيوەندى لە نێوان ڕێژەى كلۆكۆزى خوێن و ئارەزووەكان بۆ زوو تەنگەتاو بوون و تووڕە بوون و كردارە توندڕەوييەكان هەيە. هەروەها خوێنى بێنوێژى كاريگەرييەكى فيزيۆلۆژى ناوخۆيى هەيە، كە دەركەوتووە لە (٦٣٪)ى ئەو ئافرەتانەى دزييان لە كۆگا گەورەكان ئەنجام داوە، لە كاتى بێنوێژيدا بوونە، هەروەها دياردەكانى كەش و هەواش يەكێكە لە هۆيەكانى تاوان كە هەر وەرزێك تاوانێكى تايبەتى تێدا ئەنجام دەدرێ.

**ب- هۆکارە دەرونییەکان:**

فاکتەری جەستەیی هەر بە تەنها بۆ دروستکردن (یان پێکهێنانی) تاوانبار بەس نییە، لەوە گرنگتر ئارەزووەکانی تاکە، کە هەر یەکێك لەو ئارەزووانە تاك بەرەو خوو و نەریتێك دەبات (کە تێکڕای ئەو نەریتانە کەسایەتی دروست دەکەن)[١٧] بەهۆی تێڕوانینەکانی تاوانناسی دەردەکەوێ کە خۆپەرستی بەسەر لاساریدا زاڵە، لەو خۆپەرستییەش خۆشەویستی شێتانەی خود (منۆکیێ) و چاوچنۆکی و خۆدەرخستن و وروژانی سێکسی دەردەکەون[١٨]. سەرەڕای ئەوەش لوتبەرزی وا لە کەسەکە دەکات نەتوانێ بەسەر کردەوە تایبەتییەکانی خۆی زاڵبێ و چاودێرییان بکات و لە ئەنجامیشدا دەگاتە ئەو مەزەندەیەی، کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پۆلیس دەتوانێ خۆی دەرباز بکات، بۆیە لە پرۆژە تاوانکارییەکانیدا چاو نەترسانە دەردەکەوێ. هەروەها هۆکارێکی گرنگی دیکە هەیە کە ئەویش بەدڕەوشتییە، چونکە دەستپاکی کارێکە وەردەگیرێ، لەم بارەوە پێویستە قوتابخانە بایەخ بەوانەکانی پێگەیاندنی شارستانییانە و ئاکارەکانی (اخلاقی) بدات[١٩]. چونکە ئەوە باشترین خۆپارێزییە دژی تاوانکاری[٢٠]. بەهەڵەش دەچین کاتێك کە لەگەڵ (فیکتۆر هۆگۆ) وا تێبگەین کە (کردنەوەی قوتابخانەیەك بریتییە لە داخستنی بەندیخانەیەك)، چونکە (نیسیفۆرۆ) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەڵێ (تێگەیاندن تاوانکاری ڕەش ناکاتەوە بەڵکو دەیگۆڕێ، هەروەك چۆن تاوانی دەوڵەمەند و هەژار هەیە، تاوانی خوێندەوار و نەخوێندەواریش هەیە).

**ج- هۆكاری ڕێككەوتنكاری:**

بەر لەهەموو شتێك دەبێ بەهای ئەو پەندە بزانین كە دەڵێ (بۆنە دژ دروست دەكات) ئا لێرەدا هۆكاری ڕێككەوتنكاری دێتە ئاراوە، لەوانەیە ئەو هۆكارە كتوپڕ، یان بە ئەنقەست بێ، لە باری یەكەم وەك ئەوە وایە كە یەكێك سەفتە پارەیەكی بازرگانێك دەدزێ، كە خۆی لەوێ نییە و ئەو كەسەش بەرێكەوت بۆ پرسیاركردنێك چووەتە ناو كۆگاكەی... كەچی لە باری دووەمدا بكەر (الفاعل) خۆی بۆنەكە ئاسان دەكات، ئەوەش بەهاتوچۆكردنی خەڵكانێك و چوونە چەند شوێنێكی ئەوتۆ كە پێی باشن: (تاوانكار ئەو شوێنانە ڕایدەكێشن كە كاری خراپەكارییەكەی بۆ ئاسان دەكەن، هەروەك چۆن شوێنەكانی یاریكردن فێڵباز بۆ خۆیان ڕادەكێشن)[٢١].

**٢- هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان:**

ژینگە لەم بوارەدا ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوەی هەیە، بۆیە دەبێ ئەو هۆكارە بنەڕەتییانە بزانین كە لەم بوارەدا تاوان دروست دەكەن:

**أ- ژینگەی خێزانی و قوتابخانەیی:**

پەروەردە گەشە بە لایەنی زەینی ئاكاری دەدات، خێزانیش لەبارترین شوێنە بۆ ئەم پەروەردەیە، بەڵام چ پەروەردەیەك لە خێزانێكی بەدڕەفتار، یان لاواز ڕەچاو دەكرێ، هەروەها لە پرۆسەی پەروەردەكردنیشدا نابێ بە تەواوی پشت بە قوتابخانە ببەستین، چونكە هەندێ مامۆستا زیاتر زانیارییەكان دەدەنە قوتابی لەوەی كە ئاكاری (ئەخلاقی) فێر بكەن، هەروەها چ سودێك لە قوتابخانە دەبینرێ ئەگەر هەموو ڕۆژێ قوتابی لە ماڵەوە و لەناو خێزاندا سەرزەنشت بكرێ. (س.

غلوك)[٢٢]. ئاماژەی بۆ گرنگی خێزان کردووە و پێشبینی ئەوە دەکا کە ئەگەر پێنج هۆکاری لاساری لە کەسێك کۆببوونەوە، ئەوا لە (٨٥٪) دەزاندرێ ئەو کەسە چالاکی تاوانکاری ئەنجام دەدا، ئەو هۆکارانەش ئەمانەن:

- ڕێز نەگرتنی دەسەڵاتی باوك.
- چاودێری نەکردنی لە لایەن دایك.
- سۆز پێ نەدانی لە لایەن باوك، یان دایك.
- پچڕانی شیرازەی خێزان.

هەروەها ژیان بەسەربردن لەناو کونجی پیس و شوێنی جەنجاڵ[٢٣]. یان بێهیوایی هەموویان هۆکارن بۆ ئەنجامدانی تاوان لەلایەن هەرزەکاران، یان لاوانەوە ئەو ئامادەباشییە بۆ لاساری و تاوانباریێتی هەروا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن، بەڵکو تەنها بە کردنەوەی چەندین یانە و دروستکردنی گیانێکی بەرەنگاریکارانە دژی دوورە پەرێزی و پتەوکردنی دەسەڵاتی باوك و دروستکردنی چەندین پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبێ، هەروەها لە هەمان کاتیشدا پۆلیس دەبێ بە گیانێکی پڕ لەمیهرەبانی دەستییان بەسەردا بهێنێ و ئاگای لێیان بێ.

### ب- ڕابواردنە پڕوپوچەکان:

مەیخانە و ئاهەنگە میللییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە بڵاوکردنەوەی تاواندا هەیە، چونکە کاتێ کە یاخیبوو دەچێتە مەیخانەیەك و شانی (لە شوێنی خواردنەوە)[٢٤] توند دەکات، بێگومان چارەی هەر ئەوە دەبێ، کە بەندیخانە هەڵبژێرێ، دوای ئەوەی لە بەندیخانەش دەردەچێ دەیەوێ ئەو دابڕانەی لەماوەی بەندکردنەکەیدا ڕووی داوە بە دووبارە چوونەوە بۆ

مەیخانــەکان قــەرەبوی بکاتــەوە، لێــرەدا ســەرەڕای خواردنــەوە، هۆکــاری ڕێککەوتنکاریشی دەخاتە سەر کەوا لە کەسێکی دیکە دەکات لـە کـردەوە تاوانکارییەکانی بەشدار بێت، بۆیە لێـرەدا ڕۆڵـی چـاودێری کردنـی پـۆلیس دەردەکـەوێ و نـەبوونی سیاسـەتێکی تاوانناسـی لـە کـاتی کردنـەوەی مەیخانەکان کارێکی پڕ لە مەترسییە.

کەچـی ئاهەنگـە میللییـەکان، بەتایبـەتی قومارخانـەکان، گـەنجان بـۆ خۆیـان ڕادەکێشـن و بـەمجۆرە چـەند چـەتەگەرییەکی لادەرانـەیان تێـدا دروست دەبێ.

## ج- سینەما و ڕۆژنامەگەری:

ســینەما و ڕۆژنامەگــەری، چــەندین دیمــەنی دڵــداری و عەشــقبازی و توندڕەوی ئەوتۆ نیشان دەدەن و دەخەنەڕوو، بە جۆرێك هەست و نەسـتی ئەو کەسانە دەوروژێنن کـە بـە تـەواوی ڕۆشـنبیر نـین، بۆیـە دەکەونـە ژێـر کاریگەرییان و بە ئاسانی ئەم وێنە و نوسینانە لـە کردارەکـانی ڕۆژانەیانـدا ڕەنگ دەدەنەوە، سەرەڕای ئەمـەش هەنـدێ فـیلم و ڕۆژنامـە و گۆڤـاری وا هەیە شتی وا نیشـان دەدەن، کـە وەك مەشـق کـردنێکن لەسـەر تـەکنیکی تاوانکـاری و شـێوازەکانی خۆشـاردنەوە لـە دەسـت پـۆلیس. ئەگەرچـی لەوانەیە هەندێ جار ڕۆژنامەگەری بـۆ پشـکنین یارمەتیـدەرێکی چـاك بـێ، بەڵام دەبـێ دادوەر و پیـاوانی پـۆلیس ئاگـاداربن و نابـێ بـەدوور و درێـژی هەموو لایەنەکانی ئەو پلانانە باس بکەن کە بوونەتە هۆی دەستگیر کردنـی تاوانباران، بەتایبەتی بـۆ ئـەو ڕیپۆرتاژانـەی لـە ڕۆژنامەکانـدا دەنووسـرێن، چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە دوای دەستگیرکردنی ئـەو تاوانبارانـە هێشـتا کەسانی دیکەی تاوانبار ماون و دەستگیر نەکراون، کاتێ کە شارەزای ئـەو پلانانەی پۆلیس دەبن، دەزانن چۆن ئاگاداری خۆیان بن.

**د- بێ ئایینی (کەم بڕوایی) یان دوورکەوتنەوە لێی:**

لەم ڕووەوە ڕاستییەکی بەڵگە نەویست هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئایین، سەبارەت بە ئاکار، لە بنیاتنانی کەسێتی تاك ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە، چونکە ئایین بۆ ئارەزووی لە ڕادەبەدەری خەڵك وەك دەمامك وایە.

**ه- چڕی دانیشتوان:**

تا چڕی دانیشتوان لە شوێنێك زۆر بێ ئەوا ڕێژەی تاوانکاری لەم شوێنەدا زۆرتر دەبێ. ئەوە تەگەرەیەکە بە تەواوی لای ئەندازیارانی بیناسازی هاوچەرخ پشتگوێ خراوە... ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە و پێویستە بیری لێ بکرێتەوە. شوێنێکی چڕی پڕ دانیشتوان هەمیشە چەندین نمونەی خراپی لێ کۆ دەبێتەوە، چونکە دوای ئەنجامدانی تاوانەکانیان دەتوانن لەناو ئەو چڕییەدا خۆیان حەشار بدەن. بۆیە دەبینین ڕێژەی تاوانکاری لە گوندەکاندا گەلێ کەمترە، چونکە خەڵکەکەی هەموویان یەکتر دەناسن و تاوانکار زوو دیار دەکەوێ.

**٣- هۆکارە ئابورییەکان**

**أ- بەهای گوزەران:**

(ئەرستۆ) ڕاستی فەرموو کە گوتی (مرۆڤ لە ژێر باری نزمترین ڕادەی گوزەران ناتوانێ ئابڕوومەند بێ) بەڵام دەبوایە ئەوەشی بخستبوایە سەری کە (زۆر سەختە دەوڵەمەندەکان بە تەواوی ئابڕوومەند بن)[٢٦].

**ب- بێکاری:**

ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی تاوان، چونکە بێکار کاتێکی زۆری لەبەردەستدایە و پێویستییەکانیشی زۆرن، بۆیە بواری ئەوەی هەیە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگاکانی تاوانکاری بکاتەوە.

ج- به پیشەسازیکردنی زۆر خێرا:

دەبێ ئەوە بزانین بە پیشەسازیکردن وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی زۆر خێرا لەگەڵ خۆی دەهێنێ، کە پەرەسەندنێکی پیشەسازی لەگەڵدایە، بەڵام لە هەمان وڵاتدا بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان بەرەو دواوە دەکشێنەوە، ئەوەش وەك دەرئەنجامێك بۆ کۆچکردنی بە کۆمەڵ لە گوندەوە بۆ شار و پچڕانی پێکبەستەکانی خێزانی و کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکان، بۆیە پێویستە لەسەر دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان هەوڵبدەن کارگە و کارخانە پیشەسازییەکان، لەناوچە زۆر چڕەکاندا دوور بخەنەوە و چاودێری ئەو هەرێمانە بکەن کە تێکڕای تاوانیان تێدا بەرزە[٢٧].

د- نەگونجان لەگەڵ پیشەگەری:

سەرباری نەشیاوی کەسێك، نەگونجانیش لەگەڵ پیشە وا لە کەسەکە دەکات سەرپێچی بکات، ئەو نەگونجانەش لای ئەو لاوانە سەرهەڵدەدا کە زۆر لە کارەکانیان دوا دەکەون. بێگومان ئەوەش چەند دەرئەنجامێکی خراپی ئابووری و ئاکارەکی بەدوادا دێت.

هەمان دیاردەش لای بەساڵاچووەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بەتایبەتی لای ئەو خانەنشینانەی نازانن چۆن ژیانی تازەی خۆیان ڕێك بخەن، بە لایەنی کەمەوە ئەوەی پەیوەستە بە هەندێ لە تاوانەکانی وەك فێڵبازی و خوڕەوشت.

٤- هۆكاره سیاسییه‌كان

أ- ئایدیۆلۆژیای بێ لێپێچانه‌وه (اللامسؤولیة):

ئـه‌وه‌ی دڵخۆشـكه‌ره بێگومـان ئه‌وه‌یـه كـه ئه‌نجامـده‌ری تـاوان بـه گوێره‌ی بابه‌تی تاوانه‌كه‌ی حوكم نادرێ، هه‌روه‌ك له سه‌ده‌ی حه‌قده‌هه‌م وا ده‌كرا، به‌ڵكو به گوێره‌ی نیازه‌كه‌ی حوكم ده‌درێ. ده‌بێ ئه‌وه‌ش بزانین كه به‌دیارخستنی توانـای ئـه‌قڵی و كه‌سـایه‌تی بوونـه دوو پێـوه‌ری پێشكه‌وتنه‌كانی دادپه‌روه‌ری ئاده‌میزاد. به‌ڵام ئه‌و گفتوگۆ ئاشكرایانه‌ی بۆ چه‌مكه‌كانی ئه‌و لێپرسراوه‌تییه‌ی ڕۆژنامه‌گه‌ری و فیلمه‌كان بـه شـێوه‌یه‌كی خـراپ و بـه نـه‌زانی بڵاویـان كـرده‌وه، ئه‌نجامه‌كـه‌ی ئـه‌وه بـوو ڕه‌وشـت و ئاكاره‌كان نزم بوون و ویژدانی خه‌ڵكانێكی ئه‌وتۆی ئازاد كـرد، كـه هـه‌رگیز ئاماده نه‌بوون به‌و چه‌مكه فه‌لسه‌فییانه ڕازی بن.

ب- جه‌نگه‌كان و قه‌یرانه سیاسییه‌كان:

ئه‌و جه‌نگه نوێیانـه‌ی لـه ئـه‌نجامی شـڵه‌ژانی كۆمه‌ڵایه‌تییـه‌وه دروسـت بوون، یه‌كێك له خه‌سڵه‌ته‌كانیان ئه‌وه بوو كه زۆر له باوكان كۆچی دواییان كرد و هـه‌رزه‌كاران، ئازادییـه‌كی لـه ڕاده بـه‌ده‌ریان وه‌رگـرت و ئافره‌تـانی به‌دڕه‌وشـت ده‌ركـه‌وتن و تـه‌كنیكاران خۆیـان سـه‌پاند[٢٨]. بۆیـه ڕه‌وشـته گشـتییه‌كان زۆر نـزم بوونـه‌وه و ویژدانـه‌كان تووشـی چـه‌ند زه‌برێكـی مه‌ترسیدار بوونه‌وه.

ج- نوشوستییه‌كانی پۆلیس:

(مونسكیو) له‌م باره‌وه نوسیویه‌تی ده‌ڵێ: (مه‌به‌سـت لـه ڕاده‌ی خـۆی زیاتر به‌كارهێنانی سزا بۆ وه‌ستاندنی شه‌ڕخوازه‌كانه) ده‌بـێ ئـه‌وه بـزانین

که ئامادەبوونی پۆلیسێك بە هەر هاوڵاتیەك، وا لەو هاوڵاتییە دەکات ببێتە چەتەیەکی ڕێگر و زەبر وەشێن. هەروەها باش نییە ڕۆژنامەکان بەدرێژی باسی نوشوستییەکانی پۆلیس بکەن، یان دووبارە ئەو کێشانە نوێ بکەنەوە کە لێکۆڵینەوە دەربارەیان وەستێندراوە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لاسارەکانی دواڕۆژ هەست بە دڵنیایی بکەن و لە سزادان دوور بن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ پۆلیس بە خێرایی هەندێ لەوانە دەستگیر بکات، بەڵام ژیرانە ئاگاداری ئەو ئامرازانە بن کە بەکار دەهێنرێن. ئەوەش بۆ ئەوەی تاوەکو ئەو تەکنیکە (ئامرازە) نوێیانەی تیایدا بەکارهاتوون ئاشکرا نەبن. بۆیە تاکو پۆلیس لە ئەرکەکەی خۆی نوشوستی نەهێنێ، پێویستە حکومەت باشترین پۆلیس بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێرێ و هەموو ئامرازە پێویستییەکانی بۆ دەستەبەر بکات پاکانە نابەجێیەکان لەبەر ئەوەی تاوان ڕەفتارێکە و یاسایەکی نوسراوە حوکمی کردووە و ئەو یاسایەش لە بەرژەوەندی کۆمەڵدایە، بۆیە پاکانەکردنی (بێتاوانکردنی) کارێکی تاوانبارییە و هەر ویژدانێکی زیندوو دەهەژێنێ و وا لە تاوانبار، یان کەسانی دیکە دەکات دیسان تاوان ئەنجام بدەن. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەگەر لێرە یەکێك حوکم درا و لەوێش یەکێکی دیکە بە خۆڕایی بێتاوان کرا، (پاکانەکرا) ئەوا ئەم جۆرە بڕیاردانە ئاژاوەیەکی مەترسیدار لە زەینی خەڵك دروست دەکەن.

### د- کۆچکردنی چڕ و جەنجاڵ ئاسا:

کۆچکردن دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ناوخۆییە کە بریتییە لە کۆچکردن لە دێهاتەوە بەرەو شار، دووەمیشیان دەرەکییە کە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکەیە، ئا لەم کۆچکردنەدا شیرازەی پێکبەستە

کۆمەڵایەتییەکان، دەپچڕێ و گرفتی زمان و کار پەیداکردن دێتە ئاراوە و فێربوونی داب و نەریت و یاساکانی شوێنی نوێ ئەوەندە ئاسان نییە، هەر بۆیە ئەمانە دەبنە چەند فاکتەرێك بۆ ئەنجامدانی تاوان و حکومەت پێویستە چاودێریان بکات.

# جیهانی تاوانبارێتی

فاکتەرەکانی تاوانبارێتی جیهانێکی دابڕاوی (جیاوازی) ئەوتۆ دروست دەکەن کە لە پەراوێزی کۆمەڵگایەکی مشەخۆردا دەژی، نەك هەر بە تەنها چەندین یاسای تایبەتی هەیە، بەڵکو چەندین چینیشی هەیە، بۆیە یاخیبووەکان بەهۆی کاریگەری یەکەمین پەروەردەیان، یان بەهۆی ئەو پسپۆڕییەیان کە لە بواری تاوانبارێتی هەڵیان بژاردووە، بەرەو ئەو جیهانە، یان ئەو ناوەندە تاوانبارێتییە دەڕۆن.

بەم جۆرە دەبینین مرۆڤی دز لە سەرەتا بە نهێنی کارەکانی ئەنجام دەدا، پاشان بەرە بەرە لەگەڵ دزییەکە ڕادێت و دەستدرێژیش دەکات، دەبێ ئەوەش بزانین کە دوو سەرچاوەی گرنگ هەیە بۆ ئامادەکردنی مرۆڤ دز، ئەوانیش خێزان و چەتەگەرییە.. گوزەران و ژینگە و دەوروبەر کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لەسەر جۆری پەروەردەکردنی ئەندامانی هەر خێزانێکدا هەیە، بە زۆری دەبینین ئەو خێزانانەی لەم ڕووانەدا لە یەکدی نزیکن هەرزەکارەکانیان زووتر لەسەر ئەنجامدانی کارێکی چ خراپ چ چاك، ڕێك دەکەون و دەگونجێن، هەر بۆیە لەناو خۆیاندا کۆ دەبنەوە و کۆمەڵ و چەتەگەری دروست دەکەن و لە نێوانیاندا ئامراز و پلانەکانی تاوانبارێتی بە تەبایی ڕێك دەخەن و شێوازی نوێ دادەهێنن. لەم ڕووەوە (سۆدرمان) نوسیویەتی (دزی دۆڕاو، لەبەر ئەوەی توانای نییە گۆڕانکاری لە ڕێگاکانی جێبەجێکردنی تاوان بکات، بە ئاسانی دەستگیر دەکرێ، لەوەشدا وەك ئەو ئەسپە وایە کە لە کاتی سوار سوارانێدا لە بەردەمی بەربەستێکدا، دۆش دادەمێنێ و نە ئارەزووی هەیە خۆی لێ ڕزگار بکات و نە تواناشی هەیە)[٢٩]، بەر لەوەی باسی دیاردەکانی تایبەت بە سەرپێچیکردن بکەین

پێویسته چەند داب و نەریت و ڕەفتارێكی تاوانبارەكان بزانین لەوانەش:

**أ– كوتان:**

كوتان ئیمڕۆ وەك جیاكەرەوەیەك تا ڕادەیەكی زۆر مرڤی ناوەندی پـێ دەناسـرێتەوە، بـەپێی زانیـاری و لێكۆڵینـەوەمان لـەم بـوارەوە دەبیـنین، ڕێژەیەكی زۆر لە بەندكراوەكان دەم و چاو و دەستیان بـە جۆرەهـا شـێوە كوتــاوە، هەنــدێكیش لەمانــە ئــافرەتن. ئەمــە كــارێكی یاخیگــەری و چــەتەگەریانەیە و لەســـەرەتا كەســـەكە لەوانەیـــە بـــە مەبەســـتی سەرنجڕاكێشانی خەڵك، یان خۆدەرخستن ئەم كارە بكـات بـە تایبـەتی بـۆ وروژانی سێكسی. ئەگەرچـی زۆر لـە یاخیبووەكـان هەسـتیان بـەم دیمەنـە ناشیرین و جیاكەرەوەی خۆیان كردووە و هەوڵ دەدەن، بە جۆرەها شێوە بەسـەر ڕوخسـار و جەسـتەی خۆیـان لایبـەرن یـاخود بیشـارنەوە. بـەڵام پۆلیس و لایەنە دادوەرییەكان دەبێ ئەم ڕاستییە باش بزانن و شەرم لـەوە نەكەن كە هەر لـە نینـۆكی پێـی تـاكو تـەوقی سـەری تاوانبـار، بـەگوێرەی شــەرع و یاســا، بپشــكنن و ورد و درشــتی ئــەم كوتانــە لــە دۆســییەی زانیارییەكانی تاوانبار تۆمار بكەن.

**ب– زاراوەكانی دزان(٣٠):**

دزەكان، یان یاخیبووەكان چەند زاراوەیەكی تایبەت بە خۆیان هەیە و بەزۆری لە نێوان خۆیانـدا بـەكاریان دەهێـنن و ئـەو زاراوانـەش لەگـەڵ ئـەو زاراوانەی لەناو شەقامە گشـتییەكان و خـەڵكانی ئاسـایی بـەكار دەهێنـرێن جیاوازییان هەیە، بە زۆریش یاخیبووەكان ئەو زاراوانە لە قاوەخانـە و ئـەو شوێنانە لە یەكدی فێردەبن كـە تیایـدا دادەنیشـن، یـان كۆدەبنـەوە، ئـەو زاراوانەش لە نێوان خۆیاندا لـە قومارخانـە و مەیخانـە و بەندیخانەكانـدا لـە

جیاتی چەندین بێژەری دیکەی باو بەکاردەهێنن، بۆیە پێویستە لەسەر پۆلیس و دادوەر و هەتا پارێزەریش لەم زاراوانە بگەن و خۆیان لەگەڵ ڕابێنن تاکو بەهۆیانەوە بیانناسنەوە.

**ج- نیشانەکانی پەیدۆزی (الاشارات الاستطلاعیة):**

لە جیهانی دەربەدەر و سواڵکەرەکاندا بەهۆی چەند نیشانەیەکی پەیدۆزی بە یەکدی دەگەن، ئەو نیشانانەش بریتییە لە چەند نوسینێکی وێنەیی کە لەسەر دەرگای ماڵان و دیواری شارەکاندا دەینوسن و خۆیان لە چەند نهێنییەکی شاراوەی نێوان کۆمەڵێك، یان گروپێك نیشان دەدەن. لە ڕۆژی ئەمڕۆشمان دا قەرەجەکان ئەو زمانە تایبەتیەیان ئاسان کردووە، کە کۆمەڵێك بەرد لە تەنیشت ڕێگا دادەنێن، یان پارچە پەڕۆکێك بە دارێکەوە دەکەن، یان لقە دارێك لەسەر ڕێگا دەشکێنن ئەوەش بۆ ئەوەی کۆمەڵەکانیان بە ئاسانی و بێ گرفت تێبپەڕن. بۆیە پۆلیس و دام و دەزگا جێبەجێکارییەکان دەبێ هەڵوەستەیەك لەسەر هەر نیشانەیەك لەو جۆرانە و هی دیکە بکەن و هەوڵ بدەن ئەو نهێنیانە بدۆزنەوە و بەدوایاندا بچن.

**د- نوسین و هێما نهێنییەکان:**

یاخیبووەکان بۆ ئەوەی بە یەکدی بگەن، سەرەڕای ئەوانەی باسمان کردن، چەند نوسینێکی نهێنی بەکار دەهێنن ئەوەش، یان بەهۆی ئەلف و بێیەکی تەواو نهێنی، یان بەهۆی مەرەکەبێکی نهێنی، ئەوەی زانراویشە ئەوەیە کە بەزۆری میز، یان شەربەتی لیمۆ، سێو، پیاو...هتد، وەك مەرەکەب بەکاردەهێنن. پۆلیس دەتوانی ئەم مەرەکەبە، بەهۆی پارچە ئاسنێکی سوور بووەوە، یان جۆرە مەرەکەبێك کە پێکهاتەکەی خوێنی

کۆبەلتی تێدا بێ، یان بەهۆی هەڵمی یۆد لە ئامانیکی داخراو دا، بدۆزیتەوە، (شیفرە)ش[٣١] دیاردەیەکی ئاڵۆزە و لێك جیاکردنەوە و زانینی پێویستی بە تەکنیکێکی ڕاست و دروست هەیە، بەڵام پۆلیسی تەکنیکار پێویستە شارەزایی دەربارەی تۆڕی هێماکان و تابلۆی ئەو پیتانە هەبێت، کە بە هۆیانەوە دەزانێ ئەو نامەیەی کەوتۆتە بەردەستی بە چ زاراوە و دەربڕینێك نووسراوە. بێگومان هەندێ شێوەی بە یەکدی گەیشتنی نهێنی لەناو بەندیخانەکاندا لە نێوان ئەو تاوانبارانەدا هەیە و پێویستە هەموو پۆلیسێك بیزانێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بەندکراوانە بۆڕییەکانی فێنککردنەوە و ئاودەستەکان بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن، چونکە ئەم بۆڕییانە تیایاندا دەنگ دەلەرێتەوە و دەگاتە ئەو شوێنەی مەبەستیانە، یان هەندێ جار بۆ ئەم مەبەستە داوی باریك لە نێوانیاندا بەکاردەهێنن، کە پارچە کاغەزی بچووکی پێوە دەبەستنەوە و ئەو هێمایانەی مەبەستیانە، تیایدا دەنووسن و بەهۆی ئەو دەزووەوە پارچە کاغەزە بچووکەکان لە شانەیەك بۆ شانەیەکی دیکە دەگوێزنەوە، یاخود کەسی سێیەم بەکاردەهێنن بێ ئەوەی ئەو کەسە هەست بەو کارە پڕ مەترسییەی بکات. جاری واش هەیە ئەو کەسە لێپرسراوێکە، یان خودی پۆلیسە و هەست بەم کارە ناکات.

بۆ نموونە یەکێك لەو جۆرە ڕووداوانە لەگەڵ خودی لێپرسراوی پۆلیسی تەکنیکار (هانز گروس) ڕوویداوە و ڕووداوەکە بەم جۆرە بووە:

جوتیارێکی دزی بەندکراو، داوا لە (هانز گروس) دەکا چاکەیەکی لەگەڵدا بکات و ڕێگای بدا تاکو چاوی بە ژنەکەی خۆی بکەوێ، کەچی (هانز گروس)، کە ئەو کاتی دادوەری لێکۆڵینەوە بووە، ئەو چاکەیەی لەگەڵ نەکردووە، بەڵام ڕازی بووە کە ئەو قسەیەی جوتیارەکە بگەیەنێتە ژنەکەی کە دەڵێ: (هەروەك چۆن من تاکو ئێستا کردوومە، ئەوها مانگاکان

ئاليك بدە) بێگومان ئەوە فێڵێك بوو جوتيارەكە لە (هانز گروس)ی كرد، كە بەو دواييە تێی گەيشت، مەبەستی جوتيارەكە لەم قسەيەی بەم جۆرە بوو (دادوەری هەڵبخەڵەتێنە و دان بە خۆتدا بگرە و قسە مەدركێنە، هەروەك چۆن من تاكو ئێستا وام كردووە) دادوەر و پۆليس و لێپرسراوانی بەنديخانەكان پێويستە بايەخ بە نامەكانی بەندكراوەكان بدەن، كە هەندێ جار ئەو نامانە، سەرەڕای ئەوەی بە ناوی خوازيار دەنوسرێن و چەندين وشەی نهێنی تێدايە، چەندين زانياری گرنگيش لە لايەك بۆ لايەكی ديكە دەگوازێتەوە و هەندێ جاريش، ئەو نهێنيانە لەسەر شێوەی نەخشكاری لە ناو بەنديخانەكان دەردەچن، يان لە دەرەوە بۆ بەندييەكان دێت و كەس هەستيان پێ ناكات، وا دەزانن چەند نامەيەكی بەستەزمانن و بەس.

# ئامارەکانی تاوانبارێتی

دوای ئاگاداربونمان لەسەر زۆر لە ئامارە تاوانبارییەکانی ناوخۆیی و جیهانی، بۆ ئەوەی زانیارییەکانمان ورد و بە کەڵك بن لەم بارەیەوە، ئەم بابەتەمان ببێتە دەروازەیەك بۆ لێکدانەوەی دیاردەی تاوانبارێتی پێویستە پشت بەم خاڵانەی خوارەوە ببەستین:

أ- سروشتی سەرپێچییەکان:

هەندێ کەس لە ساویلکەییانەوە وا دەزانن تاوان کەم بۆتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی سەیر دەکەن ژمارەی حوکمدراوەکان لەسەر تاوانی جۆراوجۆر کەم بۆتەوە، کەچی ئێمە دەڵێین ژمارەی ئەنجامدەرانی تاوان بەهیچ شێوەیەك کەم نەبۆتەوە، بەڵکو جۆرە پێشکەوتنێك لە بواری ئەنجامدانی تاوان هاتۆتە کایە و تاوانباران بە ئاسانی دەستگیر ناکرێن.

ب- تەمەنی لاسارەکان و ڕەگەزیان:

هەر جۆرە تاوانێك جۆرە تەمەنێکی گەرەکە، سێیەکی دزییەکان و کردەوە ساختەکارییەکان و سەرخۆشییەکان یەك لە دوای یەکیان بۆ ئەو تەمەنانە دەگەڕێتەوە: ٢٠-٣٠ ساڵی، ٢٥-٤٥ ساڵی، ٣٥-٥٠ ساڵی. هەروەها پێنجیەکی کردەوەکانی لێدان تەمەنیان لە نێوان ٢١ و ٣٥ ساڵی دایە. تاوانە گەورە و توندەکانیش، سەبارەت بە پیاوان، لە نێوان تەمەنی ٢١ و ٢٨ ساڵی دانە، سەبارەت بە ئافرەتانیش، لە نێوان ٤٠ و ٦٠ ساڵی دانە. ئەوەی شایانی باس بێ ئەم جۆرە تاوانە توندانە لەم دواییەدا لە زۆربوون دانە و دزیش لەهەموویان زیاتر پەرەی سەندووە، هەروەها

دەربـارەی ئـەو ناكامانـەی (قاصـر) كـە تەمـەنیان لـە خـوار (١٨) سـاڵییە تاوانـەكانیان لـە زیادبووندایـە، بەتایبـەتی تاوانـەكانی دزی و دەسـتدرێژی كردنە سەر ناموس و پەلاماردان (اغتصاب) و ئۆتۆمبێل فڕاندن.

ج- پیشە:

هەر پیشەیەك جۆرە تاوانێكی لێ دەكەوێتـەوە، دزی سـادە لـە لایـەن ژنانی ماڵەوە ئەنجام دەدرێت، بازرگانە بچووكەكان بازرگانی بـە كۆیلـەكان دەكەن و گۆڤار و وێنەی ڕووت دەفرۆشن (هەندێ جاریش دەویتـەكان ئـەم كارە ئەنجام دەدەن). بازرگانە بچوكە واقیعبینەكانیش داهاتەكانی خۆیـان بەهۆی چەند چەكێكی (شیك)ێكی پارەی بێ پشتیوانە دەستەبەر دەكەن.

د- باری خێزانی:

زۆربەی ئەوانەی دەستدرێژی دەكەنە سەر خەڵك و سـەر و سـامانیان، لەوانەن كە هێشـتا ژنیـان نـەهێناوە، یـان تـازە ژنیـان هێنـاوە و منـداڵیان نەبووە.

هـ- دابەشبوونی جوگرافیایی:

چڕ بوونەوە و چەقگیری دیمۆگرافی لە شارەكاندا، جۆرە پاڵنەرێكە بۆ وەدەسـتهێنانی ڕۆشـنبیری دەربـارەی ئەنجامـدانی تـاوان، لـەم بوارەشـدا دەتـوانین بڵـێین دانیشـتوانی گونـد زانیارییـان لـەم ڕووەوە كـەمترە، بۆیـە ئەگەر تاوانێكیش ئەنجام بدەن ئەوا زوو بە داوەوە دەبن.

**و- هەرەسهێنان:**

ئەوە لەو کاتەوە دەردەکەوێ کە ئەگەر هاتوو کەسێك چەندین جار تاوانی ئەنجام دابێ، واتە لە تۆماری دادوەریدا ئاماژە بۆ تاوانی دیکەی کرابێ و تا چ ڕادەیەك تیایدا توشی کەچڕەوی بووبێ، یان لاوازی تێدا نیشان دابێ.

**ز- پاشکۆیەتی:**

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە، کە هەر وڵاتێك لە وڵاتانی جیهان جۆری تاوانەکان و ڕێژەی ئەنجامدانی هەمان ئەو تاوانانە لە نێوانیاندا جیاوازە.

# بەشی دووەم

# دیاردە تاوانبارییەکان

# تاوانەکانی خوێن

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

یاسای سزادانی فەڕەنسی جۆرەها کوشتنی خەڵکان بە (تاوانەکانی مراندن– ممیت) ناو دەبات، ئەو تاوانانەش مەترسیدارترین دەستدرێژینە بۆ سەر یاسای کۆمەڵایەتی و سەر مافەکانی خەڵك، کە سزای زۆربەی ئەو تاوانانە ملپەڕاندنی تاوانبارە. بەگشتی یاساکانی سزادان لە وڵاتە جیا جیاکاندا ئەم تاوانانەیان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کردووە:

– کوشتنی خۆ ویست، یان ڕەشەکوژی (اغتيال).

– ئەو کوشتنەی ڕەشەکوژییە و پێشتر پیلانی بۆ داڕێژراوە و تەڵەی (بۆسەی) بۆ دانراوە.

– کوشتنی دایك و باوك.

– کوشتنی منداڵ.

– دەرمانخوارد کردن، ئەوەش ڕەشە کوژییەکی بێ چەند و چۆنە و لە ڕێگای خواردنەوەی چەند دەرمانێکی بکوژ ئەنجام دەدرێ. هەروەها دەتوانین چەند جۆرە زامدار کردنێك بخەینە سەر ئەم لیستەیەی سەرەوە، کە بە خۆویست ئەنجام دراوە، وەك لێکردنەوەی ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەش، خەساندن (کاتێ کە ئەمانە دەبنە هۆی مردنی زامدارەکە)، هەروەها هەتا لە باربردنی منداڵیش (اجهاض)، چونکە ئەوەش دەستدرێژیکردنێکە بۆ سەر ژیان.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی مراندن، چەندین ڕێگا هەیە:

أ- خنكاندن:

سادەترین و كۆنترین تەكنیكە، بەهۆی دەستەوە، یان بـەهۆی پـەتێك ئەنجام دەدرێ، بەڵام بە دەست خنكانـدن، سـەبارەت بـە دەسـتدرێژیكەر، مەترسی هەیە چـونكە شـوێنەواری دەسـتی لەسـەر ملـی خنكێنـراو بـەجێ دەمێنێ و تاوانكاری پێ دەناسرێتەوە، كەچی پەت ئەگەرچی شوێنەواریش لەسەر ملی كوژراو بەجێ بهێڵێ، بەڵام بكوژ لەو حاڵەتـەدا دەتوانـێ نكـۆڵی بكات، چونكە شوێنەواری دەستی نییە.

ب- هەناسە بڕین:

ئەم ڕێگایە، یان بەهۆی گیرانی بۆڕی هەناسە، یان پەسـتاوتنی لـەش، یاخود بە زیندوێتی خستنە ژێر گڵ تاوانكارییەكە ئەنجام دەدرێ.

ج- لەئاو خنكاندن:

ئـــەم جـــۆرە تاوانـــە ئاســـانە و هـــیچ مانـــدوبوونێكی نـــاوێ و هـــیچ شـوێنەوارێكیش بـەجێ ناهێڵـێ، بـەڵكو لـەكاتی توێكاریشـدا (التشـریح) ناتوانـدرێ هـیچ شـتێك دەستنیشـان بكـرێ، ئەمـەش بریتییـە لـە فڕێـدانی تاوانلێكراو لەسەر لێواری ئاوێك، یان لەسەر پاپۆڕ و بەلەمێك، زۆرجار شتی وا ڕوویداوە و لە لایەن ئەو لێكۆڵەرەوانەی پەلـەیان كـردووە وەك مردنێكـی سادە، یان خۆ كوشتنێك ئاماژەی بۆ كراوە، چەندین مێـردی سـتەمكاریش ژن و منداڵەكانی خۆی بەم شێوەیە خنكاندووە.

د- بەغاز خنكاندن:

تەكنیكێكی تازەیە و لە تەكنیكەكانی پێشتر نزیكە، ئەو كـردارە بـەوە ئـەنجام دەدرێ كـە كـار لەسـەر بۆڕییـەكانی هەناسـە دەكـرێ، خنكـان بـە

غازیش هەندێ جار بە مەبەستی خۆ کوشتن بـەکار دەهێنـرێ، ئـەو ڕێگایـە زۆرجار بۆ خۆ ڕزگـارکردن لـە نـەیارێك، یـان ڕکابـەرێك، یـان بـە مەبەسـتی دیکە بەکار دەهێنرێت.

هـ- فڕێدان لەسەر بەرزایی:

مەبەسـت لـە فڕێـدان لەسـەر بـەرزایی بریتییـە لـەوەی، تاوانبارێـك کەسێکی دیکە لەسەر بەرزاییەك (پەنجەرە، هەیوان) پاڵ پێوە دەنێ.

و- چەك بەکارهێنان:

کـە کـار دێتـە سـەر باسـی چـەکەکان، وەك ئـامرازێکی کوشـتن، ئـەوا کۆمەڵێ لەو چەکانە لەبەر چاومان بەرجەستە دەبن، ئەوانیش وەك: تفەنگ و دەمانچە و هی دیکەی لەم جۆرە، ئامێرەکانی جەمام (الرص) واتە خوێن تێزاندن بێ ئەوەی برینـدار بکـەن، ئەمانـەش وەك بۆکسـەکانی ئـەمریکی و چەکوچ و سومبە، ئەو چەکانی زامیان قوڵە وەك خەنجـەر و هاوکوفـەکانی، ئەو چەکانەی دەبڕن وەك چەقۆ و مووس، هـەروەها لـەم بوارەشـدا ئەگـەر یەکێك ویستی بە ئۆتۆمبێـل یـەکێکی دیکـە بـە دیـوار بقرمسـێنێ و بیـەوێ بیکوژێ، یان تەقەمەنییەك لەناو ئۆتۆمبێلێك، یان فرۆکەیەك بـە مەبەسـتی تەقاندنەوە دابنێ، ئەوەش بە یەکێك لەچەکەکان دادەنرێ.

ز- ژەهر پێدان:

ئەو ژەهرەی هەندێ جار بە چەکی بێدەسەڵاتان نـاودەبرێ، چـەکێکی کاریگەرە ئەگەر بکەوێتە بـەر دەسـتی هەنـدێ کەسـی شـارەزا، ئـەو مـادە ژەهراوییانەش وەك زەرنیخ، فسفۆر، جیـوە، ترشـی سـیانور و هـی دیکـە،

ئەو مادانە ئەگەر بە کەمی و بۆ ماوەیەکی زۆر درایە کەسێك ئەوا گومان لەسەر تاوانبار کەم دەبێ، بەڵام ئەگەر بە بڕێکی زۆر درایە هەر کەسێك، ئەوا وا لە ڕای گشتی و دەسەڵاتە دادوەرییەکان دەکات زوو لێی ئاگادار ببنەوە.

**سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە:**

کاتێ تەرمێك لە ژێر باری چەند هەل و مەرجێکی گومان لێکراو، یان مەرگەساتێ دەدۆزرێتەوە، هەروەها لە کاتی مردنی کەسێك کە دەنگوباسی بۆ ماوەیەك بڕاوە، تەگەرەیەك دەکەوێتە بەردەم پۆلیس، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەوە تاوانە، یان خۆکوشتنە، یان تەنها ڕووداوێکە و بەس؟ بە گوێرەی ئەو وەڵامەی لەسەر بنەڕەتی شایەدی و ئاماژە سەرەتاییەکان بنیات دەنرێ، لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستە دەکرێ. ئەوەی شایانی باسە بە یەکەم سەرنجدانی تەرمەکە، لەوانەیە زەینمان فریومان بدا و بە کردارێکی خۆکوشتنی بزانین، بەڵام بە لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجەکانی کوشتنەکە ئەوا چەند شتێکی دیکەمان بۆ دەر دەکەوێ. بۆ نمونە جارێك تەرمێك دۆزرایەوە ڕۆژنامەیەکی کراوەی لە دەست دا بوو، کەچی کوژراو نەخوێندەوار بوو، یان جارێکی دیکە تەرمێکی نەخوێندەوار نامەیەکی لە شوێنی خۆی بەجێ هێشتبوو. بێگومان ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە کوژراو بە خۆی خۆی نەکوشتووە. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەوانەی خۆیان دەکوژن بەشێك لە لەشی خۆیان بە ڕووتی بەجێ دەهێڵن، چونکە دەیانەوێ بریندراری بکەن، یان ئەو ئافرەتەی خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاوێ، بەزۆری جانتاکەی دەستی لە ڕۆخ ئاوەکە بەجێ دەهێڵێ[٣٢] هەروەها کارمەندانی بواری تاوانناسی دەبێ زۆر ئاگایان لە مردنی پیر و پەککەوتە و منداڵان هەبێ، لەوانەیە بەهۆی چەند کردەوەیەکی تاوانکاری

پۆلیسـی تەکنیکـار

وەك خنكاندن بە غاز، یان سوتاندنی بە ئەنقەست، یان بە ئەنقەست بایەخ پێنەدانیان مرد بن.

هەروەها دەبێ ئاگاداری مردنی کتوپڕی ژنان و کچان بین، کە هۆیەکەیان بە گشتی پەیوەستە بە لەباربردن (الاجهاض) بکوژ بە زۆری هەوڵ دەدا لە ڕێگای داپۆشینی تاوانەکەی، سەر لە لێکۆڵەرەوەکان بشێوێنێ و وایان تێبگەیەنێ کە تاوانەکەی بە خۆکوشتن دابنێن. لێکۆڵەرەوە دەبێ فێڵ و تەڵەکەبازی بکوژ بدۆزێتەوە، بەر لە هەموو شتێك ئەوەی پێویستە بایەخی پێ بدرێ ئەوەیە کە لە دوای پاڵپشتێك، یان شایەتمانێك بگەڕێ، تاوەکو بیگەیەنێتە دەرئەنجامێك کە ئایا بۆچی مردووە؟! مەبەستی بووە ژیانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێ، بەڵام ناشبێ تەنها بە قسە گێڕانەوە، یان بە دەقێکی نووسراو واز بهێنێ؟! بەڵکو بۆ بەراوردکردن پێویستە چەند بەڵگەیەکی بەکەڵکیشیان لەگەڵدا بێ، لەم بوارەدا پێویستە بە چاکی لە شوێنی ڕووداوەکە و لە چۆنیەتی دەستنیشان کردن و ڕێك و پێکی، یان تێکچوونی کەرەستەکانی ئەم شوێنە بەتایبەتی لە حاڵەتی پەنجەرەکان و سەرە غاز و قوفڵی دەرگا و کلیلەکان بکۆڵرێتەوە. هەروەها سەبارەت بە گەڕان بەدوای شوێنەواری شەڕکردن لە شوێنەکە و حاڵەتی تەرمەکە و جل و بەرگی، ئایا هەر خۆی بەربۆتەوە، یان فڕێ دراوە، هەروەها شوێنی دڵۆپە خوێنەکان دەبێ بایەخی پێبدرێ. بۆیە دەبێ پۆلیس و دادوەر بە وردی بڕواننە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- دەوروبەری شوێنەکە و پەنجەرەکانی ئەو شوێنە.
- خودی شوێنەکە (شوێنی تاوانکردنەکە).
- ناوەڕۆکەکان.

-تاوانلێکراوەکە.

-شایەدو گومانلێکراوەکان

١- دەوروبەری شوێنی مردنەکە، کە لەوانەیە تاوان بێت و پەنجەرەکانی ئەو شوێنە: دەرکەوتنی شوێنەواری هاتوچۆکردن (مراوحە)، یان خولانەوە لە شوێنەکە بێگومان ئاماژە بەوە دەکا، کە بکوژ لەو شوێنە ڕاوەستاوە، لە هەمان کات ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ کە ئەو شوێنە بۆسەی لێ دانرابێتەوە، لێکۆڵەرەوە دەبێ لە باری دەرگا و پەنجەرەکان (چ بە کراوەیی و چ بە داخراوەیی) بکۆڵێتەوە.

٢- شوێنی تاوانەکە: پێویستە بەر لە هەر شتێك خانووەکە، یان باڵەخانەکە، کە تاوانی لێ ئەنجام دراوە، بپشکێندرێ لە پاشان ئەو ژوورە بپشکێندرێ کە تەرمەکەی تێدایە، لەوانەیە لەسەر کەلوپەلەکان، یان لەسەر تەرمەکە شوێن مۆرەکان، یان شکست هەبێ. پێویستە ئاگردان و کەرەستەکانی گەرمی و ساردکردنەوە، هەروەها زەوی شوێنەکە و دیوارەکان و هەڵس و کەوتی سەگی ماڵەکە بەرێك و پێکی سەیر بکرێن.

٣- ناوەڕۆکەکان: ئەوەش بریتییە لەو کەرەستانەی دەستدرێژیکەر لەگەڵ خۆی دەیانهێنێ، یان ئەوانەی لە شوێنی تاوانکارییەکە بەجێیان دەهێڵێ. سەرەڕای ئەوانە پێویستە لەو نامەیە بکۆڵرێتەوە، ئەگەر لە شوێنەکە بەجێ مابێ و ناوی نووسەر و واژوو و نووسینەکە بەراورد بکرێ، هەروەها دەبێ بایەخ بەو پارچە چەکانە بدرێ کە لە شوێنەکە دەدۆزرێنەوە، بەتایبەتی دۆزینەوەی ئەو کەرەستەیەی بکوژ تاوانەکەی پێ ئەنجام داوە، کە بە زۆری بکوژی پێ دەدۆزرێتەوە. هەروەها پۆلیسی تەکنیکار دەبێ ئەوە بدۆزێتەوە کە ئایا چەکەکە لە دەرەوە هاتووە، یان نا؟ کەچی پۆلیسی زانستکار گوللە و قەوانەکان (یان تەرەقەکان) کۆ

دەكاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ لە كام پارچە چەك بەكار هاتوون. هەروەها دەبێ لێكۆڵەرەوە خواردن و خواردنەوەكان و داو و دەرمانەكانی ئەم شوێنە كۆ بكاتەوە و لێیان بكۆڵێتەوە.

٤- تاوانلێكراوەكە: لەكاتی دۆزینەوەی هەر تەرمێك پێویستە یەكسەر بە دوای ناوی تاوانلێكراوەكە بگەڕێین، ئەوەش بەهۆی ناسینی لە لایەن چەند شایەدێكەوە، ئەگەر شایەدیش نەبوو، بە پشكنینی جل و بەرگی و ئەو كاغەز و پارچە كاغەزانەی لەناو گیرفانەكانی دانە، هەروەها پشكنینی ئەو نیشانانەی لەسەر دەم و چاو و پێستی هەیە و شوێن مۆری پەنجەكانی و پێكهاتەی ددانەكانی، چونكە ئەمانە هەموویان دەبنە ڕێگا نیشاندەرێك بۆ لێكۆڵەرەوە بۆ ئەوەی تەرمەكە بناسێتەوە لەگەڵ جۆری تاوانەكە، هەروەها تاوانكاریش دەستنیشان بكات. بۆ ئەم مەبەستە سێ ڕێگا بگرێتە بەر: یەكەمیان ڕوونكردنەوەی تەواوی تاوانلێكراوەكەیە بەمەبەستی بە وردی دیاركردنی هەل و مەرجی مردنەكە و لە پێناو دۆزینەوەی شوێنەواری توندوتیژی و هەروەها دۆزینەوەی چەند دلۆپە خوێنێكی گومان لێكراو لەسەر تەرمەكە، یان دۆزینەوەی چەند كوتان و خاڵێكی دیار، دووەمیان فۆتۆكردنی لەشی تاوانلێكراوەكە بەرووتی تاكو بناسرێتەوە، سێیەمیان شوێن مۆری پەنجەكانی دەگیرێن. بەكارهێنانی ئەم ڕێگایانە ئەم تۆمارە ساختەكارییە بەدەردەخەن كە لەوانەیە پێشتر بە ساختە تۆماری كردبێ، لەوانەشە بەهۆی ئەم پشكنینە چەند كەسێكی نادیار بناسرێنەوە[٣٣]. بەوردی پشكنینی جل و بەرگیش زۆر پێویستە... نارێكی جل و بەرگ وەك قۆپچە (دوگمە) پچڕاوەكان، كراسی دڕاو، شەرواڵی (یان پانتۆڵی) داكەندراو، هەروەها دلۆپە خوێن و تۆماو (المنی) و تۆزی گەچ و قوم و...هتد، هەموویان چەند ئاماژەیەكی گرنگن بۆ تاوان.

دوای پشـــکنینی جـــل و بـــەرگ، جەســـتەی قوربانییەکـــە بەباشـــی دەپشـــکێندرێ تـــاوەکو شـــوێنی زام و شـــێوەکەی دەستنیشـــان بکـــرێ، هـــەروەها ڕووشـــان و جێـــی قـــەمپار (گـــازە) و زامـــی هـــەردوو دەســـت دەپشکێندرێ، لە حاڵەتی سووتانیشدا پێویستە ماددەی سووتێنەر دیار بکـرێ، هـەروەها لـە حاڵـەتی خنکانـدن یـان بەسـتنەوە دەبـێ وێنـەی فۆتۆگرافی پەتەکە بگیرێ بەبێ ئەوەی دەستی لێ بدرێ، یان بکرێتـەوە ئەگەر چەکیش بەکار هاتبوو ئەوا پێویستە بـەدوای قەوانـەکان بگـەڕێین و ڕێڕەوەکانیان بدۆزینەوە، چونکە بە هۆی ئەم ڕێڕەوە دەزاندرێ تاوانکار لە کام لا تەقەی کردووە.

٥- شایەدەکان و گومانلێکراوەکان: هەر لێپرسینەوەیەك لـە ڕوودانـی تاوانێـك پێویســتە پێشــتر لێکۆڵینەوەیـەکی مـادی لەسـەر کەسـەکان و بارەکانی تاوانەکەی ئەنجام بدرێ.. لێکۆڵەر دەبێ بە باشی سەرنج بداتـە هەر پەڵەیەك، یان ڕووشانێك لەسەر جەستەی، یان جل و بەرگی شـایەد و گومانلێکراوکان، هەروەها دەبێ جل و بەرگیان بپشکنی (هەتا ئەوانەش کە لـە دۆڵابـی جلکـان دانـراون)، دیسـان پێویسـتە شـوێن مـۆری پەنجـەکانی هەموو ئەو کەسانە بگیرێ کە چونەتە شوێنی تاوانەکـە، یـان ئەوانـەی لـە قوربانییەکـە نـزیکن، دواتـر پێویسـتە لێکۆڵینـەوە لەوانـە تێپـەڕێنێ و هاوسێکانیش بپشکێندرێن، ئەوەش بۆ ئەوەی شایەدییەکە تەواو بێت. لـەو قۆناغەدا گرفتی ئەو کەسە دەخرێتە روو کـە لەوانەیـە تاوانەکـەی ئـەنجام دابێ... بۆ ئەم مەبەستە بـەپێی ئـەو زانیاریانـەی خـوارەوە بۆ مەسـەلەکە دەچین:

١- ئایا ناکرێ تاوانەکە لەلایەن یەکێك لە کـەس و کـاری قوربانییەکـە ئـەنجام درابـێ؟ لێـرەدا پێویسـتە بایـەخ بـە زانینـی بـاری خێزانـی و

پەیوەندییەکانی قوربانییەکە و بەرژەوەندییەکانی ناوخۆیی لەم ڕووداوەدا بدەین.

٢- ئەگەر ئەم بۆچوونە تەواو دروست نەبوو، ئەوا پێویستە لە ناسنامەی دوایین ئەو کەسانە بکۆڵرێتەوە کە سەردانی کوژراویان کردووە، بێگومان تاوانبار یەکێکە لە نێوان ئەو کەسانە، ئینجا چ ناسنامەکەی بناسرێ، یان نەناسرێ. لێرەدا نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە لە ڕابردووی قوربانییەکە بکۆڵرێتەوە و بە قوڵی سەیری پاژۆکەی (إضبارة)کەی بکرێ. پێویستە لەو هۆیانە بکۆڵنەوە کە تاوانەکەیان قەوماندووە، دەشتوانین هەموو هۆکارەکان بگەڕێنینەوە بۆ بەرژەوەندی، یان ڕق لێبوونەوە، یان شێتی. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە تاوانەکە ڕوویەکی دیکەشی هەیە، ئەویش کارکردنە، کە بە هۆیەوە دەتوانین بیرۆکەیەك دەربارەی تاوانکار دروست بکەین و لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستە بکەین، کە هەر بەو ڕێگایە دەتوانین خوێنڕێژ و ڕێگر و شێت لە یەکدی جیا بکەینەوە. خوێنڕێژ بە ئەنقەست خەڵکی دەکوژێ بۆ ئەوەی بە ئاسانی دزی بکات، بە زۆریش لەسەری ئیسپات دەبێ بەوەی کە چی لەگەڵ خۆی هێناوە و لەگەڵ خۆشی گەڕاندۆتەوە، واتە هەر لە سەرەتاوە بۆ کوشتنی کەسەکە هاتووە کەچی بکوژی ئاسایی، یان چەکێکی بەکارهێناوە کە لە شوێنی تاوانەکە بە دەستی کەوتووە، یانیش تەنێکی وای بەکار هێناوە کە وەك چەك وایە. کەچی ڕێگر، سەرەتا دزێکە و بە تەواوی بڕیاری داوە قوربانییەکە، یان هەر شایەدێك هەستی پێبکات بیکوژێ، قوربانییە هەڵبژێردراوەکە، یان ژنێکی بە تەمەنە کە دزەکە بە هەڵە وا دەزانێ دەوڵەمەندە، یان خاوەن ماڵەکەیە کە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، پۆلیس و تاوانناس پێویستە ئەو هۆیانە بدۆزنەوە کە پاڵیان بە تاوانکارەوە ناوە بۆ ئەوەی تاوانەکەی ئەنجام بدات. دووبارە دێینەوە سەر خوێنڕێژ و

دەڵێین، لەوانەیە یەکێك بۆ ئەوە بکوژێ تاکو قەرزەکەی لەسەریەتی نەیداتەوە، یان بەهۆی ڕق و کینەیەکەوە یەکێك بکوژێ، یان لە پێناو تۆڵە سەندنەوە، یان بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی سێکسی، یان ڕەشەکوژی سیاسی (الاغتیال السیاسی)، کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سێ پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی تاوان بکوژ هاندەدەن کە ئەمانەن: دڵڕەشی، بەرژەوەندی کەچڕەوەی، هەروەها دەتوانین شێتیش وەك پاڵنەرێك بدەینە پاڵ ئەوانی پێشتر.

٦- تاوانی بێ تەرم: زۆر جار ئەم جۆرە تاوانە ڕوو دەدا و لەبەر ئەوەی کەسێك کتوپڕ، یان دوای ئەوەی نایدۆزنەوە ئاگاداری پۆلیس دەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی سالآنە چەندین کەس بەو جۆرە ون دەبن و هیچ شوێنەوارێکیان بەجێ نامێنێ، بۆیە داوا لە لێکۆڵەرەوە دەکرێ بە دوای ئەو ونبوونەدا بگەڕێ و سەرە دەزوویەکی لێ بدۆزێتەوە و ناشبێ مەسەلەکە وای لێ بێ، تەنها فایل پڕکردنەوە بێ و بەس، چونکە لەبەر ئەوەی ونبوون هەیە کەواتە تاوان و تاوانکارییەك هەیە و ناشبێ بەو چاوە سەیر بکرێ، کە ئەگەر تەرم نەبێ بە تاوان حیساب نەکرێ، چونکە بە زۆری خوێنرێژ شوێنەواری تاوانەکەی خۆی دەشارێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە جۆرەها تەکنیك بەکاردەهێنێ، جا بیانخاتە ژێر ئاوێك، یان لەژێر گڵ بیانشارێتەوە، بۆ پووچکردنەوەی ئەو کارانە پێویستە لێکۆڵەر چالاکانە کار بکات، بەتایبەتی دەربارەی حاڵەتی یەکەم و دووەم داوای یارمەتی لە پزیشك بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە ئەو پارچانە بناسرێنەوە کە دۆزراونەتەوە و دوای ئەوەی لەگەڵ تۆماری سەربازی لە فەرمانگەی سەربازگری (التجنید)، یان تۆماری فەرمانگەی باری ژیاری (دائره الاحوال المدنیه) بەراورد دەکرێن. لێکۆڵەرەوە بە یارمەتی پزیشك و بەهۆی یەکێك لەو شتانەی وەك پێکهاتەی ددانەکانی، شوێنی شکستێکی کۆن[٣٤]،

خاڵێك، نیشانەیەكی چەسپاو، یان بەهۆی جل و بەرگی كـە لەوانەیـە نـاوی بەرگدرووەكەی لەسەر بێ، یان پەڕە كاغەزی نووسراوی تێـدابێ و تاوانبـار دەری نەهێنابێ، یان كلیلـی ئۆتـۆمبێلی لـەناو گیرفـانی بـەجێ مـابی، یـان بەهۆی هەر شتێكی دیكە دەتوانی بگاتە ئامانجێـك، هـەروەها لێكۆڵـەرەوە دەبـێ دراوسـێكانی ونبـوو لـەیاد نـەكات و پێویسـتە بیانـدوێنێ و لـەناو ماڵەكانیانـدا بگـەڕێ، لەوانەیـە بـەهۆی بـۆنێكی نەشـاز (نائاسـایی)، یـان شوێنەواری دڵۆپە خوێنێك بگاتە ئەنجامێك.

# کوشتن و بریندار کردنی بێ ئەنقەست (غير متعمد)

**یەکەم/ دەستنیشان کردنی:**

لەبەر ئەوەی لەم دواییەدا گەلێك کارەساتی کوشتن و زیانی جەستەیی بە ئەنقەست، بە هۆی پاشکەوتنی تەکنیکەکان و ناهۆشیاری زۆربەی خەڵك ڕوو دەدەن، بۆیە بەر لەوەی بچینە ناو لێکۆڵینەوەی دیاردەکان و تەکنیکی ئەو تاوانانە، دەبێ سیاسەتێکی خۆپارێزی بگرینە بەر و خەڵکی سادە لە مەترسی ئەو ڕووداوانە ئاگادار بکەینەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی سزادان نەبێتە تاکە بەربەست لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە، دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم سزایە هەر جۆرێك بن، جارێکی دیکە ژیانی تاوانلێکراو ناگەڕێننەوە، یان قەرەبووی ئەو ناتەواویە ناکەنەوە کە لە جەستەیدا پەیدا بووە.

گەلێك نمونەی لەم جۆرە تاوانانەی (بێ ئەنقەست) هەیە لەوانە:

کاتێك ڕاوکەرێك بە هۆی ڕاوەکەیەوە گەشتیارێك، یان هەر کەسێکی دیکە دەکوژێ کە لە کاتی ڕاوەکەیدا نەیبینیوە، یان کە نەشتەرگەرێك لە ئەنجامی هەڵە کردنێکیدا نەخۆشەکەی بەردەستی دەکوژێ، ئەمانە لاسارییەکەیان (کەتنەکەیان) بە ڕەقەکاری (یان بە هۆی کەمتەرخەمی ماددی و مەعنەوی) ئەنجام دەدەن، بەڵام سەرکەشی ئەو حاڵەتەیە کە شوفێرێك لە کاتی تێپەڕینیدا کەسێك دەکات بە ژێرەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە لە کاتی گونجاو ئۆتۆمبێلەکەی بوەستێنێ. سەبارەت بە هەڵەکردنیش ئەو حاڵەتەیە کە نەشتەرگەرێك ماشەیەك، یان دەستکێشێك، یان لەفافێك لەناو هەناوی نەخۆشەکەی بەجێ دێڵێ، یان پزیشکێك بە بێ

ئاگایی لە جیاتی بڕی بیست و پێنج نوختە دەرمان، بیست و پێنج گرامی دەداتێ. سەبارەت بە پشتگوێ خستنیش ئەوەیە کە پاسەوانێك بە تەواوی دەرگاکان داناخات و پشتگوێیان دەخات پەیڕەوکردنی یاساکانیش، بەوە لێك دەدرێتەوە کە خاوەن باڵەخانەیەك لە ڕووناك کردنەوەی قۆرتێکی بەردەم ئەم باڵەخانەیەی دەکەوێتە سەر شەقامی گشتی و دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵك بکەوێتە ناوی، کەم تەرخەمی کردووە.

**دووەم/ هەل و مەرجی تاوانەکان:**

بەزۆری لەو هەل و مەرجانەی خوارەوە، کوشتن و زامدارکردنی بێ ئەنقەست ڕوو دەدەن:

أ- ئۆتۆمبێل و هاوچەشنەکانی: ئامارەکان بە زۆری ئاماژە بەوە دەدەن کە زۆربەی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل لێخوڕین و هاتووچۆ لەو جۆرانەن:

١- سەرپێچی کردنی یاساکان.

٢- ئاگا لە خۆ نەبوون.

٣- زۆر تیژڕۆیی (تیژ لێخوڕین).

٤- هەمەجۆر.

هەندێ شێوەی دیکەش هەیە وەك نەزانی شوفێر، سپاردنی لێخوڕین بە منداڵێکی بچووك، کە بە کەمتەرخەمی دادەنرێت، بە توندی تێپەڕین لەوانەی نۆرەیان لە پاش ئەوە. کە بەسەرکەشی دادەنرێت، ناتەواوی کلاج، کە بە پشتگوێ خستن دادەنرێت، نۆرەبڕی، یان ڕێز نەگرتنی نۆرە، کە بە پابەند نەبوون بە یاسا دادەنرێت، هەروەها دەتوانین هۆکاری سەرخۆشیان بخەینە پاڵ.

کەوتنە خوارەوە و ڕووداوەکانی ماڵەوە: لێکۆڵینەوە بایەخ بە

ڕووداوەکانی کەوتنە خوارەوە نادات، تەنها ئەوانە نەبن کە دەکەونە سەر ڕێگاکانی گشتی و لێپرسراوەتییەکانیان دەکەوێتە ئەستۆی یەکێك، کە بەبێ ئاگاداری ئەو کارەی کردووە، بەڵام دەبێتە هۆی ڕووداوێك، ئەویش وەك فڕێدانی پەلکە شفتی و گندۆرە و مۆز و شتی دیکە، یان ئاو ڕشتن، یان فڕێدانی تەنی تیژ و نایاسایی‌و...هتد، بەڵام هەندێك لەو ڕووداوانە خۆ کردنە و دەکرێ بۆ نیازێکی تاوانباری بیانگەڕێنینەوە، ئەوانەش وەك بە ئەنقەست بەجێهێشتنی قۆرتێکی سەر واڵا، یان فڕێدانی شتێك، یان غاز ڕۆشتن، یان یاریکردن بە چەك، یان بە ئاگر، یان بە توندی وەرزش کردن.

أ- هۆکارەکانی گواستنەوە بێجگە لە ئۆتۆمبێل: ئەم هۆکارانە ئەمانە دەگرنەوە: هێڵی ئاسنین، فڕۆکە، ماتۆڕسکیل و پاسکیل. لەوانەش لەهەموویان زیاتر فڕۆکە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی تاوان بەکاردێت، ئەوە وەك دانانەوەی بۆمب لەناویدا، یان فڕاندنی.

**سێیەم/ جێبینیەکان و لێکۆڵینەوە:**

**١- ئۆتۆمبێلەکان:**

لە کاتی دروستبوونی ڕووداوێکی ئۆتۆمبێل کە دەبێتە هۆی مردن، یان بریندار کردنی مرۆڤێك، ئەرکی سەرشانی پۆلیس ئەوەیە دەبێ یەکسەر فریای ئەو مرۆڤە بکەوێ، بەڵام بەر لەوەی ئەو ئەرکە ئەنجام بدات، دوو شتی پێویست هەیە پێویستە هەمیشە لەبەر چاویان بگرێ:

أ- ئەوەی دەیەوێ فریاگوزار بێت، ئەوا نابێت لە خۆیەوە ئەو چاکەیە بکات چونکە وا باشترە واز لە زامدار بهێندرێ پاڵبداتەوە، شتێکی پێدا بدرێ، نەك بە شێوەیەکی نەشیاو و مرێنەر بخرێتە ناو گالیسکەیەك، یان ئۆتۆمبێلێکی نالەبار و بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەك. هەروەها زۆر

باشترە پزیشکێك بهێنرێتە سەری و چ بڕیارێك بدات جێبەجێ بکرێ، تاکو ڕێگا چارەیەك دەدۆزرێتەوە و بەزووترین کات بە هۆی ماشێنی فریاگوزاری، بە باشترین شێوە دەگوازرێتەوە بۆ یەکێك لە بنکەکانی نەشتەگەری فریاگوزاری.

ب- ئەگەر یەکێك ئازاری هەبوو، یان ژیانی لە مەترسیدا بوو مانای وا نییە بە تەواوی جێبینییەکانی پشتگوێ بخرێ، کە لەوانەیە بە زۆری ببێتە خاڵێکی سەرەتا و بە تەنها بۆ دەستنیشانکردنی لێپرسراوێتییەکان و دواتر قەرەبووکردنەوە، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە جێبینییەکە هەروا بە خۆڕایی ناکرێ، بەڵکو پێویستە وەڵامی کۆمەڵێك مەسەلە بداتەوە:

١- ناسنامەی ئەوانەی کارەکەیان ئەنجامداوە، قوربانییەکان، شایەدەکان، لەم بوارەشدا پێویستە بەر لەهەموو شتێك ئەوە دەستنیشان بکرێت کە شوفێرەکە، یان شوفێرەکان کێن و ناویان چییە، هەروەها ئایا تاوانکار، خودی خاوەن ئۆتۆمبێلەکەیە، یان بەکرێ گیراوە.

٢- بە وردیی دەستنیشانکردنی شوێن و کاتی ڕوداوەکە، ڕۆژ، کاتژمێر، شار، گوند، شەقام، یان ڕێگا، خاڵی کیلۆمەتری، یان ژمارەی خانوو، ئاڕاستەی ڕۆیشتن.

٣- باری ئۆتۆمبێلەکان لە کاتی ڕوداوەکە و دووای ڕوداوەکە، هەروەها باری هەریەکە لە شوفێرەکان، نەفەرەکان، هاتوچۆکەران، شایەدەکان.

٤- حاڵەتی بریندارەکان لەگەڵ برینە دیارەکانیان و مەسەلەی ئەو ئازارانەی هەستی پێ دەکەن.

٥- وەسف کردنی ئۆتۆمبێلەکان: نەك هەر تەنها دیارکردنی جۆر و ڕەنگ و مۆدێل و شێوەی، بەڵکو حاڵەتی دوای بەریەك کەوتن (وەك زیانە دیارەکانی، شوێنەوارەکانی بەریەك کەوتن، شوێنەوارەکانی خوێن و ڕۆن و

بەنزین و گاز، پارچەکان، کارکردنی ئامێری ڕووناك کردنەوە و کلاج- برێك- و ئیستۆپ، دیمەنی تایەکان).

٦- حاڵەتی ڕێگا: پێویستە بایەخ بە پێوانی پانی ڕێگاکە بدرێ و ئەوە بزاندرێ ئایا شوێنی بەریەك کەوتنەکە لای ڕاست بووە، یان لە پێچکردنەوە دا بووە؟ ئایا شۆستە، یان ئاوەڕۆی هەیە؟ ئایا لێژە، یان ڕاستەڕێیە؟ ئایا ئەو بەشە ڕێیە کاشی ڕێژە، زفتە، بەردڕێژە، چەوڕێژە؟ ئایا وشکە، تەڕە، سەهۆڵبەندە؟

٧- دیاریکردنی خێرایی: ئەوەش بە هۆی پرسیارکردن لە شوفێرەکان، شایەدەکان، ئەنجام دەدرێت. هەروەها بەهۆی چەندێتی زیانەکان (چونکە تێکچونێکی یەکجار زۆر مانای وایە زۆر خێرا بووە، بەتایبەتی ئەگەر بەریەککەوتنەکە لەگەڵ تەنێکی ڕاوەستاودا بێت). لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەر چاوی خۆمان بگرین کە نابێ ئەوەندە بایەخ بە شوێنەواری ئیستۆپگرتن بدەین، چونکە ئەوەندە پەیوەندی بە کاردانەوەی شوفێر و حاڵەتی ئیستۆپەکە و چەندێتی نووسانی بە زەوی هەیە، کەواتە شوێنەواری کورت بەڵگە نییە لەسەر کەم خێرایی. دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کە خێرایی تا ڕادەیەك بەرز، درێژی شوێنەوارەکەی لە نێوان (١٥-٢٠م)ە، کەچی خێرایی زیاد، درێژی شوێنەوارەکەی لە نێوان (٤٠-٥٠م)ە.

٨- ڕاوێژکاری بەو نیشانانەی هەیە بۆ ئەوەی ئەو لێپرسراوێتی و سەرپێچییانە دەستنیشان بکرێن کە ئەنجام دراون، لێکۆڵەرەوە دەبێ بڕوانێتە نیشانەکانی ڕوونکردنەوە، ئەو نیشانانەی ئاماژە بە دوورییان دەکەن، دیاریکردنی خێرایی، سووڕانەوە، ئەو ڕێڕەوەی بۆ پیادە تەرخان کراوە، هەروەها لەم بوارەشدا دەبێ ئەوە لێك جیا بکرێتەوە ئایا کام لە شوفێرەکان ئامرازی ئاگادارکردنەوەی (هۆڕن)ی، یان ڕوناککردنەوەی

(لایت) له ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەکار هێناوە.

٩- بینین: ئایا دار و دەوەن، یان شینایی، یان خانووبەرە...هتد له پێشیان هەبووە؟ چونکە لەوانەیە ئەوانە بووبێتە بەربەستێك لە بەردەم یەکێك لە شوفێرەکان و بەرچاویان گرتبێ... ئایا بارەکانی کەش و هەوا چۆن بووە؟ ڕۆژی ڕووناك، یان زستان، یان بەفر بووە؟ لە چ کاتژمێرێکی ڕۆژ، یان شەو ڕووداوەکە ڕویداوە؟ سەبارەت بە ڕێگاکردنەوەش، لەبەرئەوەی ڕەفتن بۆ هەموو کەسێك پێویستە، بۆیە نابێ بۆ ماوەیەکی زۆر ڕێگا بگیرێ، بەڵکو تەنها لە کاتی تەماشاکردنی جێبینییەکان و وێنەگرتنە فۆتۆگرافییەکاندا نەبێت، لە لایەکی دیکە دەبێ پۆلیس و دەرەك سەر و سامانی قوربانییەکان بپارێزن، چونکە ئەمانە لەبەر ئەو حاڵەتەی تێیدانە ناتوانن بیانپارێزن. لەگەڵ ئەو هەموو شتانەی باسمان کردن، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕەفتن لە بنەڕەتدا سەختە، ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆر جاری وا هەیە شوفێرێك لە شوفێرەکان ڕادەکات، یان لە شوێنی خۆی ڕاناوەستێ، بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستە بە وردی سەیری هەر ئۆتۆمبێلێك بکرێ کە گومانی لێ دەکرێت... بەر لە هەر شتێك تایەکانی و شوێنی ستۆپ گرتنەکە، ئەگەر لایتەکانی، یان یەکێك لە کەلوپەلەکانی جوانکردن شکابوو و پارچەیەك لە شوێنی ڕووداوەکە کەوتبوو، پێویستە بەراورد بکرێ، پێشەوە و لمووز و تەنیشت و ژێرەوەی ئۆتۆمبێلەکە بە چاکی بپشکندرێ لەوانەیە دڵۆپە خوێنێك، داوە پرچێك، پارچە جلێکی کوژراو بدۆزرێتەوە. دەبێ بە دوای ئەو شایەدانە بگەڕێین کە ڕووداوەکەیان بینیوە، تاوەکو بە چاکی ئۆتۆمبێلەکە، یان شوفێرەکە بناسنەوە و بە پێی ئەم ناساندنە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گومانلێکراو ئەنجام بدرێ و شێوازی ئەوتۆی لەگەڵ پەیڕەو بکرێ، کە وای لێبکات دان بە تاوانەکەیدا بنێ. هەروەها دەربارەی ئەو کەتنکارانەی ڕایان کردووە پێویستە لە ڕۆژنامەکان

بڵاو بکرێنەوە. ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل و ئەو زیانانەی لە خەڵك دەکەون پێویستە بە چاکی چەندین جار و بە گەلێك شێوە فۆتۆ بکرێن، چونکە ئەو وێنانە زۆر لەو شتە وردانە دەردەخەن کە بە چاو نابیندرێن. هەروەها هێڵکاری (تخطيط)ی شوێنەکە زۆر پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئۆتۆمبێلەکان بگەڕێندرێنەوە هەمان شوێنی بەریەککەوتنەکە... ئەگەر بە خۆیان و ئۆتۆمبێلەکەیانەوە ڕایان کردبوو، ئەوا هەمان شێوە ئۆتۆمبێل پەیدا بکرێن و بخرێنە ئەو شوێنە و ئینجا وێنەیان بگیرێ و هێڵکارییەکە ئەنجام بدرێ. لەوانەیە هەندێك لە ڕووداوەکان بە شێوەی قەزا و قەدەر ڕوو بدەن وەك: لە هۆش خۆچوون، مردنی کتوپڕی، هاتنی ماشێك بۆ سەر چاو، ترسان لە زەنگەزۆرەیەك کە هاتۆتە ناو ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام زۆر کات لە ئەنجامی هەڵەیەکی وەك ڕێز نەگرتنی یاسای هاتوچۆ، پێشبڕکێ، ئاژوان بۆ چەپە، نەبوونی مۆڵەت، سەرخۆشی، ماندووبوون ڕوو دەدەن.

**٢- ڕووداوەکانی ماڵەوە، ڕووداوەکانی کارکردن:**

لێرەدا دەبێ لێکۆڵینەوەی پۆلیسی تەکنیکی هەوڵ بدات بگاتە بنج و بناوانی ڕووداوەکان، لەسەرەتاش دەبێ هەوڵ بدات گریمانەی خۆکوشتن، یان تاوان لەبەر چاوی خۆی لاببات و دواتریش لێپرسراوێتی ئەم ڕووداوانە دەستنیشان بکات. گەلێك جار پۆلیس، بۆ ئەوەی لە چەند حاڵەتێکی خنکان بە غاز بکۆڵێتەوە، پۆلیس بانگ دەکات. ئەوەی هەمیشە پێویستە ئەوەیە کە دەبێ بە دوای ناو و ناونیشانی ئەنجامدەری تاوان بگەڕێ، بە یارمەتی تەکنیکاران لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا تاوانبار ڕێزی دەستوورە باوەکانی گرتووە؟ دەبێ هەموو درز و کەلێنەکان بپشکنرێ و ئەوەش دەستنیشان بکرێ کە ئایا ئەو درز و کەلێنانە لەبەر تێکچوون و پاڵە

پەستۆی زیاد وایان لێهاتووە، یان بە هۆی هەوڵێکی تاوانکاری، پاشان دەبێ سەرە غازەکان بپشکندرێن. لە حاڵەتی لێکۆڵینەوە لە ئاگر تێبەربوون و خنکان بەهۆی ئاگرەوە پێویستە چاودێری نۆرەگرەکانی خاوێنکردنەوەی دووکەڵکێشەکان بکەین و لە چۆنیەتی توندکردنی بۆڕی و سۆندەکانی غاز، یان هی گەرمی وردبینەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بوو بە ڕووداوەکانی ئەسانسێر، یان خۆشوشتن، یان وەرزش، ئەوا بەبێ سێ و دوو کردن چەند شایەدێك بانگ دەکەین و دەبێ لە بەراوردکردن و تاوتوێکردنی شایەدییەکان زۆر کارامە بین، لە هەمان کاتیشدا دەبێ بە وردی وێنەیەکی ڕوونکردنەوە بۆ شوێنەکە بنەخشێنین تاکو ڕەوانکارییەکان ڕوونتر ببنەوە. لە کۆتاییشدا ئەگەر بابەتەکە ژەهراویکردن بوو، ئەوا بەر لە هەموو شتێك پێویستە بایەخ بە پاشماوەی خواردنەکان بدرێ و بە چاکی بپارێزرێن... ڕشانەوەکان کۆ بکرێنەوە و لە ناو ئەو خواردنانەدا بە دوای هۆکاری بە ژەهراوی بوون دا بگەڕێین، هەروەها دەبێ بە دوای ئەو دەرمان و ڕاچێتە پزیشکییانەدا بگەڕێین کە لەو ماڵەدا هەیە.. ئەوانە هەموویان لەگەڵ یەکدی بەراورد بکرێن، تاکو بزانین چ هەڵەیەك لە نێوانیاندا هەیە، ئایا دەرمانخانەکە بە هەڵە دەرمانی پێداوە، یان دکتۆرەکە، یان ژەهراویبووەکە خۆی بە هەڵە بەکاری هێناوە.

دەربارەی ڕووداوەکانی کاریش، سێ گرفت لە گۆڕێدا هەیە: یەکەمیان کە لە هەموویان گشتگیری ترە، بریتییە لە ڕێکخستنی ئەو کارەی هەندێ جار لێپرسراوە لە حاڵەتی لاوازی کرێکارێك کە وای لێدەکات زانیاری و یەدەگە سەرەتاییەکانی خۆپارێزی لە یاد بکات، دووەمیشیان بریتییە لە ڕێز نەگرتنی سیستەمە کارپێکراوەکان، کەچی سێیەمیان بریتییە لە گرفتی سەرخۆشی، لە هەندێ باریشدا پێویستە بیر لە ئەگەری پشتگوێخستن، یان گاڵتە پێکردن بکەینەوە، هەر لە بواری ڕووداوەکانی کارکردندا لەوانەیە

تووشی جۆره تاوانێکی به درۆ، یان خۆ هەڵخەڵەتاندن بین، وەك ئەوەی کەسێك به درۆ ڕووداوێك دروست بکات، یان به ئەنقەست خۆی بشێوێنێ، یان خۆی وا نیشان بدات کە کەم و کورتیەکی لە ئەنجامی کارکردندا لێ پەیدا بووه... بێگومان ئەو درۆ و هەڵبەستانه لە پێناو ئەوەیە تاکو مووچەیەکی خانەنشینی گشتی، یان تایبەتی بەدەست بێنێ، هەر بۆیە لێرەدا پێویستە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پسپۆڕی پزیشکی و سەرپەرشتیاری کار و پۆلیسی تەکنیکار دا هەبێت.

### ٣- هۆکاره جیاجیاکانی گواستنەوه:

له ڕووداوەکانی هێڵی ئاسنین سێ گریمانە سەر هەڵدەدەن: تاوان، پشتگوێخستن، ڕووداوی کتوپڕی. شان بەشانی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تەکنیکی ئەندازیارەکانی ئیش و کارە گشتییەکانیش لەم ڕووداوە دەکۆڵنەوه، بەڵام پۆلیسی لێکۆڵینەوەی تەکنیکی پێویستە لە کۆنووسەکەیدا حاڵەتی هێڵی ئاسنینەکە و باری نیشانە و ڕێکخەرەکان تۆمار بکات و ئەو فارگۆنانە (العربات) بژمێرێ کە لە هێڵەکە دەرچونە، ئەوەش دەستنیشان بکات کە ئایا ڕوویان بەرەو کام لا شۆڕبۆتەوه. سەرەڕای ئەوانە پێویستە، بەهۆی کارگوزارانی هێڵەکە و نەفەرەکانی ناو فارگۆنەکان، زانیاری تەواو دەربارەی هەلومەرجەکانی پاش و هەروەها کاتی کارەساتەکە بەدەست بێنێ. کاتێ ئەگەری هەوڵێکی تاوانکاری لە ڕووداوەکە بەدی دەکات، نابێ لێکۆڵینەوەکانی تەنها لە شوێنی ڕووداوەکە ئەنجام بدات، بەڵکو پێویستە لەو چوارچێوەیەی تێپەڕێنێ، چونکە ئەنجامدەری کارەکە، بەشێوەیەکی گشتی، لە نزیکی شوێنی ڕووداوەکە خۆی حەشار دەدات، ئەوەش بۆ ئەوەی بە بینینی کارەساتەکە چێژ لە

کارە چەپەڵەکەی وەربگرێ. بۆیە وا چاکە بە باشی لەناو چوارچێوەی بازنەیەکدا بپشکنێ کە تیرەکەی کیلۆمەترێك بێت، لە ناو ئەو بازنەیەشدا هەتا ئەگەر تاوانبار خۆشی نەدۆزێتەوە، ئەوا لەوانەیە شوێن پێی، چەند پەڕە کاغەزێك- ڕۆژنامەیەك- جگەرەیەك- پارچە جلکێك بدۆزێتەوە و ئاماژە بە بوونی تاوانێك بدەن، لە هەمان کات پێویستە زەوی هێڵە ئاسنینەکە و چەوریژییەکەی بپشکندرێ. دوای ئەنجامدانی ئەمانە شوێنی ڕووداوەکە بە ڕێکوپێکی دەگیرێ و لە کۆنووسەکە تۆمار دەکرێ، دەبێ هەندێ لەو شوێنانەش وێنەی ئەو جەماوەرە بێ کە لە سەرەتای بەرەو شوێنی ڕووداوەکە ڕادەکەن و دەیانەوێ سەیری بکەن و ئەنجامەکەی بزانن، لەوانەیە کەسێك، یان چەند کەسێکی ناو ئەو جەماوەرە ئەو تاوانبارە بێ کە تاوانەکەی ئەنجام داوە و لە ناو ئاپۆرەی خەڵکەکە وەك یەکێك لەو جەماوەرە خۆی نیشان دەدات. کاتێکیش ئەم وێنانەی جەماوەرەکە بە شایەدەکان نیشان دەدرێن، یان لەگەڵ تۆماری تاوانبارەکان بەراورد دەکرێن لەوانەیە تاوانبار لەناویاندا بناسرێتەوە. فڕۆکەش، سەبارەت بە ڕووداوەکانی، یان هەوڵەکانی تیرۆر، هاوشانە لەگەڵ ڕووداوەکانی هێڵی ئاسنین و لەوانەیە هێشتا ئەمانە زیاتر ڕوو بدەن. لەم ڕووداوانەدا پێویستە داوای کۆمەك لە تەکنیکارەکان بکرێ، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە ئەفسەری پۆلیسی دادوەری، وەك چاودێرێکی یاسایی هەموو کردەوەکانە و دەبێ هەموو ئەو جێبینیانەی دوای ڕووداوەکە دەکرێن لە لیستێك بیانخاتە ڕوو، ئەوەش بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی لێپرسراوەتی ڕووداوەکە، بەهۆی ئەو پشکنینانەی ئەنجامی دەدا، دەستنیشان بکات. ئەو پشکنینانەش بریتینە لەوەی دەبێ ناسنامەی فڕۆکەکە (جۆری، خۆبەستنەوە، سەر بە چ لایەنێکە) تۆمار بکات و خاڵی کەوتنی و ئەو ماوەیەی بڕیویەتی بە وردی دەستنیشان

بکات، هەروەها شوێنەکانی (بەرزی، بەربەستەکان، بارودۆخی، ئاڕاستەی، ناسنامەی خاوەنی فڕۆکەکە و نەفەرەکانی ناوی) بە چاکی ڕوون بکاتەوە و چەند وێنەیەکی فۆتۆگراف یەکەیەکەی کەرەستەکانی ناوەوە و دەرەوەی فڕۆکەکە بەوردی وەربگرێ. هەروەها پێویستە دەست بەسەر پالگەکانی (مستندات) سەرکردایەتیدا بگرێ (ئەگەر هاتوو دۆزرانەوە) ئەو پالگانەش وەك هێڵکاری گەشتەکە، بیرنامەی ڕێگاکە، بیرنامەی گەشتەکە، بیرنامەی ڕادیۆکە، کۆنووسەکان، ڕادیۆ. دوای ئەمانەش وەڵامگۆی ئەندامانی گروپی فڕۆکەکە و شایەد و نەفەرەکان کۆ بکاتەوە و هەوڵبدا وایان لێ بکات بە وردی بۆی باسی بارەکانی ئاو و هەوا بکەن (سەبارەت بە ڕۆژهەلاتن، هەوا، کاتژمێر، ڕێڕەو، پێشهاتەکان، دەنگە دەنگی فڕۆکە، ئەو پارچانەی لە کاتی فڕین لە فڕۆکەکە بوونەتەوە).

# دزییەکان

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

دزی تاوانێکـە و بـەردەوام شـێوەی جیاجیـای هەیـە، بـە گـوێرەی ڕێگاکـانی بـەکارهێنانی دەناسـرێتەوە، جارێـك لـە خانـەی هەڵخەڵەتانـدن دادەنـرێ و جـارێکی دیکـە لـە خانـەی تونـدڕەوی. ئـەوەش بووەتـە هـۆی ئەوەی یاسا، دزیی سـادە لـە دزیـی گـەورە جیـا بکاتـەوە. بۆیـە لـە ڕووی تەکنیکـەوە وا باشـە دزی هەڵخەڵەتانـد و ئـەو دزیانـەی لەسـەر شـتومەك، توندڕەویان تێدا بەکار دەهێندرێ و ئەو دزیانـەی دژی خـەڵك تونـدڕەوییان تێدا بەکار دەهێندرێ، لە یەکدی جیا بکەینەوە.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

**١- دزی بە هەڵخەڵەتاندن:**

ئەو جۆرە دزییە دەتوانین بەو شێوەیە ڕوون بکەینـەوە: کاتـێ یـەکێك سڵاو لە یەکێکی دیکـە دەکـات، یـان دەڵـێ هـاتووم سـڵاو لـە فلانـە کـەس بکەم، ئەو کەسەش لای ئامادەبووەکان لەوانەیە ناسراو بێت، یان نەناسراو بێـت، کەچـی ئـەو مەبەسـتی لـە سـڵاوەکە تـەنها خـۆ نزیککردنەوەیـە لـەو کەسـەی مەبەسـتییەتی دزییـەکی لێ بکـات. دزەکـانی دەرگاوانـەکان و سواڵکەرەکان و دزی پزیشکەکان (ئەوانـەی کەلوپـەل لـە هـۆڵی- ژووری- چـاوەڕوانکردن دەدزن، یـان هەنـدێ جـار خـۆ دەخزێننـە ژووری تایبـەتی پزیشك و شـتێك دەدزن) هـەموویان دەچـنە نـاو ئـەو خانەیـە. ئـەم جـۆرە دزییەش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**أ- دزیی بە ئاشکرا:**

دزی پسپۆڕ لەم بوارەدا لە دەرگا دەدا، یان زەنگی بەر دەرگا لێدەدا، ئەگەر کەس وەڵامی نەدایەوە و دەرگا دانەخرابوو ئەوا دەچێتە ژوورەوە یەکە یەکە ئەو ژوورانە بەسەر دەکاتەوە، کە کلیل نەدراون و چی بکەوێتە بەردەستی لوولیان دەدات و دەیانخاتە باخەڵی، بەڵام ئەگەر یەکێك لە ژوورەوە بوو ئەوا خۆی وا نیشان دەدات کە هاتووە ناو لەپ بخوێنێتەوە و بەختیان تاقی بکاتەوە.

**ب- دزی بەهۆی سیفەتێکی ساختە:**

لەم حاڵەتەدا کەسەکە وا خۆی پێشکەش دەکات کە کرێکاری غازە، یان چاودێری شارەوانییە، لەگەڵ هاودزێکی خۆی ڕێك دەکەوێ و لە دەرەوە تەلەفۆنێك بۆ ئەو کەسە دەکات، کە دەیانەوێ دزییەکەی لێ بکەن، ئەگەر لە ماڵەوە نەبێ ئەوا بە ئاسانی دەچنە ژوورەوە، ئەگەر لە ماڵەوە بن ئەوا شتێکی وایان بۆ دروست دەکەن ماڵەکەیان بۆ چۆڵ بکەن، هەر دوای چۆڵکردنیش یەکسەر دەچنە ژوورەوە و ئەوەی بکەوێتە بەر دەستیان دەیدزن. شت بە دزی شاردنەوە ئەوەیە دزەکە سوود لەو چرکەیە وەردەگرێ کە تیایدا خاوەن شتەکە ئاگای لە خۆ نامێنێ، ئەوەش بەوە دەبێ کە دەستپیس، یان هەڵخەڵەتێنەر، ئەو کەسە دەداتە بەر شاڵاوی پرسیاران کە دەیەوێ دزییەکەی لێ بکات و دەیخافڵێنێ، یان بە شێوازێکی نوێتر، ئەگەر قوربانییەکە بازرگان بێ، ئەوا خۆی بە بیانی نیشان دەدات و داوا لە بازرگانەکە دەکات پارەیەکی قەبەی بۆ بگۆڕێتەوە، بازرگانەکە وا تێدەگەیەنێ کە ناوێرێ بچێتە لای پارە گۆڕەوەکان، چونکە نەشارەزایە و دەترسێ فرت و فێڵی لەگەڵ بکەن. بەم شێوەیە وا لە

بازرگانەکە دەکات پارەیەکی زۆر دەربهێنێ و لە کاتی مرخێش مرخێش و نابێ و دەبێ و زۆر گوتندا، یان لە کاتی هاتنە ژوورەوەی کەسێکی دیکە و خەریکبوونی بازرگانەکە لەگەڵی، ئەم کەسە (دزە) سەفتەیەك (بەستەیەك) یان چەند سەفتەیەك لەو پارانە لە باخەڵی، یان شوێنێکی نادیار دادەنێ و بەم جۆرە پارەکەی بە دزی لێ دەشارێتەوە، بەڵام باخەڵبڕین پشت بە جادوگەری و دەستسوکی دەبەستێ، دزەکە بەبێ ئەوەی سەرنجی کەس ڕابکێشی دەستی بە باشی دەباتە ناو جلکی (باخەڵی، گیرفانی، پشتێنی) کەسێکی دیکە و هەرچی شتێکی بەهاداری وەك جانتا و کاتژمێر و پاندان و شتی دیکەی تێدابێ بە ئاسانی دەریدەهێنێ، بۆیە دەبێ ئاگامان لەو کەسانە بێت کە بە پێچەوانەی ڕەوتەکە دەڕۆن، بەتایبەتی لە شوێنە جەنجاڵەکاندا. زۆربەی کاتەکانیش باخەڵبڕەکان هاوکوفێك بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن، کەسی یەکەم دەستە دزە و بەرك و باخەڵی دەبڕی، کەچی کەسی دووەم (هاودز) شتەکان هەڵدەگرێتەوە و دەیانفرێنێ، بۆیە کەسی یەکەم زۆر بە سەختی تاوانەکەی لەسەر دەچەسپێ کە بەهۆی چەندین فرت و فێڵەوە تاوانەکەی خۆی پەردەپۆش دەکات، لەوانەیە ڕۆژنامەیەك بگرێتە دەست و بیخوێنێتەوە، یان قاپوتێك (پاڵتۆیەك) بخاتە سەر قۆڵی، یان کراس و پانتۆڵێکی شرۆڵ و بەرك کون کون لەبەر بکات. جۆرێکی دیکەش هەیە پێیان دەڵێن (ماچکەرەکان)، ئەوانە کە یەکێك لە هاتوچۆکەران دەبینن و دەزانن شتێکی گرانبەهای لایە، یەکسەر بەپیرییەوە دەچن، ئەحواڵپرسینی گەرم و گوڕی لەگەڵ دەکەن و ئەملاو ئەولای بە توندی ماچ دەکەن و وا بۆی بە دیار دەخەن کە ساڵەهای ساڵە هاوڕێی یەکبوونە و وایان لێ دەکەن لە بەرامبەریان هەست بە تاوانباری بکەن، چونکە ئەم هاوڕێتییەیان نایەتەوە یاد، هەر لەو کاتەی ماچکردن و خۆپێوەنووساندنەدا هەموو باخەڵ و گیرفانەکانی کابرای مەبەست بە وردی

دەپشکنن و کابرا هەستی پێ ناکات، ئەگەر بزانن شتێکی باشی تێدایە ئەوە دەری دەهێنن و قوربانییەکەش هیچ هەستی پی ناکات. کەچی دزیی بەخۆمەڵاسدان بریتییە لە دزینی گەوهەرەکان، چ لە دوکانی زێڕینگرەکان و چ لە ماڵان ئەنجام بدرێ. لە دزیی گۆڕانکاریشدا، ئەو ڕێگایە بەو جۆرە ئەنجام دەدرێ کە دزە جۆرە جانتایەك دەهێنێ، بە جۆرێك ئەو جانتایە شێوە و ڕەنگی بە جانتای دەستی کەسێکی دیکە بچێ کە پڕە لە پارە، یان شتی بەهادار، دەتوانین ئەو جۆرە جانتایەش ناوی بنێین (جانتای سێبەر)، تاوانبار کە هەلێکی لەباری بۆ دەڕەخسێ یەکسەر جانتای سێبەر بە دەستێکی سووك، لە شوێنی جانتا پڕ پارەکە دادەنێ و ئەو جانتایە بە دزی دەشارێتەوە کە پارەی تێدایە.

هەر لە ژێر ناوی دزییەکانی ناو ماڵ، دەتوانین دوو جۆری لە یەکدی جیای ئەو تاوانانە دەستنیشان بکەین، کە یەکێکیان بریتییە لەو جۆرە دزییەی لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزانەوە، یان خزمێکی نزیك ئەنجام دەدرێ، جۆری دووەمیش ئەوەیە کە لە لایەن خزمەتکاری ماڵەوە ئەنجام دەدرێ. هەروەها سەرباری ئەوانەش، تەڵەکەبازی لە خواردن هەیە، ئەویش ئەوەیە یەکێك دەچێتە ئوتێلێك، یان چێشتخانەیەك بۆ نانخواردن کەچی خۆی وا نیشان دەدا پارەی پێ نییە حیسابەکەی بدات. هەروەها تەڵەکەبازی لە تاکسیش ئەوەیە کە یەکێك سواری تاکسی دەبێت، بەڵام دەڵێ پارەم لا نییە. لە کۆتاییشدا دەبێ ئەوە چاك بزانین کە ئەو جۆرە تەڵەکەبازانە هەردوو سەری مەسەلەکان چاك شارەزان و باش دەزانن چۆن خۆیان دەرباز بکەن.

٢- ئەو دزییانەی دژی شتەکان توندوتیژییان تێدا بەکار دەهێندرێ:

ئەو جۆرە دزییە بریتییە لەوەی دزەکان بۆ چوونە ناو ماڵی خەڵکان و ئەنجامدانی دزییەکەیان، سەربان و هەیوانەکان و سولاوکەکان، بەکار دەهێنن. ئەو ڕێگایانەی باون و دزەکان بەکاریان دەهێنن ئەوانەن،، کە قوفڵی دەرگاکان، یان پەنجەرەکان و شووشەی پەنجەرەکان دەشکێنن و شیشەی پەنجەرەکان (کەتیبەکان) بەئاسنبڕ دەبڕن و دەچنە ژوورەوە، بەتایبەتی ئەو جۆرە دزیانە بۆ دزیکردن لە ئوتێل و کەنیسە و مزگەوت و مۆزەخانەکان دەکرێن و ئەو دزانەش شارەزان و کارامەییان لەم بوارەدا هەیە. بۆ دزینی کەلوپەلی ناو ئۆتۆمبێلەکانیش، دزی تایبەت هەیە و هەوڵ دەدات ئەو ئۆتۆمبێلانە بدۆزێتەوە کە خاوەنەکانیان لە بیریان چووە کلیلیان بدەن، یان چەندین جۆرە کلیل و ئامرازی تایبەتییان هەیە بەکاریان دەهێنن بۆ کردنەوەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکان. ئەم دزانە بە زۆری هاودزیان (پاشدز)یان هەیە و هاوبەشن لەگەڵیان و هاوکارییان دەکەن. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنیشە ئەوەیە کە دزینی ئۆتۆمبێل لەم دواییەدا زۆر بووە و چەندین ڕێگا و شێواز بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێ و ئەم جۆرە دزییەش، ئەنجامدانی لای دزەکان ئاسانە و تەنها ئەوەیان دەوێ کە کلیلێکی ساختە، یان تێلێکی ئەستوور بدۆزنەوە، لە هەموو ئەوانەش ئاسانتر ئەوەیە کە ئەو ئۆتۆمبێلەی دەیانەوێ بیدزن لە ئۆتۆمبێلێکی دیکەی دەبەستنەوە و بە جۆرێك ڕایدەکێشن، وای لە خەڵك دەگەیەنن کە تێکچووە و دەیبەنە لای فیتەر، لەوانەیە ژمارەی پێشەوە و پشتەوەشی لێبکەنەوە. ئەو دزانە کە کلیلی ساختە بەکار دەهێنن و ئەوانەی ئوتێلەکان دەدزن لە خۆشکردنی کلیلەکاندا چاك شارەزان. باشترین ڕێگاش ئەوەیە بەڕۆژ بورغی و بزمارەکانی قوفڵی دەرگاکان شل دەکەنەوە، یان لێیان

دەکەنەوە و دەریان دەهێنن و دوای ئەوەی سیلاکیان دەکەن بە هێواشی لە جێگای خۆیان دایان دەنێنەوە، تاوەکو کەس هەستیان پێ نەکات، کاتێ کە خاوەن ژوورەکە، یان ئەو کەسەی مەبەستە دزییەکەی لێ بکرێ، دەگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆیی و جانتا و جلەکانی دادەنێ و دەچێتە ناو گەرماو، یان ناو جێگا، ئەوا دزەکە بە ئاسانی دەرگاکە دەکاتەوە و ناهێڵێ دەنگی بێت، وردە وردە دەچێتە ژوورەوە و ئەوەی مەبەستییەتی دەیدزێ، هەروەها ئەو دزەی بەهۆی کلیلی ساختە دزی دەکات، چەند ئامرازێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەنجامدانی دزییەکەی بەکاریان دێنێ، ئەمانەش وەك پلایس و دەڕنافیس و تالیبەر، دەبێ ئاگامان لەوەش بێت کە دزی وا هەیە، جانتایەك بە دەستەوە دەگرێ و پڕی دەكات لەو ئامێرانە و خەڵك وا تێدەگەیەنێ، کە کەرەستەی ماڵان چاك دەكاتەوە. هەروەها ئەو جۆرە دزانە شێوازی دیکەشیان هەیە، یەکێك لەو شێوازانە ئەوەیە پارچە کاغەزێك لوول دەدەن و دەیهاوێنە ناو کونی قوفڵی دەرگای حەوشەی دەرەوە، ئەگەر بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر پارچە کاغەزە لوولدراوەکە تێیدا مایەوە ئەوە وا دەگەیەنێ خاوەن ماڵەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ماڵەوە نیە و بۆ گەشت، یان شوێنی دوور ڕۆیشتوون، بەم جۆرە دزەکە دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە. بێگومان ئەو دەرگا نوێیانەی ئیمڕۆ هەیە لەوانەی پێشتر ئاسانتر دەکرێنەوە، بەتایبەتی ئەو دەرگایانەی دوو دەری، یان سێ دەرین. کاتێ کە شیشەی سەرەوە، یان خوارەوە بە پەنجە دەهێنیتە خوارەوە، بۆشاییەك لە نێوان هەردوو لای دەرگاکە پەیدا دەبێ و دزەکە بە ئاسانی شیشەێك، یان تالیبەرێك کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵی گرتووە، دەخاتە نێوان ئەو بۆشاییە و دەرگاکە دەکاتەوە. دەربارەی قاسەی پارەش، دزەکان، یان بە تەواوی، یان هەر لە شوێنی خۆیان دەیانکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە مشاری بازنەیی (یان

جۆری دیکە) بەکار دەهێنن، یانیش هەندێکیان شارەزای ڕەنووسەکانی قاسەکە دەبن و کلیلی تایبەتی بۆ پەیدا دەکەن و دەتوانن بەو ڕێگایە بیدزن. کەچی سەبارەت بە کردنەوەی نامەکانی پۆستە لەوانەیە کارەکە ئاسانتر بێت، لەو کردنەوەشدا چەند مەبەستێك هەیە، یان بۆ دزینی زانیاریەکان و ناوەڕۆکی نامەکە، یان تەنها بۆ سەیر کردنی ئەو نووسینەیە کە لەناو نامەکەدایە، یانیش بۆ دزینی ئەو پەڕە کاغەزەیە کە لەناویدا هەیە. ئەو دزیەش بەو جۆرە دەکرێ:

نامەکە دەدەنە بەر هەڵمی ئاوی کوڵاو یان قەڵەمێك، یان شیشەی چنین دەدەنە بەر لۆچی نامەکە و دەیکەنەوە، بەڵام بە هەمان ئەو شێوە ئاسانییەی کە پێی کراوەتەوە ئەو ساختە کارییە دەدۆزێتەوە، ئەو دۆزینەوەیەش بەهۆی ئەو کەتیرە نوێیە ئەنجام دەدرێ کە پاش کردنەوەکە بەکار دەهێندرێ، لەوانەشە هەندێ شوێنی نامەکە لە ئەنجامی کردنەوەکە دڕابێ، ئەمانە بەهۆی نۆڕینی وردبین دەردەکەون. ئەگەر دەرنەکەوتن و بە چاویش نەبینران ئەوە بۆ زانینی ئەو شوێنە دڕاوانە، تەنیشتەکانی زەرفی نامەکە کەمێك تەڕ دەکرێ و ئاسنێکی گەرم لەسەر ئەو جێیە دادەنرێ کە کەتیرەی لێدراوە، ئەوە یەکسەر کەتیرەکە لە لاتەنیشتەکان دەردەچێ و دەچێتە ناو نوشتاندراوەکان و هەر دڕانێك هەبێ دەردەکەوێ بەڵام دەربارەی نامە مسۆگەرکراوەکان ئەو کردارەش، چ بە دووبارە دانانەوەی مۆرەکە، یان گۆڕینێکی نوێ، یان بە تەنها لەسەر یەکدی دانانەوەی شوێنەکان، بە ئاسانی بەهۆی گلۆپی (وود)ی کارەبایی و شیکردنەوەی کیمیاگەری جۆرەکانی شەمێی بەکاربراو لە ئەزموونگە بەدەردەکەوێ. دەربارەی چۆنیەتی دەرکەوتنی ساختەکاری لەسەر نامەکانی پۆستە، ئەوا لە حاڵەتێ ئەگەر شتی بەهاداری تێدا بوو، دەتوانرێت لە یەکەم هاتنیدا بۆ پۆستە بکێشرێ و دوای گەیشتنیشی

دووباره بکێشرێتەوه، هەروەها پێویستە هەر بنکەیەکی پۆلیس گڵۆپی (وۆد)ی بدرێتێ تاکو بەو هۆیەوه ساختەکاری نامەکان بدۆزرێتەوه.

**٣- ئەو دزییانەی، دژی خەڵك، توندوتیژییان تێدا بەکار دەهێنرێت:**

دزی بەهۆی بێهۆشکەر یەکێکە لەو شێوازانەی دز دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر ئەو کەسەی دەیەوێ دزی لێبکات، بێهۆشکردنیش بەهۆی ماددەیەکی سەرخۆشکەر، یان سڕکردن دەبێت، بۆ نمونە هەندێ جار لەوانەیە گوێمان لێبووبێ کە دانسازێك بڕێکی زیاد بەنجی داوەتە ئەو نەخۆشەی لەبەر ژانی ددانی چووەتە لای، بەم جۆرە دانسازەکە توانیویەتی ئافرەتەکە بۆ چ مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی خشڵ و شتە بەنرخەکانی و چ بۆ مەبەستی دیکە، دەسگیر بکات. بە پێچەوانەی دزیی بە هۆی بێهۆشکەر، دزیی بە هۆی توندڕەویش هەیە، ئەویش بەو جۆرە دەبێت کە دزێك چاوی بە کەسێك دەکەوێ کاتژمێرێکی چاکی لەدەستدایە، یان جانتایەکی باشی لایە، بە هەموو هێزیەوه مستە کۆڵەیەك لە پشتی ملی، یان سەری دەدا و دەیخاتە سەر زەوی، لە ژێر کاریگەری ئەو زەبرە کت و پڕییەی دووچاری قوربانییەکە دەبێت، کابرای دز کاری خۆی ئەنجام دەدات. نمونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە دزینە ئەوەیە کە دزە توندی بەکار دەهێنێ، بۆ ئەوەی جانتای سەرشانی، یان قۆڵی ئافرەتێك بدزێ، بەڵام نمونەی هەرە زەق و دیاری ئەم بوارە ئەوەیە کە یەکجار توندی تێدا بەکار دەهێنرێ، تا دەگاتە دەستدرێژی چەك تێدا بەکارهێنان. بۆ ئەم مەبەستە ئەو جۆرە دزانە چەتەیی دەکەن و چەتەگەریی پێکدەهێنن و ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیلی دزراو بەکار دەهێنن، دوای ئەنجامدانی دزییەکە لە شوێنێك فڕێیان دەدەن. ئەم چەتانەش هەمیشە هێرشەکانیان بەرەو بانقەکان و

زێڕینگر و پارە کۆکەرەوەکان ئاڕاستە دەکەن. ئەم جۆرە دزییە لە ڕووی توندڕەوییەوە پاشکەوتوانەیە، بەڵام لەوەش زۆر توندتر و مەترسیدارتر ئەوەیە، کە کردەوەکە چەند قوربانییەکی تێدا دەکەوێتەوە، ئەوەش بە هۆی بەکارهێنانی چەکی ئۆتۆماتیکی و بەگەڕخستنی چەندین ئامێری ئۆتۆماتیکی کار ئاسانکەر، نەك تەنها بۆ دەستگیرکردنی ڕێگرەکان کە بە گشتی دەموچاوی خۆیان بە چاویلکەی ڕەش، یان دەمامکی ڕەش شاردۆتەوە، بەڵکو بۆ تەگەرە خستنە بەر کارە تاوانبارییەکانیان و هەندێ جاریش دەربازکردنی هەڤاڵێك، یان هەڤاڵێکی پۆلیس لەو کاتەی دەکەوێتە بەر شاڵاوی دزەکان، یان بۆ ڕێگا گرتن لە هەڵاتنیان کاتێ دەکەونە دەستی پۆلیس، یان ئاسایش.

**سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە:**

هەموو دزییەکان وا پێویست دەکەن بە وردترین شێوە جێبینییان بکەین و لێیان بڕوانین، چونکە ئەم جێبینی و تێڕوانینانە کاتێ بە چاکی ئەنجام دەدرێن، لە لایەك تا ڕادەیەکی زۆر هەستی پۆلیسیانەی لێکۆڵەرەوەکان گەشە پێدەدەن، لە لایەکی دیکەوە ناتوانرێت لە هیچ مەسەلەیەکی لەم جۆرە بە چاکی بکۆڵرێتەوە، تاوەکو لێکۆڵەرەوەکە بە تەاووی شارەزای کون و کەلەبەرەکانی شوێنەکان و خەڵکەکە بێت. کاتێکیش بە تەواوی شارەزایی هەبوو ئەوا بە ئاسانی دەچێتە ناو قووڵایی ڕووداوەکە. لە کاتی ئەم چوونە ناو ڕووداوە و گوێگرتن لە شکایەتکار و شایەدەکان، دەبێ بایەخ بەم خاڵانەی خوارەوە بدەین:

١- هەلومەرجی شوێنەکان:

لێکۆڵەرەوە بەهۆی ئەو تێڕوانینانەی لای دروست بوونە، دەبێ ئەقڵی خۆی بهێنێتە ڕیز ئەقڵی دزەکان، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بەو کردەوانە بکات، کە بەر لە دزینەکە و لە کاتی دزینەکە و لە دوای دزینەکە ئەنجام دراون، هەروەها هەست بەو ڕێدەرچانە بکات، کە دزەکان گرتوویانەتە بەر، لە هەمان کاتدا لەوەش بگات کە چۆن دزەکە گەیشتۆتە ئاماجەکانی، لەوانەشە لێکۆڵەرەوە هەندێ شتی ناوازە بدۆزێتەوە، وەك ئەوەی کەسێك لە خۆیەوە شایەدییەك بدات و لێکۆڵەرەوەش بە هیچ شێوەیەك داوای ئەوەی لێنەکردووە.

٢- دیارکردنی کاتی دزین:

چاکەی دیاریکردنی کات ئەوەیە، کە لێکۆڵینەوەکە دەخاتە ناو بازنەیەکی دیاری کراو و چەند گریمانە و گومانکارییەك دادەنێ، یانیش لە لایەکی دیکەوە بە پێچەوانەی ئەوە هەندێ ڕێنمایی لادەبات، کاتژمێری دزینیش ئەو شایەدانە دەستنیشان دەکات، کە دەتوانرێ گوێیان لێ ڕابگیرێ و سوودیان لێ وەربگیرێ.

٣- شێوەی کارکردن:

هەر یاخیبوییەك، نەك هەر پسپۆڕە، بەڵکو دەستیشی بەکارە، هەروەها بە خواستی خۆشیەتی بۆیە پۆلیسی دادوەر، لە جیاتی ئەوەی هەر لە دوورەوە بوەستێت، دەبێ بچێتە شوێنی ڕووداوەکە. ئەگەرچی زەحمەتە شێوەکانی کارکردن پۆلێن بکرێن، بەڵام پۆلیسی شارەزا وەك ئەوەی بۆن بکات، دوای لێکۆڵینەوە یەکسەر دەتوانێ ماوەیەکی کەم دوای تاوانبار بکەوێ، بە تایبەتی ئەوانەی لە کاری تاوانکاریدا کۆنن.

٤- هەڵبژاردنی شتە دزراوەکە:

بەهۆی هەڵبژاردنـەوە شـتە دزراوەکـە دەستنیشـان دەکـرێ، ئـەوەش تەواوکەری شـێوەی کارکردنـە و تـەنها لـەو کەسـانە تێبینـی دەکـرێ، کـە ئارەزووی جۆرە شتێك دەکـەن بیـدزن، یـان پیشـەکەیان لـەو شـتە دزراوە نزیکـە، وەك دزەکـانی مۆزەخانـە، یـان ئەوانـەی حـەز لـە پارچـەیەك لـە پارچەکانی شتە بەهادارەکان دەکەن.

٥- شوێنەواری شکست:

بە زۆری لادانی سەر دەرگاکان، یان قاڵدرمەکان وێنـەی ئـەو ئامـارەی لەسەر بە دیار دەکەوێ کە بەکار هێنـراوە، چـونکە ئامارەکـە قەبارەیـەکی تایبەتی لەسەر شوێنە لادراوەکە وەرگرتووە، لەوانەیە لە کاتی پشکنین لـە دوای هەندێ کێشەی دیکە، ئەو ئامارە لە شوێنی ڕووداوەکە بەجێمابێ کـە پەیوەنــدی بـــە ڕووداوی پێشـــتر هەیـــە و ئـــەو ڕووداوەی پێشـــتری پـــێ دەدۆزرێتەوە، چونکە دوای فۆتۆکردنی شـوێنەواری و ئامارەکـان و گـەڕان دەتوانرێ خاوەنی ئامارەکە بدۆزرێتەوە. هەروەها شوێنەواری شکست دوو سوودی دیکەیشی هەیە: لە لایـەك ئەگـەر شـکانەکە لـە بـەرزی بـێ ئـەوا وا دەگەیەنێ دزەکە باڵای بەرزە و لە لایەکی دیکەشەوە، بـە وردی پشـکنینی شـوێنەواری شکسـتەکە بـە ئاسـانی کردەوەکـانی چـوونە سـەر بـە دیـار دەخات.

٦- گەڕان بە دوای شوێنەوارەکان:

ئەوەی هێشتا تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە کاتـێ ڕووداوێك ڕوو دەدات کۆمـەڵێك دادوەر و لێکۆڵـەرەوە و شـایەد بـەبێ سـوود دەخرێنـە شـوێنی دزینەکە. ئەوەی ڕاستی بێ پێویستە لەم بوارەدا تەنها پسـپۆڕ ڕێگـای پـێ

بدرێ بچێتە ئەو شوێنە، ئەم پسپۆڕەش پێویستە دەستەکانی خۆی بخاتە ناو گیرفانی، نەوەك پەنجەکانی بە شوێنێك بکەون و شوێنەوارێك بسڕنەوە. دەبێ بە چاکی شوێن مۆرەکان بپشکنێ، بەڵام ناشبێ شوێنەواری هەنگاوەکان و ئەو شتە گومانلێکراوانەی بەجێماون لە بیر خۆی بەرێتەوە. شوێن مۆرەکان بەسەر ئەو شوێنە لووسانە، یان نەرمانە بەدیار دەکەون کە تاوانبار دەستی لێداون، کەچی زۆر جاریش بخرێنە ژێر ڕووناکی گلۆپی کارەبایی، تاکو بەچاو ببینرێن، هەندێ جار دەتواندرێ شوێن مۆرەکان لەسەر کورسییەکی شکاو، یان گوازراوە لە شوێنی خۆی، یان لەسەر نەینۆکی ئەو ئۆتۆمبێلە دزراوە و دواتر لە شوێنێك بەجێ هێڵراوە، یان لەسەر ئەو کەلوپەلانەیماڵەوە وەك پەرداخ و کەوچك و شتی دیکە بەدی بکرێن.

٧- ئەو شتە نامۆیانەی بەجێماون یان ونکراون:

پێویستە ئەو شتانە بە چاکی بناسرێن تاکو بەهۆیانەوە دزەکە ئاشکرا ببێ، چونکە هەر شتێك لە ناو ماڵ، یان لە ناو باخچەی ماڵێ، یان هەر شوێنێکی ئەو ماڵە دزی لێکراوە بەجێمابێ، یان لەبیر کرابێ، ئاماژە بە بوونی دزینێك دەکات و هەرچۆنێك بێ لێکۆڵەرەوە وا لێدەکان سەرەداوێك بەدەست بێنێ.

٨- بەکارهێنانی کات لە لایەن قوربانییەکە، کەس و کاری، دراوسێکانی:

ئەگەر قوربانییەکە خشتەی کاتەکانی ڕێك و پێك بێت، لەوانەیە ئەو دزییەی ئەنجام دراوە لە ڕۆژی ڕووناك بێ. بۆیە خشتەکە دەباتە ڕێنیشاندەرێك بۆ لێپرسینەوە سەبارەت بە سەردانی گومانلێکراوەکان، یان هاتوچۆیە نائاساییەکان...هتد، هەروەها داب و نەریتی کەس و کار و

خزمەکانیشی ڕۆشناییەك دەخەنە سەر مەسەلەکە.

**٩- کڕبوونی گومانلێکراوی ئاژەڵەکان:**

ئەگەر لە کاتی دزینەکەدا سەگی ماڵەکە نەوەڕی، ئەوا لەوانەیە گومان لەوە بکرێ دزەکە ناسراوی ئەو ماڵەیە و سەگەکە لەگەڵی ڕاهاتووە، بەڵام نابێ بە تەواوی پشت بەو تێبینییە ببەستین، چونکە ئەگەر یەکێك دەرهاویشتەکانی دێڵە سەگێك لە جل و بەرگ و هەردوو دەستی خۆی هەڵبسوێ، دڕترین سەگ مێچکە مێچکەی لەبەر دەکات، بۆیە وا باشترە دێڵە سەگەکە بکرێتە پاسەوان، دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هەندێ جار بێهۆشکەر، یان خەوێنەر لەلایەن دزەکانەوە بۆ ئەو سەگانە بەکار دەهێنران، بۆیە ئەگەر سەگی پاسەوانی ماڵەوە کتوپڕ بێ ئەوەی نەخۆش بێت، یان لە هەل و مەرجێکی نادیار بتۆپێ (بمرێت) وا چاکە دوای تۆپینی ئەو سەگە، چاودێری ئەو ماڵە بکرێت.

ئەو هەل و مەرجانە سەرەتای چوونە ناو لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە دزینەکە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە زۆربەی ئەو دزییانە، جەربەزەکارییان تێدا دەکرێ و پێویستە بایەخیان پێ بدەین. بەڕاستی شتێکی نابەجێ و بێ ئەقڵییە، ئەگەر ئەو دزانە بە چاکی ڕێگاکانی ئەنجامدانی دزییەکە، یان خۆ ڕزگارکردن و خۆشاردنەوەی دوای ئەنجامدانی دزینەکە دەستەبەر نەکەن، کەواتە ئەو جۆرە دزییانە پاشتر خۆیان بۆ ئامادە کراوە. لێکۆڵەرەوە زانیارییە سەرەتاییەکانی دەستنیشان دەکات، ئەوەش، یان دزە خۆی بۆ ئەم مەبەستە دەبێتە سەرچاوە، ئەمەشیان لە ڕێگای (دەست درێژ کردنی بۆ سەر ماڵە دەوڵەمەندەکان، داب و نەریتی قوفڵەکان، زەنگەکان، ڕێدەرچەکان) یان لە ڕێگای (هەڵسوکەوتی خزمەتکارێك، پاشدزێك، دۆستێك، زۆربڵێیەك، کرێکارێکی هاتوو بۆ چاکردنەوەی تێکچوونێك، کەلوپەل فرۆشێك،

سواڵکەرێکی درۆزن). لێکۆڵەرەوەی دڵسۆز پێویستە بڕە زانیارییـەکی زۆر دەربارەی ئەو هاتووچۆکەرە نەناسراوانە پەیدا بکات، کە لە هەشت ڕۆژەی بەر لە دزینەکە لەو ماڵە دزراوەدا بینراون، بە زۆری لەو ڕێگایـەوە بـە هـۆی یەکێکیانەوە دەتوانێ بگاتـە ئـەنجامێك. لـە کـاتی ڕووداندی هـەر ڕووداوێـك دزە، یان تاوانبار پشتی خۆی قایم دەکات، ئەوەش بە بـەکارهێنانی چـەند کەسـێك کـە لـە دواوەی دزەکـە هەسـت ڕادەگـرن، یـان دێـن و دەچـن و چاودێری ناوچـەکە دەکـەن، زۆر جـاری وا هەیـە خـەڵکانی نزیـك شـوێنەکە سەرخۆشێك لەو شوێنە دەبیـنن دێـت و دەچـێت، یـان کەسـێکی دیکـە بـە دوور و درێژی پرسیار لە شوێنێك، یان شتێك لەم و لەو دەکات، کەچـی لـە ڕاستیدا ئەوانە پاشدزن و دزەی هاوڕێیان دەپـارێزن. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت خەڵکەکە هەسـت بـە فـرت و فێڵـی ئەوانـە ناکـەن و ئـەو شـایەدانەی بـانگ دەکرێن حیساب بۆ ئەوانە ناکەن، بەڵام لەوانەیە لە ئەنجامی گفتوگۆکانیان و بەبێ ئەوەی بایەخیان پێ بدەن ئاماژەیان پێ بدەن، لـەو ئاماژەکردنـەدا پۆلیس دەتوانێ شتێك بە دەست بێنێ. بەم جۆرە ئەم گـوێ بـۆ شـلکردنە لێکۆڵـەرەوەکان دەگەیەنێتـە چـەند ئـەنجامێك و دەتـوانن ئـەم وەسـفانەی شـایەدەکان دەیکـەن، لەگـەڵ ئـەو وەسـفانە بەرامبـەر بکـەن کـە لەسـەر گومانلێکراوەکانـدا هەیـە، هـەروەها ئـەم زانیارییانـە دابـەش بکەنـە سـەر هــەموو بنکــەکانی پۆلیســی خۆجێیــەتی و نەتــەوەیی و نێودەوڵــەتی و ئاگاداریان بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە، ئەگەر کەوتنـە بەردەسـتیان، دەسـگیریان بکـەن. هـەروەها بـە هـەمان شـێوە شـتە دزراوەکانیش وەسف دەکرێن و دوای ئەوەی فۆتۆ دەکـرێن، دەدرێنـە ئـەو شوێنانە. ناشبێ ئەوە لەیاد بکەین کە دەبـێ مـاڵ و نـاو مـاڵی دزەکـان بـە جــوانی بپشــکندرێن. لــە هەنــدێ شــوێنی وەك فەرەنسـا زانســتی ئەلکترۆناتەکان هاتۆتـە کایـەوە و لـەم بـوارەدا پێشـکەوتووە، بـەڵام ڕۆڵـی

تەکنیکی لێکۆڵینەوە هەرچەندە لە بواری دزیدا پێشکەوتوو بێت، ئەگەر ڕۆڵی بنەڕەتی ئەو کەسانە دیار نەکرێ کە شتی دزراویان لێ دەشاردرێتەوە، ئەوا کەم و کورتی هەر دەبێ. بۆیە دەبێت پۆلیس ناسنامەی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دروست بکات کە شتومەکی دزراو دەکڕن، یان دەیانشارنەوە، یان کڕین و فرۆشتنیان لەسەر دەکەن، ئەو کەسانەش وەك زێڕینگرەکان، پارە گۆڕەوەکان، دەڵاڵەکان، فرۆشیاری کەلوپەلە بەکارهێنراوەکان. پۆلیس پێویستە بەردەوام هاتووچۆی ئەم بازرگانانە بکات و سەریان لێ نەبڕێ و بەگوێرەی ئەو ناسنامانەی بۆ ئەوان و کەلوپەلەکانیان ڕێکخراوە، هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

# هەڵخەڵەتاندنەکان

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

هەڵخەڵەتاندن بەوە دەبێت کە یەکێك پارە و داراییەك، یان چەند شتێك یان چەکی پارە، چ بەهۆی ناوێکی خوازیار، یان سیفەتێکی خوازیار، یان دوای بەکار هێنانی چەند فرت و فێڵێك و لە یەکێکی دیکە وەردەگر. هەرچۆنێك بێت دوو شت هەیە سەبارەت بەو مەسەلەیە پێویستە ڕەچاو بکرێن، یەکەمیان پەیوەستە بە لایەنی دەروونی هەڵخەڵەتێنەر و نێچیرەکەی (قوربانییەکەی)، دووەمیان پەیوەستە بەو پلە بەرزییە زیرەکییەی لەو تاوانەدا بەکار دەهێنرێت. قوربانییەکانی ئەو جۆرە ڕووداوانە لەو کەسانەن کە هەمیشە بە ساکاری، گەوجی، چاوچنۆکی، هەندێ جاری بە خوار و خێچی ناسراون. دەشتوانین بڵێین ئەم جۆرە تاوانانە بە زۆری لە کۆمەڵگا پاشکەوتووەکان سەر هەڵدەدەن و بە خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی ژیاریی نووسراوە (الحضارة المكتوبة) دادەنران، لە هەمان کاتیشدا لەبەر دەنگ و باوی پاڵەوانە زیرەکەکانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر موڵك و سامانە گشتی و تایبەتییەکان، بە چەند تاوانێکی پڕ مەترسی دادەنران.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

دەتوانین هەموو جۆرە هەڵخەڵەتاندنەکان بۆ چوار ڕێگە پۆلین بکەین کە ئەمانەن:

**١- بەکارهێنانی ناوی ساختە:**

بریتییە لەوەی کەسێك بێتە لای یەکێکی دیکەی خاوەن سامان و بە

ناوێکی دیار لەناو کۆمەڵ، نەك ناوی ڕاستی خۆی، داوای پارەی لێ دەکات و ئەویش تەنها لەبەر ناوەکەی کە ناسراوە پارەی دەداتێ. هەندێ جاری وا ڕوو دەدا کە یەکێك بە ناوی گۆرانیبێژێك خۆی پێشکەشی یەکێکی دی دەکات، بۆ ئەوەی ئاهەنگی بۆ بگێڕێ و بەهۆی ئەم ناوەشەوە پێشەکی پارەکەی وەردەگرێ، یان هەندێکی دیکە دەچنە پۆستەخانەکان و بە ناوی ڕاستەقینەی ناردراوی نامە، ئەو نامانە وەردەگرن کە پڕن لە پارە، یان شتی گرانبەها.

٢- سیفەتی ساختە بە پاڵ خۆ دان (انتحال صفة مزيفة):

باره کەسایەتییەکان هۆیەکی بنەڕەتی ئەو هەڵخەڵەتاندنانەن: دایکی کوڕێکی ڕاکردوو لەسەربازی ئەگەرچی بەم ڕاکردنەشی دەزانێ، بەڵام داوای ئەو موچەیە دەکات کە بۆ سەربازە بزرەکان تەرخان کراوە، یان ئافرەتێك دێت داوای پێشینەی (سلفة)ی کرێکارێك دەکات و وا نیشان دەدات کە مێردیەتی، کەچی لە ڕاستیدا وا نییە، یان هەڵخەڵەتێنەرێك (تەفرەدەرێك) کاتێك کە دەبینێ چەند کەسێك، لەبەر سەرپێچی کردنیان، یان ئەنجام دانی چەند تاوانێك، بۆ دادگا داواکراون دەچێتە بن گوێیان و ڕادەگەیەنێ کە خۆی هەموو شتێکە، یان فلان پارەی هەیە، ئەگەر پارەی بدەنێ بە ئاسانی ڕزگاریان دەکات. بەم جۆرە بڕێکی زۆر پارە بەدەست دێنێ. پەندێك هەیە بۆ ئەم بوارە بە کەڵکە و پێویستە بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ (فلان گورگە لە پێستی مەڕدا). دوای بارە کەسایەتییەکان و پیشە درۆکان، نازناوە ساختەییەکان دێن، کەهەڵخەڵەتێنەرەکان زیرەکانە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن، ئەو نازناوانەش چ نازناوێکی ساختەی سەرپەرشتیاری، یان زانکۆیی بن. زۆر کەس هەیە کە یەکێك دێتە لایان، جل و بەرگێکی

زانکۆیی، یان دەوڵەمەندانەی لەبەر کردووە، زوو هەڵدەخەڵەتێن و داوای هەرچییان لێ بکات دەیدەنێ، هەر لە بواری سیفەتی ساختە بە پاڵ خۆدان دەبینین فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتی کارەبا، یان باجەکان، سەرەڕای ئەوەی ئێستا لە کارەکەی دەرکراوە، دەچێتە یەکە یەکەی ماڵەکانی پێشووی و هەر بەو سیفەتەی پێشوو پارەیان لێ دەستێنێ.

**٣- نیشاندانی پاڵگەی دەستنووسی (ابراز مستند خطي):**

نیشاندانی پاڵگەی دەستنووسی سادەترین مانۆڕی تەڵەکەبازی هەڵخەڵەتاندنە و لە هەمووشیان زیاتر ئاشکراترە.

أ- یەکەم نمونە لەسەر ئەوە، دەبینین بریکاری کۆمپانیایەك چەند داواکارییەکی کەلوپەلی ساختە دروست دەکات، تاکو خۆی لە چەند ڕەسمێکی ناڕەوا دوور بخاتەوە.

ب- بە بۆنەی فرۆشتنی فرۆشگایەك لە فرۆشگاکان، کە فرۆشیار چەند بودجەکارییەکی ساختە دەداتە کڕیار بۆ ئەوەی فرۆشگاکەی بە ڕەواج بکەوێ. بۆ نمونە خاوەنی سەرتاشخانەیەك بە درۆ لیستێك بە ناوی (٥٠٠) کەس دروست دەکات، کە گوایە مانگانە سەریان لەو سەرتاشخانەیە دەتاشن کەچی لە ڕاستیدا وانییە، تەنها ژمارەیان (٢٠٠) کەس دەبێ.

ج- کۆمپیالەی ناکارا (غیر فعلیة):

ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندن، چونکە وا نیشان دەدا کە قەرزێکی زۆری هەیە.

د- هەڵخەڵەتاندن لەسەر ڕێگای ئەسپانی، یانیش پێی دەڵێن (لەسەر ڕێگای گەنجینەی ون): تاکو ئێستاش ئەم هەڵخەڵەتاندنە بەسەر کەسانی گەمژە تێدەپەڕێ. بۆ نمونە دەبینین یەکێك کلیل دەدات بە یەکێکی دیکە (گوایە ئەوە کلیلی گەنجینەیە بۆ ئەوەی کارێکی بۆ ئەنجام بدات و بەڵێنی

پـێ دەدا، کـەوا ئـەوەی لـە نـاو گەنجینەکەدایـە بیـداتێ، بۆیـە کەسـە ساویلکەکە هەڵدەخەڵـەتێ و کارەکـەی بـۆ ئـەنجام دەدا، کەچـی دواتـر دەردەکەوێ نە گەنجینەی هەیە و نە هیچ.

هـ- هەڵخەڵەتانـدنی کـارە خێرخوازییـەکان: چـەند کۆمەڵەیـەکی خێرخوازی، یان چەند کۆمپانیایەك بـە درۆ گوایـە ئامـانجێکی مرۆییانـەیان هەیە، بە دیارکردنی سروشتە کۆمەڵایەتییەکانیان (لە ناوبردنی شێرپەنجە، لـە نـاوبردنی ئیفلیجـی منداڵانو...هتـد) و بـە دروشمـە پڕشـنگدارەکانیان (بریقەدار) و بە درۆکانیان (وەك بەدەرخستنی ژمارەی ڕێپێدانی کۆمەڵ لە لایەن پۆلیس و لایەنە بەرپرسەکان) دێنە بەرچاومان و هـەوڵ دەدەن سـۆز و چاکخوازی جەماوەر بۆ خۆیان ڕابکێشن و خەڵك، لەو کۆمەڵانە بەشـداری بکەن و مانگانەیان لێ بستێنن و بەهۆی ئەم مانگانە و فرۆشـتنی کەلوپـەل، بە ناوی کەسانی بێ دەرەتان خۆیان دەوڵەمەند بکەن.

و- زۆرجار گوێمان لە پڕوپاگەندەیـەك دەبێـت کـە دەڵـێ (١٠ دینـاری بـدەنێ ٤٠ دینـارت دەسـت دەکـەوێ) بێگومـان بـۆ ئـەم مەبەسـتە چـەند کەسێك وەك زنجیرەیەکی بە یەکەوە بەستراو کار دەکەن و دەیان و سەدان و هـەزاران و بگـرە ملیۆنـان خـەڵك بـەم فـرت و فێڵـە، بـە نـاوی بازرگـانی هەڵدەخەڵەتێنن و پلیتیان پێ دەکڕن و پارەیان پێ خەرج دەکەن، کەچـی تەنها چەند کەسێك سوودمەند دەبن و هەزارانیش زیانیان پێ دەگات.

ز- هەڵخەڵەتاندن بەهۆی ئاگاداری: لێرەدا مەبەست لـەو ئاگاداریانەیـە کە تەڵەکەبازی تێدایە، وەك ئەوەی کارێك، یان کەلوپەلێك دەخەنـە گـۆڕێ و بـۆ مەبەسـتی وەدەسـتهێنانی ئـەم کـارە، یـان ئـەم کەلوپەلـە، داوای پوولێکی پۆستە بکەن و ئەوەش بکەنە مـەرج، کـە ئەگـەر پوولەکـە نـەکڕن ئەوە داواکەیان وەڵام نادرێتەوە، لێرەدا دەبێ ئـەوە بـزانین کـە داواکـەیان وەڵام نادرێتەوە، پوولی دیکەشیان بـۆ ئـەم مەبەسـتە پـێ دەکـڕن، یـانیش

کەلوپەلەکان کەم بەهان و ئەگەر هۆی ئـەم ئاگاداریانـە نـەبێ کـەس نایـان کڕێت. هەر لەم بوارەشدا دەبینین کوتاڵفرۆشێك چەندین کلێشـەی کوتـاڵی باشی داناوە، کەچی لەو جۆرە قوماشـانە لـە دوکانەکەیـدا نـین و چـەندین کەسی ساویلکە بەم کلێشانە هەڵدەخەڵەتێن.

ح- یــەکێ لــەو هەڵخەڵەتانانــەی لــە ڕیــزی نیشــاندانی پاڵگــە دەستخەتییەکان دادەنرێت، بـریتین لـە بەسـتنی چـەند ڕێککەوتننامەیـەك سەبارەت بەو ڕێبەرانەی وا نیشان دەدرێن کە ڕەسمین، یان ئەو کتێبانـەی گوایە بەم زوانە دەردەچن، یان ئەو لێکۆڵینـەوە درۆیانـەی دێنـە بـازاڕ. بـۆ نمونـە بودجـەی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٥٨ تـاوەکو سـاڵی ١٩٦١ پـارەی بـۆ ئامارێکی نهێنـی تـەرخان کردبـوو کـە گوایـە بـۆ سـەرەوای جـەنگ (ارکـان الحرب) دەکڕێ، کەچی لە ڕاستیدا ئـەم ئامـارە تـەنها لەسـەر کاغـەز نـاوی هەبوو.

ن- سەرپێچییە یاساییەکانی پەیوەست بە چـەکەکانی پـارە، هاوتـان بە هەڵخەڵەتاندن: لـە ڕاسـتیدا دانـی چـەکێکی پـارەی بـێ پشـتیوان، یـان چەکێك بەرواری دواکەوتووە، بە ڕواڵەت پشتیوانەیەك دەداتە ئـەو کەسـەی لەم کارەدا سوودمەند دەبێ. هـەمان شـتیش دەربـارەی بـەکارهێنانی ئـەو چەکە ڕاکێشراوانەی حیسابیان پاکتاو کراوە، یان ئەوانەی بـە سـاختە واژۆ (ئیمزا) کراون، یانیش ئەوانەی دزراون.

٤- خۆ دەرهێنان (الاخراج):

هەڵخەڵەتێنــەر بــە مەبەســتی گەیشــتن بــە ئامانجــەکانی، لــە کــاتی پێویست، بە تەواوی خۆی دەردەخات، یان خـۆی نیشـان دەدا، باشـتریش وایــە لــە جیــاتی وشــەی مــانۆڕکردن (المنــاورة) وشــەی (خۆدەرهێنــان) بەکاربهێنن، خۆدەرهێنانیش لەوانەیە کەسی سێیەم (چ هاوبـەش بـێ، یـان

نــا) ڕۆڵێــك لــەم بــوارەدا ببینــێ، دوا ئامــانجیش لــەم خۆدەرهێنانــەدا دەستکەوتنی ئەو داراییەیە، کە هەڵخەڵەتێنەر چاوی لێیە و وەری بگرێ.

**دەستتێخستنی لایەنی سێیەم:**

چەند جۆرە هەڵخەڵەتاندنێك بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێن، پێویستیان بە دەستخستنە ناوی لایەنی سێیەم و درۆی ئاسایی و مانۆڕی هەڵخەڵەتاندن هەیە. مانۆڕیش ئەوەیە کەسێك ژیانی خۆی دژی ڕووداوەکان دابین کردووە و دوای ئەو دابینکردنە، ڕووداوێکی دەستکردی وەك دزیلێکردن، یان سووتان دروست دەکات، مەبەست لەم کارە ئەوەیە کە بڕێك پارە لەو کۆمپانیایە بەدەست بهێنێ کە ژیانی خۆی تێیدا دابینکردووە، کاتێکیش کۆمپانیاکانی دابین (التـأمین) بڕوا بەو قسانە ناکەن (درۆیەك دروست دەکات کە سزای لەسەر نییە) کابرای هەڵخەڵەتێنەر بۆ پاڵپشتیکردنی قسەکانی وا بە کۆمپانیاکە ڕادەگەیەنێ، کە بۆ ئەم مەبەستە داوای لای دەزگاکانی پۆلیس تۆمار کردووە، هەر بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکەن، کەسێکی دیکە دەهێنێ و بە درۆ پاڵپشتی قسەکانی دەکات (بۆیە ئەو کارە دەباتە مانۆڕێکی هەڵخەڵەتاندن و بە تاوان دادەنرێ)، یان جاری وا هەیە ڕووداوێکی سووك تەنها پێویستی بە شایەدی یەکێك هەیە، بۆ ئەوەی هەڵخەڵەتێنەرەکە قەرەبوو بکرێتەوە.

**چەند تەڵەکەبازییەکی جیا جیا:**

یەکێك لەو تەڵەکەبازییانە ئەوەیە، کە یەکێك ئەنگوستیلەیەك، یان پارچە پارەیەك لەناو یەکێ لە دەستەکانیدا دەشارێتەوە و گرۆ لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەکات ئەگەر بزانێ لە کام دەستی دایە ئەوە پارەی دەداتێ و ئەگەر نەشزانێ ئەوە دەبێ پارە بدات. ئا بەم جۆرە و بەهۆی

بــەکارهێنانی چــەند فرتــوفێڵێکی چاوبەســتەیی هــەموو پارەکــەی لێ دەردەهێنێ. یان لە کاتی یاریکردنی کاغەز یەکێ لە یاریزانەکان بە جۆرە فرتوفێڵێك تێکەڵاویان دەکات، یان نیشانیان دەکات، ئەوانی دیکە هەستی پێ ناکەن.

جۆرە هەڵخەڵەتاندنێکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە، کە دەبینین کەسێکی فێڵباز هەمیشە لە گەراجەکانی ئۆتۆمبێل، یان فڕۆکەخانەکان پیاسە دەکات و لە ناکاو کە چاوی بە گەشتیارێ دەکەوێ بە گەرمی پێشوازی لێ دەکات، تا کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی خۆی لەگەڵ دەکاتە دۆست و هەڤاڵ و وای لێ دێ، گەشتیارەکە متمانەی پێ بکات و جانتا و پارە و پوولی لەلا دادەنێ، یان چەند شتێکی بە نرخی، بەرامبەر بە چەند دەستەبەرییەکی خەیاڵاوی، دەداتێ.

جۆرێکی دیکەی ئەو هەڵخەڵەتاندنانە ئەوەیە، دەبینین کابرایەك لە سەرە ڕێگاکان دەوەستێ و لەبەردەم کەسێك، کە بەوێدا تێدەپەڕێ، خۆی وا نیشان دەدا شتێکی گرانبەهای لەسەر زەوی دۆزیتەوە، یان لای خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی پارەی پێدەوێ، دەیەوێ بە نرخێکی هەرزان بیفرۆشێ و ناشیەوێ هەموو کەسێ پێی بزانن نەوەك لێی بفرێنن. ئا بەم جۆرە کابرای تێپەڕبوو هەڵدەخەڵەتێ و بە نرخێکی هەرزان لێی دەکڕێ (کڕیار لەبەر نەزانی وا مەزەندە دەکات، کەچی دوای نۆڕینی لە لایەن شارەزاکانەوە دەردەکەوێ مادەیەکی بێ بەهایە و هیچی تر).

ئا بەم جۆرە دەیان جۆری هەڵخەڵەتاندن هەیە، لەوانە هەڵخەڵەتاندنەکانی بەهۆی پێشبڕکێی ئەسپسواری و هەڵخەڵەتاندنەکانی بەهۆی ژن و مێردایەتی و هەڵخەڵەتاندنەکانی ناو ئوتێلەکان و هەڵخەڵەتاندنەکانی خۆشەویستی.

**٥- ئەو لاساریانەی لە هەڵخەڵەتاندن نزیکن:**

ئەوە وای کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر، ئابووری وڵاتێك پەرەبسێنێ، بریتییە لەو دەستمایانەی کە بەهۆی ئەو بنەما ئاسانکاریانەی کۆمەڵگاکان پەیڕەویان دەکەن، دروست دەبێ بەڵام شان بەشانی ئەوەش ئەو هەڵخەڵەتاندنە داراییانە زۆر بوون کە پاشەکەوتکردنیان تاڵان کرد، بەڵکو هەندێ جاریش پایەکانی دەوڵەتیان هەژاند، ئەمانەی خوارەوە چەند شێوەیەکن:

أ- کۆمپانیایەك، یان پڕۆژەیەك چەند پشکێك (اسهم)، یان چەند قەواڵەیەك (سندات)، یان چەند پلیتێك دەردەچوێنێ داوا لە جەماوەر دەکات هاوبەشی بکەن، کەچی لە دواییدا دەردەکەوێ، کە ئەو جاڕدانە تەنها پەردەپۆشییەکە و هیچی تر.

ب- ئەو زانیارییانەی بە هەڵە لە بڵاوکراوە داراییەکان بڵاو دەکرێنەوە.

ج- ئاگادارییەکان، چ زارەکی و چ دەستنووس، دەربارەی بڕێك پارەی نادیار بە مەبەستی پیتاك کۆکردنەوە.

د- بڵاوکردنەوەی بودجەی ناڕاست و دروست.

هـ- خراپ بەکارهێنانی متمانە لە سوودە کۆمەڵایەتییەکاندا (سوء الائتمان على المنافع الاجتماعية): بریتییە لەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆگایەکی گەورە، تا ڕادەیکی زۆر لە ڕەوتی فرۆشراوەکان تێدەپەڕێنێ و هەموو بەرهەمەکانی ئەو ڕایەخانە دەفرۆشێ، کە لە کۆمپانیایەکی دیکە دەرچووە و لە ژێر بەڕێوەبردنی ئەودایە.

و- دابەشکردنی قازانجە نادیارەکان.

ز- بە زیاد فرۆشتنی کەلوپەلەکان لە نرخی ئاسایی خۆیان.

هەروەها چینێك هەیە پێیان دەڵێن چینی پارە گۆڕەوە و شارەزاکانی بۆرسە، وا خۆیان لەبەرچاوی قوربانییەکانیان دەردەخەن، وەك بلێی

پارەیەکی زۆر و پاشەڕۆژێکی دەستەبەرکراویان هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو نێچیرانەیان بە قازانجێکی مانگانەی زۆر هەڵدەفریوێنن و چەند مانگێکیش بە ڕێکوپێکی، بەهۆی ئەو پارەیەی لە نێچیرە نوێیەکانیان وەریدەگرن، قازانجیان دەدەنێ و بەم جۆرە دڵنیایان دەکەن و بەهۆی ئەوانەوە خەڵکی دیکەش ڕادەکێشن، تا وای لێ دێ نێچیرە ساویلکەکە، بەهۆی متمانە پێکردنیەوە، قازانجەکەشی لێوەرناگرێ و دەیخاتە سەر سەرمایەکەی، ئەوەش بۆ ئەوەی قازانجەکەی زیاتر بێ. بەڵام هەندەی پێ ناچێ (قازانج سەری مایە دەخوات) ئەو مایە و قازانجەشی کە لەلا کۆبۆتەوە هەمووی لرف دەکات و کابرای خاوەن پارە لەسەر ساجی عەلی دەمێنێتەوە.

٢- چەند یاسایەکی تایبەتی هەیە، هەندێ لە ڕەفتارە خراپەکان بە هەڵخەڵەتاندن دادەنێ و هەمان سزایان بەسەردا دەسەپێندرێ، لەوانەش: کابرایەك کە پەڕپووت (افلاس) بووە، درۆ دەکات و دەڵێ ئەوەندە قەرزم هەیە، یان درۆ دەکا و دەڵێ قەواڵەی دانراو (سند الخزن)م هەیە.

٣- زەوتکردنی دارایی بە هەڕەشە: ئەوە بریتییە لە زەوتکردنی دارایی، زیاتر لەوەی هەڵخەڵەتاندن بێ، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێ کەس چەتەگەرییەك پێکدەهێنن، بە ناوبانگترین کۆمەڵەش بۆ ئەم مەبەستە (مافیا)یە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٤- هەڕەشەکردن بە درکاندنی چەند دەنگوباسێکی خۆهەڵبەستەیی: ئەوەش وەك داردەستێك بۆ دەستبەسەراگرتنی دارایی (پارە و پول) بەکاردەهێنرێت و ئەو بوارانە دەگرێتەوە: کە مێردێك خیانەت لە ژنەکەی خۆی دەکات و پارەکەی بە فیڕۆ دەدات، نائاسایی سێکسی، دەستەبەری (مستخدم) دەستپیس. نمونەش لەسەر ئەوانە ئەوەیە کە دەوڵەمەندێك دەفرێندرێ و ناچار دەکرێ خۆی ڕووت بکاتەوە و کاری سێکسی لەگەڵ ژنێك بکات، لەم حاڵەتەشدا وێنەی دەگیرێ دواتر داوای لێ دەکرێ، یەکێك

لەم دووانە هەڵبژێرێ، یان پارەیەکی زۆر بدات و فیلمەکە بکڕێتەوە، یانیش ئەگەر ئەوە نەکات، فلیمەکان لە بازاڕ دەفرۆشن و لـە شـوێنە گشـتییەکان بڵاوی دەکەنەوە.

٥- ئەگەرچی سوو (ربا) تاوانێکە لە یاسادا شوێنی خۆی هەیە، بـەڵام لە ڕووی ڕەوشتییەوە لە هەڵخەڵەتاندنەوە نزیکە. لە سەرەتادا دەبێ ئـەوە بزانین کە دەبێتە هۆی ئەوە، کە کابرای قەرزار لـە جیـاتی قـەرزێکی کـەم، بڕێکی زۆر بداتەوە، کەچی لە ڕووی تاوانیشەوە ئەوەیە کـابرای قـەرزار بـە تەواوی دەڕووتێتەوە.

شێوەیەکی دیکەی نزیك لەمـەی سـەرەوە هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە هەڕەشـە لـە فەرمانبـەرێك دەکـرێ و ناچـار دەکـرێ بۆنـدێکی گرانبـەهاتر، لەوەی هەیە، واژۆ بکات و ئەویش لەژێر فشاری ئەو هەڕەشەیە ناتوانێ ئەو واژووکردنە بدرکێنێ.

**سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە:**

ئەو حاڵەتە دەرهاویشتەییانەی پێشتر باسمان کرد، بۆ ئـەوەی بـزانین لــە ڕووهــەڵماڵینی هەڵخەڵەتانــدن و ســەرکوتکردنەوەیدا وردن، پێویســتە دادوەر و لێکۆڵەرەوە بە وردی ئەو فرتوفێڵە لێك جیـا بکەنـەوە، کـە بـەکار هاتوون و دەکەونە سەر سنوری جیاکەرەوەی نێـوان ڕێپێـدراو و کاروبـاری بازرگانی و تەڵەکەبازی و تاوانی ڕاستەقینە، بەڵکو هەروەها وا پێویستە کە دادوەری لێکۆڵینەوە بە وردی لە زەوتکردنە مەترسـیدارەکان بکۆڵێتـەوە و زانیارییەکی تەواوی هەبێ دەربـارەی چـەمکەکانی ژمێریـاری و سیسـتەمی بـانقی و بۆرسـەیی و پـەنا بەرێتـە بـەر پرۆگرامـە ئەزمونگەرییـەکان، یـان شارەزاییەکی ڕاستەقینەی هـەبێ دەربـارەی کاروبـارە داراییـەکان، دەبـێ ئەوەش بزانین کە لەم بوارەدا نەخشە داڕشتنێکی نمونەیی بـۆ لێکۆڵینـەوە

نییـه، بـەڵام دوو گریمانـە دێنـە گـۆڕێ و سـەر هەڵـدەدەن کـە بـریتین لـە بەکارهێنانی ناوی خوازیار، یـان سـیفەتێکی سـاختە، بـۆ ڕوو هـەڵماڵینیش لەسەر ئەمانە پێویستە لێکۆڵەرەوە زیرەك بێ، بـەهۆی ئـەو زانیارییانـەی، دەربارەی تاوانباران و لەسەر هـەمان تـاوان، لای کۆکراونەتـەوە، هـەروەها ئەو کۆمەڵە وێنانەی پێشتر کۆی کردونەتەوە و ئێستا لەبەردەستی دانـە، هەوڵ بدات هەموو ئەوانە پۆلین بکات، تاوانبـاری ڕاسـتەقینە دەستنیشـان بکـات و ناسـنامەی بـە تـەواوی دەربخـات، لـە هـەمان کاتـدا چـەند خاڵێـك دەستنیشـان بکـات، کـە گومـانی ئـەوەیان لێ دەکـرێ تاوانبـار پێیانـدا تێدەپەڕێ، ئـەوەش بۆ ئـەوەی پرۆسـەی هەڵخەڵەتاندنەکـە خـۆی ئـەنجام بـدات و هەوڵبـدات لـەو خاڵانـەوە دەسـگیریان بکـات، لـە هـەمان کاتیشـدا ئاگاداری چـەند لایـەنێکی دیکـە بکاتـەوە بـە تایبـەتی بازرگانـەکان، بـەڵام ئەگەر سەرەڕای هەوڵدانی زۆریش چوارچێوەی هەڵخەڵەتاندن فراوانتر بـوو، یان لێکۆڵینەوەکە گەیشتە سەر لێواری هەرەسهێنان، ئەوکاتە دەبێ بـەبێ سـێ و دوو بدرێتـە ڕۆژنامـەکان و بـڵاو بکرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر هەڵخەڵەتێنەرێك دەسگیر کرا کـە ئەنـدام بـوو لـە چـەتەگەرییەکی پسـپۆڕ، ئەوا پێویستە وێنەشی لە ڕۆژنامەکان بڵاو بکرێتەوە، چونکە لـەو حاڵەتـەدا لەوانەیە خەڵکی دیکە بیانناسن و ناوی دیکەی هەبێ، یـان چـەند تـاوانێکی دیکـەی لەسـەر بـەدیار بکـەوێ. تەکنیکـە زانسـتکارەکانیش لـەم بـوارەدا یارمەتییـەکی زۆر پێشـکەش بـە پـۆلیس دەکـەن، وەك گڵـۆپی (وود)، کـە پارەی ساختە دیار دەکات و هێڵە نوسـینکارییەکە تـاقی دەکاتـەوە. دوای ئەمانەش هەمووی، پێویستە پەنجەکانی لەگەڵ ئەو شـوێن مۆرانـە بـەراورد بکرێن کە دەستی لێداون.

# دراوە ساختەکارییەکان
# کانزا و متمانە بەخش و نووسیاری

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

بەم دواییە جامبازانی پارەی ساختە چالاکییەکانی خۆیان دەست پێ کردۆتەوە، ئەمەش لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ جامبازی پارچە زێڕەکان و لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ خراپی جۆرەکانی پارەی کاغەزی هەندێ دەوڵەت: بۆیە خەڵك زێڕەکانیان، یان پارە کاغەزەکانیان دەگۆڕنەوە بە پارە متمانە بەخشەکانی وەك پارەی پشت پێبەستراو، حەواڵەکان، چەکەکانی پارە، هەر بۆیە بازاڕی پارەی ساختە و ساختەکارانی پارە بە برەو کەوت و فراوان بوو.

بەر لەوەی بزانین چۆن بەرەنگاری ڕێگاکانی کارکردنی ئەمانە دەبینەوە، دەبێ بزانین کە پارەی ساختە، یان پرۆسەی دروستکردنی پارەی ساختە بریتییە لە لاساییکردنەوەی دراوی ڕاستەقینە و گۆڕینی بەهاکانی (زیادکردنی)، لەم پێناوەدا چەند بەستەکێك پارە دروست دەکەن، کە تەنها سەرەتا و بنەتاکەی ڕاستەقینەیە، کەچی ناوەندەکەی هەمووی ساختەیە.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

**١- دراوی ساختەی کانزایی:**

زەقترین ڕێگاکانی ساختەکاری لەم بوارەدا دوو ڕێگەن، ئەوانیش ڕێگای داڕشتن (لە قاڵب دان) و لێدانی پارەیە (السك)ە.

داڕشتن (لە قاڵب دان) ڕێگایەکی پیشەگەرییە، یان بە داڕشتنی

تێکەڵەیەکی کانزایی وەك توتیا، قورقوشم (پلەی توانەوەی ٢٣١ پلە بێت) لە قاڵبە گەچێك دروست دەکرێت (کە دەبینین دوای پارچەی (٢٥) بە خێرایی وای لێ دێ بۆ بەکارهێنان دەست نەدات)، یان بەدارشتنی تێکەڵەیەکی مس (لە ژێر باری پلەیەکی گەرمی بەرز) لە ناو قالبە قومێك دروست دەکرێت.

کەچی لێدانی پارە هەمان ڕێگایە کە دەوڵەت پەیڕەوی دەکات، کە بریتییە لە چاپکردنی تەمغەیەکی پۆڵا لەسەر پلێتێکی کانزایی.

٢- دراوی متمانەبەخشی ساختە:

گرفتەکە سەبارەت بە ساختەکاری پارەی کاغەز دوو لایەنەیە: ساختەکار پێویستە کاغەزی وا پەیدا بکات لە کاغەزی ڕەسمی نزیك بێت، پاشان چەند قاڵبێك دروست بکات، واتە چەند پلێت و لوولە دروست بکات، کە بە هۆیانەوە دەتوانێ پرۆسەی چاپکردن ئەنجام بدات. دەربارەی چاپکردنیش دەتوانین پشت بە چەندین شێواز ببەستین:

أ- وێنەگرتن (کە ساختەکارەکان لەسەری ڕاهاتوون) چونکە کلێشەی چاپکراویەکان لەسەر چەند پیتێکی لە زەنگ، یان مس دروست دەکرێن.

ب- هەڵکۆڵینی خۆری (الحفرة الشمسي): بریتییە لە دروستکردنی چەند وێنەیەك لەسەر پلێتەکان و لەگەڵ چەند نەخشکارییەکی ناوپۆش، بەهۆی هێرشە کارەباییەکان.

ج- کۆڵینی جوان: پلێتەکە بە دەست و بە ئامێر، یان بە ئاوی زیو دەنەخشێندرێ.

د- چاپەمەنی بەردین: بەردێکی تایبەتی نەخشکراوە.

هـ- وێنەگرتنی نمونەیی: بریتییە لە کاشییەکی شووشەیی ڕەونەقداری سەر قۆقز (المهلم) کە توخمە چاپکراوەکان دەردەهێنێ.

و- ئۆفسێت: (لە هەموو ڕێگاکان زیاتر باوە) بریتییە لە چەند پێچەلپێچێکی لاستیکی پێیان دەڵێن (پاڕزونگەکان)، کاری ئەوەیە مەرەکەب بۆ کاغەزەکان دەگوازێتەوە، ڕاکێشانیش (سحب) بەهۆی چاپکردنی دەستاری ئەنجام دەدرێ. هەروەها دەتواندرێ پارەی ساختە بەهۆی نیگارکێشانی ڕەنگا و ڕەنگ، لەسەر چەند کلێشەیەکی گڵێن دروست بکرێ (مەبەست ئەوەیە کە بەدەست چەندین کاغەزی وێنە گیراو، یان ڕەنگا و ڕەنگ دروست بکرێن، کە لە شێوەی چەند تابلۆیەکی هونەری ڕاستەقینەدا بن)، هەروەها ڕێگای دیکەش هەیە وەك ساختەکردن بە پارچە پارچەکردن (ئەویش ئەوەیە کە (١٠) پارچەی جیاجیای پارەی کاغەزی ڕاستەقینە کۆ دەکرێتەوە، بە ڕێگایەکی هونەری دەکرێنە یەك پارچەی تەواوی ئەم پارەیە).

٣- دراوی نووسیاری ساختە:

مرۆڤ لێرەدا خۆی لەبەردەم، یان ئەوەتە جۆرە ساختەکردنێکی ئەوتۆ دەبینێتەوە کە بە تەواوی پاڵگەیەك (مستند) دروست دەکات، یانیش ئەوەتا لەبەردەم ساختەکردن، واتە گۆڕینی یەکێك لەم سێیانە: بەهای یەکەمجاری، یان ناوی سودمەند، یان ژمارەی دەبینێتەوە ئەو جۆرە گۆڕینانەش لە چەکەکانی پارە، یان قەواڵەکان (مستند) یان فایلی کرێدت (اوراق الاعتماد) دەکرێن. ساختەکردنیش لەو بوارەدا تا ڕادەیەك ئاسانە، چونکە ئەو پاڵگە جیاجیایانە چەندین ئاماژە و بڕی پارەی لە یەکدی جیایان تێدایە و سەرباری ئەوەش، زۆر جار لەسەر کاغەزی دڵنیابەخش ناکرێن و بە دەستخەت دەنوسرێن.

لە حاڵەتی ساختەکردن بە شوشتن، کە زۆر دووبارە دەبێتەوە، ساختەکار چەکێکی ڕاستەقینەی پارە دەکات (یان ئەگەر خاوەن ماف بێ

خۆی ڕایدەکێشێ) ئەگەر بتواندرێ بە پیتی ورد و بە لاوازی بنوسرێ، لە پاشان ئەو چەکە یان پاڵگەیە دەشوات و دواتر وشکی دەکاتەوە و ئەو بڕە پارەیەی، کە لەسەر پاڵگەکەیە و دەیەوێ دەسکاری تێدا بکات، ئەوە بە پیتی پان دەینوسێ بە جۆرێك شوێنی پیتە بچووك و لاوازەکان دوای شوشتن بشارێتەوە.

هەروەها ساختەکارەکان سوود لە شتێکی دیکەش وەردەگرن، ئەویش ئەوەیە: ژمێریارەکان لە لایەن بانقەکانەوە چەکی پارەیان پێدراوە، بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن بۆشاییەك، یان یەکسەر لە دوای دەستەواژەی (ادفعوا بموجب هذا الشيك مبلغ...) واتە (بە پێی ئەم چەکە بڕی پارەی .... بدەنێ) یانی لە نێوان سەدەکان و هەزارەکان بەجێ دەهێڵن. لێرەدا بوار بە ئاسانی بۆ ساختەکار دەڕەخسێ و تەنها ئەوەندەی بەسە کە لەبەردەمی هەزار وشەی (دە) دابنێ و بەم جۆرە (هەزار) دەبێتە (دە هەزار) سەرەڕای ئەوەش هەندێ لەو ژمارانەی بە پیت دەنوسرێن بە ئاسانی ساختەکارییان لەگەڵ دەکرێ، چونکە ژمارەی (دوو) بە ئاسانی دەبێتە (دووازدە) یان (بیست) دەبێتە (بیست و نۆ)و...هتد. هەروەها ساختەکردنی واژوو ئەوەندە سەخت نییە. هەندێ کەس لەو بڕوایەدانە، کە ئەگەر واژووەکەیان ئاڵۆزبێ ئەوا کەس ناتوانێ لاسایی بکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە هەموو واژوویەك لاسایی دەکرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئاڵۆز بێت، چونکە فەرمانبەری ژمێریاری بانك زۆر کەم ئەوەندە لە واژوو دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئاڵۆز بێت.

دەربارەی چەکی گەشتەکانیش، ئەوەیە کەخاوەن ماف یەکەم جار کە چەکەکە وەردەگرێ لە لای سەرەوەی گۆشەی چەپی چەکەکە بە مۆر واژوو دەکات، لە کاتی وەرگرتنی پارەکەش لە لای گۆشەی خوارەوەی چەکەکە لەبەر چاوی ئەو خەزنەدارەی پارەکەی دەداتێ بە واژوو، واژوو

دەكات. ئەو كەسەش كە چەكەكەی دەدرێتێ و دەیەوێ ساختەكاری تێدا بكات، یان دەبێ واژووی یەكەم بشواتەوە، یانیش دەبێ لاسایی واژووی خاوەن چەكەكە بكاتەوە.

**٤- پاڵگە ساختەكارییەكان (المستندات المزورة):**

ئەوەش بریتییە لە پشكی كۆمپانیاكان، بەڵێندانەكان، قەواڵەكانی گەنجینە (سندات الخزينة)، كاغەزەكانی یانسیب، بەڵام ئەگەر بانقەكان چاودێری ئەوە بكەن و لە كاتی پارەدان ئاگایان لە خۆ بێت، ئەوە ئەو جۆرە ساختەكارییە كەم دەبێتەوە.

**سێیەم/ جێبینییەكان و لێكۆڵینەوە:**

١- دراوی كانزایی ساختە دەتواندرێ بە كێشانی، بە لەرینەوەی، كەم پتەوی، ئەستووری، ڕەنگی یەكجار ڕەشی، یان ڕەنگدانەوەی مسینی، بە ژەنگەكەی ئاشكرا بكرێ هەندێ جاریش بەهۆی چەند خەوشێك، كە لە شێوەی دەرەوەیدا هەیە، ئاشكرا دەبێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی قاڵبەكان، سەبارەت بە پارچە داڕێژراوەكان، هەروەها بۆ هەڵكۆڵەر (حفارة)، سەبارەت بە پارچە پارە لێدەرەكان، هەندێ جاریش بە هۆی ئەوەوە ئاشكرا دەبێت كە ساختەكار هەندێ وردەكاری لەبیر دەكات، یان بۆ كورتكردنەوەی كات و كارەكەی، هەڵكۆڵینەكە ئاسان دەكات[٤٢]، یان نوشتانەوە و لێوارەكان بە خراپی دەردەچن، یان ژمارەیان كەم دەبێ، هەروەها هەندێ جار نووسینەكانی سەر لێوەكان خراپ و پیتەكان بە خراپی ئاڕاستە كراون، یان بە باشی ڕیز نەكراون، یان دەبینین لێكدی جیاوازییەك لە نێوان پشت و ڕووی دراوەكە بەدی دەكرێ.

لە هەموو مەسەلەكانی ساختەكاریدا پێویستە پشت بە پسپۆڕێكی ئەم

بواره ببەستین کە بەهۆی وێنە فۆتۆگرافییەکان و شیکارسازی، کیمیایی (التحليل الكيميائي) و وێنەگرتنی شەبەنگپێوی (التصوير المطيافي) دەتوان ئەم ساختەکارییە بدۆزیتەوە.

لێدانی دراوی ساختە تاوانێکە لە تاوانەکانی پسپۆڕەکانی ئەم بوارە، بەڵام دەبێ بزانین کە لەوانە لەسەر قوچەکێك ڕێکخراون کە لە شاگردەکان و بازرگانەکانی کۆن و بنێرەکان (المصدرين) پێکهاتووە. ئەو بنێرانەی دراوە ساختەکارییەکان دەخەنە بازاڕ و بۆ ئەملا و ئەولای دەبەن و هەر هەندێکیان ئەوانی دیکە ناناسن، ناشتوانین بگەینە گوپکی ئەو قوچەکە تەنها بەوە نەبێ کە شوێن ئەو کەسانە بکەوین و لەناو شەقامدا دەستگیرییان بکەین و لە کاتی گومانلێکردنیان بە باشی بیان پشکنین، بە نهێنی بچینە ماڵیان و کیسە و سندوقەکانی زبڵی بەر دەرگایان، یان ماڵەوەیان بپشکنین، چونکە لەوانەیە چەند پارچەیەکی لەو جۆرەی، یان شوێنەواری ترشەلۆکەکان و کانزا، هەروەها چەند پاشماوەیەکی قاڵبەکانی تێدا بدۆزرێتەوە[٤٣] دەبێ ئەوەش بزانین کە هەبوونی قاڵب سزای لەسەر نییە، بەڵام دەبێ ئەوە بدۆزینەوە کە ئایا ئەو قاڵبە بۆ چ مەبەستێك بەکار هاتووە و دەبێ بەڵگەشمان لەبەر دەست دا بێ، هەروەها دەبێ بە توندی بە دوای ئەو پارچە دراوە ڕاستانە بگەڕێین، کە وەك نمونە بەکار هاتوون و دەبێ دەستیان بەسەر دا بگرین، هەروەها دەست بەسەر قاڵبە تازەکان و بەکارهاتووەکان و ئەو پارچە دراوانەی تەواو کراون و ئەوانەی تەواو نەکراون و ئەو کانزایانەی بەکارهاتوون و ئامێرەکانی پارە لێدانی وەك فڕنییەکان و توانگەکان (مصاهر) و کورەخانەکانی ئاگر و...هتد، کە هەموویان شوێنەواری ئاگر کردنەوە و کانزایان پێوە دیارە[٤٤]. سەرەڕای ئەمانەش پێویستە تۆز و خۆڵی سەرەوەی ئەو ماڵە و سەر جلکەکان بپشکندرێن بە مۆری پۆلیس، یان لە لایەن لێکۆڵەرەوە مۆر بکرێن.

هەروەها پێویستە دەستی گومان لێکراوەکان بپشکێندرێ و دەست بەسەر هەموو ئەو پەڕە کاغەزانەی لایانە بگیرێ، بە پەلەش ئەو هەموو ژمارە تەلەفۆنانە ئاشکرا بکرێن، کە ئەوانە بەکاریان دەهێنن و لە هەمان کاتیشدا ناسنامەی ئەو کەسانە ئاشکرا بکرێ، کە خاوەنی ئەو ژمارە تەلەفۆنانەن، ئەمەش بێگومان بە کەڵکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی تاوانناسی.

٢- پشکنینی پارە کاغەزەکانی ساختە:

لەم بوارەدا پێویستە بایەخ بەم خاڵانەی خوارەوە بدەین:

أ- سەبارەت بە کاغەز: ڕواڵەتی، دڕی و نەرمی و لووسی، پێوەر و کێشەکانی.

ب- سەبارەت بە چاپ کردن: لەوانەیە (هەر مسۆگەرە) گەلێك خەوشی هێڵکاری لەسەر کاغەزی ساختەدا هەبێ و وردەکاری نیگارەکان لەبیر کرابن، هەروەها لاوازییەکی گشتی لە نیگارەکاندا هەبێ و ڕەنگی زۆر بەکار هاتبێ، ئا لەو کاتەدا ئامێری دۆزینەوەی ساختەکارییەکان بەکار دەهێنرێ و هەموو وردەکاری و کەموکوڕییەکانمان، نیشان دەدا و بە جوانی دەتوانین شوێنە ساختەکان بدۆزینەوە.

ج- سەبارەت بە ڕەنووس کردن: ساختەکار، بە گشتی، ئامێری چاپ بەکاردەهێنێ، هەندێ جاریش ئەموستیلەی ڕەنووس کردن (خاتم الترقیم) یان بەدەست تۆمارکردن، کارەکە ئەنجام دەدا. بۆیە لێرەدا ئەگەری بوونی جیاوازییەك سەرهەڵدەدا، هەروەها لە هەندێ جاردا یەك ژمارە دەدرێتە بەستەکێکی تەواوی دراوی کاغەز. ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە دراوی کاغەزی ڕاستەقینە لەگەڵ ژمارە یەك لە دوای یەکەکان، مێژووی دروست کردنی و هاتنە ناو بازاڕی تۆمار کراوە، واتە دەتواندرێ پارە ساختەکان کاتێ کە دەخرێنە بەردەم بانقەکان بە ئاسانی بدۆزرێنەوە. سەرەڕای

ئەوەش لـە فەڕەنسـا ڕێگایـەکی نـوێ دۆزراوەتـەوە... دوای حیسـابکردنی سادە هەموو ژمارە کردنێکی ناڕێك دەدۆزرێتەوە. ئـەویش بـە لێـدەرکردنی (١) لە ژمارە ڕەنووس کراوەکان و لێکدانی ئەنجام لە (٢٥) و دوای ئەوەش ڕەنووسی ژێرەی ئەبجەدییەتی پیتی زنجیرە داری بخرێتە سـەر و (١) لێـی کەم بکرێتەوە، پێویستە ڕەنووسێك دەربچێ بکاتە ئەو چـوار ڕەنووسـەی، سەرەتای ئەو ژمارەیەی دەکەوێتە ناوەندی کاغەزەکە. لێرەشدا پێویسـتە شارەزایەك بۆ ئەم مەبەستە بانگ بکرێ، چـونکە دەتوانـێ پـەردە لەسـەر ئـەوە هـەڵماڵێ کـە ئایـا سـاختەکار چ ڕێگایـەکی بـەکارهێناوە (ئـامێری چاپکردن، وێنەگرتنو...هتد) هەروەها بە فۆتـۆکردنی دراوە کاغەزییـەکان خەوشـەکانی سـاختەکاری و جـۆری کاغەزەکـە دەردەکـەون. بێگومـان مەبەسـت لـە لێکۆڵینـەوە ئەوەیـە کـە دروسـتکاری دراوە سـاختەکان بدۆزرێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەوانـەی بـەو کـارە هەڵدەسـتن تەنها هەر دروستکار نییە، بەڵکو دەکرێنە چەند چینێك و هەر چـینێك لـەو چینانە، ئەوەی خوار خۆی ناناسێ، ئەمانەش بە لایەنی کەمەوە بریتین لـە دروستکار، بازرگانەکانی کۆ، بازرگانەکانی نیوەکۆ، بنێرەکان (المصدرين) کە ئەوانەش بۆ چەند کۆمەڵەیەکی ناسەرەکی دابەش دەبن، ئەوەی ڕاستی بێ ناشبێ هەر بنێرێك ئـەو دراوە سـاختەیەی لـە دەسـت ببیـنین یەکسـەر بیگرین (بە تایبەتی لەوانەیە بـە ڕێکـەوت ئـەو دراوەی کەوتبێتـە دەسـت و هەوڵبدات ئەو پارەیـەی لـە کیسـی چـووە، بیهێنێتـەوە) بـەڵکو وا باشـترە بخرێتە ژێر چاودێری و ناو تۆڕەوە، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆ گەیشتن بە دوا ئەڵقەی زنجیرەکە.

هـەروەك چـۆن سـەبارەت بـە دراوی کـانزایی سـاختە ئـەنجاممان دا، پشـکنینی زبڵدانـەکانی ماڵـەوە گرنگـە، هـەروەها پێویسـتە تۆڕێـك لـە فیداکاران دابمەزرێندرێ کاریان ئەوە بێ، پـۆلیس لـە هـەموو دیاردەیـەکی

گومانلێکراو ئاگادار بکەنەوە بە تایبەت ئەگەر یەکێك نەیهێشت کەلوپەلی ماڵەوەی بپشکنن.

٣- لە مادەی ساختەکاری نوسیاری و ساختەکاری پاڵگەکان: لێرەدا گەڕان بە دوای مانددەکانی وەك کاغەز و جۆرەکانی مەرەکەب دەست پێدەکات، لە پاشان هەوڵ دەدرێ ئەوە دەستنیشان بکرێ، کە ئایا کارێکی ساختەکارییە بە هۆی چواندن (شوشتن، لابردن، ئارایشکردن)، یان کۆکردنەوە، یان گۆڕین. ئەگەر ئامێرەکانی نوسیاریش (آلات الكاتبة)ی تێدا بەکار هاتبوو، ئەوا پێویستە مارکەکەی دەستنیشان بکرێ، هەروەها لە حاڵەتی بەکارهێنانی مۆرەکان، یان پوولەکان پێویستە بە مارکە ڕاستەقینەکانی خۆیان بەراورد بکرێن، هەر هەمان کاریش دەربارەی واژووکان.

شتێکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە، کە پێویستە لەسەر ئەوانی دی ئەو چەکە پارانەیان دێتە بەردەم، ئاگاداری ئەو چەکانە بن کە ئێوارەی هەینی بەر لە کاتەکانی داخستنی بانقەکان پێشکەش دەکرێن، یان ئەو چەکانەی پیس و پلتۆخ بوونە. باشترین شتیش بۆ دۆزینەوەی ساختەکاری لە کاتی گومان لێکردندا، پێویستە ئەو چەکانە بخرێنە بەر تیشکی (وۆد)، ئەو چاوە سیحراوییەی پۆلیس، کە پێویستە هەموو بانقێکی دڵسۆز پەیدای بکات، چونکە بەکارهێنانی ئەم تیشکە هیچ جۆرە کارامەیەکی تایبەتی، یان ڕوانینێکی زانستیانەی گەرەك نییە.

# گۆڕانكاری لە نووسینەكان (التحريفات الكتابات)

**یەكەم/ دەستنیشانكردنی :**

یاسا ئەم گۆڕانكاریانەی بۆ گۆڕانكاری مادی شیكردۆتەوە، كە بریتییە لە جۆرە ساختەكارییەكی فیزیاوی نووسراوەی وەك گۆڕینی نووسین، یان واژووی سەختە، یان سەختەكاری لەگەڵ نووسین، یان دروستكردنی چەندین زاراوە، یان تێخستنی (ادخال)ی چەند كەسێك لە لایەك و لە لایەكی دیكەش بۆ گۆڕینی مەعنەوی، كە بریتییە لە گۆڕینی ڕاستی لە ڕووی ناوەڕۆكی كار، یان مەرجەكانی (وەك ئەوەی ناوی هاوبەشێكی ئامادە نەبوو بە ئامادە بوو، لە كۆنووسی كۆمەڵەیەك لە كۆمەڵەكان دابنرێ) هەروەها ئەگەر یەكێك سەبارەت بە بابەتێك متمانەی بە یەكێكی دیكە، هەبوو و لەسەر كاغەزی سپی بۆی واژوو كرد و دواتر ئەو كەسە بە ئارەزووی خۆی شتی لێ نووسی، بە جۆرێك دوور بێ لەو مەبەستەی كاغەزەكەی لە پێناودا وەرگرتووە، ئەوە بێگومان بە لادان دادەنرێت. هەروەها ساختەكردنی مۆر و پوولەكانی پۆستەش بە جۆرێك لە جۆرەكانی گۆڕینكاری دادەنرێت.

**دووەم/ ڕێگاكانی كاركردن:**

**١- گۆڕینكاری لە نووسینەكاندا**[٤٥]

بۆ گۆڕینی نووسینەكان، ساختەكار شێوازی گۆڕین، بە لابردن و دانان لە شوێنی، یان بە لاسایی كردنەوە، یان بە گواستنەوەی دەق دەگرێتە بەر، یانیش ئامێری نووسیاری (الالة الكاتبة)ی خۆشنوس بەكاردەهێنێ:

١- گۆڕین بە لابردن و دانان لە شوێنی:

ئەوا بەهۆی سڕینەوە، یان هەڵگیران (کڕاندن- حك)، یان شووشتن (بە بەکارهێنانی پەرمەنگەناتی پۆتاسیۆم و بیسۆلفیتی سۆدا) ئەنجام دەدرێ. لەم سێ حاڵەتەدا ئامانجی ساختەکار ئەوەیە، کە بەشێك لە دەق لاببات و بە بەشێکی دیکەی بگۆڕێ کە خۆی بۆی هەڵبژاردووە، لە هەندێ حاڵەتی دیکەش پەنا دەباتە بەر چاکردنی دەقەکە ئەوەش، یان بە گۆڕینی هەندێ وشە و ژمارە، یان بە سڕینەوەی هەندێ لای نووسینەکە بە مەبەستی لابردنی بەشێکی خراپ لە دەقەکە، واش دەردەخات کە گوایە نووسەر لە ڕێکخستندا هەڵەی کردووە. بەم جۆرە ئەگەر دەقەکەی تەواو کرد ئەوا ئەو گۆڕانکارییە پێی دەگوترێ (گۆڕین بە خستنە سەر) ئەم دیاردەیە بە زۆری لە چەکەکانی پارە، قەواڵەکان (سەنەدەکان)، ڕاسپاردەکان (وەسیەتەکان)، ژمێریاری، بەکاردێت. لێرەشدا ساختەکار ژمارەیەك، یان وشەیەك، یان دێڕێك، زیاد دەکات.

٢- گۆڕین بە لاسایی کردنەوە:

ساختەکار دەتوانێ، یان پەنا بەرێتە بەر نمونەیەك و لاسایی بکاتەوە، یان لاسایی دەسخەتی ئەو کەسە بکاتەوە کە دەیەوێ ساختەکاری لەگەڵ بکات، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار مەشقی لەسەر دەکات.

٣- گۆڕینکاری بە گواستنەوەی نووسین:

بریتییە لە گواستنەوەی دەقی پاڵگەیەك، بەتایبەتی واژوو، بۆ دەقێکی دیکە، لەم چوارچێوەیەشدا، چەندین شێواز بەکاردەهێنرێت وەك ڕەنووسکردن، بەکاربۆن دەرچواندن (کاغەزێکی کاربۆن لە نێوان نمونەکە و قەواڵە (سەنەد)ەکە دادەنرێ)، چاپکردنی ئەنستاتیکی (ڕێگایەکە

پۆلیسی تەکنیکار

وردەکارییەکی زۆری تێدایە کە بە هۆی ژێرخەرە (مغاطس)ە کیمیاوییەکان جێبەجێ دەکرێ و لەسەر مادەی زەنگ دەگوازرێتەوە)، هەروەها چەندین شێوازی دیکە بەکاردەهێنرێت وەك: برینکاری: واتە دووبارە گەڕاندنەوەی دەقەکە بەهۆی وشە بنەڕەتییەکانی خۆی، بەڵام کۆکردنەوەیان بە گوێرەی ئەو دەقە دەبێ کە ساختەکار دەیەوێ ڕێکی بخات.

پێکهاتەی فۆتۆگرافی: ئەوە بۆ گواستنەوەی دەقێك بەکاردێت کە لە ئەنجامی بڕیندا پێکهاتووە، یان بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی سڕینەوەی وێنەی کەسێك، ئەوەش بە هۆی دانانی وێنەیەکی نوێی ساختە لە جێی وێنەی ڕاستەقینە.

گەڕاندنەوەی پێکهاتە: بە زۆری بریتییە لە سڕینەوەی چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو و گۆڕینی بە نمونەیەکی دیکەی وەرگیراو لە پاڵگەیەکی دیکەی وەك ڕەگەزنامە.

٤- **گۆڕینکاری نووسیاری خۆکرد:**

لێرە ئامێر شوێنی پێنوس دەگرێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە لە هەمان کاتدا پاڵگە دەکەوێتە ژێر باری گۆڕینکاری بە هەڵگرتن، یان نرخ زیادکردن، یان خستنە سەر.

٥- **نووسینی خۆنەناسکاری (الكتابة التنكرية):**

پەیوەستە بە دروستکردنی نامەی پێوەدراو، چ بە چاپ نوسرابێ یان بەهۆی چەند پیت و وشەیەکی چاپ کراو کە پێشتر لە کتێبێك، یان ڕۆژنامەیەك کراوەتەوە، یان بە دەستخەت نووسراوەتەوە، بەڵام واژووی پێوە نییە، یان بە دەست نووسراوەتەوە، بەڵام بە لاسایی کردنەوەی دەست خەتی لایەنی سێیەم، یان واژووی ئەو. ئەم جۆرە نووسینە لە

شیفره نزیکه، که بریتییه له بـه هەڵـه بـردن نـەك بـۆ نمونەکـە، بـەڵکو بـۆ دەقەکە، یەکێکیش لە نەزمە هـەرە دیارەکـان (نـەزمی کلیـل). کـە لـە ژێـر سایەی ئەم نەزمەدا، یان هـەر پیتێـك بـەهای ڕەنووسـێکی دەدرێتـێ، یـان هەموو وشەکانی وەردەگێڕدرێن، هەروەك چـۆن لـە شـیفرەی دیپلۆماسـیدا باوە.

### ٦- شایەدییەکان، مۆرەکان، پولە پۆستەییەکانی ساختە:

ئەوە هەر ئەم وتانە ناگرێتەوە کە پەیوەستن بە ڕوداوێك، یان بارێـك و شایەدەکان لە بـەردەم پـۆلیس، یـان لێکۆڵـەرەوە دەریـان دەبـڕن، بـەڵکو هـەروەها شـایەدییە سـاختەییەکانی شـایەدە جیـا جیاکـان و کارتـەکانی ناسنامە سـاختەییەکانیش دەگرێتـەوە، تـا دەگاتـە ئـەوەی سـاختەکردنی لۆکـەکانی (مۆرەکـانی) سـەر پاڵگـە ڕەسمییـەکان بگرێتـەوە. لێـرەدا ساختەکار پێویستی بە وەستا نییە، بـەڵکو دەتوانـێ پـوولی سـەر کاغـەزە ڕەسمیەکان، بەهۆی ڕاکێشانی بەسەر هێلکەیەکی کوڵاوی دوو پارچە کراو، یان ئەڵقەیەکی پەتاتـەی پارچـە کـراو، لێبکاتـەوە. هەنـدێ جـاریش تـەنها هونەرییـەکی کـەم بەسـە بـۆ جیاکردنـەوەی لـۆکی (مـۆری) شـەمێدراو و کردنەوەی نوشتاندراوەکان و دواتریش داخستنەوەی، دوای ئەوەی کەمێك لە بنکەی ئەو مۆرەی ئامانژەمان بۆ کرد دەتاوێنێتەوە. سەبارەت بە پـوولی پۆستەش، دوو ڕێگا هەیە بۆ گۆڕینی، یەکـەمیان ئەوەیـە، ئـەو مـۆرەی لـە پۆستەخانە لەسەر زەرفی کاغەزەکـە دراوە، بـە جـۆرێکی وا لابـبردرێ کـە دووبـارە بـەکار بهێندرێتـەوە، دووەمیشـیان دانـانی مـۆرێکی سـاختەیە بـە مەبەستی زیادکردنی بەهای پوولەکە، یان ڕاسـتاندنی (تصـدیق)ی پـولێکی ساختە.

**سێیەم/ جێبینینەکان و لێکۆڵینەوە:**

تەگبیرکارییە خۆپارێزییەکان: لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوان، یان گومانکردن لە ساختەکارییەك، چوار تەگبیرکاری خۆپارێزی خۆیان دەسەپێنن، کە ئەمانەن:

١- گلدانەوەی (حجزە) بە زوترین کات و بە هەر هۆکارێك بێت، هەتا ئەگەر بە بەکارهێنانی هێزیش بێت ئەگەر پێویستی بەوە کرد.

٢- ئەگەر توانرا، چەند پاڵگەیەك بۆ بەراوردکردن بهێنرێن، ئەمانەش چ گومان لێکراو و چ لەو کەسە دەرچوو بن کە نووسەری ڕاستەقینەی نامەکەیە.

٣- ئەو پاڵگەیەی لێی دەکۆڵرێتەوە، نابێ هیچ دەسکارییەکی لێبکرێ لە لایەن دادوەرەوە، یان ئەفسەری پۆلیسەوە و دەبێ بە پەرۆش بین لەسەر ئەوەی، کە نابێ پاڵگەکە بە واژوویەك، یان مۆرێکی قەبارە نەگونجاو پیس ببێ (چونکە ئامانج لەوەدا ئەوەیە کە گۆڕانێك بدۆزێتەوە و کەسایەتی پاڵگەکە بپارێزێ).

٤- فۆتۆکردنی پاڵگەکە لە پێناو بەدەر خستنی لە کاتی پێویستدا، هەروەها پاراستنی شوێنەوارەکەی (دانەیەکی فۆتۆکراوی دەدرێتە خاوەن ڕاستەقینەکەی).

پشکنینەکان: بە گوێرەی سروشتی گۆڕینکارییەکە (التحوير)، یان ساختەکارییەکە (التزوير) دەخرێتە ژێر باری چەند پشکنینێکی جیا جیای دەرەکی و ناوەکی، کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، بەڵام دەبێ ئەوەش لە زەینی پشکێنەر دا هەبێ کە نابێ ئەو پشکنینانە ببنە هۆی لەناو چوونی بڕوانامە ساختەکە، چونکە ئەم بڕوانامەیە هۆیەکە بۆ چەسپاندنی ساختەکاری، نەمانی ئەو بڕوانامەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین بە پێی یاسا حوکم دەربکەین.

١- حاڵەتەکانی سڕینەوە یان شووشتن:

دەتوانین هەڵگرتن و سڕینەوە بدۆزینەوە بەهۆی وردبین، یان بەهۆی ڕووناکی، یان بەهۆی ئەوەی تیشکێکی پێوە نووساوی بخەینە سەر. هەندێ جاریش پەنا دەبرێتە بەر هاڕاوەیەکی ڕەنگا و ڕەنگ (دووەم ئۆکسیدی مەنگەنیز)، کە ڕیشاڵەکانی کاغەزەکە گەردیلەکانی وەردەگرێ و ئەو بەشەی سڕاوەتەوە، یان هەڵگیراوە بە جوانی دەردەکەوێ. هەروەها دەتوانرێت ئەو بەڵگەیە بە دەست بهێنێ کە گۆڕینی تێدا کراوە و لەهەمان کاتیشدا، دەتوانرێت دووبارە دەقە لە ناوچووەکە بخوێندرێتەوە، ئەوەش بە هۆی تولْخانەوەی کاغەزەکە، ئەو تولْخانەوەیەی کە دەتوانرێ لەسەر دواوەی پالگەکە ببینین (ئەگەر پالگەکە بە خامەی مسین، یان پاندان، یان وشك (جاف) نووسرابێتەوە، یان دەتوانین لەسەر کاغەزی دواتر ببینین. سەبارەت بە شووشتنیش، یەکسەر لەژێر ڕوناکی گڵۆپی (وود) دەردەکەوێ، ئەو گڵۆپەش بەهۆی هەڵمەکانی جیوە کار دەکا و لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانی ئاسانە و فێربوونی سەخت نییە، بەهۆی ئەو گڵۆپە و بەبێ ئەوەی پالگەکە لەناو بچێت، ڕاستەوخۆ سڕینەوە و شۆرین و خستنە سەر، لە ئەنجامی ئەو جیاوازییە یەکجار ئاشکرایەی نێوان فلۆرەکانی هەموو بەشە نەگونجاوەکان، بە دیار دەخات، هەروەها شێوەی ڕاستەقینەی ئەو نووسینەی ساختەکار، وای مەزەندە دەکرد سڕیویەتیەوە، ئاشکرا دەکات[٤٦]. بەڵام لەگەڵ هەندێ جۆری کاغەز و مەرەکەبی ڕەنگا و ڕەنگ هەر بە تەنها بە فلۆرکردن، بۆ دۆزینەوەی ساختەکاری داد نادات، بۆیە دەتوانین لەم کاتەدا بە پێوانی گۆڕینەکانی گوازراوەیی کارەبایی کاغەزە گومانلێکراوەکە، شوشتنەکە بسەلمێنین، چونکە شوشتن پێکهاتەی کانزایی کاغەزەکە دەگۆڕێ. دەبا ئەوەش بزانین کە شوشتنێکی بەرێك و پێکی و خاوێنی، لەوانەیە بە ئاسانی لەسەر پشکێنەر تێپەڕێ و هەرچەندە ئاگاداریش بێت بەچاو نەیبینێ و دوای

چەندین ڕۆژ ئینجا دەربکەوێ.

**٢- پەردە لادان لەسەر زیادکردنی بەها و خستنە سەر (فضح الابهاض والاضافة):**

بەر لە هەموو شتێك پێویستە ڕووی دەرەوەی پاڵگە گومان لێکراوەکە لەم ڕووانەوە بپشکێندرێ: دیمەنی نووسینەکە، شێوازی، بەراوردکردن لە نێوان شێوەی پیتەکان، جیاوازییەکانی خستنە پاڵ یەکدی و خوار بوونەوە، ڕەنگی مەرەکەب، دەستنیشانکردنی ئامرازی نووسین، یەکتربڕینی هێڵەکانی مەرەکەب و پشکنینی نوشتاندنەوەکان. دەبێ پشکنینی دەرەوەی پاڵگە پارە زیاد کراوەکان، یان ئەو پاڵگەیەی شتی بۆ زیاد کراوە هەمیشە لە ژێر تیشکی گلۆپی (وۆد) دەست پێبکات. لە پێناو هەمیشە سەلماندنی ساختەکاری، دەبێ وانەیەکی فۆتۆگرافی پاڵگەکە لە ژێر ڕۆشناییەکی یەك ڕەنگی بگیرێ. بۆ نمونە ئەگەر دەقەکە بە مەرەکەبی ڕەش نووسرابوو، کەچی زیادکردنەکە بە مەرەکەبێکی شینی مەیلەو ڕەش نووسرابوو، ئەوە وێنەی پاڵگەکە لەژێر ڕۆشناییەکی شین دەگیرێ و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەقە زیادکراوەکە لابرێت[٤٧] هەروەها بۆ گرتنی ئەو وێنانەش، تیشکی سەرەوەی بنەوشەیی، یان ژێرەوەی سوور بەکار دەهێنرێ، بەڵام دەربارەی خراپ بەکارهێنانی متمانە لە واژووکردنی سەر کاغەزی سپی، لە یەکەم جاردا وا دەردەکەوێ کە دۆزینەوەی سەختە. ئەوەی جێگای داخە هەندێ حاڵەتی وا ڕوودەدا و هەندێ کەس متمانەیەکی یەکجار زۆر بە کەسانی نزیکیان دەکەن، لەوانەیە سۆز و ئارەزوویان بەسەر ویستیاندا زاڵ بێ، ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوەمان لا ڕوون و ئاشکرا بێ کە کەسانی وا هەیە دوای واژووکردنی بۆندەکانیان، یان پاڵگەکانیان، یان ڕێککەوتنە یاساییەکانیان یەکسەر پەشیمان دەبنەوە و ئەوە دەکەنە بەهانە

(هەنجـەت) کـە گوایـە لەسـەر کاغـەزی سـپی واژوویـان کـردووە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم مەسـەلەیە دوو یاسـای بەیەکـەوە بەسـتراو هەیـە پێویستە لێکۆڵەرەوە بیانزانێ:

١– شێوەی پێشکەشکردنی هـەر نووسـراوێك هەمیشـە لـە لای هـەمان نووسەردا، هەمان شتە و ناگۆڕێ.

٢– ئاڕاسـتەی واژووکـە و شـوێنەکەی سـەبارەت بـە دەقەکـە و قەواڵەکـەی لای هـەمان ئـەو کەسـە نـاگۆڕێ. ئـەو دوو بنـەما بەکەڵکانـە، سەبارەت بە دەسخەتەکان، هـەروەها بـە دەقـەکانی نووسـراو بـە ئـامێری نووسیار، لە دەرئەنجامی چـەند داب و نـەریتێکی نووسـینەوە هـاتوون کـە کەسەکە لـە دەقێکـەوە وەریگرتـوون، لـە پێنـاو پەیـداکردنی بیرۆکەیـەکی سـەرەتایی دەربـارەی واقیعـی واژووکـردن لەسـەر کاغـەزی سـپی، ئـەم ڕێڕەوەی خوارەوە پەیڕەو دەکەین:

أ– ئەگەر ئەوەی لەبەردەستدایە دەقێکی ئـەوتۆ بـوو لەلایـەن کەسـی سێیەم بەدەست نوسرا بوو، ئەوا لێکۆڵەرەوە خۆی دەقێکی جیاواز لەوەی پاشـتر دەنووسـێتەوە، بـەڵام بـە مـەرجێ هـەمان ڕووبـەر لەسـەر پـەڕێکی هەمان پێوەر داگیر بکـات و داوا لـەو کەسـە دەکـات، کـە واژووی کردبـوو، دووبارە واژووی بکاتەوە. پاشان تاقیکردنەوەیەکی پێچەوانە دەکات و داوا لە نووسەرەکە دەکات دەقە تاوانبارکراوەکە پـڕ بکاتـەوە. بێگومـان دواتـر پشکنینی هەردوو پاڵگەی بەبەراوردکردنەکە چەند زانیارییەکی بە کەڵکمان دەداتێ.

ب– ئەگەر نووسراوەکە بە ئامێری چـاپ نووسـرا بـوو، ئـەوە شـێوەی واژووکردنی ئەو نووسەرەی گوایە نووسـیویەتی و واژووکردنـی گومـانلێکراو بەراورد دەکرێن، ئـەوەش بـە لاسـایی کردنەوەیـەکی تـەواوی ئـەو دەقـەی کێشەی لەسەرە.

ج- لەوانەیە لاسایی نووسینەکە کرابێتەوە، لەو حاڵەتەدا، سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی نووسەر، پێویستە شوێنەواری جیاوازی نێوان مەرەکەبی تەواوی دەقەکە و مەرەکەبی واژووکە دیاری بکرێ، ئەوەش بەهۆی گلۆپی (وۆد).

د- لەو حاڵەتەی ساختەکار کاغەزێکی ئەوتۆی بەکارهێناوە کە پوولی پێوە نووساوە، پێویستە ئەو بەروارەی لەناو نووسینەکەدایە سەرچاوەی ڕەنووسکراوی نووسینەکە بپشکێندرێ، چونکە بەهۆی پشکنینی لەو جۆرە، دەتوانرێت کات و شوێنی نوسراوەکە دیاری بکرێ.

٣- بڕینی شوێنەواری ڕوونووسکردن، بە کاربۆن دەرچوواندن، بڕین، پێکەوەنان:

بەهۆی نووسینکاری نەفامانەی پیتەکان ڕوونووسەکە دەزاندرێ، کە دەگەڕێتەوە بۆ باری نووسەرەکە (دەبینین ئەو لە گۆشەیەکی وا دەستی پێکردووە کە لە گۆشەی ئاسایی جیایە) یان بۆ چەندین لایەنی خاوێنی دێڕەکان و پەڕەکە. کاتێك ئەو پاڵگەیەی کێشەی لەسەرە بەراوردی دەکەین، لەگەڵ پاڵگە ڕاستەقینەکە، تێبینی ئەوە دەکەین کە وەکو یەکن. بەتایبەتی دەربارەی واژووەکە، ئەگەر چی یەکجار زۆر بە کەمی وا ڕێك دەکەوێ دوو واژوو بە تەواوی وەکو یەك دەرچن، بۆیە پشکنینی یەکسەر پەردەی لەسەر لادەدا، کەچی سەبارەت بە کاربۆن دەرچوواندن، دەبینین چەندین خاوێنکردنەوە و پەڵە و شوێنەواری گومانلێکراو تیایدا دەردەکەون (هەندێ جار شوێن مۆرەکان دەردەکەون، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مادەی چەوری کاغەزەکە). هەروەها دەبێ بە دوای لەباری یەك چوونەکانی کاغەزەکە بگەڕێین، دەبێ سەرنجمان بۆ ئەوەش بچێت کە لەوانەیە ساختەکار بیری لەوە نەکردبێتەوە، ئەو جۆرە، یان ئەو ڕەنگە مەرەکەبە بەکاربهێنین کە هەمیشە نووسەرەکە بەکاری دەهێنا[٤٨]. دەربارەی

بڕینکـاریش، کـە بەگشـتی تـەکنیکێکی خـۆ ئامادەکارییـە بـۆ کردنـەوەی ڕوونووسکردن، یان پێکەوەنانەوەی فۆتۆگرافی، ئەمەش بەهۆی فرەجۆری بەرزەییەکانی وشەکان دەدۆزرێتەوە، چونکە ئـەو وشـانە لـە چـەندین دەق وەرگیراون کە لەوانەیە هەمان پێوانـە و کێشـیان نـەبێت، هـەروەها هـەمان پیت لای هەمان نووسەر بە هـەمان شـێوە لـە سـەرەتا و ناوەنـد و کۆتـایی وشە، یان ڕستە نانووسرێ، هەروەها سەبارەت بـە کۆمـا و خـاڵ و...هتـد، سـاختەکار هـەمان ئـەو شـێوازە ناگرێتـە بـەر، کـە نووسـەری ڕاسـتەقینە دەیگرێتـە بـەر. بۆیـە نووسـەرەکە دەتوانـێ شـێوازی نووسـینەکەی خـۆی بناسـێتەوە. کەچـی دەربـارەی پێکـەوە نانـەوە، ئـەو جۆرەیـان لەسـەر دەقێـك، یـان لەسـەر وێنەیـەك ئـەنجام دەدرێ لـە پێنـاو وەدەسـتهێنانی بەڵگەیەك، کە تا ڕادەیەك بەدەستهێنانی زەحمەتە، پێویستە پشـکنینێکی ورد ئـەنجام بـدەین، ئـەوەش بـۆ ئـەوەی هـەردوو کلێشـەی ڕاسـتەقینە و ساختەکارییەکە وەدەست بهێنین، هەروەها مادەکانی پاککردنـەوە و نامـە و نووسـینەکان و ئـەو دەقانـەش بدۆزینـەوە کـە شـوێنی نووسـینەکانیان گرتۆتەوە.

**٤- شارەزایی لە بواری ساختەکاری نووسینی ئامێری خۆنووس:**

دەبێ ئەوە بزانین کە کتێبێکی تەواو بەشی ئەوەمان ناکات بۆ ئـەوەی لەم بوارەدا بە تەواوی شارەزای بین، بەڵام پۆلیس نابێ ئـەم سـێ ئاڕاسـتە لێکۆڵینەوەییانە لە بابەتی (سـاختەکاری نووسـینی ئـامێری خۆنـووس) لـە بـیر خـۆی بباتـەوە کـە هەمیشـە لـە زۆربووندانـە، ئـەوانیش ئەمانـەن: دەستنیشـانکردنی مارکـەی ئـەو ئـامێرەی بـەکارهاتووە، دیـارکردنی ئامێرەکە، دەستنیشانکردنی بەکارهێنەرانی.

أ- لـە جیهانـدا چـەندین مارکـەی ئـامێری جیاجیـا هەیـە، بـەڵام

دەتواندرێ چوارچێوەی پێکهاتەی ئەو ئامێرانە ئامار بکرێت کە لە وڵاتدا بەکاردەهێنران. دەستنیشانکردنی مارکەش لە چوار هەلومەرجدا سەرهەڵدەدا:

١- هەنگاو، واتە درێژە (١٠٠) پیت بە ملیمەتر، لەوانەش کەلێنەکان، لەو کاتەی ئەو توخمانە هەموویان دەکەونە سەر هەمان دێڕ، هەنگاویش بە گشتی لە نێوان (٢٠٨) ملم و (٢٦٠) ملم دایە.

٢- شێوەی پیتەکان، لەوانەیە ڕاست، یان خوار، یان پاڵەپەستۆداربن.

٣- شێوەی ڕەنووسەکان.

٤- هەر دوو پیتی (F,T) سەبارەت بە کلکیان لەوانەیە وەکو یەك بن، یان وەکو یەك نەبن.

ب- دوای دەستنیشانکردنی مارکە، دەبێ ئامێرەکە دەستنیشان بکەین، واتە ئەوە بسەلمێنین فلان ئامێری چاپ لە فلان مارکە بۆ نووسینی فلان پاڵگە بەکارهاتووە. ئەو ئامێرانە کە لە کارگە دەردەچن هەموویان یەك مارکەن و لە یەك زنجیرە دانە و جوداکردنەوەیان زەحمەتە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی هەر کەسێکی دیاریکراو هەر یەکە لەو ئامێرانە تایبەتمەندییەکی خۆی وەردەگرێ، هەیە پیتەکان لوول دەدات، یان شێوەیان تێك دەدات، سەرباری ئەوانەش هەڵەی لێدانی پیتەکان... بۆیە دەتوانین لەسەر ئەو دەقەی کێشەی لەسەرە، کۆمەڵێك نیشانە تێبینی بکەین کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- ئەو خەوشانەی (عەیبانەی) لە پیتەکاندا هەنە، بزاوتەکان، هێڵەکانی سەرنجڕاکێشان.

٢- یەکڕیزی (تراصف) خەوشدار، کە لە ئەنجامی لێدانی پیتە زۆر بەرز، یان نزمەکانی ڕۆخیان پەیدا دەبن.

٣- خراپی باری پیته لادراوەکە کە لە کاتی لێدانیان یان بۆ ئەو پەڕی ڕاست، یان بۆ ئەو پەڕی چەپ دەڕۆن. لێکۆڵەرەوەش نەك هەر تەنها بەرژەوەندی لەوەدایە بۆ بەراوردکردن چەند دەقێك لێبدات، بەڵکو مافی ئەوەی هەیە نووسینە خۆنووسەکان (المکتوبات الالیة) لە پێناو پێداچوونەوەیەکی چاکتر، یان فۆتۆ، یان گەورەیان بکات.

ج- پاشان ناسنامەی بەکارهێنانی ئامێرەکە دەستنیشان دەکرێ، یەکەم گرفتی دەستنیشانکردنی خاوەن ئامێرەکە لەوانەیە شارەزایی تەواوی ئەو بەکارهێنەرەی نەبێت. لە پێناوی سەرژمارکردنێکی چاك، پێویستە لێکۆڵەرەوە، سەبارەت بە پەچەی (حظيرة) ئامێرە نووسیارەکان داوای خشتەیەك بکات، هەروەها دەبێ ئەو هەموو دەقانە، بەبێ ئاگاداری نووسیاری ئامێرەکان، کۆ بکاتەوە کە لەو ئامێرانە دەینووسین و لە هەمان کاتیشدا بەراوردیان بکات.

دوای کۆکردنەوەی ئەو دەقانە بەو ڕێگایەی باسمان کرد، ئەو پاڵگەیەی کێشەی لەسەرە لەگەڵ ئەو دەقانەی کۆمان کردونەوە، بەراورد دەکرێن و بەهۆی ئەوانەوە، دەتوانین پاڵگە ساختەکارییەکە بدەینە پاڵ یەکێ لەو ئامێرانە، یان نووسیاری ئەو ئامێرانە، ئەوەش بەهۆی ئەو دەربڕینە زاراوەییانەی تایبەتین بە هەر یەکێك لە لێدەرانی ئامێری چاپ، وەك شوێن و بەروار و نووسینی (بە لای ڕاست، لە ناوەڕاست، بە لای چەپ...)، هەروەها شوێنی سەری پەڕەکە سەبارەت بە ڕووبەرە بەکارهێنراوەکە و بۆشاییەکانی نێوان برگەکان و کورتە نووسینەکان و ڕەنووسکردن و هەڵەکانی ڕێنووسی هاوچەشن، لە هەردوو دەق و ڕێبازی پیسکردنی ئەدرێسی نامەکە و نووسینی.

٥- لێکۆڵینەوە لە خودی نووسەر، یان نووسەری ناسنامەی نادیار

هەر ڕێگایەکی هەڵە کە لێکۆڵەرەوە، یان شارەزای ئەم بوارە بیگرێتە بەر و لەسەریشی مکوڕ بێت، بێگومان دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەسات و لە جیاتی تاوانباری ڕاستەقینە دەسگیر بکرێت، خەڵکی بێتاوان دەکەونە ناو تۆڕەکە و تاوانباریش ئازادانە دەیان تاوانی دیکە ئەنجام دەدات، بۆیە لێکۆڵەرەوە دەبێ تێبینییەکانی یەکجار وردبن و چەندین ڕێگای سەرکەوتووانە و مسۆگەر بەکاربهێنێ، پێویستە ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکدا بچەسپێ، کە باشترین ڕێگا ئەوەیە، هەڵوەستەی دەقەکان و ڕیزبوونیان و چۆنیەتی چوونە پاڵ یەکتریان و ڕەنووسکردنیان بە جوانی بپشکنێ، چونکە ئەم جۆرە تێڕوانینانە باشترین ڕێگان بۆ لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتە گشتییەکانی نووسین و دەربڕینە زاراوەییەکانی نووسین، لەوانەش: شێوەی پیتەکان، خواربوونەوەیان، ئەستوونییان، ئاڕاستەی ئاسۆیی، یان بەرەو سەرەوە چوونی پیتەکان، یان دارەکان، ڕیزکردنی دەقەکە، و بڕگەکان. سەبارەت بە کاغەزەکە، بەکارهێنانی هێڵە بچووکەکانی ڕەنووسکردن، یان بەکارنەهێنانی، خەسڵەتی نیشانەکانی واقوڕمان و بزواندن، سەبارەت بە خەتی خۆشیش بێگومان ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوە، بە هۆی ئەم پالگەوە، خۆی بخاتە ناو ناخ و خودی کەسایەتی نووسەری پالگەکە. ئەم بابەتەش زیاتر پەیوەندی بە دەروونناسی تاوانبارێتی هەیە. کەچی سەبارەت بە شتە بڕوانامەییەکان زیاتر بەندن بە عەقڵ، ئەوەش لەبەر ئەو بنەمایانەی دەبنە هۆی ئەوەی، شارەزای ئەم بوارە بتوانێ بڕوانامە مێژووییەکان بدۆزێتەوە. ئەو بنەمایانەش وەك پشکنینی قەواڵەکە و هێلکارییەکان، دۆزینەوەی شتە نائاساییەکانی (شواذات) وەك بەروارە لە یەك جیاوازەکان، یان هەڵە ڕەنووسییەکانو...هتد[٤٩].

هەر شارەزاییەکی ئەم بوارە دەتوانێ ئەم شارەزاییەی خۆی هەندێ

ئاسانکاری تێدا بکات، ئەگەر بێتو ڕەچاوی ئەم چوار بنەمایەی خوارەوە بکات:

أ- پشکنینی یاسایی لەسەر هەموو ئەو شتانەی پێویستە وەك کاغەزەکان و کاغەزی کاربۆنەکان و ئەو جۆرە مەرەکەبانەی لەهەر شوێنێکن و گومانیان لێ دەکرێ، ئەوەش لەبەر ئەوەی هەر جۆرە کاغەزێك چەند خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە پەیوەستن بە جیاوازییەکانی سەرچاوە و هێنانەگۆڕێیان، هەروەها ساختەکار، یان ناسنامە نادیار، لە لایەکی دیکەوە لەوانەیە بەشێك لە کاغەزەکەی بەکارهێنابێ، یان لە ناو کۆمەڵێ کاغەز دەری هێنابێ: ئەو کارەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ (دەچەسپێنێ) کە بەهۆی وەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئەو کاغەزە و بە بەراوردکردنی بەشەکان لەگەڵ یەکدی دەگەینە پێناساندنێك... زۆرجار کاربۆن دەبێتە هۆی بەدەرخستنی ساختەکارییەکان، چونکە ئەو کاربۆنەی کە بەهۆیەوە چەند دانەیەك چاپ دەکرێت، شوێنەوارەکەی لەسەر کاغەزەکە بەجێ دەمێنێ. کەچی دەربارەی مەرەکەبەکەش ئەوە دەرمانێکی تایبەتی هەیە ئەزمونگە دەتوانێ شی بکاتەوە.

ب- گەڕان بە دوای زۆرترین ژمارەی پاڵگەکانی بەراوردکردن، ئەوانەی پێشتر و ئەوانەی لەگەڵی و ئەوانەی دواتری ئەو پاڵگەیەی کێشەی لەسەرە: بێگومان جگە لەو پاڵگانەی لە ماڵەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، فەرمانگە ڕەسمییەکان پڕن لەوانە و پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێ، چونکە نووسینەکانیان تێکنەچووە و بەراوردەکانیان دەستی لێ نەدراوە. لە هەمان کاتیشدا دەبێ بیر لەو نامانە بکەینەوە کە گومانلێکراو بۆ هەندێ لایەن و کەسانی دیکەی ناردوون. بەڵام، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، بەرژەوەندی وا دەخوازێ دەقێك بۆ بەراوردکردن پڕ بکرێتەوە. لەم پێناوەشدا پێویستە ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر: پڕکردنەوەی

دەقێکی درێژ کە چەندین جار لەو وشە زەقانەی تێدا دەنووسرێ کە لە پاڵگە کێشەدارەکەدایە، پاشان دوو جار پڕکردنەوەی خودی دەقەکە، بەڵام دەبێ ئەو کاغەزانە بدەینە نووسەرەکە، کە لە هەمان پارچە و جۆری پاڵگە کێشەدارەکە بن. هەروەها هەمان ئامرازی لەگەڵدابێ کە لە نووسینەکەدا بەکار هاتووە وەك (قەڵەم پاندان، قەڵەم ڕەساس).

ج- گەڕان بەدوای شوێن پەنجەکان لەسەر ئەو پاڵگانەی کێشەیان لەسەرە.

د- سوود وەرگرتن لە گەورەکردنیان بەهۆی فۆتۆکردنیان کە شێوەی پیتەکان و بژارکارییەکان و ئامادەباشییەکان بەرجەستە دەکات. بێجگە لەمەش بەهۆی وێنەی فۆتۆگرافی دەتوانین چەند دانەیەك بەدەست بهێنین، بە یەککردنی ئەو دانەیەی کێشەی لەسەرە، لەگەڵ ئەو دانەیەی پێی ورد دەکرێ، دەتوانرێ چەندین بەراوردکاری فێرکارەکی بە کەڵك بەدەست بهێندرێ، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە زۆرجار تێبینی ئەوە دەکەین دەسخەتی گەلێ کەس، لەوانەی هونەرکاری خەتخۆشی دەکەن، بە یەکدی دەچن و زۆر بە زەحمەت لە یەکدی جیادەکرێتەوە ئەم ڕێگایانە، هەروەها بە کەڵکن بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی نووسەرانی نامە گەوجاوییەکان (الرسائل المغفلة). بێگومان ناردنی ئەو جۆرە نامانە چەندین کارەساتی لێ کەوتۆتەوە، یەکێك لە نمونەی ئەوانە، نووسەری ڕوسی پۆشکێنە (١٧٩٩-١٨٣٧)، کاتێ نامەیەکی لەم جۆرەی وەرگرت وا خۆی دڵنیا کرد کە ئەمە کاری ژنەکەیەتی و ویستوویەتی هەڵیبخەڵەتێنێ، بۆیە سینگی خۆی دەرپەڕاند و ڕووبەڕووی ئەو دۆستە بووەوە، کە دەبوایە ڕووبەڕووی بێتەوە، کاتێ کە ئەو بە یەکدی گەیشتنەیان بووە هۆی زامدارکردنی و لە ئەنجامی خوێن بەربوونی، ژیانی لە دەست دا، کەچی نۆڕینکاری (کشف)ی شارەزا ئەوەی دەرخست کە ئەو کەسەی ڕووبەڕووی

بۆتەوە، نووسـەرە ڕاسـتەقینەکە نییـە و بـە هـیچ شـێوەیەکیش نەتوانـدرا ناسنامەی ئەو نووسەرە بدۆزرێتەوە.

لەبەر ئەوەی نووسینی نادیار هەنـدێ جـار شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی ڕاڕایـی، بۆیـە ئەگـەری ئـەوە هەیـە هەنـدێ لـە فەرمانگـەکانی پـۆلیس بەخۆداچوونەوە، یان گەڕانەوەی ئەو نووسەرانە ببینن و دان بـە هەڵـەکانی خۆیانـدا بنـێن... هـەر بۆیـە و بـۆ ئاسـانکردنی پشـکنینەکانی داهـاتوو، پێویستە چەند نمونەیەك لـەو نامـە نووسـەرە نادیارانـە بپـارێزن و لـە هـەر کێشەیەکی نوێدا پەنا ببرێتە بەریان. هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین، کە پێویستە ئەو نامانەی بە ڕێکوپێکی داخراون و بـۆ کەسـێك دەنێـردرێن، ئەو دەست و ئەم دەست نەکەن، بەڵکو یەکسەر بـۆ لێکۆڵینـەوە بنێـردرێن بۆ ئەوەی شـوێن مۆرەکـان (جێپەنجـەکان) یـان پاشمـاوەی جگـەرە، یـان پرچ، ئەگەر هەبن، بە چاکی دەستنیشان بکرێن.

هەروەها هەر لەم پێناوەدا پێویستە گرنگی بە دەفتەرەکانی نامـەکان بدرێ، چونکە لە کاتی بـەکارهێنانی قەڵـەم پانـدانی ڕەق، یـان قەڵـەم دار، (قەڵەم جاف)، پەڕە کاغەزەکانی بنەوە شوێنەواری نووسینەکانیان لەسەر دەمێنـێ، ئـەوەش بـەهۆی داگرتنـی قەڵەمـەکان، هـەروەها لـە کـاتی لێکردنەوەی کاغەزەکان لەوانەیە هەندێ دڕابێ و پارچەی پێوە بەجێمابێ، بۆیە دەتواندرێ لەگەڵ دەقە تاوانبارەکە وەك یەکی لێ بکرێ.

### ٦- بەدواداچوونی شایەدییە ساختەکارییەکان:

بـۆ سـەلماندانی سـاختەکاری ئـاڵۆزی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بووەتە هۆی زۆربوونی ئەو شێوازانەی دەیگرنـە بـەر، هـەروەها لـە هـەمان کاتـدا بووەتـە هـۆی زۆربـوونی گۆڕینکـاری و سـاختەکاری لـەو پاڵگانـەی بارێك، یان حاڵەتێك دەچەسپێنن، ئینجا چ مەبەسـت شـاردنەوەی تەمـەن

بێ، یان ساختەکردنی بڕوانامەی کار بێ، یان خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی تاوانێك بێ (ساختەکردنی ناسنامەی کەسێتی)، یان ئاسانکردنی پڕۆسەی هەڵخەڵەتاندن (مۆڵەتی ئاژوان)، یان شایەدیدانێکی بە ساختە بێ. لێرەدا چەند پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی ئەو شایەدییانە هەیە و پشکنینی وردبینانە، ئەو نووسینە ساختەکارییانە بەدەر دەخات.

لە سەرەتادا ئەگەر نووسینە ساختەکارییەکە نووسینێکی فەرمی بێ، ئەوا لە ماهیەتی (چۆنیەتی) کاغەزەکە دەکۆڵرێتەوە (ڕەنگی، ڕەقی، نیشانەی ئاویی)، هەروەها لە دیمەنی (بەشە چاپکراوەکانی، شێوازی، داڕشتنی، ئاماژەکردن بۆ چەند یاسایەك کە نەبووە)، لە ڕەنووسکردنی (ئەگەر نامە گومانلێکراوەکە زنجیرە کرابوو)، سیفەتی واژووکەر.

هەروەها دەبێ گفتوگۆ لەسەر بەروارەکان بکرێ و لێکۆڵینەوە لەسەر (حاڵەتەکانی گۆڕینی شوێنی دانیشتن، نەخۆشی، مردنی ئەوەی واژووی کردووە، ڕۆژی پشوو سەبارەت بە کاروبارە ڕەسمییەکان)، لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئاگادار بین هەندێ لەو پاڵگانە ناوی شوێنی نادیاریان پێوەیە، یان ئەو ناوە لە چەندین شوێندا هەیە، وەك ئەوەی ئەگەر شوێنەکە نووسرابێ (سۆربەش)، بێگومان چەندین گوند بە ناوی (سۆربەش) هەر لە شاری هەولێردا هەیە، بێجگە لە شوێنی دیکە.

لە کاتی دواندنی گومانلێکراوان دەبێ وایان لێ بکرێ بە وردی ڕۆژ و شوێنی داواکردنی پاڵگەکە، یان ڕاکێشانی، یان وەرگرتنی دیاری بکەن.

بەڵام دەربارەی تەمغە و مۆرەکان، چ شەمیی و چ تەڕ، دەتواندرێ ساختە بکرێ، یان دەتواندرێ بە هۆی هەڵخەڵەتاندنەوە دووبارە چاپ بکرێنەوە، بۆیە پێویستە بایەخ بە وانە و وردەکارییەکانی ئەو مۆرانە بدرێ، باشتریش وایە شوێنە کارگێڕییەکان لە کاتی دروستکردنی

مۆرەکـان، چـەند هێمایـەکی نهێنـی لەسـەر مۆرەکـە، وەك کلیلێـك بـەکار بهێنن.

سـەبارەت بـە تەمغـەکانیش، لـە کـاتی جیـاوازی شـەمێکە، یـان گواسـتنەوەی شـوێنی مـۆرە ڕاسـتەقینەکە، بـەهۆی تیشـکی (وۆد) دەبینرێتەوە(٥٠).

٧- پوولە ساختەکانی پۆستە:

بۆ ئەم کارە چەندین ساختەکاری پسپۆڕ هەیە پوولـەکان لێدەکەنـەوە و بـەهایان زیـاد دەکـەن، لـەم پێناوەشـدا چـەند مادەیـەکی شـۆرەك بـەکاردەهێنن تـاوەکو سـەر لـەنوێ پوولەکـە بـەکار بهێننـەوە، هـەروەها تێکچوون و درزەکان چاك دەکەنەوە. بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە شوشـتنانە وێنـەگرتنی فۆتـۆگرافی لـە ژێـر تیشـکی یـەك ڕەنـگ و لەگەڵیشـیدا چـەند پاڵاوتەیـەکی ڕەنگـا و ڕەنـگ بـەکار دەهێنـرێ. سـەبارەت بـە دۆزینـەوەی ساختەکاری وێنەگرتنی فۆتۆگرافی وردبینـی، یـان وێنـەگرتنی فۆتـۆگرافی تیشکی، بان وەنەوشەیی (فوق البنفسجية) بەکار دێت.

کەچـی سـەبارەت بـە لووسـکردنە سـاختەکارییەکان پشـکنینێکی وردبینانە دوو خەسڵەتی گشتییان تێدا بەدەر دەخـات: کـەلێنی گۆشـەکان لە جیاتی ئەوەی تێکەڵاو بنەوە دەچنە ناو یەکدی.

# گزیی- تەڵەکەبازی (الغش)

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

فراوانبوونی بازنەکانی دابەشکردن و گەڕان بە دوای زۆرترین قازانج، بۆتە هۆی زۆربوونی کردەوەکانی هەڵخەڵەتاندن لە بواری بەرهەمەکانی پیشەسازی، یان پیشەگەریەتی، هەروەك لە بواری بەرهەمەکانی خۆراکیشدا بەکاردێت.

چەند دەقێکی یاسایی جیاجیا بۆ نەهێشتنی ئەو سەرپێچیانە دانراون، نەك هەر لەسەر ژیان، بەڵکو لەسەر ڕەوشتی بازاڕەکانیش مەترسیدارن، کە لەوانەیە زۆرجار ببنە هۆی ئەوەی کەسانی دەستپاك بیر لەو جۆرە ڕەفتارانە بکەنەوە، ئەوەش کاتێ دەردەکەوێ کە ئەو کەسانە بە زووترین کات دەوڵەمەند دەبن و کەسیش لێیان ناپێچێتەوە.

بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستە دەوڵەت چاودێری هەموو بەرهەمێك بکات، کە تازە دێتە ناو بازاڕ و کارمەندی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان بکرێ و لە هەمان کاتیشدا، لێپێچانەوە و بەدواداچوون هەبێ و پۆلیسیش بە دەنگ هەر ناڕەواییەکەوە بچێ کە لەم بارەیەوە دەکرێت.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

ڕێگاکانی کارکردن، لێرەدا ئامانجیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١- هەموو کردەوەکانی گزیی (غش)ی ساختەکارانە لە سروشتی جۆرەهای، کەلوپەل و جۆری ماددەکانیان و پێکهاتنیان و هەتا جۆری کردارەکان و سەرچاوەیان، کاتێ کە ئەو توخمانە دەبنە هۆی سەرەکی فرۆشتن.

٢- گزیکـردن لـەو بـڕەی هەیـە بـەهۆی کێشـەکان (تـەرازوو)، یـان پێوەرەکان (مەترەکان)، یان چەند ئامێرێکی ساختەکار.

٣- گزیکـردن لـە جـۆری شـتەکان، دوای پشتبەسـتن بـە چـەندین فرتـوفێڵ، یـان شـێواز، ئـەوەش، یـان بـەهۆی سـاختەیی لـە یـەکێك لـە کردەوەکـانی پێـوان و شـیکردنەوە و کێشـان، یـان گـۆڕینی پێکهاتـەی کەلوپەل، یان کێشیان، یان قەبارەیان.

٤- گزیکـردن دیسـان لـە جـۆر، بـە بـەکارهێنانی چـەند ئاماژەیـەکی هەڵخەڵەتاندن مەزەندە بەرەو ئەوە دەبات، کە پاش فرۆشـتن کردارێکـی وردەکارانەی لەگەڵ کـراوە، وەك گـۆڕینی پوختـەی کێشـەکەی (کگـم) کـە لەسەر قوتووەکان نووسراوە، یان بەهۆی چاودێریکردنێکی ڕەسمی ئاشکرا دەبێ.

٥- گزیکردن لەو کەلوپەلانەی بۆ خـۆراکی ئـادەمیزاد، یـان بـۆ ئـاژەڵ پشتیوانە کراون، هـەروەها گـزی لـە داو و دەرمانـەکان و خواردنـەوەکان و بەروبوومەکانی کشتوکاڵی، یان سروشتییەکانی تەرخانکراو بۆ فرۆشتن.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ یاسـایەك بـە تـەواوی ناگاتـە ئامـانجی خۆی تا ئەمانە قەدەغە نەکات:

أ- وەبەرهێنانی بەروبوومە لە کەڵك کەوتووەکان (الفاسدة)، یان گـزی لێکراوەکان، یان ژەهراوییەکان، یان خستنە بـازاڕ، یـان بـۆ فرۆشـتن، یـان فرۆشتنیان.

ب- خودانبـوونی (حیـازة) ئـەو بەروبوومانـە، یـان تـەرازووەکان، یـان چەند ئامێرێکی ساختە لە شوێنە بازرگانییەکان و بازاڕەکان و وێستگەکان و ئۆتۆمبێلەکان و دامودەزگا بازرگانییەکاندا.

ج- خودانبـوونی چـەند کەلوپـەلێکی لـە کـەڵك کـەوتوو (فاسـد)، یـان گزیدار لە هەمان ئەو شوێنانەی سەرەوە.

بۆیە دەتوانین جۆرەکانی گزی باو لە شەش دەروازەدا وەسف بکەین، چواریان پەیوەستن بە بەرهەمەکانی خۆراکی، دوانیشیان پەیوەستن بە قوماش و داهێنانە هونەرییەکان:

**١- شیرەمەنییەکان (الألبان):**

بۆ زێدەکردنی قازانج، بازرگانەکان فرتوفێڵ لە شیر و بەرهەمەکانی دەکەن و بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێگا دەگرنە بەر، کە یەکێك لەو ڕێگایانە ئاوتێکردنە.

سەبارەت بە کەرە، یان سەرتوێژ، ئەوە بەزی (شحم) مانگا، یان گۆلك دەتاوێننەوە و تێی دەکەن، یان کەرەی (سەرتوێژ) ڕووەکی دەخەنە سەر، یان تێی دەئاخنن، یان بەهۆی مەشکە، لە ژێر گەرمایی (٣٠) پلەدا، کەرەکە (سەرتوێژەکە) لەگەڵ ئاو لە ٣٥٪ی کێشی شیرەکە تێکەڵاو دەکرێن پاشان دەهەژێندرێن (کەچی کەرەی ئاسایی نابێ لە ١٦٪ زیاتر ئاوی تێدا بێ).

**٢- شیرنەمەنی:**

گزیی لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە لەجیاتی شەکر و هەنگوین، بۆن و ڕەنگە دەستکردەکان بەکاربێن، کە ئەمانەش وا دەرکەوتووە دەبنە هۆی شێرپەنجە.

**٣- شەڕابەکان- مەیەکان (الخمور):**

گزیکردن لەوانە زیانێکی یەکجار زۆر بە بەکارهێن دەگەیەنێ و پێویستە ئاگاداری بین.

٤- گۆشتەکان و گۆشتفرۆشی:

بـۆ گەشـاندنەوەی گۆشـت، هەنـدێ لـە گۆشتفرۆشـەکان (سـۆلفاتی سۆدا)ی بەسەردا دەکەن، هەروەها بۆ نەرم و شلکردنەوەی گۆشتەکان ئەم ماددەیە بە نهێنی بەکار دەهێنن، چونکە بـە هـۆی ئـەم ماددەیـە گۆشـتە چورچ و خراپبووەکـان دەگەشـێنەوە. بێجگـە لەمـەش، بـە رادەیـەکی زۆر خاوەن ماڵات و پەلەوەرەکان پێکهاتە هۆرمۆنییەکان، وەك خواردن بۆ ئەم ماڵات و پەلەوەرانە، بە مەبەستی زیـادکردنی گۆشـتەکەیان بـەکاردەهێنن. ئەگەرچی ئەمە بەگزیی دانانرێ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئـەو پێکهاتانـە هەنـدێ مـاددەی وایـان تێدایـە، دەبنـە هـۆی دروسـتبوونی شـانەکانی شێرپەنجە.

٥- ئەتەمەکان (الانسجة):

گزیکردن لە بواری بازرگانی جلوبـەرگ، بـە هـەمان شـێوەی بازرگـانی کەرەستەکانی خۆراك بەرفراوانە و یاسـاش بایـەخی بـە دەستنیشـانکردنی خـوری و ئاوریشـم داوە، خـوریش تـەرخانکراوە بـۆ ئـەو چـنراوەی کـە (٨٥٪)ی لە دەزووی خـوری کـاوڕ و ڕەگـەزە نزیکـەکانی پێکـدێت، کەچـی ئاوریشمی سروشتی لە بەرهەمـەکانی کرمـی ئاوریشـم پێـك هـاتووە، بـەڵام زۆرجار جۆرێکی وامان لەو جۆرانە دەست دەکەوێ کە گزی لێ کـراوە، یـان تێکەڵاوە لە نێوان هەردو چنراودا، بێجگە لەوەی هەندێ جار گزی لە بواری فرۆشـتندا دەکـرێ، ئـەوەش بـە نوشـتاندنەوەی قـۆڵ (باسـك) یـان کورتکردنـەوەی مـەتر، بـەم جـۆرە فرۆشـیار دەتوانـێ گـزی لـە پێـوانی قوماشەکە بکات.

٦- نیگارە هونەرییەکان:

ئـەوە بریتییـە لـە وەرگرتنـی چـەندین دانـە لـە شـاکارێکی هونـەری ناسراوی بەناوبانگ و دواتر، لاساییکردنەوەی خـۆی و واژووی هونەرمەنـدە ڕاستەقینەکە، یان هەر خـۆی شـاکارەکە، هـەروەها لاسـاییکردنەوەی ئـەو بڕوانامانـــەی دەدرێتـــە نیگارکێشـــە بلیمەتـــەکانی بـــواری کردنـــەوەی پیشانگاکان، یان بۆنە گشتی و تایبەتییەکان.

## سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە:

سەرکوتکردن، دواتریش جێبینیکردن (معاينة) کردەوەکانی گزیی هەر بە تەنها لە ئەستۆی چەند ئەفسەرێکی ئاسایی پۆلیسی دادوەری بە توانـا، لـە بەرامبـەر ئـەو کـارە و هـەموو سەرپێچـییەکانی دیکـەدا نییـە، بـەڵکو هـەروەها لـە ئەسـتۆی چـەند دەزگایـەکی تایبـەتی دایـە، کـە بـریتین لـە پشکێنەرانی گزیی سەر بـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و فەرمانبـەرانی کارامـەی شیاوی دەستنیشانکراو، لە لایەن هەرێمەکانـەوە و بریکـارە دەسـتنیشـان کراوەکـان لـە لایـەن سـەندیکا پیشـەییەکان و کارگێڕییـەکان و هیدیکـە، ئەمانـەش، یـان پشـتیان بـە ئەزمونگـە مەڵبەندییـەکانی توێژینـەوە و شیکارسـازییەکان، یـان بـە ئەزمونگـەکانی شـارەوانی پشـت پێبەسـتراو دەبەسـتن و یاسـاش چـەند دەسـەڵاتێکی تایبـەتیان دەداتـێ، وەك مـافی سەردانی شوێنگەکانی بەرهەمهێنەکان و بازرگانەکان، هـەروەها سـەپاندنی سزا بەسەریاندا لـە حاڵـەتی ئاسـتەنگ خسـتنە بـەردەم کارەکانیـان، وەك خۆنەخۆشخســـــتنیان و قەدەغـــــەکردنیان لـــــە چـــــوونە ژوورەوە و ئاگادارکردنـەوەی یـەکێك لـە گـزی کارەکـان (غەشاشـەکان). ئـەو هـەموو مانۆرانە ئاماژە بە بوونی گزی دەکەن.

ئـەوەی جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە ئەوەیـە، کـە دەبـێ بـە چـاکی

بەرهەمەكان بخرێنە ژێر چاودێری و ئەو چاودێریكردنەش شێوەیەكی ئەوتۆ بێـت، خـەڵك هـەمووی بیـزانن كـە بریتییـە لـە پێوەنووسـاندنی نیشـانە ڕەسمییەكان و ناوەكـانی چـاودێریكردن، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی سەرچـاوەی كەلوپەلەكە و توخمەكانی جۆری بەروبوومەكە دیار بن.

زانینـی بەرچـاوترین ئـەو ڕێگایانـەی جۆرەكـانی گـزی دەردەخـەن بایەخێكی زۆری هەیە و پێویستە. ئەم زانینەش بریتییە لەمانە:

**١- لە بابەتی شیرەمەنییەكان (الالبان):**

جیاكردنـەوەی سـەرتوێژ بـەهۆی مەشـكە، یـان چـڕكردنەوەی لـەكتۆز پەردەی لەسەر لادەبرێ.

شیری ئاسایی لە گەرمییـەكی (١٥) پلەییـدا دەبـێ كێشـەكەی (١٠٣٠) گرام بێت، ئەگەر لەو كێشە زیاتر بوو ئەوە وا دەگەیەنێ كە ئاوی تێكراوە، بەڵام ئەگەر لەو كێشە كەمتر بوو واتە سەرتوێژەكەی لێ جیاكراوەتەوە. بـۆ كۆسپ خسـتنە بـەردەم تێكـەڵاوكردنی (مەرگـەرین) بـە كـەرە وا پێویسـت دەكا لە قۆناغی دروستكردندا، هەندێك برنجاو، یـان ناوكـە پەتاتـە بخرێتـە پـاڵ ئـەو (مەرگـەرین)ە، چـونكە زیـادكردنی ئـەو جـۆرە شـتانە گزییەكـە بەدیاردەخات ئەوەش لەبەر ئەوەی لە ژێر كاریگـەری تێكـەڵاوێكی سـادەی یۆد، كەرە گزیدارەكە بۆر هەڵدەگەڕێ.

**٢- لە مادەی شیرەمەنی:**

لە ئەزمونگە شیكارسازی، كیمیاگەری بـۆ دەكـرێ، ئەگـەر ترشـەلۆكی لەیمونێكی و ئەلكهولێكی زۆری تێدا هەبێ بەدیاریان دەخات.

هەروەها بەهۆی هێڵكاریكردنی بەشـە ڕەنگاوڕەنگییـەكانی، دەتـوانین هەرچی بۆنێكی دەستكردنی تێدا هەبێ بە دیاری بخەین.

٣- **شەڕابەکان- مەیەکان (الخمور):**

لێـــرەدا گزیکـــردن، یـــان بـــە هـــۆی تێوردبوونـــەوەی لیســـتەکانی حیسابکردن، یان بە هۆی فەرمانـەکانی بزوانـدن لـە قۆناغـە جیاجیاکانـدا، یـان بـە پێـوانی شـەڕابەکە (مەیەکـە) بـە هـۆی مـەی پێـو (مخمـار)، بـە دەردەکەوێ[٥١].

٤- **گۆشتەکان:**

بەهۆی هەندێ یۆدەوە دەتوانین ئەوە بدۆزینەوە کە ئایا گزی لەگـەڵ کراوە، یان نا، چونکە گۆشتی گومانلێکراو ئەگەر مادەی نەشەوی تێدا بێ، ڕەش هەڵدەگەڕێ.

٥- **ئەتەمەکان (الانسجة):**

ئەم جۆرە گزیکردنـە بـەهۆی ئەزمونگـەوە دەدۆزرێتـەوە، ئـەوەش بـە دۆزینەوەی هێڵـە کیمیاوییـەکان وەك (سـلیلۆز) و (فسـکۆز) و (ئەسـیتات) و...هتد. هەروەها ڕێگای دیکەش هەیـە: خـوری ئـاژەڵ لـە کـاتی سـووتان دەبێتە ڕەژوو و بۆنی قۆچێکی سـووتاوی لێ دێـت، ئاوریشـمی سروشـتیش خراپ دەسووتێ.

٦- **نیگارە هونەرییەکان:**

پشکنین لەسەر قوماشی نیگارەکە و دارەکە و ڕەنگەکانی دەکرێ.

١- شـــارەزای ئـــەم بـــوارە چـــاك دەزانـــێ، کـــە ســـاختەکار هـــەمان چاونەترسی (جورئەتی) ئەو قەڵەمـەی نییـە، کـە هونەرمەنـدی ڕاسـتەقینە بەکاری هێناوە، هەروەها چاکیش دەزانێ کە شوێنەواری ئەو ئاخ و داخەی (حەسـرەتانەی) هونەرمەنـدی ڕاسـتەقینە بـەکاری هێنـاوە، سـاختەکار

ڕێبەدەری ناکات، کە ئەمەش بەهۆی وێنەگرتنی تیشکدار دەدۆزرێتەوە، چونکە تیشکی بان بنەوشەیی (فوق البنفسجیة) ڕووناکی بەهێز دەکا و مادده ڕەنگاوڕەنگەکان دەستنیشان دەکات، کەچی تیشکی ژێرەوەی سوور (تحت الحمراء) چاکردنەوەکان و ئەو واژوویانەی بە زەحمەت دەخوێندرێنەوە و نووسینەکانی ژێر شوێنە پیسەکان، یان شوێنە بۆرەکان ئاشکرا دەکات. لە کۆتاییشدا، شیکردنەوەی ڕەنگەکان، مێژووی تابلۆکە بەدیار دەخا، چونکە شارەزای ئەم بوارە دەزانێ کە هەندێ لەو ماددانەی لە نیگارەکە بەکارهاتوون، لە چ ماددەیەك کۆتاییان پێ هاتووە و هەندێ ماددەی دیکەش، کەی سەریان هەڵداوە.

## بەندی سێزدەهەم:

# ئاگر بەربوون و تەقینەوەکان (الحرائق والانفجارات)

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

ئاگربەربوونەکان بریتین لە هەموو جۆرە لەناوبردنێکی سەروسامانە گوازراوەکان و نەگوازراوەکان بەهۆی ئاگرەوە. دەکرێ بڵێین ئەو لەناوبردنە بە ئەنقەست، یان هەر لە خۆیەوە ڕووی داوە.

ئاگر بەربوونی بە ئەنقەست زۆر کات لەگەڵ تاوانێکی دیکە تێکەڵاو دەبن، کە لەوانەیە بۆ شاردنەوەی کوشتنی مرۆڤێك، یان ڕەشەکوژییەك، یان دزییەك بەکاربێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین سێیەکی ئاگربەربوونەکان پاڵنەرێکی تاوانکاری دەهێنێتە کایەوە، هەر بۆیە پێویستە لە شێوەکانی ئەنجام دانی و هونەری بە دواداچوونی بکۆڵرێتەوە.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

**١- ئاگربەربوونەکان (الحرائق):**

لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە چەندین ڕێگا هەیە، بە هۆیانەوە ئاگر بەربوونی بە ئەنقەست ڕوودەدا، کە ئەمانەن:

أ- ئاگر بەربوونی ڕاستەوخۆ:

ئاگر هەڵگیرسێنەر دەتوانێ تاوانەکەی بەهۆی ئامرازێك (یان بەبێ ئەو ئامرازە) ئەنجام بدا. ئەو ئاگر هەڵگیرسێنەرەش بەهۆی نەوت و گازو بەنزین خێراتر و زۆرتر دەبێ، بەڵام دەشتواندرێ ئاگرکردنەوەکە بە خێرایی ڕوو نەدا. زۆر جاری وا هەیە هەڵگیرسێنەری ئاگر پەتێکی درێژ، سەرێکی کبریتی پێوە دەهێنێ و لە شوێنێکی دوور، ئاگری تێ بەر دەدا،

بە مەرجێ سەرە بە کبریتەکە لەناو ئەو شوێنە بێ کە مەبەستییەتی بسووتێ، بەم جۆرە تاوانبار لەو ماوەیەی تا ئاگرەکە دەگاتە ناو شوێنەکە، دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات.

**ب- ئاگر بەربوونی کارەبایی:**

بریتییە لە بڕینی بە ئەنقەستی تەزووی کارەبا بۆ تێکدانی کارگەیەك، هەروەك چۆن کرێکارێك بە ئەنقەست، زنجیری پاسکیلێك فڕێ دەداتە سەر دوو تالّی سارد و گەرمی کارەبا و بەهۆی ئەوەشەوە ئاگر بەردەبێ. دەشکرێ ئەو ئاگربەربوونە دوا بخرێ تاوەکو تاوانبار خۆی دەرباز دەکات.

**ج- ئاگر بەربوونی کیمیاویی:**

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ڕێگایە پشت بە چەند ئامێرێکی دۆزەخیانە دەبەستێت، ئەوەش بە فڕێدانی بوتلّێکی شووشەیی کە (١٢) بەشی لە فسفۆری سپی بەرامبەر هەر بەشێك لە سلفۆری کاربۆنی تێدایە. هەر کە بوتلّە شووشەکە دەشکێ، سلفۆری کاربۆنەکە دەبێ بە هەلّم، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی فسفۆرەکە لەناو هەوادا هەر لە خۆیەوە بسووتێ.

هەروەها تێکەلّاوییەکی ئاسایی پێك هاتوو لە:

ترشەلّۆکی کبریتیك + کلۆرەکان + شەکر بۆ ئاگادارکردنەوە بەکار دەهێنرێت. ئەمە و گەلێ ڕێگای دیکەش بۆ ئاگر بەربوون هەیە، بەلّام دەبێ ئەوە بزانین کە دوای تەقینەوەکان، یان بەهۆی تەقەمەنییەکان، یان بەهۆی غاز بەربوونی خۆکرد، ئاگر بەردەبێ.

**٢- هەولّەکانی ڕەشەکوژی بە تەقەمەنییەکان:**

شان بەشانی ئەو دەستدرێژییانەی، بەهۆی ئاگر بەربوونەوە دەکرانە

سـەر سـامانەکان، چـەند دەسـتدرێژییەکی دیکـە هەیـە بـەهۆی تەقەمەنییەکانەوە ئەنجام دەدرێن:

**١- کەرەستە گلێنەییەکان (الخزفية):**

یەکێك لەو نموونانە ئەو سندوقە نەخشاوەیە بوو، کە لە ١٩ی تشرینی یەکـەمی ١٩٢١ لـە کـاتی دادگـاییکردنی بـاڵیۆزی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا لـە پـاریس نێـردرا. کردنـەوەی ئـەم سـندوقە بـووە هـۆی ئـاگر هەڵگیرسـاندن، ئـەوەش لــە ئـەنجامی ئاگربـەربوونێکی هاوتـا لەگـەڵ ئاگربەربوونی دەمەوانی سوتێنەری ناو نارنجۆکی دەستی.

پوختەی قسە ئەوەیە کە پێویستە لە کاتی دۆزینـەوەی شـتێکی لـەم جۆرەی بەجێهێڵراوی یەکجار زەق، یان پارەیەکی چاوەڕوان نـەکراو، یـان نامەیەك لە یەکێکی نەناسراو خۆمـان بپـارێزین، بـەڵکو پێویسـتە لەهـەمان کاتیشـدا ئاگـاداری لایـەنی بـەرپرس بکرێتـەوە. هـەروەها سـەبارەت بـە بەکارهێنانی نارنجۆکی کاتی کە بنەماکەی ئەوەیە لەسـەر بنکەیـەکی ئـاگر هەڵگیرسێنەری کیمیاوی دامەزراوە، بۆڕییەکی هەیە ترشـەلۆکی کبریتیکـی تێدایە، کە دەمی ئەم بۆڕییـە بـە پارچـە پەمۆیـەك گـیراوە و خراوەتـە نـاو تۆزی کلۆرات، کاتێ کە تۆشەڵۆکەکە تێکەڵ بـە کلۆراتەکـە دەبـێ یەکسـەر دەتەقێتەوە. هەروەها نمونەی دیکەی وەك تەقینەوەکانی سـەرە ڕێگاکـان کـە بـۆ لێپرسـراو و دەسـەڵاتدارانی حکومـەت، یـان تـیرۆری سیاسـی دادەنرێتەوە، بۆ نمونە کۆمەڵەیەکی بەرهەڵستکار کاتێ کە هەست دەکـەن لێپرسراوێکی گـەورە هـەموو ڕۆژێـك ڕێگایـەك دەگرێتـە بـەر، یـان ڕۆژێ لـە ڕۆژان لـە کـاتێکی دیـاریکراودا سـەردانی شـوێنێکی حکومی، یـان حیزبـی دەکات ئەوا بۆسەیەکی ئـەوتۆی بـۆ دادەنێتـەوە، بـە جۆرێـك کەسـی تێـدا تاوانبار نەکا، ئەوەش بە شاردنەوەی کۆمـەڵێك تەقەمـەنی لـە نـاو کۆمەڵـە خۆڵێکی تەنیشت ئەو ڕێگایە، یان هەر بارستەییەکی تەنیشت ئـەو ڕێگایـە

گرێ بەستکردنی ئەو تەقەمەنییانە (تەقینەوانە) بە تەلێکی کارەبا لە دووری ١٠٠ مەتر لەو ڕێگایە و خۆشاردنەوەیان لە پەنای ئەو شوێنە دوورە و دواتریش، بەهۆی پلاکێکەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێك خراوە پێکردنی تەلە کارەباییەکە و تەقاندنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلەی لێپرسراوەکەی هەڵگرتووە. ئەوە ماوە بڵێین دوای ئەمانەش هەموو ئەو ئامێرە دۆزەخ ئاسایە پەیدا بووە کە پێی دەڵێن (ترانزستۆر)[٥٢].

٢- تەقینەوەکان بە مانای ڕاستەقینەیان:

لەم بوارەدا پلاستیك یەکێکە لەو تەقەمەنییانەی کە لە هەموویان بەربڵاوتر و بەناوبانگترە و لە هەمووشیان زیاتر بەکار دەهێنرێت. لەراستیدا پلاستیك تەنێکە بریتییە لە (ئۆکزۆجین) و بە تەواوی تێکەڵاوە لەگەڵ تێکەڵەی (فازلین- لاستیك)، هەروەها بۆنی نییە و ڕەنگی زەردە و خۆی بە تەنها توانستی تەقینەوەی نییە، بەڵام سەبارەت بە دینامێت، دەبێ ئەوە بزانین کە لەوانەیە بەشێوەی هەویرێکی ڕەنگ عەنبەری دەربکەوێ، ئەگەر لە دەستکردی ئەمریکا، یان ئینگلیز بێ، بۆنێکی وای لێ دەردەچێ کە لە بۆنی باوی تاڵ دەچێ.

پلاستیك و دینامێتیش، وەکویەك بە هۆی فتیل و سووتان، یان بلاجە (الصاعق) دەتەقنەوە، بەڵام دینامێت لە تەلێکی پۆڵایی خڕ پێکهاتووە، کە لە چواردەوری سپرینگێك هەیە، کۆتایی بە چەخماخەیەك هاتووە.

**٣- چەند دەستدرێژیانەی بە ئاگر و تەقەمەنییەکان باسمان کردن،** هەندێ دەستدرێژی دیکە، بەهۆی هۆکارەکانی خۆکار، دژی هێڵی ئاسنین و ئۆتۆمبێلەکان و هەتا فڕۆکەکانیش هەیە، هەروەها هەندێ کردەوەی

دەستدرێژیکارانەی دیکەی وەك بەسەرداڕشتنی چەند مادەیەکی تەقینەوەی وەك غاز و بەنزین، یان کردەوەکانی فڕێدانی چەند بۆمبێکی دەستی دزراو لە سەربازگەکان، ئەگەرچی کارەساتی دڵتەزێنیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام مەترسییان لە کارە تەقاندنەوەییەکانی پێشتر کەمترە.

**سێیەم/ جێبینینەکان و لێکۆڵینەوە:**

**١- ئاگر کەوتنەوە:**

**أ- لادانی بارە کتوپڕی و لابەلاکان:**

دەبێ ئەوە بزانین کە چەند دیاردەیەکی ئاگرکەوتنەوەی خۆکار، یان نیمچە خۆکار هەیە، کە هەندێکیان سروشتین وەك شووشە دەتوانێ ڕۆڵی گەردبینینێکی گەورەکەر، یان نەینۆکێك ببینێ، هەروەها لێکدی خشاندن دەبێتە هۆی داگیرسان، زۆرجار دەبینین ئۆتۆمبێلێك بە هۆی گەرمکردنی برێکەکەی (کلاج)، کە زیاتر لە پێویست جەختی لەسەر کراوە، سوتاوە.

هەندێکیش لەو ئاگر کەوتنەوانە، کیمیاوین و هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاری ئۆکساندن، یان ترشاندن وەك ڕەژووی داری کۆمەڵکراو، ئاردی عەمبار کراو و ئالیکی شێدار، باڕوود، تەقەمەنی کۆنی جەنگی، هەروەها تەقینەوەی غازی ڕووناککردنەوە کە هەوا بە ڕێژەی (١٠٪) تا (٣٠٪) دەچێتە ناوی، یان تەقینەوەی هەڵمەکانی بەنزین، سەبارەت بە هۆکارە لابەلاکانی ئاگر کەوتنەوەی ئەوە، بروسك یەکێکە لە نمونەکانی.

**ب- جێبینی (المعاینة):**

چوونی ڕاستەوخۆ بۆ شوێنی ڕووداو پێویستییەکی بەڵگە نەویستە، ئەوەش لەبەر ئەوەی شوێنەواری ڕووداوەکان زوو لادەچن، هەروەها ئەو جێبینییە بۆ بینینی کەش و هەوای شوێنەکە بەکەڵکە. گریمانەی یەکەم

هەرچـۆنێ بێـت، چ گومـان لـە ڕووداو، چ لـە نیـاز خراپـی بکـرێ، ئـەوە جێبینییانە سەرنجمان بەرەو ئاگر کەوتنەوە ڕادەکێشن، ئەگەر ڕووداوەکە:

١- لەسەر شێوەی چەند پەڵەیەکی سووتان بوو و ژمارەی پەڵەکانیش زۆر بوون:

چونکە فرە ژمارەیی پەڵەی سوتان، ئاماژەیە بۆ ئەنجام دانی تاوان.

٢- لەسەر شێوەی چەند بۆنێك بوو:

چونکە بۆنی نەوت و بەنزین جێگای گومانە و هەر بەم جـۆرەش دەربـارەی چڕی غاز.

٣- لەسەر چەند تاواندنەوەیەکی دامودەزگاکانی کارەبایی بوو:

ئایا یەکجار زۆر لاوازن؟ ئایا بە چەند تێلێکی ئاسنی گۆڕاون؟

٤- لەسەر چەند ئاماژە و نیشانەیەك بوو:

بە زۆری شـتە سـوتێنراوەکە شـوێنەکان لـەو ماددانـە پـڕ دەکـەن، کـە بـۆ سووتاندن لە بارن و دووبارە لـە کـون و کەلەبـەرەکانی دەدۆزینـەوە (وەك دۆزینەوەی هەندێ شەمێی تواوە، یان چەند فتیلەیـەکی تـەواو نەسـووتاو، یان چەند کاغـەزێك، یـان چـەند ڕۆژنامەیـەك کـە لەوانەیـە گومـانلێکراو بـۆ سوتاندن لەگەڵ خۆی هێنابێ)، هەروەها شوێنەواری چەند جێبینییـەك لـە دەوروبەری، یان لە ناوەوەی شوێنەکە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشـێ کـە تاوانبار، پیپلیکانەیەکی کەم بەکارهاتووی بەکارهێناوە.

٥- لەسەر شوێنەواری شکان بوو:

وەك ئاگرکەوتنەوەیـەکی دوای دزیـن، دەرگایـەکی هەڵکەنـدراو لـە لایـەن تاوانبارەوە، چەند ئامێرێکی بەجێهێڵراو.

٦- لەسەر کاتژمێری ڕوودانی ڕووداوەکان بوو:

شەو لەبارە بۆ بە ئەنقەست سووتاندنی شوێنە گـەورەکان و کۆگاکـان. زۆر

کـاتیش دۆزینــەوەی ڕێگـای بـەکارهێنانی کـات لـە لایـەن قوربانییـەکان و دراوسێکان، دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی چـەندین خـاڵ و دەشـتواندرێ ئـەو کاتژمێرە دەستنیشان بکرێ یان بە بـەراوردکردنی شـایەدییەکان، یـان بـە دۆزینەوەی ڕاوەستانی کاتژمێرە چارمەکان (الدقاقـة) یـان ئـەو کاتـژمێرە ئاساییانەی زیانییان پێ گەیەندراوە.

٧- لەسەر دەفتەری ژمێریاری بوو:

لەبەر ئەوەی تۆمار تاکو کـراوە نـەبێ ناسـووتێ، بۆیـە ئەگـەر دەفتـەرێکی ژمێریـاری بـە تـەواوی سـووتاوی لەسـەر زەوی کـەوتوو بـەدی کـرا، ئـەوە بێگومان مەزەندەی ئـەوە دەکـرێ کـە سـووتاندنەکە ئامـانجی ئـەوە بـووە چارەسـەری بـارێکی ئـابووری سـەخت، یـان مەسـەلەیەکی هەڵخەڵەتانـدن بکات.

٨- لەسەر تەرمەکە بوو:

دەبێ هەوڵ بدرێ ئەوە بزاندرێ کە ئایا مردنەکە پێش، یان پاش ئـاگر کەوتنەوەکـە بـووە، هــەروەها شکســت و برینــەکان دەبــێ بدۆزرێنــەوە ئاشکراشە کە هەموو حاڵەتـەکانی ئاگرکەوتنـەوە، پێویسـتیان بـەوە هەیـە بەسەر بکرێنـەوە، ئـەوەش بـۆ ئـەوەی بزانـدرێ کـە ئایـا ئاگرکەوتنەوەکـە لەبەر دزین ڕوویداوە.

ئــەوەی جێگــای ئامــاژە پێکردنیشــە ئەوەیــە، کــە شــایەدی ئــەو ئاگرکوژێنەوانـەی لـە چـرکەکانی سـەرەتایی ئـاگر بەربوونەکـە دەگەنـە شـوێنەکە، زۆر گرنگـە، چـونکە بـە چـاوی خۆمـان زۆر شـت دەبیـنین. لـە هەمان کاتیشدا پێویستە هەموو پڕوپاگەندە گشتییەکان وەسوود بهێنرێن، بۆیە وا باشـە لێکۆڵـەرەوە تێکـەڵاوی جـەماوەر بێـت، ئـەوەش بـۆ ئـەوەی چاودێری هەڵسوکەوتیان بکات و گوێ لە هەموو چرپـەیەك بگرێ و سەیری،

هـەموو پنتکـە نـەوتێکی سـەر جلکـان و برینێکـی سـەر دەسـتان بکـات، باشتریش وایە پشت بە سەگێکی پۆلیسی ببەستێ. هـەروەها لێکۆڵـەرەوە دەبێ گومان بخاتـە سـەر هـەر کەسـێك لـەو کەسـانەی، کـە یەکسـەر و لـە یەکەم چاوپێکەوتندا ناوی کەسێك دەهێنێ و هەر لە خۆیەوە بە تاوانبـاری دادەنێ. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە هەندێ لە تاوانباران، بۆ ئەنجام دانی مەبەستێکی دیکە، ئاگرێك لـە لایـەك دەکەنـەوە. لەوانەیـە یـەکێك لـە جوتیارەکان ئاگرێك لە لایەکی گوندەکـەیان بکاتـەوە، ئـەوەش بـۆ ئـەوەی خـەڵکی لایەکـەی دیکـەی لای خۆیـان چـۆل بکـەن و بچـنە هاریکـاری لایـە سـوتاوەکە، تاوانبـاریش لـەو حاڵەتـەدا مەبەسـتی خـۆی (چ دز بـێ و چ دامرکاندنەوەی ئارەزوویێك) ئەنجام دەدا. هەروەها هەندێ جار بە پاڵنـەری تورەیی، تۆڵەسەندنەوە، ئیرەیی (الحسد)، ئاگرەکە بەردەدرێتـە شـوێنێك. هەندێ جاری دیکەش هەر بە هەوەسی ئـاگر تێبـەردان و بـێ بیرکردنـەوە، وەك ئەوەی لە شێتەکان، یـان منـداڵان ڕوودەدات، ئاگرەکـە دەکەوێتـەوە. دەشکرێ بڵێین هەنـدێ جـار ئـاگر کوژێنـەوەکان هـەر خۆیـان، بـۆ ئـەوەی پلەیـەکی بـەرزتر بەدەسـت بهێـنن، یـان خۆیـان بـە جلـە ڕەنگـاو ڕەنـگ و فسفۆڕدارەکان نیشانی خەڵك بدەن، ئاگر بەردەدەنە شوێنێك. هەر بۆیەش دەبیـنین، لـەو حاڵەتـەدا، ئـەوان پـێش هـەمو کەسـێك دەگەنـە شـوێنی ڕووداوەکە.

٢- جێبینییەکانی بابەتی تەقینەوە:

لە هەر کێشەیەکی تەقینەوەدا، لێکۆڵینەوە، لـە زانینـی ئـەو ئامێرەی بەکارهاتووە زۆر بەسوودە، کە لە زۆر کاتدا تـەنها هـەر خـۆی توخمـەکانی توێژینەوەکەمان دەداتێ. لە هەمان کاتیشدا پێویستە بزاندرێ کە ئایا ئـەو

ئامێرەی بەکارهاتووە ئامێرێکی دۆزەخیانەیە، یان نا... هەروەها ئێستا بۆ ئەم مەبەستانە تیشکی سینی بەکاردەهێنرێت.

هەرچۆنێك بێ، ئـەو هـەموو تەکنیکانـە لـەم بـوارەدا بـەکاردەهێنرێن، پێویستە بکەوێتە ئەستۆی ئەزموونگەرییەکی تایبەتمەند، زیاتر لـەوەی لـە ئەستۆی پۆلیسـی تـەکنیکار بێـت. کەچـی پۆلیسـی تـەکنیکار، لـە ڕێگـای بۆڕییـەکان و جانتاکـان و مـاددە بـەکارهاتووەکان و پـەڕەکانی لـەفکردن، دەتوانێ بگاتە ئەنجام و تاوانبار دەسگیر بکات.

## تاوانە سێکسییەکان و ڕێخۆشکەرەکانی

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ سەردەمێکە ناتواندرێ بایەخی پاڵنەری سێکسی لە ڕەفتاری مرۆڤدا پشت گوێ بخرێ. هەروەها ناشتواندرێ ئەو نائاساییانە و نەخۆشیانە پشتگوێ بخرێ، کە لەوانەیە تووشی هەستی زاوزێ ببێ و لەبەر ئەوە مەسەلەی سێکسی مەسەلەیەکی تەواو پەیوەستە بە ڕەوشت، بۆیە هەموو تاوانەکانی پەیوەست بە سێکسی و هەندێ لەو کردارانەی لەو کەمتر نینە، شڵەژانێك، یان مەترسییەکی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە، کە تاوانەکانی سێکسی و ڕێخۆشکەرەکانی کارێکن لە ئەستۆی پۆلیسی تەکنیکی، هەروەك چۆن لە ئەستۆی پزیشکی شەرعی دانە.

**دووەم/ ڕێگاکانی ئەنجامدانی:**

**أ- تاوانەکان:**

**١- پڕدان (الاغتصاب)- جووتبوونی بە زۆرەملێ:**

بریتییە لە جووتبوونێکی سروشتی نێوان پیاو و ئافرەت، بەڵام بە پێچەوانەی ویستی ئافرەت. هەر پەیوەندییەکی سێکسی دیکەش توندی تێدا بەکاربێت بریتییە لە دەستدرێژیکردن، یان ئابڕووبردن: هەروەك سەبارەت بە کرداری سەدومیەت (السدومية) ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ، لەکاتی نوستندا، ئەندامێك، یان تەنێك بخرێتە ناو زێی کچێکی پاکیزە (عذراء)... بەڵکو ئەو هاویشتنە ناوە، لە هەموو بارەکانی دیکەشدا، پێویستی بە لەگەڵ یەکدی سازان و

ڕێکەوتنێکی کارا هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا[٥٣].

**٢- یاسا پێشێلکردنی داب و نەریتە گشتییەکان دیار ناکات:**

هۆی ئەوەش پەردەی شەرمی زمانەوانی نییە، بە قەد ئەوەی بەهۆی ئەو ماوە درێژەبێ، کە ئەژمارکردنی چاوەڕوانکراو دەیخایەنێ و ئاڵۆزییەکەی لە ڕەنگدانەوەی یاسا دەردەکەوێ: لەراستیدا هەمان ئەو کردەیەی، کە ئەگەر ئەنجامدەرەکەی کەسێکی نامۆ بێ لەو خێزانە، لەسەری سزا نادرێ، دەبینین ئەگەر دژی ناکامێك (قاصر) ئەنجام بدرێ، یان ئەنجامدەرەکەی پیاوێکی ئایینی بێ لەسەری سزا دەدرێ (یاسای فەڕەنسی).

گرتنەبەری ئەم ڕێگایەش لەبەر چەند شتێکە، وەك: ئابڕووچوون، چەند کردەوەیەکی ئەوتۆ، کە زۆر و کەم توندی بە گوێرەی تەمەن تێدابێ، پەیوەندییە خێزانییەکان، کاری ئەنجامدەرانی تاوان، لەو کارانەش: ئەنجامدانی تاوان لەگەڵ ئەوانەی بە یەکدی ناشێن، پەیوەندییەکانی سێکسی نێوان ئەوانەی لە پشتی یەکترن، یان لە نێوان بنەچەکانی-خزمان (ئەو تاوانە تا ڕادەیەك لە نێوان دانیشتوانی گوندەکان و تێکەڵاوییە چڕەکانی ناوچە هەژارەکاندا هەیە)، نێربازی، یان ئازارێکی نێوان دوو لاق، دەستپەڕی سەربەسەرانێی نێوان بالق بوویەك و ناکامێك (بالق نەبوویەك-قاصر)، پاداخشاندنی بێ ئابڕووانەی ناکامێك (قاصر) ئەگەر هەریەکێك لە هەردوو ڕەگەزەکە ئەنجامی بدا[٥٤]، کردەوەکانی لیوایەتی (اللواطة) لەسەر خودی ئەو ناکامانە[٥٥]،[٥٦].

٣- کردەوە ڕووە هەڵماڵراوەکان:

لەڕاستیدا ئامانجیان کاری سێکسی نییە، بەڵکو ئەو پڕوپاگەندەیەی لەو پێناوەدا، بە مەبەست، یان بەبێ مەبەست، دەکرێ ئەو ئامانجە دەوروژێنێ. لەوانەیە جووتبوونی ژن و مێردێك لە ئەنجامی کەمتەرخەمیدا ببینرێ، هەروەك چۆن دەستپەڕی دوو کەسی پێگەیشتوو (البالغ) لە شوێنی میزکردن، یان دەستپێشخەرییەکی ئابڕووبەرانە بەرامبەر ئافرەتێك، یان نیشاندانێکی کەچرەوییانە ئەندامەکانی زاوزێ دەبیندرێن.

٤- دەویتی (القوادة):

بریتییە لە وەسوود هێنانێکی دەسکردی سێکسی، کە لە ڕاستیدا لە سێ کەسایەتی جیهانی بەدڕەوشتیدا بەرجەستە دەبێ کە ئەمانەن:

أ- ئەو بەرگریکارەی کە پارێزگاری لە بەدڕەوشتی ئافرەت دەکا و دەسکەوتەکەی لەگەڵ بەشدەکات.

ب- ئەو نێوانکارەی بە یەکدی گەیشتنی گاندەر و گانکەر بە پارە، دابین دەکات و هەر ئەویش لە ڕێگای تەلەفۆنەوە، کاتی بە یەکدی گەشتنەکان دادەنێ، جا چ ئەو بە یەکدی گەشتنانە لە ماڵی گاندەرەکە بێت، یان لە هەندێ لەو ئوتێلانە بێت کە پێشتر هەندێ ژووری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە.

ج- ئەو ئوتێلەی کە دەزگاکەی خۆی دەخاتە ژێر باری ڕەفتاری ئەو خۆشەویستانەی ناسراون، ئەوەش لە پێناوی دەسکەوتنی قازانجێکی زۆر.

٥- داوێنپیسی (زینا):

کەتنێکی ئاساییە لە کۆمەڵگای نوێدا، بەهۆی ڕەوشتی بەڕەڵا و وروژاندنی سێکسی فێڵبازانە (بەهۆی فیلمەکان و هەتا پڕۆپاگەندەش) کە

لە ماڵی زیناکەرەکان، هەروەها لە ئوتێلەکاندا شاردراونەتەوە، ئـەم کەتنـە ڕوو دەدا.

**ب- ڕیگە خۆشکەرەکانی تاوان:**

مەبەست لێرەدا بریتییە لەو کردەوە و ڕەفتارانەی کە بەپێی یاسـا بـە سەرپێچی دانانرێن، بەڵکو دەبنە هەلێکی ڕەخساو بـۆ ئەنجامـدانی تـاوان و هەرچۆنێکیش بـن ئـەوە دەردەخـەن، کـە ئەوانـەی ئـەو کردەوانـە ئـەنجام دەدەن چەند توخمێکی نەخۆشییان تێدا هەیە، بۆیە دەبـێ پـۆلیس بایـەخ بەو جۆرە کەسانە بدەن کە لەوانەیە، چ بە سیفەتی بکـەر و چ بـە سـیفەتی قوربانی، سەردانی فەرمانگەکانیان بکەن، ئەم ڕێگە خۆشکەرانەی تاوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- بەدڕەوشتی (الدعارة):**

ئەگەرچی بەدڕەوشتی خۆی لە خۆیدا سەرپێچی نییە، بـەڵام بابەتێکـە لـە بابەتـەکانی پـۆلیس، هـەتا پۆلیسـی تـەکنیکاریش، چـونکە ئـەم کـارە لەبارە بۆ ئەنجامدانی تاوان، ئەوەش بـەهۆی ڕاکێشـانی خـەڵك و چـۆنیەتی پیـادەکردنی و تێکـەڵاوبوونی بـە جیهـانی تـاوان و پیشـاندراوەکانی (وەك کەچـڕەوی ناکامـەکان و چـەند نمونەیـەکی بـەدڕەفتاری ئافرەتـان و ئـەو منداڵانەی پیشەیەکی دیار دەکەن). سەربارەی ئەمانەش ئەم کارە دەبێتـە مەترسـییەکی گـەورە لەسـەر تەندروسـتی گشـتی، ئـەوەش لـە ئـەنجامی گواستنەوەی نەخۆشـییەکانی گـولی (الزهـري)، بـەهۆی تەنینـەوە. ناشـبێ ئەوە لە یاد بکـەین کـە نیشـانە جیاکـەرەوەکانی بەدڕەوشـتی بریتییـە لـە خوو، کرێ، یەك لە دوای یەك بەسەر یەکدا فسین. دەبێ ئـەوەشمان لەبـەر چاو بـێ، کـە ئـەو ئافرەتانـەی لـەم بـوارەدا کـار دەکـەن، بـۆ گەیشـتن بـە

ئامانجەکانیان چەندین شێوازی جیا جیا دەگرنە بەر، هی وایان هەیە لەناو شەقامە گشتییەکان و شوێنە جەنجاڵەکان، یان لەناو بازاڕەکاندا دێت و دەچێت و بەجۆرێك لە جۆرەکانی ئەو شێوازانەی لەسەریان ڕاهاتوون، خۆیان نیشان دەدەن و کڕیار دەدۆزنەوە، هی واشیان هەیە هاموشۆی ئوتێلە گەورەکان و مەیخانە و تیاترۆخانە و سەماگەکان دەکەن و تۆڕی خۆیان دەهاوێن و کڕیار بۆ خۆیان دەسگیر دەکەن. بێگومان دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەگەر ئەو شوێنانەی بەدڕەوشتی دابخرێن، ئەوە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی لیواتەیی نێوان نێرینەکان.

**٢- کاری نائاسایی (الشذوذ):**

ئەگەرچی بەگوێرەی یاسا بە لیواتە ناژمێردرێ، بەڵام بەرەو ئەو کارە دەڕەوتێ (هەنگاو دەنێ).

کاری نائاسایی لە بنەڕەتدا دەرچوونێکی جەستەییە لەو پێوەرەی باوە و کەسە ئەنجامدەرەکەی، چ پیاو چ ئافرەت، بەرەو ئەوە دەبات کە ڕەفتاری خۆی وەك ڕەفتاری ڕەگەزەکەی خۆی (هاوڕەگەزەکەی) لێبکات و سەرباری ئەوەش، ئارەزووی لیواتەیەکی بێئامان بکات. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە نائاسا (شاز) ئارەزوویەکی زۆر توندی بۆ گۆڕینی ڕەگەزەکەی (جنس)ەکەی خۆی هەیە، لەم پێناوەشدا جلکی ئەو ڕەگەزە دەپۆشێ(٥٧). ڕەفتاری وا ئەنجام دەدات کە ڕەگەزە ڕاستەقینەکەی خۆی پێ دەشارێتەوە.

**٣- لیواتە:**

دەتوانرێ بەوە دەستنیشان بکرێ، کە بریتییە لە زیادەڕۆییەکی جەشەری (واتە هەوەسبازی- شهوانی) کەسێك، چ پیاو چ ئافرەت، وای لێ

دەکـات لـە ڕێگـای پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ کەسـێکی دیکـەی لـە هـەمان ڕەگەزی خۆی، خۆی تێر بکات.

ئـەو ئامادەباشـییە لـەو نائاسـاییەوە (شـذوذ)ەوە دێـت کـە ڕۆڵێکـی دەروونـی دیکەیـە، بـەڵام لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا وەری گرتـووە. بۆیـە پێویستە ئەم جۆرە نائاساییانەی خوارەوە لێکدی جیا بکەینەوە:

١- ئـەو نائاسـاییەی کـە بەراسـتی لـە ڕووی ئەقڵییـەوە نەخۆشـە، ئەگەرچی زۆر دەگمەنە، داخی ئەوە دەخوات کە ئـەو ڕەگـەزەی هەیـەتی، سروشت بەسەریدا سەپاندووە.

٢- منـــداڵبازی بۆنـــەکان (قوتابیـــانی قوتابخانـــە ناوخۆییـــەکان، سەربازەکان، دەریاوانەکان، بەندکراوەکان، هەموو ئەو کەسانەی سـەر بـە یەك ڕەگەزن و لە کۆمەڵەیەکی داخراودان، ئەوانەی سەرخۆشن).

٣- منـداڵبازی ڕەسـەن، کـە لـە دیمەنیـدا دیـارە (یـەکێك لـە جیاکەرەوەی ئەم جـۆرە منداڵبازییـە ئەوەیـە کـە بـەردەوام هاوبەشـەکانی (هاوکارەکانی) دەگۆڕێ و ڕەوشتی منداڵانی بالق نەبوو تێك دەدا).

ئەوەی شـایەنی باسـە چـینی یەکـەم و سـێیەم لـە شـارەکاندا، چـەند (ماسـۆنیەت)ێکی ڕاسـتەقینە لـە ناوەنـدەکانی هونـەری و ئـەدەبی و هـەتا سیاسیش پێك دەهێنن، لە پاشان ئەندامەکانی ئەم ماسۆنیەتە، ئـەدەب و مێژوو دەکەنە هۆکارێك بۆ پاساودانی ئەم دەردە نەگریسەیان، بەڵام پیادە نەکردنـەکانی لیواتـە (اللواطـة) (دەسـتپەڕی سەربەسـەرانێ، سـەدومیەت (السدومية)،...هتد) تاوەکو ئێستاش چەند ناوێکی جیاجیای بەپێی تەمەن و هەڵبژاردنی هاوکارەکان هەیە، خۆشەویستی منداڵانیش، کە یەکێکـە لـەم ناوانە، پێویستە بە تەنها پۆلینی بکەین، کە بریتییـە لـە گوزارشـتکردن لـە هەڵچوونێکی جەشەری (هەوەسبازی- شهوانی) بەرامبەر بە منداڵە یـەکجار بچـووکەکان و دەسـتگەمەیەکی زیـادەڕۆیی[٥٨]. کەچـی سـەبارەت بـە

(پەدراستی pederastie)[٥٩]. بریتییە لە گەڕان بە دوای چێژی سێکسی لەگەڵ ناکامێکی (قاصر) تەمەن بیست ساڵی و لە ڕاستیشدا هاوواتای (سەدومیە- السدومیة)، واتە ئەنجام دانی جووتبوون لە دواوە (قینگ)ەوە.

سەبارەت بە tribadisme تریبادیزم، نائاسایی سێکسی مێینەکان و یان پانۆکی (السحاق)، ئەمانەش سێ شێوەن لە لیواتەی مێینەکان.

**٤- کەچرەوییە سێکسییەکانی دیکە:**

لەژێر ئەم ئەدرێسەدا، ئەم دیاردانە پۆلێن دەکرێن کە بە هۆیانەوە کارە سێکسیە ڕووشاردراوەکان بەدیار دەکەون:

**أ- خۆ ڕووتکردنەوە:**

ئەمە بە نائاسایی (شذوذ) دانانرێ، بە تایبەتی لای ئەو کەسانەی تەواو پێگەیشتوون، یان تا ڕادەیەك تەمەنیان گەورەیە، بەڵکو حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی نەخۆشی و ئامانجی ئەو کەسە خۆ تێرکردن نییە، بەڵکو ئەو کەسە کە ئەندامە زێیەکانی خۆی دەبینێ خراونەتە بەرچاوی خەڵکی دیکە، هەست بە چێژێك دەکا.. بەڵام خۆ ڕووتکردنەوە لەبەر چاوی منداڵان، یان لە ناو باخچە گشتییەکان و شەقامە جەنجاڵەکان، پێویستە بە توندی سەرکوت بکرێت، یان دەسگیر بکرێ.

**ب- تیمی (التمیمیة):**

بریتییە لە جێگیربوونی بایەخی دڵداری و دوای تێربوون، یان لەسەر بەشێکی جەستە، یان لەسەر پارچە پۆشاکێك.

هەرکامێکی (شهوة) دڵداری، تا ڕادەیەك، ڕەنگا و ڕەنگ بە تیمیەت (التیمیة) دادەنرێ.

بەڵام نائاسایی (شذوذ) ئەو کاتە دەست پێ دەکات، کە زەوقبازەکە

پارچە جلكێكی ئافرەتان دەباتە پەناگەیەك و بۆنی دەكات، یان زەوقی خۆی پێ دادەمركێنێتەوە (واتە خۆی ڕەحەت دەكات)، یان دەگاتە ئەو ڕادەیەی هەندێ جووڵانەوەی بێشەرمانە ئەنجام بدا، وەك ئەوەی تۆوی (المني) خۆی بڕژێنێتە سەر جلكی ئەو كەسەی (ئافرەتەی) گەرەكیەتی.

**ج- مازۆخی (المازوخية):**

پاڵ بە كەسێكەوە دەنێ بۆ ئەوەی چێژ و ئەو ئازارانەی كەسەكە دەیچێژێ كۆیان بكاتەوە، بۆیە دەبینین ئەو كەسە دووچاری چەند ئازارێكی واقیعی دەبێت وەك (تێئاخنین، زامەكان، لێدانی ئەندامەكانی زاوزێ، تەزووە كارەباییەكانو...هتد) كە هەندێ جار دەبنە هۆی ڕووداوی مردن، كە ناوی دەبرێ بە (خۆكوشتنەكانی خۆوروژاندن). بۆیە لێكۆڵەرەوە دەبێ بیر لەو جۆرە ڕووداوانە بكاتەوە، بەتایبەتی كە دەچێتە سەر تەرمێك لە ژوورێكی لا تەریك و قوفڵدراو دایە، لە هەمان كاتدا جلی سەیری لەبەر دایە، یان بە پێچەوانەوە بە تەواوی ڕووتە، بە گشتی خنكێنراوە و دەست و پێی بە ناتەواوی بەستراونەتەوە، ئەوە هێمایەكە بۆ بەشداربوونی كەسێكی قوربانی.

**د- سادیەت (السادية):**

پاڵنەرێكە بۆ ئەوەی چێژی سێكسی بە ئازاردانی كەسێكی دیكە ببەستێتەوە، كە ئەو كەسەش هاوكارەكەیەتی. ئەو ئازاردانەش چ بە بڕینی جەستەیی بێ، یان بە قەمپاڵ لێدانی، یان قامچی لێدانی، یان ڕیسواكردنی بێت. ئەوەش یەكێكە لە مەترسیدارترین جۆرەكانی كاری نائاسایی (الشذوذ)، چونكە هەندێ جار كار دەگاتە ڕادەی كوشتن و شێواندنی جەستەیی.

**هـ- بێشەرمی (الخلاعية):**

ئـەم کـارە، چ نووسـیار و چ بـە فـیلم، پێویسـتە وەك یـەکێك لـە کەچرەوییەکان بایـەخی پێبـدرێت، چـونکە پـیرۆزی نەریتـە گشـتییەکان پێشێل دەکات و سەرەڕای ئەمەش پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەبات.

**سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە:**

پـڕدان (الاغتصـاب)- جوتبـوونی زۆرەملـێ- جێبینیکردنـی جەسـتە (بینینی جەستە) پێویسـتە لـە لایـەن پزیشـکەوە ئـەنجام بـدرێ[٦٠]، بـەڵام ئەوەی لەسەر پۆلیس پێویستە ئەوەیە، کە یەکسەر دەست بەسـەر جـل و بەرگ و جلی نـاوەوەدا بگـرێ و لەسـەر زەوی و سـەر پارچـە جلـەکان، بـە دوای شـوێنەواری تۆمـاو (منـی)دا بگـەڕێ و زامـەکانی سـەر ڕوو و هـەردوو قـۆڵی قوربانییەکـە سـەیر بکـات. هـەروەها لێکۆڵـەرەوە پێویسـتە بـەهۆی شـایەدی شـایەدەکانەوە وەسـفێکی بـەیانی تاوانبارەکـان و شـوێنەکان، بەتایبەتی ژوورەکە، ڕێك بخات. دەشتوانێ وێنـەی نمونـەیی بـەکاربهێنێ و لە حاڵەتی چـەند بارەبوونـەوەی تاوانـەکان، تاوانەکـە بـەهۆی ڕۆژنامـەکان بڵاو بکاتەوە، بەڵام نابێ هەموو ڕووداوێك، یان دەنگوباسـێك کـە دەبیـنین، یان دەگاتە بەر گوێمان بە پڕدانی (الاغتصاب)ی دابنـێین، چـونکە زۆرجـار کـە هەنـدێ دایـك خـوێن بـەربوونی (الحیض) کچـە بچـکۆلەکانیان دەبیـنن دڵەڕاوکێ دایان دەگرێ و بە ناچـاری، پـەنا دەبەنـە بـەر شـێوازی دوانـدنی کچـەکانیان و چـەند وردەکارییـەکی خـەیاڵاوی بـە دەسـت دەهێـنن، بۆیـە توێژینەوە تەنها لە خوێنی و هەندێ حاڵەتی زۆر خراپ پێویستە.

*** تێکدانی نەریتە گشتییەکان:**

لێـرەدا دووچـاری ئاسـتەنگێك دەبـین، بەتایبـەتی کاتـێ کـە تونـدی لەکارەکـەدا بـەکار نـەهاتبێ. بۆیـە ئـەوەی پێویسـتە نـەك هـەر ئەوەیـە

شایەدیی هاوکارەکەی وەربگیرێ، بەڵکو بە وردی چاودێریشی بکرێ، لەم پێناوەشدا وەڵامگۆی ناکامەکە پیت بە پیت وەردەگیرێ و داوای لێ دەکرێ، شوێنەکان و بەروارەکان بە تەواوی دەستنیشان بکات، لە کاتی پرسیار لێکردنیش، سەبارەت بە شوێنەکان، دەبێ هەردووکیان لە یەکدی جیا بکاتەوە، تا گوێیان لە یەکدی نەبێ و دواتر هەردووکیان قسەیان بکەن بەیەك. لێکۆڵەرەوەش بەبێ ئەوەی شەرم بکات پێویستە سەیری ناکامەکە بکات، چ نێر بێ، چ مێ، ئەمەش لە پێناوی سێ ئەگەردا کە ئەمانەن:

١- دەردەسەری.

٢- ڕازیبوون.

٣- هاندان.

*** کردەوە ئابڕووبەرییەکان:**

لەوانەیە گرفتێکی تایبەت بە بواری پزیشکی بخرێتە بەردەم لێکۆڵەرەوە، هەروەك سەبارەت بە هەندێ حاڵەتی خۆ ڕووتکردنەوەی ئەوتۆ کە لێکدانەوەیان هەندێك قورسە، هەروەها سەبارەت بە هەندێ جوڵانەوەی گومانلێکراو، یان هەتا سەبارەت بە مانەوەی جوڵانەوەی گومانلێکراو، یان هەتا سەبارەت بە مانەوەی زۆر لە شوێنە گشتییەکانی میزکردن (لەوانەیە هۆی ئەو زۆر مانەوەیە ئەوە بێ کە کەسەکە پێویستی بە خۆ خوراندن بێ، لەبەرئەوەی تووشی خورشت بووە، یان تووشی میزەچۆڕە بووە) ئەم هۆیانەش هەموویان بە ئاسانی ئیسپات دەکرێن، بەڵام هەندێ حاڵەتی دیکە هەیە، تا رادەیەك ئاڵۆزن و تەنها پێویستیان بە جێبینی پزیشکی هەیە.

*** دەویتی (القوادة):**

بەدڕەوشتی دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین تیم و پەل لەو دەویتانە (گەوادانە) دروست ببن، کە بەهۆی ئەم کارەیان بە خۆشگوزەرانی دەژین.

بێجگە لەم کۆمەڵانە هەر لەو بوارەدا، کۆمەڵێکی دیکە هەیە ماڵەکانی خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە. ئەو دەویتانەش بۆ تۆڕ دانانەوە و نێچیرگرتن گەلێك شێوازی جیاجیایان هەیە، یەکێك لەو شێوازانە ئەوەیە کە کچی نەفام و نەزان فریو دەدەن و دواتر، لە ژێر پەردەی دۆزینەوەی کاری باش و زوو دەوڵەمەندبوونی و بەمێرددانی بە پیاوێکی باش و دەوڵەمەند، بە ویستی خۆی ڕایی دەکەن. بۆیە کچەی ساویلکە ئەم فریودانانە ڕایدەکێشێ، بەڵام نازانێ دوای ماوەیەك بەرەو کۆت و زنجیرکردن و بەندیخانەکانی ڕادەکێشێ.

لێکۆڵەرەوەی شارەزا دەبێ تێبینییەکانی بەهێز بێ و چاودێری هەڵسوکەوت و بزوتنەوەکانی ئەو گەوادانە بکات، ئەمەش لە ڕێگای چالاکییە داراییەکانیان و ئەو شوێنانەی سەردانیان دەکەن و ئەو هاوڕێیانەی هاتوچۆیان دەکەن، هەروەها بەهۆی پلیتی گەشت و ئەو ڕەگەزنامانەی بەهۆیانەوە سواری فڕۆکە و پاپۆڕ دەبن و دەچنە دەرەوە.

لێکۆڵەرەوە دەبێ ئەوە بزانێ کە هەریەکە لە گەوادەکان، لە ژێر پەردەی هەڵسوڕاندنی پیشەیەك، چالاکییە چەپەڵەکانی خۆیان دەشارنەوە، هەروەها نابێ ئەوە لەیاد بکات کە پەلەکردن لە لێپرسینەوەیان باش نییە، چونکە ئاگاداری خۆیان دەبنەوە و ڕیسەکە دەبێتەوە بە خوری، بۆیە پێویستە ماوەیەکی زۆر چاودێری بکرێن و هەموو وردەکارییەکانی (ڕۆژ، کاتژمێر، شوێنەکان و جل و بەرگەکانیان) بخرێنە ناو ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ. هەرچەندە ئەگەر بیرخەرەوەکان ئەدرێسیان بایەخداربێ، بەڵام گوێگرتن لە ئافرەتەکان بایەخی کەمتر نییە،

کاتێکیش کە دان بە کارەکانیان دەنێن دەبێ بپارێزرێن، چونکە بێگومان ئەو ناوەندە چەپەڵە تەنها بیر لە خراپەکاری دەکەنەوە.

*** داوێنپیسی- جووتبوونی ناشەرعی (زینا):**

جێبینی ئەم کارە هیچ گرفتێکی تەکنیکی ناخاتە ڕوو، ئەوەی پێویستە بکرێ ئەوەیە کە شوێنەکە و کەسەکان بە وردی و بە شێوەیەکی تایبەتی بپشکندرێن، بەڵام بە پێی داب و نەریتی یاسایی: بەڵگە مادییەکان بەهۆی شایەدییەکان، جوتبوونی وێنەگیراو لە ناو جێگای هاوبەش، نامە گۆڕینەوە، دانپیانانی گوناهباران لە بەردەم ئەفسەرێکی پۆلیسی دادوەری.

*** تەنگژە سێکسییەکان:**

بە شێوەیەکی بنەڕەتی مەبەستمان لیواتەیە، یان خۆڕووتکردنەوەیە، یان مازۆخیەتە، یان سادیەتە.

لە هەندێ وڵاتان ئەم کارانە بە تاوان دانانێن و پۆلیس خۆی پێوە خەریك ناکات، بە تایبەتی ئەگەر ئەنجامدەرانی ئەم کارە بالق بووبن و ئەم کارانە نەبوونە هۆی ڕوودانی ئابڕووبردنێکی گشتی، بەڵام ئەگەر ئەوانەی دوای ئەو کارانە کەوتوون، کارەکەیان وەك نەخۆشییەك بوو، ئەوا پێویست دەکات هەم دادگا و هەم بە دوای ئەو گرفتەدا بچین، چونکە ئەم کەچرەویانە بە شێوەیەکی نیمچە ئۆتۆماتیکی ئەنجامدەرانی بەرەو تاوان دەبەن و مێژووی تاوانباریش پڕە لە چەندین حاڵەتی لیواتەیی کە دواتر بوونەتە تاوانبار، بێجگە لەوەش کە لە ڕێگای ئەم کەچرەویانەیاندا چەند کارێکی دزینیش ئەنجام دەدەن، دواتریش ئەوە بڵێین کە بە هۆی ئەو کارانەیان دەبنە میکرۆبێك و کۆمەڵ بۆگەن دەکەن.

پۆلیسیش پێویستە چاودێری شوێنە گشتییەکان و ناوەندە تایبەتییەکان و ئەو شوێنانەی تیایدا بە یەکدی دەگەن بکات، وەك سینەما و یانەکان و ئاهەنگە میللییەکان و پێشانگاکان، بەڵام نابێ خۆشمان هەڵبخەڵەتێنین، وا بزانین ئەو سزادان و بەندکردنانەیان کۆتایی بە کارە دزێوەکانیان دەهێنێت، بەڵکو تەنها چەند هۆکارێکی کاتین و هەرگیز نابنە هۆی ئەوەی، لیواتەچییەك بە بەندکردنی شەش مانگ، یان دوو ساڵ چاك بێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەوانەیە خراپتریش بێ (بەتایبەتی لەوانەیە هەندێ لە بەندیخانەکان شوێنی لەبار بن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە چەپەڵانە).

بۆیە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین و بڵێین، کە ئەو جۆرە کارانە و سەدان کاری دیکەی لەم جۆرە، تەنها بە پەروەردەکردنێکی ڕاست و دروستی سێکسی چاودێریکراو لە لایەن شارەزایانی ئەم بوارە لە نێوان کوڕان و کچانی منداڵ. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە بوونی بەشی ناوخۆ، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بڵاوبوونەوەی لیواتە (اللواطة).

# خوو پێوەگرتن بە بێهۆشکەرە ژەهراوییەکان

## یەکەم/ دەستنیشانکردنی:

خوو پێوەگرتن بە بێهۆشکەرە ژەهراوییەکان، بریتییە لە بەکارهێنانی چەند ماددەیەك ئایا چەند دەرمانێکی کاریگەر کە زەوق (هەوەس) دەوروژێنێ و پێیان دەڵێن چالاکی بەخشەکان، بەڵام بە ڕاهاتن لەسەریان وەك پێویستییەکی لێدێت. ئەم خووەش خاوەنەکەی بەرەو داوەشانی جەستەیی و زەینی دەبات. بێجگە لەوەشی زۆرجار پاڵی پێوە دەنێ کە چەند کاردانەوەیەك دژی کۆمەڵ دەربخات.

لەبەردەم گەورەبوونی مەترسی ئەم دەردەدا، دەوڵەتەکان ناچار بوون چەند ڕێگاچارەیەکی توند، لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیدا بۆ لەناوبردنی پەیڕەو بکەن، بۆیە خوو پێوەگرتن بە بێهۆشکەرەکان بووە هۆیەك بۆ هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی لە نێوان لایەنەکانی پۆلیسی تاوانکاری.

## دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:

لەراستیدا، لێرەدا مەبەست ئەوە نییە وەسفی ئەو شێوازانە بکەین کە بۆ دەسکەوتنی، یان بەکارهێنانی بێهۆشکەر (مخدر) پەیڕەو دەکرێن، بەڵکو بەر لە هەموو شتێك مەبەست ئامادەکردنیەتی. لەم پێناوەشدا دەبێ بەرهەمە ڕووەکییەکانی ئەو مادەیان لێ دروست دەکرێ، لە بەرهەمەکانی دەستکرد جیا بکەینەوە.

بەرهەمە بە بنەچە گیاییەکان ، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

**١- تریاك:**

بریتییە لە ئاوگی وشککراوەی ڕووەکی خاش خاش، بۆنێکی هەنگوێناوی لێ دەردەچێت، بە چەند شێوەیەك قووت دەدرێت، لەوانەیە شێوەی دەنك.

**٢- مۆڕفین:**

بریتییە لە قلیەیی ئەفیۆنی (قلوي افيوني) وەك گیراوەیەکی پێك هاتوو لە ١٠ سم بەپێوەری ١ غم بۆ هەر ڕۆژێك، بە هۆی دەرزیلێدانی ژێر توێژ (حقنات تحت البشرة) وەردەگیرێ، ئەو دەرزیلێدانە، یان لە ڕان، یان لە لاق، یان لە زگ دەدرێ.

ئەو مۆڕفینە دوای بەکارهێنانی، زەوق و خۆشی دەداتە بەر بەکارهێنەرەکەیی و خەیاڵ دەوروژێنی، بەڵام پاش ماوەیەك بە پێچەوانە بەسەریدا دەشکێتەوە و بەرەو گێلی و کەچرەوی سێکسی دەبات و خو پێوەگر (مدمن) زوو پیربوون و بێتوانایی و خوڕەوشتێکی نائاسایی لێ دەردەکەوێ، تا وای لێدێ دەگاتە قۆناغی داهێزرانی گشتی (ڕەوانی بەردەوام- ڕشانەوەو...هتد) لێرەدا مۆرفین پاڵ بە خووپێوەگر دەنێ بەرەو دزی و ساختەکاری بەدڕەوشتی.

**٣- هیرۆیین:**

ئەوەش پوختەکراوی مۆرفیینە و دوو هێندە، یان سێ هێندە کاریگەری لە مۆرفیین بەهێزترە، لەوێش زیاتر بەر بڵاوترە و بە شێوەی تۆز، یان گیراوە وەردەگیرێ.

٤- كۆكایین:

ئەو مادەیە لە گەڵاکانی کۆکا دەردەهێنرێ، وەك ئـەو بـەفرە وایـە کـە تامی دەکەی، هەست بە ساردییەك و نیمچە پەککەوتنێکی زمـان دەکـەی. هــەر چــۆنێ بــێ، بــەکارهێنانی ئــەم مادەیــە زۆر کــەم بۆتــەوە... بــڕی بەکارهێنانی بۆ هەر جارێك ٢٠ تا ٣٠ غرامە و بەو برە، کەسەکە بۆ مـاوەی (١٢) کاتژمێر سەرخۆش دەبێ لەم ماوەیەدا، هەست بە حەسانەوە دەکـات لەم ماوەیەشدا، بە پێچەوانەی ئەفیون، توانـای عـەقڵی تێـك ناچـێ، بـەڵام دوای ئەو هەست بە خۆشیکردنە تووشی هەرەسهێنانێکی پیس و هەڵچوون و شــڵەژان دەبــێ و پێویســتی بــەوە دەبــێ ســەر لــەنوێ هــەمان بــڕ وەربگرێتەوە، ئا بەم جۆرە دوای بەسەر چوونی (٥) سـاڵ، یـان (١٠) سـاڵ خـوو پێـوەگر (مـدمن) دەکەوێتـە ژێـر بـاری حاڵـەتێکی عـەقڵ تێکچـوونی درێژخایەن (مزمن)ی، نزیك لـە گێلـی، تووشـی چـەند گومانبردنێـك دەبـێ، بەردەوام وا هەست دەکـا، زینـدەوەر و ئەسـپێ لەسـەر پێسـتی دایـە و بـە تــەواوی لاواز دەبــێ و تووشــی فێــداری و نەخۆشــییەکانی دڵ دەبێــت... ئەمانـە و گـەلێ نەخۆشـی دیکـەی تـووش دەبـێ و بێجگـە لەوانـەش، لەبـەر پێویستی بەو مادەیە، توشـی دزی و سـاختەکاری دەبـێ و دەچێتە ڕیـزی کەچڕەوە سێکسییەکان (چونکە بێهۆشکەرەکە ئەو هەستەی دەوروژێنێ).

٥- گوشی هیندی (القنب الهندي):

بۆ ئامـادەکردنی ئـەم ماددەیـە دوو ڕێگـا هەیـە: کەتیرەکـەی، کـە بـە پــەنگ (تریـاك) نـاو دەبـرێ و لـە وڵاتـانی ڕۆژهــەڵات، لەگـەڵ شـیرنەمەنی تێکەڵاو دەکرێ و لایەنەکانی گوڵدار و پـەڕەکانی وشـك کراونەتـەوە... بـە هـۆی قەننــەی تایبــەتی، یـان جغـارە دەکێشـرێت. لـە قۆنـاغی یەکـەمی بەکارهێنانیدا وروژاندنێك دروست دەکات، پاش قۆنـاغی ئـەقڵ تێکچـوون و

چەند ئارەزوویەکی خۆدەرخستن دێت و دوای چەند کاتژمێرێك، دەکەوێتە ناو دەریای خەوێکی قوڵەوە.

**بەرهەمەکانی دەسکرد، یان بەرهەمە ئەزموونگەییەکان:**

**١- ئیسیر (الاثیر):**

دەبێتە هۆی جۆرە سەرخۆشکردنێك، دوای ئەوە تووشی گەراوێشکە دەبێت و خەو دەیباتەوە، بەڵام ئەوە بە کەمی بەکاردێت.

**٢- ئەمفیتامینات (الامفیتامینات):**

وەك ئورتدرین و میکەسیتون و...هتد. زیاتر لای وەرزشوانان و لاوەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە چالاکییەکی فیکری و جەستەیی کاتیان دەداتێ، بەڵام هێندەی پێناچێ، تووشی چەند حاڵەتێکی ورێنەیی دەبن.

**٣- ئێل. ئێس. دی-** L.S.D:

ئەوە لە ئەزموونگە بەرهەم دەهێنرێ و ماددەیەکی نوێ و سەیرە، بۆ پەیداکردنی زەوق و هەوەس.

**٤- بەکارهێنانی هەندێ دەرمانی مۆرفینکراو، هەندێ جار دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن:**

هەروەها ئێستا وای لێهاتووە، سیدۆل (سکۆبۆلامین- مۆرفین) و ئۆبین و دیلندیل و بەنتۆبۆن، میتەدون، جێگای گومان لێکردن بن. لە کۆتاییشدا ئەو چالاکیبەخشە دەسکردانەی وەك دژە ئازارەکان دەخرێنە گۆڕێ، دەبنە هۆکارێك بۆ ڕاهاتن لەسەریان و ژەهراویبوونێکی وەك ئەو ژەهراویبوونەی لە مۆرفین و ئەفیوندا هەیە، پەیدا دەکەن.

**سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە:**

ئەوەی لای ئێمە زانراوە ئەوەیە، کە پۆلیس ئەمڕۆ گەلێك زیاتر بایەخ بە وەستاندنی بازرگانی سڕکەرەکان دەدات، لەوەی بەدوای بەکارهێنەرانی بگەڕێ. بۆ پتر زانیاریشمان دەبێ ئەوە بزانین کە ئەوانەی ئەم کارانە دەزانن، لەناو توێژەکانی پزیشکان و هونەرمەندان و سۆزانییەکاندان و بە دوای قازانجێکی یەکجار زۆردا دەگەڕێن. سەرەڕای ئەو پێکهاتەیەی ئەوانە لە ناو خۆیاندا پێکیان هێناوە، دابینکەرانی ئەو سڕکەرانە (مافیا)یەکی پسپۆڕ لەم بوارەدا پێکدەهێنن و چەندین لقی نێودەوڵەتی و ئەزموونگەی نهێنییان هەیە. ئەو وڵاتانەی (ئەفیون) دابین دەکەن بریتینە لە: چینی خواروو- پیرمانیا- تایلەند- ئێران.

(مۆرفین)یش لە هۆنگ کۆنگ و ئیتاڵیا و لوبنان دێت، کەچی بازرگانی (کۆکایین) بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتینیەوە دێت.

قاچاخچییەکانی ئەم ماددە بێهۆشکەرانە، فرت و فێڵ و حەشارگە شەیتانینەکانیان دیار و زانراوە، وەك: ئەو جانتایانەی دوو بنیان هەیە، ئەو پێڵاوانەی دوو بنیان هەیە، شووشەکانی ترمسی شەختەکار، تەنیشتەکانی جوانکاری ئۆتۆمبێل، سندوقەی کون و قوژبنەکانی ترێلە و لۆری گەورە وپاسەکان و گەلێ شوێنی دیکە.

دەبێ ئەوەش بزانین کە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی هەیە، تەنها ڕێگا بە حەوت دەوڵەت دەدات (ئەفیون) بەرهەمبهێنن و بینێرنە دەرەوە کە ئەمانەن:

بولگاریا- یۆنان- هیند- ئێران- تورکیا- یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو- یۆگۆسلافیا.

بە گوێرەی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانیش (لاهای) (١٩١٢ و ١٩٣٦ و ١٩٦١) لە هەر وڵاتێکدا لە ناوبردنی چالاکبەخشەکان (المزهلات) ڕێکخراوە

که بەم جۆرەی خوارەوەیە:

١- دەرچوواندنی چەند تەگبیرکارییەکی یاسا کاری، یان ڕێکخستنکاری.

أ- مافی پشکنین دراوەتە پۆلیس بۆ ئەوەی بە شەو و بە ڕۆژ، ئەو شوێنانە بپشکنن کە چالاکبەخشەکانی تیادا بە کۆمەڵ بەکار دەهێنرێ.

ب- بۆ ئەوەی چاودێری بەکارهێنانی چالاکبەخشەکان بکرێ، لە ڕیزی مادە ژەهراویەکانیان پۆلێن کردوون. بۆ ئەم مەبەستە، یاسا ئەم مادانەی بۆ سەر سێ لیستە پۆلێن دەکات:

لیستی (أ): مادە ژەهراوییەکان.

لیستی (ب): چالاکبەخشەکان[٦١].

لیستی (ج): مادە مەترسیدارەکان.

ئەم پۆلینکردنەش پشکنینەکان ئاسان دەکات، بەم جۆرە دەرمانساز ناتوانێ وەسفە پزیشکییەکان جێبەجێ بکات، تەنها دوای ئەوە نەبێ کە لەناو تۆمارێك، تۆماریان دەکات و بۆ ماوەی (دە) ساڵ دەیانپارێزێ. لەو تۆمارەشدا، مێژووی وەسفەکە و ناوی وەسفکار و کڕیاری تێدا دەنوسرێ.

ج- زۆر لە پزیشکەکان کرا بۆ ئەوەی دەفتەرێکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنن، تاکو نەتوانن وەسفی خەیاڵی، یا هەر وەسفێکی دیکە بکەن.

٢- دانانی فەرمانگەیەکی پۆلیسی تایبەتمەند، ناوی لێ بنرێ (تیمی چالاکبەخشەکان) و لەم ناوەندە داخراوەدا، چەند خەبەردەرێك بەکار دەهێنرێ[٦٢].

٣- ڕزگارکردنی خوو پێوەگر (مدمن) لەو دەردەی تووشی بووە، بۆ ئەم مەبەستە دادوەر دەتوانێ بە زۆری وازی لێ بهێنێ[٦٣].

# تاوانەکانی سیاسی

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

چەندین کێشەی ئەوتۆ هەیە کە سەیریان دەکەین دەبینین لە ڕواڵەتی دەرەوەیاندا کێشەی ئاساییین (وەك کێشەکانی کوشتن و شکاندن، هەتا ونکردنی نووسینە فەرمیەکان)، بەڵام لە ژێرەوەیاندا چەند تاوانێکن دژی دەوڵەت.

دەتوانین تاوانێك لە تاوانەکان بە سیاسی دابنێین، ئەگەر هاتوو سۆزی کەسێك، یان چەند کەسێکی نەزانی لە لایەن سیاسەتمەدارێك، یان گروپێکی سیاسی بەرهەڵستکار تێیدا جۆش درابوو، تاوانەکەشی بریتی بوو لە چەند هەوڵێکی ڕەشەکوژی و پیلاندانان و سیخوڕی و کردەوەکانی فڕاندنیشی لەگەڵدا بوو.

**دووەم/ ڕێگاکانی ئەنجام دانی:**

**أ- هەوڵەکانی ڕەشەکوژی (الاغتیال) کەسایەتییەکان:**

مەبەست لێرەدا تاوانەکانی خوێنە کە دژی سەرۆك دەوڵەتان و وەزیرەکان و گەورە پیاوان ئەنجام دەدرێن.

بۆیە دەبێ فەرمانگەیەکی تایبەت هەبێ ئەرکی ئەوە بێ، سەرۆك دەوڵەتەکان لە کاتی هاتووچۆکردنیاندا بپارێزرێن. دەبێ ئەوەش بزانین کە تیرۆریستەکان بۆمب و چەقۆ و چەکی ئاگردار لەم کردەوانەیاندا، بەکاردەهێنن و جەنجاڵی زۆری خەڵك لە شوێنەکەدا، خزمەتی کردەوەکانیان دەکات.

**نمونەیەك لەم بوارەدا:**

بە دزی کوشتنی (رەشەکوژی) سەرۆك کنیدی، لە ٢٢ تشرینی دووەم ١٩٦٣، شێوەیەکی نوێ و کاریگەر بوو لە ڕێگاکانی ڕەشەکوژییە سیاسیەکاندا، کە بکوژ لە پەنای بەرزاییەك و بەهۆی تفەنگێك، کە دووربینێکی یەکجار وردی پێوە بوو، تەقەی لە سەرۆك کنیدی کرد و کوشتی.

بێگومان لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین، کە لەم ڕووداوە تیرۆریستییەدا درزێك لە تەکنیکە پۆلیسەکاندا هەبوو، چونکە هیچ پشکنینەکی پێشینەیان بۆ تەلار و خانووەکانی ئەم دەوروبەرە ئەنجام نەدابوو و چاودێری ئەو شوێنەیان نەکردبوو، کە دەیڕوانییە ڕەوت و گوزەرکاری کەژاوەکە.

لە کۆتاییشدا ئەوە ماوە بیڵێین، کە هەندێ جار ئەو ڕەشەکوژیانە بە هۆی ناردنی بەستەکەکان (طرود) و نامە مینکراوەکان دەکرێت، کە لە خۆیانەوە، یان بەهۆی کارەباوە دەتەقنەوە.

**ب- پیلان و کودەتا سیاسییەکان:**

پیلان بریتییە لە خۆ ئامادەکردنێك بۆ کودەتای سیاسی، ئەو کودەتا سیاسییەش دەبێتە هۆی ئەوەی سیستەمێك شوێنی سیستەمێکی دیکە، یان کەسایەتییەك شوێنی کەسایەتییەکی دیکە بگرێتەوە بۆ ئەوەی کارەکە زیاتر ڕوون بێتەوە، دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن تەنها چەند کەسێکن ئەوا بە کودەتا دادەنرێ، بەڵام ئەگەر ئەوانە چەند کۆمەڵێکی سیاسی، یان سەربازی بن ئەوا بە شەڕی ناوەخۆ دادەنرێ، بەڵام ئەگەر ڕووداوەکە بە بەشداربوونێکی جەماوەری جۆشدرا و دواتر ئەنجامدرا (هەروەك ئەگەر کەمایەتییەکی مافخوراو لە پێناوی

وەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی بەرپای بکات) ئەوا، بە شۆڕش دادەنرێ.

**ج- سیخوڕی (التجسس):**

یەکێك لە کۆنترین دام و دەزگاکان لە مێژووی گەلاندا. سیخوڕی کارا (فعال) ئەم کارەش لەسەر یەکێك لەم سێیانە وەستاوە:

**١- هاموشۆکردنی خەڵکان:**

هەر یەکێك ئەگەر پەیوەندییەکانی خۆی، لەگەڵ خەڵك توندوتۆڵ کرد و خۆی بەبێ لایەن لە ناویان نیشان دا و بەهۆی ئەو فێڵەوە هەموو قسەیەکی کرد، ئەوا دەتوانێ ئەو زانیاریانەی گەرەکیەتی بەدەستیان بهێنێ، ئەوەش هونەرێکە بۆ بە قسە هێنانی ئەو کەسانەی دەیەوێ قسەیان لێ وەربگرێ.

**٢- چاودێریکردنی ڕێك و پێك:**

نۆکەر (العمیل) کاری ئەوەیە هەموو ئەو ڕاپۆرتانە ئامادە بکات، کە دەربارەی تێکڕای ئەو ڕووداوانەن کە بە خۆی سەیری کردوون و وێنەی گرتوون.

**٣- دزینی پاڵگەکان (المستندات)، کە تەواوکەرێکی نیمچە زۆرەملێیە بۆ چاودێریکردن:**

ئەوە تەنها ئەوە نییە کە پاڵگە بنەڕەتیەکان پتەو دەکات، بەڵکو دەرئەنجامە دیبلۆماسییەکان و دام و دەزگاکانی سیخوڕی، لەسەر چەند سەلمێنراوێکی مادی هەڵدەسەنگێنێ. کەچی سیخوڕی هەڵچوو (التجسس المنفعل)، هەر هەمان شێوازەکانی پێشوو بەکاردەهێنێ، بەلام پشت بەو

گوێبیستییه نابەستێ که خەڵك له خۆیانەوه دەدوێن، بەڵکو بە تۆبزی دەیان هێنێته قسه.

٤- فڕاندن و ملپەڕاندنه بێ دادگاییەکان:

ئەو کردەوانە له مادەی سیخوڕی و باری یاخیگەریدا زۆر بەدی دەکرێ، لەکاتی ونبوونێکی هۆ نادیار، یان دۆزینەوەی تەرمی کەسایەتییەك له بارودۆخێکی نادیار، پێویسته به چاکی بیری لێبکەینەوه. نمونەی زۆریشمان لەسەر ئەم جۆره فڕاندنانه لەبەر دەستدایه، لەوانەیه: ژەنەڕاڵی بواری سیخوڕی (ئیخمان) له ١٢ی ئایاری ١٩٦٠ له وڵاتی ئەرجەنتین، دوای ئەوەی له لایەن دەزگای نهێنی ئیسرائیلی ڕفێندرا، به هۆی (بنتۆنال)ەوه خەوێندرا و پاشان خرایه ناودارەبازەیەك و لەو وڵاته دەرهێندرا و به دەست بەستراوی ناردرایه ئیسرائیل، لەوێ به تاوانی قڕکردنی یەهودییەکان لەسەردەمی هیتلەر، تاوانبار کرا و حوکم درا، هەروەها فڕاندنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لەم دواییەدا، له لایەن دەزگای میتی تورکیاوه، نمونەیەکی زەقی ئەو سەردەمەیه.

**سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوه:**

**ڕەشەکوژییەکان** (**الاغتیالات**):

لەبەر ئەوەی زۆرجار بەهۆی خڕبوونەوەی جەماوەر ڕوودەدەن، بۆیه دەبێ پۆلیس وەك دەستپێشخەریکردنێك ڕاستەوخۆ به تەواوی چواردەوری شوێنەکان بگرێ و نابێ ئەوه لەبیر بکات، که چەندین وێنەی فۆتۆگرافی خەڵکەکه و باڵەخانه و خانووەکان بگرێ، هەروەها دەبێ دەست بەسەر ئەو هەموو فیلم و وێنانەدا بگرێ که ئارەزوومەندانی وێنەگرتن دەیگرن.

دیسان پێویسته چەندین هێڵکاری و نەخشەی ورد بۆ شوێنەکان

بکێشێ، لە کاتێکیدا ئەگەر نەتوانرا یەکسەر تاوانبار دەسگیر بکرێ، ئەوە پێویستە لە نێوان نەخۆشەکانی ئەقڵی و پەنابەرە گەڕۆکەکان و سیاسییە وێرانکەرەکان و بکوژە بەکرێگیراوەکان بگەڕێین. هەروەها پێویستە سەرنج بدەینە تۆماری ئەو کەسانە و لێیان وردبینەوە.

لە حاڵەتی دەستدرێژیکردن بۆ سەر تەقەمەنییەکان پێویستە ئەوە لەبەر چاوی خۆمان دابنێین، کە تیرۆریستەکان زۆرکات نامەی وا بەکار دەهێنن کە ڕواڵەتی دەرەوەیان، هیچ شتێکی خراپی لێ نابینرێ و ئەو نامانەش بە ڕێگایەکی ئاسایی (بەهۆی ڕێککەوتنێکی، یان یارمەتیدانێکی ئاگاییانەی خزمەتکارێك، یان نامەبەرێك، یان کرێکارێك) دەگاتە دەستی ئەو کەسە کە نامەکەی بۆ نێردراوە.

لە کاتی لێکۆڵینەوە لەم بابەتەدا، لێکۆڵەرەوە دەبێ زەینی خۆی بە تەواوی بخاتە سەر ئەو کەسەی، کە خراوەتە بەر باری لێکۆڵینەوە، بە توندی نکۆڵی لە هەموو شتێك دەکات.

ئەگەر چی پۆلیس، تا ڕادەیەکی زۆر، بایەخ بە سەرکوتکردن دەدات، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر خۆ بەریتەوە کە لەو لێکۆڵینەوانەدا پێویستیان بەو یارمەتییانە هەیە، کە لەلایەن پۆلیسە تایبەتییەکان (پۆلیسی بزوتنەوە سیاسییەکان) و پاسەوانانی کەسایەتییەکان پێشکەشیان دەکرێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەوانە هیچیان بە کەڵك نایەن، تاکو ڕێز لەم دوو بنەما بنەڕەتییە نەگیرێ کە ئەمانەن:

١- ناتواندرێ پاسەوانییەکی کەسی دروست بکرێ، ئەگەر ئەو پاسەوانانە تەنها بۆ نیشاندانی جلە یاساییەکانیان بێت.

٢- پێویستە لێپرسراوەتی ئاسایش بدرێتە فەرمانبەرێکی پۆلیسی یەکجار بە ئەزموون (نەك بدرێتە کەسێکی کەم شارەزا و باش ئامادە نەکراو).

*** پیلانەکان (المؤامرات):**

سۆراخکردن و لێکۆڵینەوە هەردووکیان کاری دەزگا تایبەتمەندەکانن، چونکە هەر دەوڵەتێك، بەهۆی بوونی وەك دەوڵەت، پێویستی بە پاراستنی ئەم بوونەی خۆی هەیە.

ئەوەی پێویستە لەم بوارەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە، کە دەبێ سوود لە گوێگرتنە تەلەفۆنییەکان وەربگرین و تۆڕێکی سەربەخۆی گەیاندنە بێتەلییەکان دابنێین، ئەوەش بۆ ئەوەی لە لایەك پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان، لە کاتی مانگرتن و ئاژاوەنانەوە، نەپچڕێ لە لایەکی دیکەوە تەگەرەکانی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکان کەم ببنەوە.

*** سیخوڕی (التجسس):**

بەبێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی کاری فەرمانگە تایبەتییەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنیان، کە ئەمە یەکێکە لە نهێنیەکانی بەرگری نەتەوەیی، پێویستە ئەوە بزانین کە قەت ناتواندرێ چارەسەری کێشەیەکی سیخوڕی لە هەموو لایەنەکانیەوە بکرێ، چونکە ئەم کەسانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، چەندین شێواز و ڕێگای تایبەتیان هەیە و تێکەڵاوییەك لە نێوان کەسەکان (هەندێ جار نۆکەری دوو لایەنەن) و کێشەکان و دەوڵەتەکاندا هەیە، سەرباری ئەمانەش، بەهۆی کەڵەکەبوونی چەندین زانیاری پێویست، تووشی چەندین ئاستەنگ دەبین، نەك تەنها ئەو ئاستەنگانەی پەیوەستن بە ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆ، بەڵکو ئەوانەش کە پەیوەستن بەو درێژکردنەوە بێ مانایەی کە کێشەیەکی دواتر دەهێنێتە کایەوە، هەروەها ئەو ئاستەنگانەش دێنە ڕێگای چاودێریکردنی نۆکەرە دوو لایەنەکان (العميل المزدوج). بۆیە لەم کێشانەدا پێویستە چەندین وێنەی ڕوونکردنەوەی ورد هەبن، ئەوەش بۆ ئەوەی هەر وەڵامگۆیەك

(ایفادة) نیمچە ئۆتۆماتیکی لە ناو پاڵگەکانی فەرمانگە تۆمار بکرێن[٦٤].

هەروەها هەندێ کاروباری تایبەتی وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ لێکۆڵینەوە، یان لەگەڵ لێکۆڵینەوە، دەبێ ئەنجام بدرێن، ئەمانەش وەك: تێکدانی ئابڕووی نەیار (ئەوەش بە دروستکردنی چەندین پڕوپاگەندەی ئاڕاستەکراو و بڵاوکردنەوەیان و دروستکردنی چەندین ڕووداو، یان بیروڕای ساختە و ئامادەکردنی چەندین پاڵگەی ساختە و بەکارهێنانیان) چاودێریکردنی گەیاندنە کارەباییە بێتەلییە نهێنییەکان و بایەخ دان بە شوون هەڵگرتن و سوود وەرگرتن لەو وێنانەی لە دوورەوە دەگیرێن.

سەرەڕای ئەمانەش، ئەزموونگەی پۆلیسی زانستی، ڕۆڵێکی گرنگی لە دۆزینەوەی شوێن مۆرەکان و شیکردنەوەی، گیراوە جیاجیاکان و خوێندنەوەی پاڵگە ساختەکارییەکان هەیە... لە هەمان کاتیشدا فەرمانگە سیخوڕییەکان دەبێ پشت بە جفرە ببەستن، لەم بوارەشدا پێویستە پشت بە شارەزا و پسپۆرانی ئەم کارە ببەستن، لەوانەیە هەندێ جار چەند نووسینێك بکەونە بەردەست کە بە مەرەکەبی نهێنی نووسرابێ، بەڵام ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ئەوەندە زەحمەت نییە، ئەوەش بە هۆی بەکارهێنانی ئەو ڕوناکییەی پێی دەکەوێ، یان بەهۆی تیشکی ژێرەوەی سوور (تحت الحمراء)، یان ژوور بنەوشەیی (فوق البنفسجیة).

# ناکامەکان (قصر)
# وەك قوربانی و سەرپێچیکار

**یەکەم/ دەستنیشانکردنی:**

چـەندین سـاڵە، ڕۆژنامەنووسـەکان، نووسـەرەکان و تاواnناسـەکان، خۆیـان بـە بابـەتی تـازە پێگەیشـتووەکان خـەریك کـردووە و وادەزانـن گرفتێکـی نوێیـان دۆزیوەتـەوە. کەچـی تـازە پێگەیشـتووەکان، کـە دیاردەیـەکی سروشـتی و ئاکـارەکی گشـت سـەردەمەکانن، ئەگـەر کـەم و کوڕی لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان نـەبێت، ئەوەنـدە پێویسـتیان بـە بایـەخ پێدان نییە.

دەبێ ئەوە بزانین کە لێکترازانە خێزانییـەکان و چـەتەگەرییەکان (کـە لە جیهانی پڕ ژاوەژاو و جەنجاڵدا یـەکجار زۆرە) وایـان کـردووە دەسـەڵاتی دادوەری (سەبارەت بەو هەرزەکارانەی کە هەندێ جـار قوربـانین و هەنـدێ جاریش تاوانبار یان لاسار) بە وەڵام بێت.

**دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن:**

**ناکامەکان وەك قوربانی:**

*** کوشتنی منداڵان:**

وەك کوشتنێکی، یان ڕەشەکوژییەکی منداڵی ئاوڵەمـە (تـازە لـە دایـك بوو) دەستنیشان دەکرێ. واتە مەبەسـت ئەوەیـە، کردارێکـی خۆویسـتە و بریتییە لە خنکانـدنی (ملپەڕانـدنی) منـداڵێکی لـەدایکبووی زینـدوو، بـەڵام هێشتا لە زایندەی (تۆماری) بارەکانی کەسێتی (سجل احـوال الشخصـیة) ناوی نەنوسراوە، ئەو ڕێگایانەی بۆ کوشتنی منـداڵان زۆر بـەکاردەهێنرێن، بریتییە لە هەناسەبڕین (پـەڕۆ لـەناو دەمنـان) کـە لـە ٣٦٪ی حاڵـەتەکانـە،

پاشان خنکاندن که له ٢٢٪ی، کەموکوڕی بە ئەنقەست لە بایەخپێدان لە ١٣٪، نقومبوون له ئاو لە ١٠٪ لە کۆتاییشدا لێدانی بە توندی لە ٩٪ی حاڵەتەکانە... ئەو کوشتنانە بە زۆری دایکی منداڵەکە ئەنجامی دەدا و هەندێ جاریش کەسانی دیکە بەشداری دەکەن، بەتایبەتی له کاتی لابردنی (فڕێدانی) تەرمی منداڵەکە.

*** لەباربردن (الاجهاض):**

بریتییه له دەرهێنانی منداڵی ناکام له ناو زگی دایك و ڕێگاگرتن لە تەواوبوونی بەرهەمی زگپڕی. ئەو کارەش به شێوەیەکی گشتی لە نێوان دوو مانگی یەکەم و سێیەمی زگپڕی ئەنجام دەدرێ و ئافرەت بە ویستی خۆی، به هەمان ڕێژەی پیرێژنەکان، یان پزیشکەکان، یان یاریدەدەرەکان، ئەنجامی دەدات. ڕێژەکەشی بە شەشیەکی ژمارەی گشتی منداڵبوونە ئاساییەکان مەزەندە دەکرێ.

ئەوەش ئامارژە بەوە دەکات کە ئەم لە باربردنە، هەرچەندە مەترسیشی زۆرە، ڕێژەی بەرزە، ئەم مەترسیانەش وەك مردنی کتوپڕی دایك و کاردانەوە لە کاتی جێبەجێکردوەکە(٦٥)، یان خوێنبەربوون (حیض)و...هتد.

سەرەڕای ئەمانە، لەباربردن چەند شوێنەوارێك لەسەر منداڵدان سمتەجۆڵە (حوض) جێ دەهێڵێ و دەبێتە هۆی نەزۆکی، بەڵام دەربارەی ئەو هۆکارانەی لەپێناوی لە باربردن بەکاردێت، ئەوەیان بەهۆی چەند گیراوەیەکەوە، یان بەهۆی چەند ئامێرێکەوە دەخرێنە ناو منداڵدانەوە و هێلکۆکە له بن و بۆتکەوە دەردەهێندرێ، دەربارەی پشتگوێخستنی منداڵ و فڕێدانیشی سزادانی لەو بارەوەدەبێ، کە ئایا فڕێدانی، یان بەجێهێشتنی منداڵ له شوێنێکی لاتەریك، یان ئاوەدان بووە. زۆرجار بەجێهێڵراوەکان، یان فڕێدراوەکان منداڵە تازە لە دایکبووەکانن کە لە مزگەوتەکان، یان

کەنیسەکان، یان نەخۆشخانەکان فڕێ دەدرێ، یان بەجێ دەهێڵدرێ. هەندێ جاریش ئەم فرێدراوانە منداڵی (٢، یان ٤) ساڵەن و کەس و کارەکانیان دەیانەوێ خۆیان لە دەستیان ڕزگار بکەن. کارامەترین تەکنیکی سەردەمیش بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەیان، پەنا دەباتە بەر بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان لە ڕۆژنامەکاندا.

یاسا ئەو ناکامانەی لە تەمەنی پازدە ساڵیدان، لە کردەوەکانی توند و تیژی و ئەو مامەڵە خراپانە دەپارێزێ، کە بریتییە لە لێدان، بریندارکردن، شێواندن، هەروەها بێ بەشکردنی لە بایەخ پێدەر و چاودێریکردن و خواردەمەنی پێدان. هەر لەم بوارەشدا ئەوکەسانە توندتر سزا دەدا، کە لە منداڵەکە نزیکن و دەسەڵاتیان بەسەریدا دەڕوات.

ئەوەی پێویستە لەم بوارەدا بکرێ ئەوەیە، هەر کاتێ شوێنی لێدان و برین و شکستمان لەسەر جەستەی منداڵ بینی، پێویستە بیهێنینە وەڵام و بە تەواوی هۆیەکانی بزانین، هەروەها پۆلیس ڕاسپێردرێ بۆ ئەوەی چاودێری کەس و کاری ئەو ناکامانە بکات، کە توند و تیژیان لەگەڵ بەکار هێناوە. ئەوەی جێگای داخە تاوەکو ئێستا جۆرە ترسنۆکییەك لە ڕای گشتیدا هەیە کە دەبێتە هۆی دوور و درێژکردنەوەی ئازارەکانی منداڵ، بەڵام پۆلیس ئەگەر سیاسەتێکی کارامە بگرێتەبەر، ئەوا دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ.

لێکۆڵینەوە لەو بەدڕەوشتانەی بەرامبەر ناکامەکان ئەنجام دەدرێن، بابەتێکە لە سەختترین بابەتەکانی پۆلیسی تەکنیکی لە هەمان کاتیشدا وردەکاری زۆری تێدا هەیە. ئەگەرچی ئەم مەسەلانە ئەنجامەکانیان زۆر خراپ نییە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر خراپ کار لە ئابووری خانەوادەکان دەکات و ئەنجامدەری کارەکەش، کە ئابڕووی چووە، هەوڵدەدا لەسەرخۆی لابدات(٦٦).

ئاشکرابوونی ئەم ڕووداوانە خۆی لە خۆیدا کارێکی سەختە، چونکە

ئەنجامدەری ئەو کارە لەلایەن کەس وکارییەوە تەنگاو دەکرێت، ترسی لە ئابڕووچوونی ئاشکرا هەیە و ئەم کارە وای لێدەکات، هەمیشە شەرم دایبگرێ و دوورە پەرێز بێ و هەست بە تاوان بکات.

ئەو کارە ئابڕووبەرانەش بەزۆری بریتین لە چەند دەستگەمەیەکی ئابڕووبەرانە، چەند جوڵانەوەیەك، یان چەند نیشاندانێکی سووکانە، چەند کارێکی سێکسی ئاسایی، یان لیواتەیی، چەند پەیوەندییەکی قەدەغەکراوی نێوان باوك و کچەکەی، بە شێوەیەکی کەمتریش پڕدان (اغتصاب)، یان هەوڵدان بۆ پڕدانی.

دەبێ ئەوەش بزانین کە کەسانی ئابڕووبەر هەمیشە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خۆیان ئاڕاستەی ئەو کوڕانە دەکەن، کە تەمەنیان لە نێوان (١٤ هەتا ١٧) ساڵیدایە، یا ئاڕاستەی ئەو کچە بچووکانە دەکەن، کە تەمەنیان لە نێوان (١٠ تا ١٤) ساڵیدایە، کەچی ئابڕووبەرەکان خۆیان تەمەنیان لە نێوان (٢٥ تاکو ٤٥) ساڵیدایە، بە زۆریش ئەوانە ڕەبەنن و لە توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دانە.

لێرەدا ڕۆڵی پارێزگارانەی پۆلیس دەست پێدەکات کە بریتییە لە چاودێریکردنی شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان (جەژنەکان و ئاهەنگە میللییەکان، وێستگەکان، هەتا مزگەوت وشوێنە ئاینییەکانیش)، هەروەها لەدوای کات و ساتەکانی قوتابخانە لێپێچینەوە لە هەر ناکامێك کە دەستبەتاڵ وەستابێ، چونکە هەر ئەو بێکار وەستاوانە دەبنە هۆی ئەم مەسەلانە.

**٢- ناکامە کارئەنجام دەرەکان (القصر الفاعلون):**

لەو تاوانانەی ناکامەکان ئەنجامی دەدەن بریتییە لە: کوشتنی باوك و دایك (زۆر بە کەمی)، دزییەکان بە رادەیەکی زۆر (بەتایبەتی دزینی کەلوپەلی پێشانگا و کۆگا گەورەکان و کتێبخانەکان)، دزینی

ئۆتۆمبێلەکان، یان مۆتۆڕسکیلەکان، هەروەها دزینی پارەش دەگرێتەوە (چ بە شاردنەوە، چ بە هۆی کاری توند و تیژی)، ئەو دەستدرێژیانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن هەرزەکارانەوە دەکرێتە سەر پیرەتەمەندارەکان. بێگومان زۆرجار هەندێ لەو ناکامانە دەبنە چەتە و چەند چەتەگەرییەك پێك دەهێنن و دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەو کەسانەی، بە تەنها لەسەر ڕێگاکان دەبیندرێن و ناشبێ ئەوەندە سادەو ساکار بین و وا مەزەندە بکەین، کە هەمیشە ناکامەکان قوربانی ئەو تاوانەن، چونکە زۆرجار ئەوان سوودمەندن... (کونستان)[٦٧] و (ڕیستن)[٦٨]، لەم بوارەدا ئەمەیان ڕوون کردۆتەوە کە تەمەنی توندڕەوی لای مرۆڤ دەکەوێتە نێوان تەمەنی (٢٠-٣٠) ساڵی.

### سێیەم/ جێبەجێنییەکان و لێکۆڵینەوە:

**أ- لەباربردن:**

لەو هەموو حاڵەتانەی گومانی لەباربردنی لێدەکرێ، پێویستە جێبینییەکی یاسایی لە پێناوی دۆزینەوەی هەموو ئامێرەکان[٦٩] یان ئەو دەرمانانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە حاڵەتی ئافرەتەکەوە هەیە، بکرێ. پێویستە لەو چارەسازیە پزیشکییانە بپێچرێتەوە کە لەوانەیە ئافرەتەکە بەکاری هێنابێت، هەروەها پێویستە لەناسنامەی ئەوانە بکۆڵرێتەوە کە پێشوازییان لێ کراوە، لە هەمان کاتیشدا پێویستە هەر نامەیەك کە دەکەوێتە بەرچاومان بە باشی بپشکنین، چونکە لەوانەیە زگپڕییەکە بەدیار بخات، یان لێکۆڵینەوەکە بگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە دۆستێك، یان هاوڕێیەك بۆ ئەم مەبەستە ئامۆژگاری کردووە، یان ناوی لەباربەرێکی تێدایە، هەروەها پێویستە لە بیرخەرەوەی ئەدرێسەکان بکۆڵدرێتەوە.

ئەوەی دەبێ بیزانین کە هەندێ گیراوە هەیە بەپێی ڕاچێتەی

پزیشکەوە نەبێت، ناتواندرێ لە دەرمانخانەکان بەدەست بهێندرێن، کەواتە بوونیان لەماڵەوە بەبێ ڕاچێتەی پزیشکی گومانلێکراوە، هەروەها بوونی چەند شتێکی دیکەی تایبەت بەو کەسانەی کاروباری پزیشکی هەڵدەسوڕێنن دیسان گومانلێکراون بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر تۆمەتبارکردنێك،یان بۆ بە پەلە چارەکردنی هەموو هەڵوێستێکی دەمارگیری لە کاتی پێویست، پێویستە ئافرەتە لەبارچووەکە، یان ئەوەی هەوڵی داوە لەباربچێت، ئەمانە دەستنیشان بکات:

١- بەرواری دواجاری بێنوێژی، بە وردی.

٢- ئەو بارەی تیایدا بووە لە کاتی کرداری لەبارچوونەکەدا (هیچ ئافرەتێك ناتوانێ خۆی ببێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەی ناو سکی، تەنها ئەگەر لەسەر چیچکان دانیشێ).

٣- وەسفکردنی شوێن و ژوورەکان، ئەگەر کردارەکە لە ماڵی کەسێکی دیکەی نادیار ئەنجام درابوو.

**ب- پێشێلکردنی نەریتە گشتییەکان:**

زۆرجار ناکامەکان لە هەردوو ڕەگەز دەبنە قوربانی پێشێلکردنی نەریتە گشتییەکان. لە نێوان ئەنجامدەرانی ئەو کارانە دەتوانین (بەدڕاست)، یان هەوادارانی منداڵان، جیا بکەینەوە، کە هەوڵ دەدەن بەبێ کردەوەی توندڕەوی و بەهۆی دەستبازییەوە، یان جووتبوون لەگەڵ کوڕان خۆیان تێر بکەن، بەڵام ئەنجام دەرانی جووتبوونی بە زۆرەملێ هێرش دەبەنە سەر کچۆڵەکان.

لە لێکۆڵینەوەدا هەمیشە، هەروەك ئاشکرایە، وردەکارییەك هەیە. یەکەم جار بابەتێك بۆ چارەکردن و تەمەنی قوربانییەکانو کاردانەوەکانی خەڵك لەگۆڕێدانە. پێویستە ئەوەش بزانین کە منداڵ دەروونێکی یەکجار تایبەتی هەیە و دەتوانرێ، لە لایەك بە ئاسانی بخرێتە ژێر باری

سروشەکان (الایحاءات) و لە لایەکی دیکەوە هەر بۆ گاڵتەکردن تۆمەتی درۆ بخاتە پاڵ خۆی.

کاتێ بە تەواوی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو ڕووداوانەی پێمان گەیشتوون ڕاستن، پێویستە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ناسنامەی ئەنجامدەری کارەکە بدۆزینەوە، کە دەتوانین لە نێوان ئەم توێژانە بیدۆزینەوە:

ئەو هەرەسهێنەرانەی نەریتە گشتییەکانیان پێشێل کردووە[٧٠]، مەیخۆرەکان، کەمئەقڵەکان، هەروەها نەخۆشەکانی دەروونیش پێویستە بیریان لێبکەینەوە، بەتایبەتی لە کاتی دۆزینەوەی تەرمێك کە ئەندامی مەمك، یان ئەندامی زاوزێی، شێوێندراو بوو. لێکۆڵەرەوە دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر ناکامەکان، لە چینی تەمەن گەورەکانن.

لێرەدا ئەوەی گەرەکمانە ئەوەیە کە پێویستە لەسەر لێکۆڵەرەوە، هەریەکە لە تاوانبار و تاوانلێکراو ڕاستەوخۆ و بە تەنها ببینێ، بە تایبەتی لەوحاڵەتانەی تاڕادەیەك بە چاو بیندراون، چونکە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە وا لە ناکامەکان دەکات دان بە هەموو شتێك بنێ. لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەو هەموو نامانە بپشکندرێن کە بۆی هاتوون، چونکە بە زۆری ئەو جۆرە تاوانبارانە هەست ونەستی خۆیان بە هۆی نامەوە بۆ یەکدی بەدیار دەخەن. هەروەها پێویستە لێکۆڵەر ئەوە بزانێ کە تاوانباری تەواو پێگەیشتوو، کۆمەڵێ وێنەی ڕووت و قووت لای خۆی کۆدەکاتەوە.

زۆربەی ئەو پێشێلکاریانەی دژی نەریتە گشتییەکان ئەنجام دەدرێن و ناکام تیایاندا دەبێتە قوربانی، پێویستە لەلایەن پزیشکەوە بپشکێندرێن، ئەگەر نیشانەی ڕووشان و زامداری پێوە دیاربوو، بەڵگەیە لەسەر بەکارهێنانی توند و تیژی.

لەحاڵەتی پڕدان (الأغتصاب) و دڕینی پەردەی کچێنی یان برینێك لە ئەنجامی دەستدرێژییەکی (بەدڕاستی)، تەنها پزیشکی شارەزا بۆی هەیە

بپشکنێ، بەڵام پۆلیسی تەکنیکی پێویستە پەڵە و شوێنەوارەکانی وەك (داوە موو (پرچ)، خوێن، تۆماو) بدۆزێتەوە و دەست بەسەر پاڵگەکانی وەك جل و بەرگ و پارچە پەڕۆی قوربانییەکە و گومانلێکراوەکەدا بگرێ.

لە حاڵەتی دەستدرێژیکردن و بەکارهێنانی توند و تیژی، پێویستە، بۆ دۆزینەوەی ئاوسانەکان، یان زامەکان، یان ڕووشانەکان، بە وردی دەموچاو و هەردوو دەست و جەستەی گومانلێکراو بپشکێندرێ.

بەرامبەر چەند لایەنێکی هاندەر بۆ تاوانکاری گەنجان، چ لە ئاستی چارەسەرکردن، یان ئاستی لێتوێژینەوە، نابێ بەبێ لێکۆڵینەوە بەسەر کێشەکان تێپەڕین، یان دەستەوەستان بوەستین، ئەو هاندەرانەش وەك چڕی دانیشتوانی ماڵەکان و کۆبوونەوەی نابەدڵانە لەکۆمەڵگا نیشتەنییە زۆر گەورەکان.

لە لێکۆڵینەوەدا پۆلیس پێویستە بایەخ بەو شوێنانە بدا کە گەنجەکان تیایاندا دادەنیشن و بەیەکدی دەگەن (زۆربەی ئەو شوێنانە چایەخانە و قاوەخانەکانن):

هەروەها پێویستە بایەخ بە دەرئەنجامی، یان خراپەی ژمارە زۆریی خێزانەکان بدرێ، سەرەڕای بایەخ دان بەو ناکامانەی خۆیان لە ماڵەوە بۆ ماوەیەك ون دەکەن.

ئەوانەی لەو بەندەدا باس کران، پاساون بۆ بوونی چەند فەرمانگەیەکی پۆلیسی تایبەت، بە خۆئامادەکردن بۆ لاساریی گەنجان و سەرکۆنەکردنی ئەو لاسارییانە. هەر لەو پێناوەشدا بوونی پۆلیسی ئافرەت زۆر پێویستە و لەو کاتە ناسکەدا بەهای تایبەتی خۆی هەیە.

سەرباری ئەوانەش، دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ هەوڵدانێك لەم پێناوەدا بەر ناگرێ، تاکو پۆلیس و لێکۆڵەرەوە چەندین زانیاری باشیان دەربارەی ڕێگا و شوێنە گشتییەکانی ئەم مەسەلەیە نەبێت.

# بەشی سێیەم

# لێکۆڵینەوەی تاوانبارێتی

# جێبینینی تاوانکاری (المعاينة الجنائية)

لە هەر ڕاڤەکردنێك لە ڕاڤەکردنەکانی پێشووی دیاردەکانی تاوانکاری، باسی تەکنیکی تایبەت بە جێبینییەکانی پەیوەست بەو لێکۆڵینەوە تاوانبارییە، یان ئەوەی دیکە کراوە. مەبەستیش لێرەدا بریتییە لە دەرهێنانی ئەو بنەما گشتیانەی کە پێویستە هونەرکار (فني) پەیڕەوی بکات، بەڵام باسەکە بنەما سیاسییەکانی نەگرتۆتەوە، چونکە ئەو بنەمایانە دراونەتە پاڵ بنەما گشتییەکانی دادگاییکردنەکانی سزایی[٧١].

لێرەدا دەپرسین: جێبینیکردنی ڕووداوێك چی دەگەیەنێ؟

بێگومان بریتییە لە چاودێریکردنی ڕووداوەکە و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی وەسفکردنێکی ئەوتۆ، کە بەهای شایەدیدانی هەبێت.

کەواتە جێبینی بریتییە لە دەستنیشانکردنی بارودۆخەکانی تاوانێکی دیاریکراو لەلایەن لێکۆڵەرەوە، یان دادوەر، لە شوێنی ڕوودانیدا، ئەو جێبینییەش سێ ئامانجی هەیە:

١- گەڕان بە دوای شوێنەوار و بەڵگە چەسپێنەرەکان، ئەو قۆناغەی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی دادوەریی تاوانکاری، چونکە ئەو پاڵگانە ڕێگا بەوە دەدەن، کە پەیوەندییەك لە نێوان تاوانەکە، یان لە نێوان شوێنەواری و نێوان ئەنجامدەرەکەی دروست ببێ.

٢- پێکهێنانی چەند گریمانەیەکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، لەو گریمانانە، هەر لە شوێنی ڕووداوەکەدا.

٣- ڕاستاندنی شایەدییەکان، یان بەدرۆ خستنەوەیان، کەواتە چوون بۆ شوێنەکان بە مەبەستی جێبینیکردن سەبارەت بە پۆلیس، چاکترین

هۆکـاره بـۆ ئاڕاسـتەکردنی لێکۆڵینــەوە و ئەنجامــدانی و سەرخســتنی، جێبینی کردارێکی زۆر پێویستە و ناتوانـدرێ وازی لێبهێنـدرێ، بەتایبـەتی کاتـێ کـە هەنـدێ شـوێنەواری مـادی ڕووداوە تاوانکارییەکـە دەدۆزرێتـەوە کەواتــە دەتـوانین بڵـێین: جێبینـی بریتییـە لـە تێبینیکردنـی شـوێنەکان و شـتەکانی لـەو شـوێنانەن، کەسـەکان و دەست بەسـەرداگرتنی بەڵگەنامـە ئیسـپات کارەکـان و هــەتا هەنــدێ جــار بەنــدکردنی تاوانبــارە بەچـاوبینراوەکانیش، ئـەم جێبینیکردنـەش یەکـەمین کـاری لێکۆڵینـەوەی دادوەرییە، کە بەڵگە مادییە پێویستییەکانی (لە ژێر سـایەی سیسـتەمێکی پشتئەستوور بەقەناعەتی ناوەوەی دادوەر نـەك دانپیانـان) بۆ دەسـتەبەر دەکات.

هەروەها ئەگەر جێبینیەکە بە چاکی بەڕێوە بچێ، ئەوا پێویست ناکات ئەوەندە پشت بە شایەدەکان ببەسترێ، لە هەمان کات دادوەر لە گومان و دڵـەڕاوکێ بـەدوور دەخاتــەوە، ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی ئەگـەر هــەرکاتێ (دادوەرەکــان و ســوێندخۆرەکان و پارێزەرەکــان) بــە وردی بارودۆخــە مادییەکانی سەرپێچییەکەیان نـەزانی، ئـەوا بـەهیچ شێوەیەك بـە تـەواوی پەی بە ڕاستی نابەن و ناتوانن دادوەرییەکی یەکسان دروست بکەن[٧٢].

ئــەو جێبینییــەی کــە لــە ڕووی یاســاوە پەســندە، پێویسـتی بـە ڕەچاوکردنی ڕێسا لۆژیکییەکان و بنەما تەکنیکییەکان هەیە.

**یەکەم/ ڕێسا لۆژیکییەکان:**

**أ- یەکسەری- دەستبەجێ (الفورية):**

بەر لە دەرکەوتنی پۆلیسی زانستی، یاسادانەران هەستیان بە بایـەخی جێبینی ڕاستەوخۆ و پێویستبوونی کردبوو، چونکە:

١- یاسـادانەران فـەرمانیان دا لـە حاڵـەتی ئاشکرابوونی تـاوان، یەکسـەر

جێبینی بکرێت.

٢- پێشی ئەو جێبینییە، پشت بە چەند شایەدێك بەسترا، کە ئەوانیش سەرۆك دادگاکان و دادوەرەکان و ئەفسەرانی پۆلیسی دادوەری بوون. پێویستە ژمارەی شایەدەکان زۆر بن تاکو بە کەمترین کات کارەکە تەواو بێت.

ئەو یەکسەرییە هۆشپەسندییە (الفورية العقلانية) سوودێکی کردەنی دوو سەرەی هەیە:

١- لەوانەیە تاوانبار، یان ڕێنیشاندەر (پاشدن) لە شوێنی تاوانەکان بدۆزرێتەوە.

٢- پالپێوەنانی ئەو شایەدانەی کە بیردانیان هێشتا بەو جۆرە نییە بێنە دواندن.

ب- یەکلایەنە:

بۆ ئەوەی جێبینییەکە بەکەڵك و هۆشپەسند و تەواو بێت، پێویستە تەنها یەك دەسەڵات بەو کارە هەڵبستێت، بە واتایەکی وردتر، پێویستە تەنها کاری ئەو کەسە بێت کە بەپێی یاسا شیاوە و هەر یاساش پێی سپاردووە، ئەوەی بینیویەتی بیانگێڕێتەوە.

لەو تێبینیەی یەکەمەوە، تێبینییەکی دووەم هەڵدەقوڵێ، ئەویش ئەوەیە کە نابێ هیچ کەسێك بەر لە گەیشتنی دادوەر دەستکاری ئاسەواری شوێنەکان بکات، ئەگەر دەستکاریشیان لەبەر هەر هۆیەك تێدا کردبوو، ئەوا پێویستە لەسەر دادوەر بیانگێڕێتەوە دۆخی جارانیان، ئەوەش لەبەر ئەوەی، ئەگەر دەستکاری لە دوای ڕووداوەکە کرابێت، ئەوە لە ڕووی یاساوە ناتوانین پوختەیەکی پەسەندکراو بەدەست بهێنین.

دەبێ ئەوەش بزانین کە نابێ هیچ کەسێك بچێتە ژوورەوە، یان شوێنی

ڕووداوەکە تەنها ئەو شایەدە دەستبژێرە نەبێ کە دەستنیشان کراوە، تا ئەو کاتەی جێبینیەکە تەواو دەبێت.

**ج- تەواوکاری (التمام):**

پێویستە جێبینییەکە بە تەواوی بێت و نابێ هیچ وردەکارییەك بەسەرماندا تێپەڕێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەم چوار کردارانەمان بۆ لێك دەداتەوە:

١- وێنەگرتنی فۆتۆگرافی.

٢- تێڕوانینی شوێنەوارەکە.

٣- وەسفکردن.

٤- نەخشە.

**د- چوونە ناو چاو (نفوز البصر):**

لە کۆتاییشدا دەبێ ئەوە بڵێین، کە پێویستە جێبینی بچێتە ناو چاو، یان زیرەکانە بێت، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە لێکۆڵەرەوە دەبێ زەینی تیژ بێ و بیری کو نەبێ، بە وردی بڕوانێتە ئەو شتانەی، یان ئەو بەڵگانەی دەکەونە بەر دەستی و بە چاکیش بەراوردیان بکات. نمونەیەك لە نمونەکانی ئەو وردەکاری و زەینتیژییەش ئەوەیە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کاتی ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی تایبەت بە ئافرەتێك، لێکۆڵەرەوە چەند داوە پرچێکی هەڵکێشراو لە پشتی ملی ئەو ئافرەتە دەبینێ و یەکسەر زەینی خۆی دەخاتە سەریان، دوای بەدواداچوونی ئەو چەند داوە پرچە، هەمان جۆرە پرچ لە دەرگای دۆڵابی گومانلێکراو دەدۆزێتەوە و ئەم داوە پرچانە، لێکۆڵەرەوە دەگەیەنێتە دەرئەنجامێك و دەبێتە هۆی دانپیانانی تاوانبار(٧٣).

**دووەم/ ڕێسا تەکنیکییەکان (القواعد التقنية):**

لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە هەر کێشەیەکی تاوانکاری، هەندێ بایەخدار، بە کردەوە پێویستی بە چوار کردار هەیە:

**أ- وێنەگرتنی فۆتۆگرافی:**

هیچ چاوێك هەتا ئەگەر کارامەش بێ، ناتوانێ هەموو وردەکارییەکانی دیمەنێکی سروشتی، یان ژوورێکی دانیشتن ببینێ و بەرجەستەیان بکات، بەڵام ئەمانە و لەوانەش زیاتر، ئەو شتانەن کە بە چاو نابینرێن و بە هۆی فلیمی هەستیار، بە جوانی دەردەکەون و دەبینرێن. لەم پێناوەشدا پۆلیسی وێنەگر پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە کارەکەی ئەنجام بدات:

١- هەمیشە دیمەنێکی هەموو شوێنەکە دەگرێ (لەم بوارەشدا باشتر وایە چەند دیمەنێکی لەم جۆرە و لە گۆشە جیا جیاکانەوە بگیرێ).

٢- دوای ئەمە چەند دیمەنێکی وردەکارییانە دەگیرێت (لەشی تاوانەکە، شوێنەوارەکان، شتەکانو...هتد). ناشبێ وێنەگرەکە خۆی چەند شوێنەوارێکی دیکە بەجێ بهێڵێ.

٣- خاڵەکانی وەرگرتنی دیمەنەکان پێویستە لەسەر نەخشە و کلێشەکان ئاماژەیان بۆ بکرێت.

**ب- وەرگرتنی تەمغەکان:**

ڕاستەوخۆ دوای وێنەگرتنی شوێنەکە پێویستە جێبینییەکان وێنەیان بگیرێ، کە ئەوەش کاری تەکنیکاری ئەزموونگەیە.

پێویستە بەپێی یاسا و بەوردی بە دوای شوێنەوارە گۆ ئاساییەکان (الحلمية) بگەڕێین، نەك هەر تەنها لەسەر ڕووبەرە لووس و بینراوەکانی وەك: پارچە کەلوپەلە ڕووکەشەکان (قطع الاثاث المطلبة)، یان بریقەدارەکان و شووشە ئاساییەکان و دەفرە زیوینییەکان و دەفرەکانی

خـوان و مەڕمـەڕ و گەوهـەرەکان و شـتە پلاسـتیکییەکان و چـەکەکان و ئامێرەکان، بەڵکو لەسەر ماددە شێدارەکان، یـان نووسـەکەکان (اللاصـقة) پاشان لـەپێناو شـیکردنەوە و دۆزینـەوەی ناسنامە، بـە دوای شـوێنەوارە جیاجیاکـانی وەك: جـل و بەرگـەکان و خـوێن و قردێلـەکان و هـەموو شکستەکان و تنۆکە تۆماو دەگەڕێین.

ج- پشکنینی شوێنەکان و وەسفکردنیان:

بـەکارهێنانی وێنـەی فۆتـۆگرافی و داڕشـتن، بـۆ دیـاریکردنی حاڵـەتی شوێنەکان، بە هـیچ شـێوەیەك شـوێنی وەسـفکردنی نووسـیاری (الوصـف الکتابي) ناگرنەوە. ڕاپۆرتی پۆلیس بە تەنها، یـان کۆنووسـەکەی دەتوانـێ هەندێ لە وردەکارییەکان بچەسپێنێ، یان سوودی لێ وەربگیرێ، ڕەنگەکان و دەنگەکان و بۆنەکان کە هەر ئەو دووانەش (راپـۆرت و کۆنـووس) ڕاڤـەی پێویسـتی وێنەکـە، یـان نەخشـەکە دەکـەن. هـەر وەسـفێك بەپشـکنینی دەوروبەرو دەروازەکان دەست پێ دەکەن، ئەوەش لـەو کاتـەدا دەبـێ کـە سەربەخۆیی تەواو دەداتە وێنەگرەکە بۆ ئەوەی بە هێمنی کار بکات. دوای کۆتاهاتنی پشکنینی دەوروبـەر، پشـکنینی دەروازەکـان ئـەنجام دەدرێ و پێویستە بارودۆخی دەرگا و پەنجەرەکان تۆمار بکرێ: ئایا کـراوە بوونـە، یان داخراو؟ کـێ کردونیەتـەوە؟ چـی دەربـارەی ئـەم دەرگـا و پەنجەرانـە تێبینی کردووە؟ چەند کۆمەڵە کلیل لەماڵەکەدا هەبووە؟ لە هـەمان کاتـدا پێویسـتە مەسـەلەی دەرگـا داخراوەکـان و دەرگـا دانـەخراوەکان بخرێتـە گۆڕێ، دەرگای لە ژوورەوە داخراو، لە حاڵەتی مردندا ئـەوە ناگەیـەنێ کـە هەر دەبێ خۆکوشتن بێت. لە حاڵەتی دەرگا دانەخستنیشدا، یەکـەم جـار پێویستە چاودێری ئەوە بکەین کە ئایـا چـوونە ژوورەوە لـەم گوزەرگـە لـە بیرکراوەدا نەبووە؟

کەواتە پێویستە لە تەپ و تۆزی کۆبوونەوەی ژێرو پێش دەرگا و ژێر شمشێرە وردبینەوە، هەروەها پێویستە دەربارەی هاتوچۆیەکان، یان دەنگەکان پرسیار لە دراوسێیەکان بکرێ، هەروەها پێویستە بە وردی سەیری ڕاگیرەکانی (دعائم) پەنجەرەکان و لێوەکانیان بکەین.

بەپێی ڕێسای پشکنین لە گشتییەوە بۆ تایبەتی، کەلوپەلەکان دەپشکندرێن، دەبێ بایەخ بەو پارچە کەلوپەلانە بدەین کە دەبینین لە ئەنجامی تاوانەکە شکاوە.

لەوانەیە شێوەی نوێ ئاماژە بە کاتی ڕوودانی تاوانەکە بکات، بەڵکو لەوانەیە تاوانباریش دەستنیشان بکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو تاوانبارە ئەندامێك بێت لەو خێزانە[٧٤]. لەوانەیە ئاگردان چەند پالگەیەکی نیوە سوتاوی تێدا بێت، هەروەها لەوانەیە کەرەستەکانی غاز، کارێکی تاوانباری نیشان بدەن. ئاوو پارچە پەڕۆیەکانی ناو گەرماو، لەوانەیە ئاماژە بە هەندێ بارودۆخی تاوان بکەن (بۆ نمونە وەك حاڵەتەکانی لەبار بردن و پێشێلکردنی نەریتە گشتییەکان).

هەتا ئاژەڵە ماڵییەکانیش پێویستە بەوردی بپشکێندرێن، هەر لە بێدەنگی سەگێکی پاسەوانییەوە تا دەگاتە ئەو شوێن مۆرە (بصمات) ناڕێکانەی ئاژەڵێکی چوار پەل بەجێی هێشتووە. بەم شێوەیە جێبینییەکە لەسەر ئەو شتانە بەردەوام دەبێت کە لە شوێنی تاوانەکە دۆزراونەتەوە، بە تایبەتی پشکنینی ئەو ئامێر و کاغەزانەی کەسوکاری قوربانییەکە هیچی لەبارەوە نازانن و ئەوە دەردەخەن کە نەناسێك سەردانی ماڵەکەی کردووە[٧٥].

پاشماوەی ژەمەکانی خواردن، نەك هەر کاری شارەزا (پسپۆڕ)، بۆ دۆزینەوەی ژەهراویبوون، ئاسان دەکات، بەڵکو لەوانەیە یارمەتیدەرێك بێت بۆ دیارخستنی ئەوەی،لەوانەیە قوربانییەکە و بکوژەکە پێکەوە

خواردبیـــان و خواردبیانـــەوە، پەرداخـــەکانیش لـــەو حاڵەتانـــەدا بەڵگـــەی ئیسپاتکارانەی زۆر چاکن. هـەروەها پێویسـتە لەسـەر وەسـفی نووسـیاری (الوصف الکتابي) ئەو نیشانانە نەخاتە پشتگوێ کە هێمان بۆ شوێن مـۆرە گۆ ئاساییەکان (بصمات حلمیة)، یان ناو لەپییەکان، یان پاژنەییەکان، یان چەند دڵۆپێکی گومانلێکراوی وەك دڵۆپە فرمێسك (پێویستە شێوەی دڵۆپە وردەکان وەسف بکرێ)[٧٦]. تۆماو– المني– (ئەو پەڕۆیە دەستی بەسـەردا دەگیرێ کە ئەو تۆماوەی پێوەیە)، لیکاو، داوە پرچ (چـەند نمونەیـەکی لێ وەردەگیرێ).

هەروەها دەبێ زەینی خۆمان بە باشی بخەینـە سـەر ئـەو چـەکەی لـە تاوانەکەدا بەکار هاتووە، کە لەوانەیە زۆرجار لە شوێنی تاوان بدۆزرێتـەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەر لە سەرەتاوە بـە دوای خـاوەنی ئـەو چـەکە بگـەڕێین کـە تاوانەکـەی پـێ ئـەنجام داوە: ئایـا تاوانبـار ئـەو چـەکەی بەکارهێناوە کە هەر خۆی لەو شـوێنە بـووە و بـە دەسـتی کـەوتووە، لـەو گریمانەیەدا و ئەگەر چەکەکە ئـاگردار بـوو، ئـەوە گومـان لـە کەسـانی نـاو ماڵەکە دەکرێ، هەروەها هەبوونی چەند تەرەقەیەك (کبسولة) لـە شـوێنی تاوانەکە، ئاماژە بـە جـۆری چـەکەکە دەکـات کـە لەوانەیـە دەمانچـەیەکی ئۆتۆماتیکی، یان هـەر پارچـە چـەکێکی ئۆتۆمـاتیکی دیکـە بـەکار هاتبـێ، لەوانەشە هەر بەهۆی ئەو تەرەقانە چەکەکە بدۆزرێتەوە و دواتریش خاوەن چەك بدۆزرێتەوە.

– لـە حاڵـەتی دزیـدا، چـەکی تـاوانپێکردن بریتییـە لـە کۆمـەڵێك لـەو ئامێرانەی، کە دزە لەگەڵ خۆی هێناویـەتی، پاشـان لـە شـوێنەکە بـەجێی هێشتوون.

– لـە حاڵـەتی ئاگرکەوتنەوەشـدا، چـەکی تـاوانپێکردن بریتیـە لـە شقارتەیەك، یان چەخماخەیەك، یـان هـەر ئـامێرێکی ئـاگر تێبـەردان، یـان

تەنەکەی بەنزین.

– لـە حاڵـەتی لـەبار بـردنیش، چـەکی تـاوانپێکردن بریتینـە لـەو ئامێرانەی، یان گیراوانەی ئافرەتەکە دەخاتە باری بێنوێژی (الحیض).

ئەوەی ڕاستی بێ جێبینییەکانی (المعاینات) قوربانییەکـە لـە حاڵـەتی مردنـدا شـتێکی گرنگـە، یەکـەم ئامـانجیش بریتییـە لـە دەستنیشـانکردنی ناسـنامەی قوربانییەکـە، چـونکە زۆر کـەس هەیـە ناسـنامەی سـاختەیان هەڵگرتووە و[٧٧] ئەو کاتە پەردەی لەسـەر لادەدرێ کـە بـەهۆی ڕووداوێـك، یان توند و تیژییەك گیـانی لـە دەسـت دەدا، کـاتێکیش کـە لـە ناسـنامەی قوربانییەکە دڵنیا دەبین، بۆ ئەوەی تەرمەکە نەگۆڕێ، پێویستە بـە چـاکی هـەموو لایـەکانی تەرمەکـە دەستنیشـان بکـەین. ئەگـەر هـاتوو تەرمەکـە ناسنامەی دیار نەبوو، ئەوا پێویستە بە چاکی، وەسفێکی سـەرتاپاگری بـۆ بکـەین، بـە جۆرێـك ئەمانـە بگرێتـەوە: بـەژنی، نیشـانە جیاکارەکـانی جەسـتەی، کوتاوەکـان، خاڵـەکان، شـێوەی هـەردوو شـەویلاگی، شـێوەی چواردەوری منداڵدانی (ئەگەر تەرمەکە ئافرەت بێ)، مارکـەکانی جلوبـەرگ و پێڵاوەکـانی، بـە جۆرێـك ئـەم کارانـەی هـەموویان بـەهۆی وێنـەگرتنی فۆتۆگرافی ئەنجام بدرێ. پاشان تەرمەکە لە شوێنی خۆی بەرز دەکرێتەوە و ئـەم گواسـتنەوەیەش ڕێگـا بـەوە دەدا هۆیـەکانی مردنەکـە بزانـدرێ. بێگومان وەسفکردنی جەستەی تەرمەکە، نە تایبەتە بە دادوەری تەکنیکار و نـە پـۆلیس، بـەڵکو یەکێکـە لـە تایبەتمەندییـەکانی پزیشـکی شـارەزا و پێویستە هەر تەرمێك بـە ئامـادەبوونی ئەفسـەری پۆلیسـی دادوەری ڕوون بکرێتەوە[٧٨]، چونکە زۆر جاری وا هەیە تەرمێك لە تەرمەکان دوای ئـەوەی دەخرێتە ناو تەرمەکانەوە، چـەند زامێکـی گرنگـی تێـدا دەبینـدرێ کـە لـە کۆنووسەکەدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ نـەکراوە، لەوانەیـە زامـی نادیـار لـە ژێـر مەمکی ئافرەتان، یان لە ژێر پرچیدا، یـان لـە ژێـر هـەردوو هەنگڵیـدا، زۆر

دەگمەن هەبێ و نەبینرابێ.

هەروەها پێویستە بەدوای شوێنەواری ئەگەری شەڕ و تێك ئالاّن و لێدان بگەڕێین: تێزانی خوێن، ڕووشان، شین و مۆر بوونو... هتد.

ئەگەر بابەتەکە ژەهراوییبوون بوو. ئەوە پێویستە وەسفی دیاردەکانی کرژبوونەوەکان و ڕەقیتەکان، بۆنەکان (ئەو بۆنانەی لەوانەیە لە کرداری خنکاندن بەکارهاتبن)، پێویستە بە چاکی بڕوانینە هەردوو دەستی و نینۆکەکانی تەرمەکە، لەوانەیە چەند داوە پرچێك، یان قژێکی تێدا بێ، یان ڕوشابن، یان چەند تەنێکی وایان پێوەبێ، سەبارەت بە کاتەکانی بەر لە ڕوودانی تاوانەکە، ڕێگا لە بەردەمی لێکۆڵینەوە ڕۆشن بکاتەوە: داوە پرچ، گەچ، خۆڵ، قوم، توتن، هەروەها لێکۆڵینەوە، لە دڕی دەستەکان، یارمەتی ئەوە دەدا کە ناسنامەی پیشەیی قوربانییەکە دەستنیشان بکرێ. هەروەها دەبێ لەو دڵۆپە خوێن و تۆماوانە بکۆڵرێتەوە کە لەسەر تەرمەکە، یان لە نزیکیدا هەنە، چونکە ڕژانی خوێن و ئاڕاستەکەی نیشانەی ئەوەیە کە قوربانییەکە لە چ باڵێکدا بووە، کەچی بوونی تۆماو بەرەو ئەو ئاڕاستەیەمان دەبات، کە جۆری کارەساتەکە دەستنیشان بکەین. هەر کاتێ ئەو هەموو وەسفە زۆر پێویستانە بە دەستپاکی لە (وەسفی نووسیاری)دا ئەنجام دران، ئەوە بە زووترین کات دەگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئایا ئەوەی ڕووی داوە تاوانە، یان ڕەشەکوژییە، یان هەر ڕووداوە..

لە مادەی سەرداداان (السطو)، یەکەم جار جێبینینەکان لەسەر بارودۆخەکان جێگیر دەکرێ، وەك کاتژمێر، شێوەی کارکردن، هەڵبژاردنی شتە دزراوەکە، دزییەکی بە تەگبیر، یان بەرێکەوتن بووە.

ئەو جێبینیانە درێژەیان پێ دەدرێ بە جۆرێك ئەمانە بگرنەوە: شوێنەکان، شوێنەواری شکستەکان، یان جل و بەرگەکان، شوێن

هەنگاوەکان، ئاژەڵەکان، دۆزینـەوەی کەلوپەلـەکانی وەك (پێپلیکانـەکان، گـوریس و کنـدڕ، کلیلـی سـاختە، چـەند شـتێکی ئـەوتۆ کـە لەوانەیـە یاخیبووەکـە لەگـەڵ خۆیـدا هێنـابن، یـان بـە جێـی هێشـتبن... سـەرباری ئەوانــەش پێویســتە بــە دوای شــوێن مــۆری پەنجــەکان، ســەر ڕووبــەرە لووســەکان، پشــکنینی قوفڵــەکان، بگــەڕێین، هــەروەها پێویســتە لــە دەروازەکان بکۆڵینەوە، چونکە ئەوەمان بۆ دیار دەکات کە ئایا دزەکـە لـە کەسانی ناو خێزانەکەیە، یان نا، دەبێ ئەوەش بزانین کە کەسـانی شـارەزا لـەم بـوارەدا ئاسـانترین دەروازە هەڵدەبـژێرن، کەچـی نەشـارەزا لەوانەیـە گوزەرگایــەکی ســەخت هەڵبــژێرێ. لــە هــەمان کاتیشــدا، پێویســتە لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەربخا ئایا دزەکە بە تەنها بووە، یـان کەسـی دیکـەی لەگەڵ بـووە، چـونکە ئەگـەر پێپلیکانـەی بـەکار نـەهێنابێ، ئـەوا لەوانەیـە سـواری شـانی یـەکتر بـووبن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێویسـتە بـەدوای شـوێنەوارەکان و شـوێن مۆرەکـان و ئـەو شـتە شـکاوانەی، یـان پچـڕاوانە بگەڕێین کە خۆی پێوە شۆڕکردوونەتەوە. لە ئابڕوو بردنەوە ڕەوشتییەکان و پردانەکان، دەبێ پارچە پەڕۆ و جل و بەرگەکان بپشـکندرێن و بـە باشـی وەسف بکرێن، ئەو کارەش پێویستە لەسەر قوربانییەکە و گومانلێکراوەکە ئـەنجام بـدرێ: هـەر منـداڵێك ئەگـەر بایەخپێـدانی وایـان لێکـرد بـە چـاکی وەسفی ئـەو خـانوو و ژوورە بکـات کـە بـۆی ڕاپێچـراوە، ئـەوا دۆزینـەوەی ناسنامەی تاوانبار ئاسان دەبێ و تـەنها هـەر ئـەوە دەمێنێتـەوە، کـە ئـەو وەسفە لە کۆنووسی لێکۆڵینەوەکە بڕاستێندرێ.

**د- نەخشە:**

لـە ڕاسـتیدا چـەمکەکانی ڕاسـت و چـەپ و سـەرەوە و ژێـرەوە و... گـەلێکی دیکـەی لـەم چەشـنە، بـەهۆی سـەیرکردنی نەخشـەیەکی جـوان

دارێژراو نووسیاره و نەبێ بەتەواوی، سەبارەت بە جێبینی، ڕوون و ئاشکرا نابن. هەر تەنها نەخشە وا لەو خوێنەرە، یان لەو گوێگرە دەکا، کە نەیتوانیوە بچێتە شوێنی ڕووداوەکە، شوێنەکان و شتەکان و کەسەکان بە جوانی و بە ئاسانی بدۆزێتەوە و شوێنەکان دیار بکات. بۆ ئەم مەبەستە و بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو، وا چاکە دوو نەخشە دروست بکرێ، نەخشەی یەکەم پێویستە بە پێوەری یەك سانتیمەتر بۆ مەترێك دروست بکرێ و بایەخ بەبارودۆخی گشتی بدات (کارەکە چ پەیوەست بێ بە باڵەخانە، یان بە خاوەندارێتی). کەچی نەخشەی دووەم، کە بە پێوەری دوو سانتیمەتر بۆ هەر مەترێك دروست دەکرێت، تایبەتە بە ژووری تاوانەکە، لەم هەردوو نەخشەیەشدا پێویستە هێڵکارییەك بۆ دەروازەکان و دیمەنەکان و کەلوپەلەکان و شتەکان و شوێنی تەنەکان و گالیسکەکان بکرێ.

**سێیەم/ ڕێسا کردەنییەکان ( القواعد العلمية ):**

دروشمی (دادوەری یاسایی بایەخ بە کێشە بچووکەکان نادات)[٧٩] لە تەکنیکی تاوانکاریدا پەسند نییە، بەڵکو شارەزایانی ئەم بوارە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پێویستە بەردەوام ئەو کەلوپەلە سووکانە بۆ هەڵگرتن ئامادەبن، کە جێبینییەکە پێویستی پێیان هەیە. لەم چوارچێوەیەشدا پێویستە جیاکارییەك لە نێوان ئەو کەلوپەلانە بکەین، کە شارەزا پێویستی پێیان هەیە (ئەوەش بە مەبەستی پشکنینی شوێن مۆرەکان و وەرگرتنیان، هەروەها بە مەبەستی وەرگرتنی کلێشە فۆتۆگرافییەکان) هەروەها لە نێوان ئەو شتە بەکەڵکانەی بۆ گواستنەوەی ئەفسەری پۆلیسی دادوەری پێویستن، کە هەر خۆی بە تەنها لەو شوێنەدا دەگەڕێ. لە خوارەوە لیستێك لەو شتانەی کە پێویستن و دەبێ بە بەردەوام لە (جانتای ناکاوییەکان- حقيبة الطوارىء-)دا هەبن و هەردەم ئامادەکرابن،

دەخەینە بەرچاو، کە لە سەرووی هەموویانەوە ئامارى نووسیارییە (الالـة الكاتبة).

**١- پێویستییەکانی نووسینگەیی (اللوازم المكتبية):**

قەڵەم پاندان، قەڵەمی ڕەش، قەڵەمی سوور، تەباشیرێکی سپی، شەمێی سوور، چەند پەڕە کاغەزێکی ڕەسمی چەند کۆنوسێك، چەند بەدوادا ناردنێك، چەند پلیتێکی مۆری بە شەمێی سوور، چەند زەرفێکی نامە نوسین.

**٢- پێویستییە یاساییەکان:**

تەمغەیەك بۆ مۆرکردن، خەتمێکی تەڕ، تەمغەیەك بۆ قەدەغەکردنی گۆڕانکاری، ئالأیەك، کتابی (بنەمای دادگاییە سزاییەکان- اصول محاكمات الجزائية)، مۆمێکی سوور و یافتەیەکی (شريت) سوور.

**٣- پێویستییە تەکنیکییەکان:**

کاغەزی تایبەت بۆ شوێن مۆرەکان، شەمێ بۆ قاڵبکردن، دەنگۆ (مكبرة)، نەخشەی شار و ڕابەری شەقامەکان، نەخشەی فەرمانگەی دادوەری، مەترێکی دوولا بە یافتەیەکی (شريت) پۆلأیین، دێسیمەترێکی دوو لایەنە، جوتێك زنجیر و کۆت، قوفڵێك لەگەڵ ڕێزەکانی (بۆ داخستنی شوێنەکان).

**٤- شتە کردەنییەکان (الاشياء العملية):**

داوە دەزوو، گڵۆپی کارەبایی، مۆمێك، چاویلکەیەك، کونکەرێك، چەقۆیەك، سابونێك و پارچە پەڕۆیەك.

# لێکۆڵینەوە (التحقيق)

بەقـــەد ئـــەوەی کێشـــە لـــە ئارادایـــە، ڕێگاکـــانی ڕەوتانـــدنی لێکۆڵینەوەکانیش هەنە، هـەر لێکۆڵینەوەیـەك لـەو لێکۆڵینەوانـە پێویسـتە پشت ببەستێ بە:

١- جێبینی و شایەدییەکانی شایەدەکان کە دەبنە هۆی کۆکردنەوەی هەلومەرجی گرفتەکان و شیکردنەوەیان.

٢- پێکهێنانی گریمانە بۆ کاتی پێویست.

٣- چاودێریکردنی هەلومەرجەکان (یان وردبینکردنـی گریمانەکـە) بـۆ دۆزینەوەی ناسنامەی تاوانبار و بەدیار خستنی تاوانەکەی.

**یەکەم/ هەلومەرجەکانی گرفتەکە:**

هەروەك گوتمان جێبینیکردن پڕۆسەیەکی ڕێگـا خۆشـکەرە و لـە هـەر لێکۆڵینەوەیەکدا ناکرێ پشتگوێ بخرێ. لەوانەیە قسـەکردن سـەبارەت بـە هەر کێشەیەکی تاوانباری سەیر بێ و لەوانەشە هەندێ کـەس بپرسـن: ئایا چ جێبینییـەك لـە بابـەتی هەڵخەڵەتانـدن بـەهۆی کـات دیـاریکردن ڕەچـاو دەکرێ؟ لێرەدا پرسیارکەر ئەوەی لەبیرچووە کە هەر کەتنێك، وەکـو هـەر تاوانێك، حوکم لەسەر توخمە مادییەکـەی دەکـات، ئـەو توخمـە مادەیـەش مـەرج نییـە وەك پێویسـتییەك لـە شـتەکەدا هـەبێ، بـەڵکو لەوانەیـە لـە کەسەکەدا هەبێ، هەر ئـەو توخمـەش، یەکـەم هەلومەرجـە کـە بـەرە بـەرە دێتە پێش، بۆ ئەوەی زانیارییەکان و شایەدییەکان و نیشـانەکان هاوتـابن، ئەوانەش هەموویان مادە پێویستییەکان بەو شارەزاییە ئەقڵییە ڕاستەقینە پێشـکەش دەکـەن، کـە خـۆی لـە لێکۆڵینـەوە نیشـان دەدا. بێگومـان

پشـكنینی شـوێنەوارەكان و دۆزینـەوەیان و پاراسـتنیان و ڕاڤـەكردنیان و بەراوردكردنیان بایەخی خۆی هەیە، بـەڵام گـەڕان بـەدوای شـایەدییەكان و بەراوردكردن لە نێوانیاندا بایەخی لەوە كەمتر نییە. بۆیە لێكۆڵەرەوە لەبەر ئەو گرنگییەی كە شایەدییەكان هەیانە، پێویستە بەڕاستی بەدوایانـدا بچـێ و بۆ ئەم مەبەستە لەوانەیە هەندێ جار، هەر لەسەر شانۆی تاوانەكە چـەند شایەدێك بدۆزێتەوە لە ژێر كاریگەری ڕووداوەكە ئامادەبن قسە بكەن، یـان جـۆرە ڕێكخسـتنێك سـەبارەت بـە شـوێنەكان بدۆزێتـەوە، ببێتـە هـۆی فراوانبوونی ئەو زانیاریانەی بە دوایاندا دەگەڕێ و دەیەوێ كۆیان بكاتەوە.

**دووەم/ پێكهێنانی گریمانەكە:**

بـۆ ئـەوەی شـایەد وا لێ بكـەین، هـەموو ئـەو شـتانە دەربـبڕێ كـە دەیانزانـێ و بـۆ ئـەوەی هـیچ شـتێك لـەو شـتە بنەڕەتیانـە لـە بـیر نـەكا، لێكۆڵەرەوە بەرژەوەندی وا دەخوازێ پرسیارەكانی بەم جۆرە بگۆڕێ:

١- دەبێ كێ بێ ئەو كەسەی، لەوانەیە ئـەو كـارەی ئـەنجام دابـێ كـە پێویستە لەسەری سەركۆنە بكرێ؟

٢- سروشتی ئەم كارە چییە؟

٣- لە كوێ ئەنجام دراوە؟

٤- ئایە ولاشی (هاوكاری) هەبووە؟

٥- ئایە پاڵنەری بۆ ئەم كارە چی بووە؟

٦- چۆن كارەكەی جێبەجێ كردووە؟

٧- لە چ كاتێك ئەنجامی داوە؟[٨٠]

دەبێ ئەوە لە زەینی خۆمان دابنێین كە شایەدەكە زۆر زووتر وەڵامـی ئەم شەش پرسیارەی دوایی دەداتـەوە، لـەوەی وەڵامـی پرسـیاری یەكـەم بداتەوە، هەر چۆنێ بێ پرسیاركردن بە : كێ؟ بە زۆری لێكۆڵەرەوە بەرەو

ئەوە دەبات کە گریمانەیەك دروست بکات، بێگومان دروستکردنی ئەو گریمانەیەش هەموو کات پێویست نییە، چونکە هەندێ کات تەنها هەلومەرجەکان بەسن و گومانی تێدا ناهێڵن: لەو حاڵەتەشدا لێکۆڵینەوەکان بۆ ئەوە دەکرێن تا، ئەوەی سەلمێندراوە بچەسپێ، نەك بۆ ئەوەی شت بسەلمێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوانبار هەمیشە بەرژەوەندی لەوەدایە لە سێبەران پاڵداتەوە و لە پەنایان بخوات، بۆیە زۆربەی کاتەکان لێکۆڵینەوە دەیەوێ ناسنامەی ئەو تاوانبارە بدۆزێتەوە، کە گریمانەکە ئەو کارە ئاسان دەکات. یەکێك لە زۆرترین سوودەکانی گریمانە هەروەها گرینگترین ئەو مەترسییەی تێیدایە، ئەو ئاڕاستەیەی یەکەمجارە کە پشکنینەکانی، لە پێناو دۆزینەوەی تاوانبار، پێ ئاڕاستە دەکرێ. پاشتر ئەوەمان زانی کە کاتێ دەچینە شوێنی مردنێکی نادیار، ئەو پرسیارەی لەبەردەم پۆلیس سەرهەڵدەدەن: ئایا ئەوە تاوانە، یان ڕووداوە، یا خۆکوشتنە؟ شتێکی زۆر سروشتییە ئەگەر پشکنینەکان بە گوێرەی جیاوازی وەڵامەکان جیاواز بن. دەبینین لە حاڵەتی دزیندا پەنجەی تاوان بۆ یەکێ لە کەسانی ناو خێزان درێژ دەکرێ، چونکە هەر ئەو لە خەڵکانی دیکە شارەزاتری شوێنی شتە دزراوەکەیە و گوزەرکاوی (ممرات) دەرگاکان لای کەسانی ناو خێزان نەبێ، لای کەسانی دیکە نازاندرێن، لەو جۆرە ڕووداوانە پێویستە پۆلیس، هەروەها شارەزا (پسپۆڕ)یش، بێ لێکۆڵینەوە سەیری لێکۆڵینەوەکە بکات و دەبێ وا هەست بکات، کە ئەو نایەوێ هەمیشە و بە هەر نرخێك بێ خۆی بەڕاست بزانێ. لێکۆڵەرەوە هەوڵدەدا لەو گریمانەیە ورد بێتەوە کە لەبەردەستیدایە و باشترین گریمانەی دەزانێ، باشتر وایە گریمانەکانی دیکەش لە خۆی دوور نەخاتەوە. دواتریش دەبێ ئاگای لە دەرئەنجامە پەلەکارییەکانی بێ، چونکە بە هۆی پەلەکردن لە بڕیاری حوکمدان، لەوانەیە تاوانبار دەسگیر

نەکرێ. باشتر وایە لێکۆڵەر لە گریمانەی یەکەمی وردبێتەوە، بەڵام لە کاتی هاوتا نەبوونیاندا، یان نارێکیدا دەچێتە گریمانەی دووەم و ئەگەر پێویستی کرد بۆ گریمانەی سێیەم. سەبارەت بە کێشە ئاڵۆزەکانیش، بۆ ئەوەی زیاتر سوودمەند بین، پێویستە لێکۆڵینەوە وا لێ بکەین لە چەندین گریمانەدا پێکەوە هەڵبقوڵێن، لەم بارەوە پێویستە پرسیارێکی زۆر بخرێتە گۆڕێ، ئەوەش وەك هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی پاڵنەرەکان و ناسنامەی کەسەکان و وردبوونەوە لە چۆنیەتەکانی دابەشکردنی کاتەکانی قوربانییەکە و کەس و کاری ناو خێزانەکە و دروستکردنی دۆسییەکان و پەیوەندییەکان، سەرباری ئەمانەش شوێنکەوتنی شوێنەوارەکان و چاودێرییەکان و لێکۆڵینەوەکان و گەلێکی دیکەش.

**سێیەم/ وردبینییەکان:**

ئەگەر گریمانەکان زۆر پێویست نەبن (چونکە لەوانەیە تاوانبار خۆی بداتە دەست، یان ناسراو بێت)، ئەوە وردبینییەکان هەمیشە وەك پێویستییەك دەمێنێتەوە، بەڵام لەو حاڵەتەدا بۆ ئەوە ناکرێن کە شت بسەلمێنن، بەڵکو بۆ سەلماندن، بە دەستهێنانی بەڵگەی دانپیانان، دۆزینەوەی پاڵنەر، ڕاییکردنی دادوەرەکان بە پێویستبوونی سەپاندنی سزا (چ توند، چ سوك، بە پێی حاڵەتەکە).

ئا بەم جۆرە هەر لەسەرەتاوە وردبینیەکان لە دەوری ئەو کەس و شتانە کۆدەبنەوە، کە بەهۆیانەوە ناسنامەی بکەر (تاوانبار) دەستنیشان دەکرێ.

**١- کەسەکان:**

هونەری لێکۆڵەرەوە هەر ئەوە نییە کە شوێنەوارەکان بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەوەش دەگرێتەوە کە شایەدەکان بدۆزیتەوە. دوای

سەرژمێریکردنیان، دەبێ لە پلـەی ڕاسـتگۆییان، پایـەیان، لـە بێژینگدانی پەیوەندییــەکانیان (بەتایبــەتی لەگــەڵ قوربانییەکــە)، داب و نــەریتیان، پێشینەکانیان، چۆنیەتی دابەشکردنی کاتەکانیان، داهاتیان، شێوەی ژیان بکۆڵێتەوە. پێویستە لێکۆڵەرەوە هیچ ڕووداوێك بەڕاست نەزانێ تاوەکو بـە تــەواوی ئیسـپات نــەبێ، یـان لێـی نەکۆڵێتــەوە، ناشـبێ کەسـێك (هــەتا قوربانییەکەش) لە دەوروبـەری گریمانەکـە (یـان بـەبێ تـاوان) دابنــێ، یـان وردبینی لەسەر نەکرێ. لەم بوارەشـدا ڕێگایـەکی زۆر چـاك هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە  نـاوی کەسـایەتییەکان و چـۆنیەتی دابەشـکردنی کاتـەکانیان لـە خشتەیەك، لەسەر تـەوەرەی خـاڵ (احـداث النقطيـة) و کاتـژمێرە یـەك لـە دوای یەکەکانی سەر تەوەرگەی سینات[٨١] دەنووسرێ.

ئا بەم جۆرە دەتواندرێ کون و کەلەبەر و ناڕێکییەکان بـەدەر بخـرێن. هــەروەها لــە خشــتەیەکی دیکەشــدا ئــەو پرســیارانەی تێـدا دەستنیشـان دەکرێن کە پێویسـتە بخرێنـە بـەردەم ئـەم شـایەدە، یـان یـەکێکی دیکـە، کەچی خشتەی سێیەمیش دەبـێ سـەبارەت بـە چـەند کێشـەیەکی یـەکجار گرنگ بێ.

بێگومان ناشێ سـەودا لەگـەڵ هـەر شـایەدێك بـەو چەشـنە بکـەین کـە تاوانبـارە و خـۆی بـە خـۆی نازانــێ، دەبــێ ئــەوە بـزانین کــە ڕێگایــەکی بڕواپێکراو و بەکارهێنراو لـە لایـەن تاوانبارانـەوە هەیـە کـە بـەم شـێوەیە: تاوانبار، وەك هەوڵدانێك بۆ دوورخستنەوەی گومان لە کەسێتی خـۆی، بـە ئەنقەست دەسەڵاتداران دەربارەی تاوانەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە بۆیـە لێرەدا بایەخی پشکنینی، تەك تەنها جەستەیی، بەڵکو سیمایی و دەروونی شایەدەکانمان بۆ دەردەکەوێ، ئەو شایەدانەی  لەوانەیـە لـە داهـاتوودا لـە ناویاندا تاوانبارێك بدۆزیتەوە، یان بە لایـەنی کەمـەوە کەسـێك بدۆزیتـەوە، بەرژەوەندی لەوەدا بێ ڕاستی بشارێتەوە. بەشێوەیەکی تایبەت پێویستە

ئەو پشکنینانەی بە مەبەستی دۆزینەوەی بەڵگەکان دەکرێن، لەسەر کەسە گومانلێکراوێك چەقگیر بکرێ، بەتایبەتی لەسەر پەڵەکانی سەر جلەکانی شوێن گەستنەکانی و ڕووشان و جلە دڕاوەکان و ئەو جل و بەرگانەی، لەگەڵ ئەوانە وەکو یەکن کە لە شایەدییەکاندا وەسفیان کراوە، یان شوێنەواریان دۆزراوەتەوە، هەروەها ئەو جل و بەرگانەی ئامارەکانی تاوانی تێدا دۆزراونەتەوە. کاتێ کە لێکۆڵەرەوە دەگاتە گریمانەیەکی بەجێ، پێویستە لە پشکنینی شایەدە گومانلێکراوەکە و هەندێ لە شتەکان بەردەوام بێت. بۆ نمونە توانای تێپەڕبوونی لە کون و کەلەبەر و دەروازەکان (ئەمەش بە پێوانی پانایی و درێژایی سەری و هەروەها قۆڵەکانی و بڕی قەڵەوییەکەی)، بەراوردکردنی ددانەکانی گومانلێکراو لەگەڵ جێ قەمپاڵی سەر جەستەی تاوانلێکراو، بەراوردکردنی شوێن مۆر و جێ پەنجە و دەست و پێ و قومپانی (پاشپانی)و...هتد.

گرنگترین ئەو شوێنانەی پێویستە لە جل و بەرگەکان بپشکندرێن، ئەمانەن: ڕۆخی شەپقەکانی، یان کڵاوەکان و ناوەوەیان، هەروەها گیرفانەکان، بەتایبەتی کونە گیرفانەکانی پانتۆڵ و قەد و لۆچەکانی ناو پێڵاو و شوێنەواری (دڵۆپە خوێن و تۆماو).

لەکاتی گومانکردن لە ناسنامەی ڕاستەقینەی گومانلێکراو، یان لە پێناوی دەستنیشانکردنی ناسنامەی تەرمێك، پێویستە بە دوای نیشانە پیشەییەکان وەك دڕی و شەقاربوونی ناو لەپ و هەندێ لە پەنجەکان و شێوەی دەستەکانی بگەڕێین. لە کۆتاییشدا بۆ ئاسانکردنی هەوڵەکانی لێکۆڵەرەوە، پێویستە وانەی گومانلێکراوەکان، هەروەها وانەی بەڵگە چەسپاوەکانی بدرێتێ، بەڵام نابێ ئەو پاڵگە ڕاستەقینانەیان بدرێتێ کە پێویستە، هەمیشە بەبێ دەستلێدان لە فەرمانگە پشکنینە مەڵبەندییەکان بمێنێتەوە[٨٢].

٢/ شتەکان:

پۆلیس، بۆ ئەوەی هەموو توخمەکانی ڕووداوەکە پوخت بکاتەوە، یەکەمین جار پشکنین لەسەر شتەکان ئەنجام دەدا، ئەوەش، یەکەم بۆ دارشتنی گریمانە و پاشان بۆ ساغکردنەوەی. لێرەدا وا چاکە لە توێژینەوە کیمیاوی و فیزیاوی و بایۆلۆژییەکاندا، بە پلەی یەکەم پشت بە ئەزمونگەکانی پۆلیسی زانستیانەی تایبەتمەند ببەستین.

پێویستە ئەوەش بزانین کە لێکۆڵەرەوە (لەو سەلماندنەی پشت بە کۆکردنەوە دەبەستێ) بە کاروباری پسپۆڕ (شارەزا) هەڵدەستێ: کۆکردنەوەش لەوانەیە لە پێناو بەرامبەر یەککردنی دوو شت بێت، وەك دوو دەنکە شقارتەی سوتاو، یان دوو پارچە شووشە. سەلمێندراوەکانیش بە هۆی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، یان شتە گومانلێکراوەکان بە پلەی یەکەم ڕاستەوخۆ دوای شوێن مۆری پەنجەکان دێت[٨٣]، ئەم کاروبارانەش بۆ پۆلیسی تەکنیکار زۆر پێویستن، تاکو لە پێناوی لێکردنەوە و وەك یەککردندا سوود لە چەند چەمکێکی کلاسیکی وەربگرێت.

ئەو پشکنینانەی پەیوەستن بە شتەکان تەنها هەر ئەوە نییە لێك بکرێنەوە، بەڵکو پێویستە پاش لێککردنەوەیان تێبینی بوونی شتەکان و مادەکان، یان نەبوونیان بکرێ، چونکە هەندێ لە شتەکانی، یان ماددەکانی دۆزراوە لە شوێنی تاوانێکی دیاریکراو، ئاماژە بە تاوانبار دەکەن بە هەموویان ئەو شێوەیەی کە شتێکی نادیاری گومانلێکراو لە گریمانەی پێچەوانەکە پێی ئاڕاستە دەکرێ.

ئەمە لە حاڵەتی جل و بەرگەکان، یان کەرەستە بەجێهێڵراوەکان، یان ونبووەکان، یان هێنراوەکان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، هەروەها لە حاڵەتی جل و بەرگە لە خوێن سوور هەڵگەڕاوەکان، یان جلە تەڕبووەکان. هەروەك

جارێك لە جاران و لە كاتی لێكۆڵینەوەدا بكوژێك سوور بوو لەسەر ئەوەی كە لەماڵ نەچۆتە دەرەوە، كەچی قاپوتێكی تەڕ لەم ڕۆژە باراناوییەدا لە ماڵەكەی دۆزرایەوە.

**٣/ ناسنامەی ئەنجامدەر (تاوانبار):**

دۆزینەوەی ناسنامە، گرفتێكە لە سەختترین ئەو گرفتانەی دێنە ڕێی لێكۆڵینەوە، بەڵام لە هەمان كات وا لەلێكۆڵەر دەكات هەنگاوێكی یەكلاكەرەوە بهاوێ، لە زۆربەی كاتەكاندا خۆشاردنەوەی دوای ئەنجامدانی تاوان بووەتە یەكێك لە خەسڵەتەكانی تاوانباران، هەر بۆیە لەم ڕوانگەوە لێكۆڵینەوەكان پەنا دەبەنە بەر وەرگرتنی جێ پەنجە مۆرەكان و شوون هەڵگرتنی گومانلێكراوەكان، تاكو بتوانن ناوێك بۆ تاوانبار بدۆزنەوە، دەست بەسەر واژووكەیدا بگرن. لەم پێناوەشدا یەكەم پرسیار كە دەكرێ لێكۆڵەرەوە بیكات: ئایا دەبێ كێ بێ ئەوەی ئەم تاوانەی ئەنجام داوە؟ دوای دەستكەوتنی وەڵام، پێویستە هەمیشە دەربارەی ئەوە بپرسین، ئایا تاوانبار هیچ تاوانێكی دیكەی ئەنجام نەداوە، یان ئایا لەسەر تاوان ڕانەهاتووە؟ ئا بەم چەشنە و لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەدا و دوای وەرگرتنی شوێن مۆری پەنجەكانی تاوانبار، ناسنامەكەی دەدۆزرێتەوە.

بۆ ئەوەی لێكۆڵەرەوە بەهۆی تاوانەكەوە ئەو ئەنجامدەرەی بكەوێتە دەست كە گریمانەكەی لەسەر چڕ كردۆتەوە، پێویستە ئەو هاوسەنگییەی خوارەوە بخاتە گۆڕێ:

دۆزینەوەی ناسنامە= گەڕان بە دوای سەلمێندراوەكان بەهۆی بەڵگە و شایەدەكانەوە:

**أ- دۆزینەوەی ناسنامە بە هۆی شایەدی شایەدەكانەوە:**

كاتێ كە ئاماژەكردن بۆ تاوانكاری هەبێ، ئەوا بێگومان بۆ چارەكردنی

گرفتی دۆزینەوەی ناسنامە، تووشی ئاستەنگێکی کەمتر دەبینەوە.

ئەگەرچی پێویستە جیاوازییەك لە نێوان دیتنی تاوان بە چاو و نێوان داد و فیغان و هاوار و خۆ تاوانبارکردنی تاوانبار بکەیت، هەروەها دەتوانین ئەو شایەدییە ناتەواوانەش بەمانە ببەستینەوە کە لە پێناوی دۆزینەوەی ناسنامەدا دەردەبڕێن، چونکە بە لایەنی کەمەوە پێویستە ئەو شایەدەی کەسە گومانلێکراوەکەی دیوە، بە وێنەگرتنێکی بە چاوو ناسنامەکەی دەستنیشان بکات.

لەم پێناوەشدا وای لێ بکرێ ئەم دوازدە نیشانانەی خوارەوە، پێویست بۆ وانەی نووسیاری ڕاستەقینە دەستنیشان بکات:

١- بەژن.

٢- تەمەنی دیار.

٣- کێش، یان قەڵەوی.

٤- شێوەی ڕوخسار (دەم و چاو): درێژە، پانە، خڕە، چوارگۆشەی هێلکەییە.

٥- پرچ و ڕیشی هەیە، یان تاشیویەتی.

٦- شێوەی تەوێل (ناوچەوان): بەرزە، نزمە، بەم لاو بەولا درێژ بۆتەوە.

٧- ڕەنگی هەردوو چاو.

٨- شێوەی لووت (کەپوو).

٩- تایبەتمەندییەکانی چەناگە.

١٠- هەردوو دەست: وشکن، تەڕن، بایەخیان پێدراوە، ئاساین، ئەنگوستیلەیان تێدایە.

١١- نیشانە جیاکەرەکان: کوتانەکان، دوومەڵەکان.

١٢- جیاکەرەوە تایبەتییەکان: کوێری، کەڕی، شەلی، لەنگی،

چاویلکەکان.

چۆنیەتی ڕیزبوونی ددانەکان، بالا و ڕەنگ، زمانی (بیانی، یان خۆماڵی)، شێوە و پایەی کۆمەڵایەتی و هەتا ئەو پیشەیەی ئەنجامی دەدات.

شێوەیەکی دیکە لە شێوەکانی لێکۆڵینەوەی ناسنامە بەهۆی شایەدییەکانی شایەدەکان هەیە، کە ئەویش بوختانکردنە (زمان لێدان) لە لایەن لایەنێکی دیکەوە. لەوانەیە بوختانەکە (زمان لێدانەکە) تەواو بێ، بەڵام هەر دەبێ ڕەخنە لەو شایەدییە بگرێ و هەوڵبدەین و بزانین ئایا خاوەنەکەی بە پاڵنەرێکی نادروست، یان بە بیرێکی هەڵە ئەم شایەدییەی ئەنجام نەداوە. ئا لەو کاتەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە بەهۆی بەیەکدی چواندنی شایەدییەکان و وەسفە ڕوونکردنەوەییەکانی، شوێنەوار و بەڵگەکان، ناسنامەکەی دەستنیشان بکەین. لە کۆتاییشدا لەوانەیە زمان لێدانەکە بە گەوجی کرابێ.

لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە پۆلیس نە دەتوانێ گاڵتە بەو تاکە سەرچاوەیەی زانیارییەکان بکات، نە دەتوانێ بە تەواوی قەناعەتی پێ بکات. بەراوردکردن و پرۆسەکانی ناسینەوە کەڵکێکی زۆریان هەیە. لە حاڵەتی پرۆسەی ناسینەوەدا، ئەو کەسەی داواکراوە (واتە گومانلێکراوە) بناسرێتەوە، لە نێوان کۆمەڵێك لەو کەسانە دادەنرێ کە لە ڕووی سیما و شێوەیان پێکدی دەچن و بۆ ئەوەی تێکەڵاو نەبن، بۆ هەریەکەیان ژمارەیەك دادەنرێ.

**ب- سەلماندنی کەسایەتی بەهۆی فۆتۆگرافەوە:**

وەك تەواوکردنێك بۆ ساغکردنەوەی ناسنامە بە هۆی شایەدییەکان، دەبێ ئیسپاتکردنەکە بەهۆی دەرخستنی چەند وانەیەکی فۆتۆگرافییەوە بێ، ئەمەش، یان لەبەر ئەوەیە، چونکە وانەی نوسراو لەوانەیە پەنجەی تاوانبارییەت بۆ فلانە جۆری یاخیبوو ڕابکێشێ، یان لەبەر ئەوەیە، چونکە دادوەر دەیەوێ پشت بە وانەی نمونەیی ببەستێ، چونکە بەم جۆرە شایەد دەتوانێ ئەم وانەیەی لەبەردەمی قوت کراوەتەوە بیگۆڕێ و هەڵگێڕ و وەرگێڕی پێبکات، تا دەگاتە ئەوەی وێچووەکەی ببینێتەوە.

**ج- سەلماندنی ناسنامە بەهۆی ڕۆژنامەگەری:**

ڕۆژنامەگەری لە ئیسپاتکردنی ناسنامەدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ. بێگومان بڵاوکردنەوەی وەسفە ڕوونکردنەوەییەکان، کە یەکێك بوو لەو شێوازە کۆنانەی لە لایەن پۆلیسی تەکنیکارەوە بەکار دەهات (وەك لە دیواردانی ڕاگەیاندنەکە، وێنە وەسفکراوەکان، پاڵگە دادوەرییەکان) لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەکان قازانجیان یەکجار زۆر بوو. ڕۆژنامە هەزاران یارمەتیدەری خۆفیداکار بۆ لێکۆڵەرەوە پەیدا دەکات، کە کاتێ لەسەر لاپەڕەکانیدا وێنەی ئەم تاوانبارە دەردەخا، ئەگەر ئەم ڕۆژنامانەش نەبونایە ئەوا ئەم جۆرە پرۆسانە لە ژێر پەردە و تەنها لەناو تۆمارەکانی پۆلیسخانەکان دەمانەوە و لە چەند کەسێك زیاتر نەیدەزانی، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ڕۆژنامەگەری خزمایەتی یاخیبووەکانیش دەکات، چونکە ڕۆژانە کە دەردەچن بەرەو پێش چوونەکانی لێکۆڵینەوە بەدیار دەخەن و ئەوانیش کە دەیخوێننەوە، بەرە بەرە بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوانە خۆیان زیاتر لەبەر چاوان ون دەکەن.

د- سەلماندنی ناسنامە بەهۆی سەگەکان:

ساغکردنەوەی ناسنامە بە چەندین بەڵگەی ئیسپاتکارانە و شایەدی شایەدەکان، بریتییە لە تەکنیکێکی نوێ و پێویستی بەوە هەیە، سەگە پۆلیسییەکان بکرێنە یارمەتیدەرێك بۆ ئەم مەبەستە. بێگومان بەکارهێنانی سەگی پۆلیسیش پێویستی بە هەڵبژاردن و مەشقکردنێکی زۆر سەخت هەیە و سەرەڕای ئەوەش، پێویست بەوە دەکات کە لێکۆڵەرەوەیەکی دووەم بە بەردەوامی ئامادە بێت، کە ئەویش فێرکاری سەگەکەیە. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە باشترین دەرئەنجام لەو کاتە دەست دەکەوێ، کە سەگەکە لە ماوەی شەش کاتژمێری دوای ڕووداوەکان بانگ دەکرێ، نەك تەنها هەر ئەوە، دەبێ ئەوە بزانین کە ئاژەڵ لەو کاتەدا (بەتایبەتی بەیانیان) هەستی بۆنکردنی لەوپەڕی بەهێزی دایە، هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاڕاستە دەکات و هەر لە سەرەتاوە چالاکی دەخاتە بەر. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوە بزانین کە دەتواندرێ هەستی بە ئاگایی سەگ کەمتر بکەینەوە. سەگێکی پاسەوانی لە بەرامبەر دارێکی چەورکراو بە ڕۆنی کەمتیار دڕایەتییەکەی نامێنێ، هەروەها سەگی گۆر (کلب الذکر) بەرامبەر بە دەستێکی پیسکراو بە تێکەڵەیەك بۆنی دێڵە سەگێکی بەبا هاتوو خۆی کڕ دەکات.

ه- ناسینی تەرمەکان:

گەلێ جار تەگەرەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی تەرمەکان دەخرێتە گۆڕێ، ئایا بابەتەکە هەر مردنێکی سروشتییە، یان توند و تیژی تێدا بەکارهاتووە.

لێکۆڵەرەوە پێویستە شوێن مۆری پەنجەکان وەربگرێ، لەم پێناوەدا وا باشە تۆمارێك بۆ ئەو تەرمانە بکرێتەوە کە ناسنامەیان دیار نییە. ئەم

تۆمـاره زانیارییانـه دەربـارەی تەمـەن، بـەژن، وەسـفی ڕوونکردنـەوەیی، کۆمەڵـەی جـل و بـەرگی تێـدابێ. بـە مەبەسـتی باشـتر ناسـینەوەی ئـەم تەرمانە، لە لایەن شایەدەکانەوە، پێویسـتە جـل و بـەرگیان تێـدابێ و بـە پێوە دابنرێن، تاوەکو سەرنجی بینەران (شایەدەکان) ڕابکێشن.

هەنـدێ حاڵـەتی وا هەیـە، تەرمـەکان بـە تـەواوی تیایانـدا تـاك و پـاك دەچـن و لـەناو یـەك ناناسـرێنەوە، وەك ڕووداوی ئۆتۆمبێـل ئەگـەر چـەند کەسـێکی تێـدابێ، ئـەو گرفتـەش تـەنها گرفتـی پـۆلیس، یـان بارەکـانی کەسێتی نییە، بەڵکو دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەیان لـە هـەمان کـاتی دەکەوێتە ئەستۆی خانەوادەکانیش.

ئـەم کـردەوە بنەڕەتییانـەی پێویسـتە لـەم بـوارەدا ئـەنجام بـدرێن، دەوەستێتە سەر گەڕان بە دوای:

١- تایبەتمەندییـــەکان (دومەلـــەکان، دەردە جەســـتەییەکان، نیشانەکانو... هتد).

٢- پارچەکانی جل و بەرگ.

٣- کلیلـــەکان، خشـــڵەکان، چـــەقۆکان، کاغـــەزەکان، شـــتە تایبەتییەکان[٨٤].

هـەروەها دەوەسـتێتە سـەر کونـە قۆپچـەکانی کراسـەکان و پێـوەری کڵاوەکـان و خـڕی سـەر و نـاو و ئەدرێسـی بەرگدرووەکان (ئەگـەر لەسـەر جلەکانیـدا هـەبن) و وەرگرتنـی شـوێن مـۆری پەنجـەکان و وەسـفکردنی چۆنیەتی ڕیزبوونی ددانەکان، لە کۆتاییشدا فۆتۆکردنی کەسەکان.

**و- ساغکردنەوەی ناسنامە بە هۆی بەڵگەکانەوە:**

بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی هەر کەسێك، سوود لە لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارەکان و شوێن مۆری پەنجەکان و بەڵگەکان و گفتوگۆکردن لەسەریان وەردەگرین. لێرەدا هاوبەندییەك لە نێوان پۆلیسی زانستی و پۆلیسی تەکنیکار بەدی دەکەین.

بەبێ ئەوەی لە بەها و گرنگی شوێن مۆری پەنجەکان بابدەینەوە (کەم بکەینەوە)، دەبێ ئەوە بزانین کە پۆلینکردنی ئەو زانیارییانەی دەستکەوتوون شتێکی پێویستە، ئەمەش وەك هەوڵدانێکە بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ سەر لە نوێ دروستکردنەوەی ئەو کێشەیەی دراوەتە لێکۆڵەرەوە.

هەروەها لێکۆڵینەوە لە شوێن مۆری پەنجەکان و ناولەپ و قونپانی (پاشپانی) لە بنەڕەتدا کاری پۆلیسی زانستییە. دەبی خوێنەر لەوە ئاگادار بێ کە دەستپێشخەری دۆزینەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە بۆ (ویلیام هرشل) و دەستپێشخەری پۆلینکردنیشی بۆ (فرەنسیس گالتون).

بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەوەیە کە وێنەی پەنجە، یان ڕەسمی پەنجە هەر لە منداڵییەوە تا مردن چەسپاوە و ناگۆڕێ. لەم پێناوەشدا دەبێ پشت بە دوو تۆمار ببەستین، یەکێکیان بۆ پۆلینکردنی کەسەکان و بەندکراوەکان، دووەمیشیان بۆ پۆلینکردنی ئەو مۆرپەنجانەی لە شوێنی تاوانەکان دۆزراونەتەوە، لە پێناو دۆزینەوەی شوێن مۆری ئەو پەنجانە لێکۆڵەرەوە پێویستە پەی بەو پەنجانە ببات کە بەر شوێنەکە کەوتوون، بەمەش هەلێکی لەباری بۆ دەڕەخسێ بۆ ئەوەی وانەیەکی تەواوی پەنجەکان لەبەر چاوی بەرجەستە ببێ و بەم جۆرەش، لەرێگای گەڕانەوە بۆ تۆمارەکان ناسنامەی تاوانبار ساغ دەکرێتەوە، شوێنەوار و

بەڵگەکانیش بریتینە لە هەموو ئەو شتانەی ئادەمیزاد (چ بە دەسخەت و چ بە ڕەسم چاپکراو) لەسەر شتەکانی وەك قوماش و ئامار و شتی دیکە بەجێیان دەهێڵێ، پۆلیسی چاکیش پێویستە بە دوایاندا بگەڕێ و بیانپارێزێ و لێکیان بداتەوە و ڕاڤەیان بکات، هەر بەم جۆرە دەتوانێ بزانێ ئایا هاوکاریان هەبووە، یان نا، ئەوەش بەهۆی چەند شوێنەوارێکی جێبینی جیا جیا. هەروەها مێژووی (بەرواری) لێدانی چەقۆیەك بە هۆی ڕەنگی زامەکەوە دەزاندرێ[٨٥]. دەشتوانین درێژی و کورتی بەژنی یاخیبووەکان، بە پێی ماوەی نێوان زەوی و شوێنەوارە ئاسۆییەکانی شکستەکە، بزانین: لەراستیدا خاڵی دەستدرێژیکردنەسەر دەرگایەك هەمیشە لە سەرەوەی ئاستی بەرزی سینگی یاخیبووەکە. پێویستی پەڵە (پنتکە) بایۆلۆژییەکان لە پەڵە نابایۆلۆژییەکان جیا بکەینەوە، چونکە پەڵەکانی یەکەم، یان میز، یان تۆماو، یان لینجاوی منداڵدانیان تێدایە. بۆیە جلوبەرگەکان وەك کۆگایەکن بۆ زانیارییەکان... بەهۆی جل و بەرگەکانیانەوە خاوەنەکانیان دەدۆزینەوە، چونکە خاوەن جلەکان لەوانەیە جۆرە دروونێك داوا بکەن و تایبەتمەندبن پێی، یان لەوانەیە ناوی، یان ئەدرێسی خاوەنەکەی لەسەر جلەکە لە لایەن بەرگدرووەکە نووسرابێ، هەروەها قۆپچەکانی، یان مارکەکانی جلوبەرگێك لەوانەیە هەندێ جار ببنە هۆی ساغکردنەوەی ناسنامەی گومانلێکراوەکە. سەبارەت بە ئەنگوستیلەی ژن و مێردایەتیش، ئەگەر نەخش و نووسینی لەسەر بێ، لەوانەیە بەرواری ژن و مێردایەتی و ناوی ژن و مێردی (یان بەلایەنی کەمەوە پیتی یەکەمی ناوەکانیان) لەسەر بێ. هەر سەبارەت بە شتەکان، پێویستە بایەخ بە چەکەکان بدەین، چونکە، یان بەهۆی شایەدی خاوەنەکەی، یان بەهۆی شوێن مۆری پەنجەکانی سەری دەتوانین ناسنامەی ئەنجامدەری تاوانەکە ساغ بکەینەوە. سەبارەت بە چەکی

ئـاگرداریش، بـەهۆی خەسـڵەتەکانی گوللەیـەك لـە گوللـەکانی دەتـوانین بیناسینەوە. ئەو خەسڵەتانەش لە ئەزمونگەکانی پۆلیسی زانستی بـە ڕێـك و پێکی وەسوود دەهێنرێت، ئەم ناسینەوەش بـەهۆی فیشـەك پێهاویشـتن بۆ بەراورد کـردن و بـەهۆی وردبینـە یـەکجار وردەکانـەوە، کـە ڕاسـتەوخۆ دەتوانرێ شتە وردەکانی سەری بخوێندرێنـەوە، ئـەنجام دەدرێ. پۆلیسـی تەکنیکار، بەبێ ئەوەی ئارەزووی شـوێنگرتنەوەی شـارەزا، یـان پسـپۆری هەبێ، پێویستە ئەم تێبینیانەی خوارەوە تۆمار بکات:

١- سەبارەت بە فیشەکەکان:

بوونی ژمارەیەکی زۆری فیشەك لـە شـوێنێکدا ئامـاژە بـە توانـای ئـەو چەکە دەکات، کە لە شوێنەکەدا دۆزراوەتەوە.

٢- سەبارەت بە تێککردنەوەی، یان پڕکردنەوەی چەکەکە:

ئـەو گوللانـەی (فیشـەکانەی) لـە شـوێنەکە دۆزراوتـەوە لەوانەیـە جیاوازییان هـەبێ لەگـەڵ ئەوانـەی بەچـەکەکە بـەکار هـاتوون، بـۆ ئـەوەی بتوانین ئەو زنجیرە هاویشـتنەی گوللـەکانی پـێ هاویشـترایە دەستنیشـان بکەین، نابێ بە نارێکی هەڵیان بگرینـەوە، هـەروەها شـوێنی پڕکردنـەوەی چەکەکە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامە، کە چـەکەکە (یـان گوللـە هاوێـژ) جێگۆڕکێی کردووە یان نا؟

٣- سەبارەت بە پەلاپیتکە:

دەکرێ هەسـتیاری پەلاپیتکـە بـە بـاوەڕ دابنـرێ، هـەروەها پێویسـتە ئەوە ساغ بکرێتەوە کە ئایا زمانەی دڵنیایی (صـمام الامـان) کـراوە بـووە، یان نا؟

## بەدواداچوون و ڕاگرتن (التقصي والتوقيف)

شایەدی بناسرێنەوە، یان ئەگەر شوێنی دانیشتن، ئوتێلێك بێ، یان ئەگەر شوێنی دانیشتن نادیار بێ. لە گریمانەی یەکەمدا تەنها ئەوەندە بەسە لە شوێنەکە بکۆڵرێتەوە، یان نامەیەك بۆ فەرمانگەی پۆلیسی خۆجێیەتی بنێردرێ، تاوەکو چارەسەرییەك بدۆزنەوە. کەچی لە گریمانەی دووەمدا بەڕاستی کارێکی ئاڵۆزە، چونکە گەلێك ئوتێل هەیە دەستنیشانکردنی ئەو ئوتێلەی گومانلێکراوی تێدا دادەنیشێ، شتێکی زەحمەتە، بەڵام سەبارەت بە حاڵەتی سێیەم لەوانی دیکە ئاڵۆزترە. چونکە گەلێك شوێن کەمتەرخەمی لە تۆمارکردنی ئەو کەسانە دەکەن کە هاموشۆیان (هاتوچۆیان) دەکەن و ناویان تۆمار ناکەن، یان بە تەواوی لە ناسنامەکانیان ورد نابنەوە و ناوە ڕاستەکانیان نانووسن، بۆیە دۆزینەوەی ناوی تاوانبار ئاسان نییە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش لێکۆڵەرەوە بۆ دۆزینەوەی ناوی یاخیبوو، گەلێ سەرچاوەی (دەزگای) لەبەر دەستدایە، وەك فەرمانگەی بارەکانی کەسێتی، سوپا، پۆستە، غاز، نەخۆشخانە، ئەو یارمەتییانەی خێزانەکە وەریگرتووە، دابینی کۆمەڵایەتی و گەلێ شوێنی دیکە کە لەوانەیە ئەدرێسی لە یەکێ لەو شوێنانە هەبێ. لێرەدا وەك تەواوکارییەك بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەین و بڵێین، پێویستە پۆلیس بەپێی توانا و ئەو ڕادەیەی ڕێگای پێ دەدرێ، هەندێ برادەرایەتی، یان پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی پەیوەندیدار و خاوەن پیشە جیا جیاکان، یان گومانلێکراوان پەیدا بکات، چونکە بەم جۆرە دەتوانێ

هەستو سۆزیان بۆ خۆی ڕابکێشێ.

لێکۆڵەرەوە دەبێ ئەدرێسی ئەو هەموو کەسانە بەکاربهێنێ کە لە دەوروبەری یاخیبووەکان (تاوانبارەکە) نزیك بوونە، هەروەها ئەو زانیارییانەش کۆبکاتەوە کە پەیوەستن بەو کەسانە، چونکە لەوانەیە ئەو ئەدرێس و زانیارییانە بەرە بەرە ببنە هۆی دۆزینەوەی شوێنی دانیشتنی کەسەکە (گومانلێکراوەکە). ناکرێ ئەوەش لەیاد بکەین کە نابێ خانەوادەی گومانلێکراو، هەتا بۆ هاوکاریش بێ، هەراسان بکەین. بەڵکو لەم پێناوەدا پێویستە پۆلیس چەندین خەبەرداری هەبێ و ئەو ڕاپۆرت و زانیارییانەی ئەوان دەیهێنن، ڕەچاویان بکات و بە تەواوی لێیان بکۆڵێتەوە، بێگومان ئەرکی ئەم خەبەردارانەش، یان یەکلاکردنەوەی ناسنامەی گومانلێکراوەکەیە، یان ئاسانکردنی پشکنینەکانە. ئەو خەبەردارانە پێویستە لە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بن و جێی متمانە و باوەڕی خەڵك بن. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو زانیاری و شێوازانەی کارکردن هەر هەموویان هاریکاری یەکدی دەکەن، تاوەکو کەسی داواکراو بخەنە ناو بازنەیەکی تەسك و وای لێ بکەن بە زەحمەت تیایدا دەربچێ، بەڵام دەبێ پۆلیس بەر لەوەی پەنا بەرێتە بەر سەرکوتکردنەوە، چاودێری هاموشۆ و هاتوچۆی یاخیبوونەکە بکات و بەدوایدا بچێ و خۆی بۆ مات بکات و هەوڵ بدا لە حاڵەتی ئەنجام دانی تاوان دەسگیری بکات، یان لە حاڵەتی دزیدا بە دواییدا بچێ، تاکو ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە کە شتومەکەکانی تێدا ساغ دەکاتەوە (سەرف دەکات) ئەگەرچی ئەم کارانە چەند ئەرکێکی ورووژێنەرن لای پۆلیس، بەڵام لە هەمان کات ئەرکی پڕ بایەخ وردەکار و هیلاککارن.

ئەرکی چاودێریکردن و بەدواداچوونی یاخیبوو پێویستە لە لایەن دوو پۆلیسەوە ئەنجام بدرێ، ئەوەش بۆ ئەوەی بە نۆبەت کارەکەیان ئەنجام

بدەن، هەروەها ئەو پۆلیسەی نۆبەت لە یاخیبووەکە دەگرێ، یان خۆی بۆ مات دەکات، پێویستە ناوە ناوە جل و بەرگی، تیفتیفەدانی پرچی، چاویلکەی خۆی بگۆڕێ، بەڵام بە مەرجێ سەرنجی گومانلێکراوەکە ڕانەکێشێ، دەربارەی ئەو بنەما بنەڕەتییانەی پێویستە پۆلیس لە کاتی بەدواداچوونیدا پەیڕەوی بکات، ئەوەیە کە لە کاتی چاودێریکردندا نابێ قسە لەگەڵ ناسیاوەکانی بکات و لە ماوەیەکی یەکجار نزیك لە گومانلێکراو، چاودێرییەکەی ئەنجام بدات، هەروەها نابێ جل و بەرگی زۆر کراوە، یان سەرنجڕاکێش لەبەر بکات، هەروەها لێکۆڵەرەوە (پۆلیس) پێویستە پلیتی هاتووچۆی هەبێ، فیشەی تەلەفۆن و دراوی ئاسنی لا هەبێ و بڕێکی زۆر پارەی لەلا هەبێ. باشتر وایە هەندێ کارامەیی کلاسیکی بزانێ، ئەمانەش وەك: چاودێریکردن لەسەرەوە، یان ژێرەوەی باڵەخانەیەك، یان شوێنێکی بازرگانی، یان چاودێریکردن لەناو ئۆتۆمبێل و بەهۆی نەینۆکەوە(٨٦). هەروەها دەبێ بزانێ وێنەی فۆتۆگرافی بگرێ و چەند هونەرکارییەکیش بتوانێ وەك ئەوەی خۆی بۆ نیشان بدا کە فرۆشیاری ڕۆژنامەکانە، یان قوماربازە لە کۆتاییشدا پێویستە بەرپەچی دژەچاودێری و ڕاونانەکان بداتەوە و هەرەسیان پێ بێنێ. باشترین ئامۆژگاریش لەم پێناوەدا  بە مەبەستی خۆ ڕزگارکردن لە دژە چاودێری ڕاونان بەم جۆرەیە:

کاتێ کە دەردەچی هەردوو دەستت بەتاڵ بن و سەیری ئەملا و ئەولات بکە... بەڵکو بۆ ئەوەی دڵنیابی لەوەی  کەس چاودێریت ناکات، سەیری ئەملا و ئەولات بکە و چەند چرکەیەك لەو شەقامە بچووکەی پێیدا دەڕۆیت، چاوەڕوان بکە... کاتێ کە دەبینی هیچ شتێك نییە... پێویستە هەر لەو شەقامە بچووکەدا خۆت وا نیشان بدەی کە سواری ئۆتۆمبێل دەبی، چونکە تۆ هەر لەو شەقامەدا یەکسەر بۆت ڕوون دەبێتەوە، کە ئایا

ڕاونراوی، یان چاودێریکراوی، یان نا... کاتێك لەمە دڵنیا دەبیت، دیسان سوار مەبە و وا لە خەڵکەکە بکە سەرنجیان ڕابکێشی.. سواری ئۆتۆمبێلی دواتر دەبی... ئا بەم جۆرە ئاگات لە خۆت دەبێ و ئەوەش دەزانی کە ئایا ڕاونراوی، یان چاودێریکراوی، یان نا... ئا بەم جۆرە لە هەموو سواربوونێکی ئۆتۆمبێلدا بەر لەوەی سەرکەوی، کەمێك خۆت خەریك بکە و وا لە خەڵکی دەوروبەرت بگەیەنە، هەست بکەن کە تۆ سوار دەبی... بێگومان ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشت و هەندێ کەس لەگەڵ تۆ مانەوە، ئەوە گومانی ئەوە دەکرێ کە چاودێریکراوی.

هۆکارەکانی بەدواداچوونی نوێ، بەهۆی دوو ڕێگاوە ئەنجامدەدرێ کە ئەمانەن:

١- بەکارهێنانی سەگی پۆلیس، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو بەکارهێنانە هەر ئەوە نییە کە هاوکاری تاوانبار و شوێنەکەیمان بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵکو هەندێ لەو شتە شاردراوە فڕێدراوانەشمان بۆ لێك دەداتەوە، کە لە لایەن گومانلێکراوەکان ئەنجام دراوە.

٢- نووسینی (ڕێبەرێکی تاوانکاری) ڕاستەقینەی وەك تەواوکەرێکی بەردەوامی لێکۆڵینەوە. لێرەدا بەهۆی ئەو ڕابەرەوە، شێوەی کارکردنی گومانلێکراوەکان و هاتووچۆیان دەدۆزینەوە و چوارچێوەی کارە تاوانبارییەکانیان تەسك دەکەینەوە.

لە کاتی پشکنینێکی سادەی دۆخەکە و بەر لە هەر ڕاگرتنێك (توقیف)، زۆرترین جار گومانلێکراو هەوڵ دەدا ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە. بەر لەمەش بە زۆری لەوانەیە هەوڵی دابێ، یان هەوڵ بدا خۆی لە پەنا پەردەی پرۆسەی ناوهێنانی یەکێك، یان چەند کەسێکی نادیار خۆی بشارێتەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە کاتێ پۆلیس دەیانەوێ دەسگیری بکەن، ئەوە کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی لەناو چوارچێوەیەکی

نادیار نیشان دەدا و پەنا دەباتە بەر زمـانێکی خوازیـار و نـاوێکی سـاختە. لێرەدا پۆلیس (یان لێکۆڵەرەوەی) شارەزا زۆر بە ئاسانی دەتوانـێ پـەردە لەسەر ڕووی ئەو فرت و فێڵانە هەڵبداتەوە. لە حاڵەتی ئەوەی کە خۆی بـە بیانی دادەنێ و وا خۆی نیشان دەدات، زمانی ئەو وڵاتـە نازانـێ کـەوا پـەنا دەبردرێتـە بـەر شـارەزاییەکی زمـان و بـەو زمانـەی ئـەو پێـی دەئاخڤـێ، پرسیاری دەربارەی وڵاتەکە و کەسـایەتییەکان و جوگرافیـای ئـەم وڵاتـە و گەلێك شتی دیکەی، بە گوێرەی ئەو ڕێبەرە لێ دەکرێ کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە... کەم شارەزایی و هەڵـەکانی نیشـانەی گومـانلێکردنن و پێویستە هەڵوەسـتەی بەرامبـەر بکـرێ. لـە هـەمان کـاتی دەتـوانین درۆ و ڕاستییەکانی، دەربارەی ئەو پیشەیەی کـە لـە سـەرەتای لێکۆڵینەوەکـەدا ئامـاژەی بـۆ کـردووە، بـە هـۆی دەسـتەکانییەوە ئاشـکرا بکـەین. چـونکە بێگومان ناو لەپ و دەستی بیرۆکراتییەك لەگەڵ کرێکارێك جیاوازی هەیە.

سەلماندنی ناسنامەو بەدواداچوون، تەنها دوو قۆناغـە لـە قۆناغـەکانی لێکۆڵینـەوە، ئامـانجی لێکۆڵینـەوەی کۆتـاییش بریتییـە لـە ڕاگیرکردنـی یاخیبووەکـان، واتــە بردنــی تاوانبــار بــۆ بــەردەمی ئــەو دادوەرەی لێپرسینەوەی تاوانباری پـێ سـپێردراوە. ڕاگیرکـردنیش لـە هـەمان کاتـدا، گرفتێکی یاسایی، گرفتێکی تەکنیکی دەخاتە گۆڕێ کـە زەحمەتـە لێکـدی جیا بکرێنەوە، بەڵام پێویستە بیزانین و چارەیان بکەین.

بەڵام سەبارەت بە ڕاوەدوونانەکان بریتییـە لـە هەڵبـژاردنی کاتـژمێر و شوێنی ڕاگیرکردن.

کەچی دەربارەی چاودێریکردن، کە کەمێك جیاوازی هەیە، بریتییە لـە پرۆسـەیەکی خۆمـاتکردن کـە ئامـانجی ڕاگـیر کردنێکـی ڕاسـتەوخۆیە، پێویستە پێشتر ئەو تاوانبارە دەستنیشان بکرێ کە گومانی لێدەکرێ. لـە کۆتاییشـدا بـە دواکـەوتنی (ملاحقـة) ڕێـك و پێـك، یـان ناڕێـك دێـت کـە

ڕاوەدوونـان و چـاودێر پێکـەوە کۆدەکاتـەوە، هـەر ئـەوەش دەبێتـە هـۆی داگیرکردنی، یـان دەسـگیرکردنی تاوانبـار. لـەو هـەموو گریمانانـەدا دەبـێ ئەوە بزانین ڕاگیرکردن هەروا بە خۆڕایی ئەنجام نادرێ. ئەگەر لـەناو ماڵێـك لە ماڵەکان ڕوویدا، پێویستە بـە لایـەنی کەمـەوە جوڵانەوەیـەکی پەیـدۆزی (حرکة الاستطلاعیة) لە دەرەوەی شوێنەکان بۆ بکرێ. هـەروەها پێویستە پشت بە چەند پیاوێکی بەهێز لەڕووی جەستەییەوە ببەسترێ، بۆ ئـەوەی بتـوانن سـەرکەوتووانە بـەرەنگاری هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیـەك ببنـەوە کـە لەوانەیە تاوانباران بیکەن، لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەو پیاوانە چـەك و کۆت و سندمیان لا هەبێ.

دوای ڕاگیرکـردنیش (توقیـف) پێویسـتە ڕاسـتەوخۆ کردەوەیـەکی پشکنکاری خۆپارێزی ئـەنجام بدرێ، ئـەوەش یەکـەمجار وەك هـەوڵێك بـۆ دۆزینـەوەی چـەك و دواتـریش بـۆ دەسـکەوتنی چـەند بەڵگەیـەکی چەسپێندراو.

# پشکنینەکان (التفتيشات)

پشکنینکاری لە بنەڕەتدا بریتییە لە پرۆسەیەکی دەروونی ئەوتۆ، کە لە ناو چوارچێوەی چەند ڕێسایەکی یاسایی و هەندێکی دیکەی تەکنیکی گیرساوەتەوە.

**أ- ڕێسا یاساییەکان:**

بیردۆزی ماڵی تایبەتی، لە لایەن ئەو دادوەرانە، یان ئەو ئەفسەرانەی پۆلیسی دادوەرین و کاری پشکنینیان پێ سپێردراوە و ڕێیان پێ دراوە لە جیاتی دادوەری کار بکەن[٨٧]، پێویستە بپارێزرێن بەر لە چوونە ژوورەوە، بە هەر شێوەیەك بێت ئاگاداری خاوەن ماڵ بکرێتەوە. کاتێکیش کە دەچنە ژوورەوە کەسی ئەو ماڵە لە ماڵەوە نییە، ئا لەو کاتەدا چەند کەسێك دەکرێنە شایەد و یەکسەر، کۆنووسی جێبینییەکە دەنووسرێ و لە لایەن ئەو کەسانەی لەوێ ئامادەنە دەراستێندرێ، لە لایەکی دیکەوە شتەکان و پاڵگەکان بە شەمێی سوور لۆك (مۆر) دەکرێن، ئەوەش بۆ ئەوەی دواتر ڕەوانەی نووسینگەی ئەو دادگایە بکرێ کە بەکارەکە هەڵساوە[٨٨].

**ب- ڕێسا تەکنیکییەکان:**

پشکنینکارییەکان هەر ئەوە نین کە پیاسەیەکی ناو ماڵی کەسێکی گومانلێکراو بکەین، سەیری چەند شتێك بکەین و نەخشەیەکی بۆ بکێشین، کە ئەوە تەنها کارێکە لە کارەکانی پۆلیس، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەبەست

لەمە گەڕانە بەدوای ئەو پالگانەی لە ڕووی زانیارییەوە گرینگن، هەروەها پێویستە دەستیان بەسەردا بگیرێ.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەیڕەوی چەند شێوازێك بکەین، کە بە گوێرەی زنجیرەی گرنگییان، دەیان خەینە ڕوو:

١- پێویستە، پاش پشکنینەکان، زۆر بە وردی شتێك دەربارەی شوێنەکان، دەوروبەر، دەروازەکان بزاندرێ: چونکە ئەم زانینە دەبێتە هۆی ئەوەی پۆلیس، بۆ مەبەستی پشکنین، کارەکانیان بە ڕێکوپێکی لە نێوان خۆیان دابەش بکەن و شتی کتوپڕ ڕوو نەدات و کات بە فیڕۆ نەدرێت.

دوای ئەمەش، ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن، پێویستە باشتر، نەك هەر شارەزای شەقام و ژمارەکەی بن، بەڵکو پێویستە شارەزای نهۆم و دەرگای سەرەکی و دەرگاکانی ئەو نهۆمانە بن.

دەبێ ئەوەش بزانین کە شتێکی دیکەی بەکەڵك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە ژمارەی تەلەفۆنی ئەو شوێنانە بەدەست بهێنرێن و لەبەر بکرێن، ئەوەش بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست، بەکاریان بێنن.

٢- چاودێریکردنی دەوروبەر بەهۆی چاو و گوێ:

ئەو چاودێریکردنە تەنها بۆ ئەوە نییە کە نەوەك بەر لە چوونە ژوورەوە، تووشی چەند بۆسەیەك و تەڵەکەبازییەك بن، یان تەنها بۆ ئەوە نییە کە کاردانەوەی دانیشتووی ئەوماڵە بزاندرێ.

بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لەکاتی ئەو هەموو ماوەیەی پرۆسەکە دەیخایەنێ، بەتایبەتی لە کێشە گرنگەکان، بتوانن جێبینی دەرەوە بکەن، ئا بەم جۆرە پشکنەرەکان دەتوانن خۆیان لە هەندێ شت دوور بخەنەوە، وەك ئاگادار کردنەوەی هاوکارێك، یان ڕاکردنێك لەسەربان، یان لەسەر قاڵدرمەکان، یان لە پەنجەرە، یان هاوارێکی هیستریانەی سەر هەیوان

(وەك ترسێكی ڕاستەقینە، یان دەستكردانە لە پۆلیس)، یان پێدانی تەنێكی گومانلێكراو وەك دەمانچە، یان چەند پالگەیەك، یان نامەیەك، لە پەنجەرەوە بە كەسێكی دیكە.

٣- چوار دەورگرتنی دەرچەكان:

نابێ وەك كەسێكی سڕبوو لەبەر دەمی دەرگا بوەستی، بەڵكو پێویستە بیر لەوە بكەیتەوە كە لەوانەیە چەند پلیكانەیەكی خزمەتگوزاری، یان چەند هەیوانێك یان دار و دەوەنێك، یان هەر شتێك هەبێ، بێجگە لەمەش لەوانەیە نەتواندرێ لەسەر پێپلیكانەكان كەسی مەبەست دەستگیربكرێت، ئەوەش، یان لەبەر ئەوەی لێكۆڵەرەوە كەسەكە ناناسێ، یان لەبەر ئەوەی خۆی لە ناو جلی ژنانە شاردۆتەوە.

٤- چوونی دادوەری پۆلیس بۆ ناو شانۆكە (شوێنی گرتنی تاوانبارەكە):

پێویستە دادوەر بە ئەدەب و بە توانا و ئاشكرا بێت و یەكسەر سیفەتی خۆی بناسێنێ و ئەو دەسەڵاتە بخوێنێتەوە (یان ئاشكرای بكات) كە پێی سپێردراوە، هەروەها هۆی چوونی بۆ ئەو شوێنە بەدیار بخا، ئەگەر كارەكە پەیوەست بوو بە دیتنی تاوانبارەكە لە كاتی ئەنجامدانی تاوانەكەدا، یان لە هەر حاڵەتێكی وەك ئەوە.

سەرەڕای ئەمانە دادوەر نابێ تۆقێنەر و ئابڕووبەر بێت، بەڵكو پێویستە بە هێمنی و لەسەرەخۆ كارەكەی ئەنجام بدات و پەردەیەكی نهێنی بەسەردا بپۆشێ، چونكە هەر پشكنینەێك ئامانجی تەنها تاوانبار نییە، لەبەر ئەوەی كارەكەی كارێكە بۆ سەلماندنی تاوانەكە و لە هەمان كاتیشدا، هێندەی ئەوە، بۆ نەری (نەفی) كردنیەتی.

٥- بەكارهێنانی چەند فەرمانبەرێكی ژمارە تەواو بە ئاگا، كە پێشتر ڕووداوەكان و ئەركە تایبەتییەكەی خۆیانیان بۆ باسكراوە، ئەوەش بۆ

ئەوەی ئەو کەسە ئاگادار نەبێتەوە کە بەدوایدا دەپشکندرێ. ئەرکی یەکێ لەو دوو پۆلیسەی بۆ پشکنین تەرخان کراون، ئەوەیە کە دەروازەکە (دەرگای دەرەوە) دابخات:

چونکە ئەفسەری پۆلیسی دادوەری لەم شوێنانە دەستی کراوەیە، کەسێك ناتوانێ شوێنەکان بەجێبێڵێ، تەنها بە ڕەزامەندی ئەو نەبێ(٨٩).

٦- ڕێکخستنی شوێنەکان و پێوانەکردنیان:

کاتێ سەرکردەی کردەوەکە (دادوەر) کۆتایی بە خۆناسین و وردبوونەوە لە ناسنامەی ئامادەبووەکان دەهێنێ، یەکسەر لەگەڵ یاریدەدەرەکەی خۆی و خاوەنی ماڵ لە کون و قوژبنەکانی ناو ماڵ دەگەڕێ، ئەوەش نەك تەنها لەبەر ئەوەی تاوەکو ڕیزبوون و ڕێکخستنی شتەکان لە زەینی خۆی دابنێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەوە ساغ بکاتەوە نەوەك کەسێك خۆی تیایاندا شاردبێتەوە، هەروەها دوای ئەمەش، ئەو پشکنینە بۆ ئەوەیە هەموو دەرگا و دۆڵابەکان بەڕێکوپێکی و بەپێی یاسا بکاتەوە.

٧- بەدواداگەڕانی یاسایی:

دوای ئەو زانیارییانەی دەربارەی شوێنەکان وەرگیران، پشکنین بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدرێ و بۆ ئەم مەبەستە پشت بە دوو پۆلیس دەبەسترێ، یەکێکیان توێژەر و ئەوی دیکەیان چاودێر. باشتریش وایە سوود لەم تێبینییانەی خوارەوە وەربگیرێ:

أ- پێویستە سەرکردەی ئەم کردەوە پشکنینکارییە لەم کردەوەیەدا بەشدار نەبێ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ گومانلێکراو گفتوگۆ بکات و تەواو سەرنجی بداتێ، بەمەش دەتوانی بە شێوەیەکی باشتر یەکسەر شڵەژاوی گومانلێکراوەکە هەست پێ بکات بەتایبەتی لەو کاتەی کە توێژەر شتێك دەدۆزێتەوە.

ب- هەر پۆلیسێك لەو دوو پۆلیسە (توێژەر و چاودێر) پێویستە بە تەنها لە ژوورێك لە ژوورەكان نەمینێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە گومانی دزی، یان هەر شتێكی دیكەی لەسەر دوور بخرێتەوە، بە هەرحاڵ ئەوە ڕێسایەكی یاساییە و پێویستە پەیڕەو بكرێ.

ج- بۆ ئەوەی بەدواداگەڕانەكە یاسایی بێت، پێویستە لەسەر توێژەر، یان لە دەستە چەپەوە دەست پێ بكات و ئینجا بە گوێرەی میلی كاتژمێر ئەو هەموو ژوورانە، یەك لە دوای یەك، بەسەر بكاتەوە كە لەبەرچاوی بەدیار دەكەون، یان لەو ژوورەوە دەست پێ بكات كە پۆلیس پێی چاكە (وەك ئەو ژوورەی دزییەكەی تێدا ئەنجام دراوە) و لەوێشەوە دیسان، بە گوێرەی میلی كاتژمێر هەموو ژوورەكان بپشكنێ و هیچیان پشتگوێ نەخات.

د- بەدواداگەڕان لە شت و شوێنە گشتییەكانەوە دەست پێدەكات و بەرە بەرە تا دەگاتە تایبەتییەكان، دواتریش لە دیوارەكانەوە تێدەپەڕێ تا دەگاتە ئەو پارچە كەلوپەلانەی لەماڵەكەدا هەیە و كۆتاییشی بەو شتانە، یان پاڵگە و نامانە دێت كە لەسەرەتا لە لایەك دانراون. سەبارەت بە حەشارگەكانیش: ئەوەی ئاشكرایە چەند حەشارگەیەكی كلاسیكی هەنە، بەڵام هەندێ حەشارگەی دیكەش هەن، پێویستە پەردەیان لەسەر ڕوو هەڵماڵین، بەڵام بە مەرجێ لەو دوو بنەمایە دەست پێ بكەین:

**بنەمای یەكەم:**

پێویستە پۆلیس بە تەواوی خۆی بخاتە شوێنی ئەو كەسەی پشكنینی لەسەر ئەنجام داوە، واتە لەوانەیە لە شوێنێكی دیاریكراو حەشارگەیەكی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ.

**بنەمای دووەم:**

پێویستە ڕوخساری (دیمەنی دەم و چاوی) ئەو کەسەی لێی دەپشکێندرێ، باشترین بەدیارخەر بێ بۆ دۆزینەوە، لە پێناو ئەمەشدا نابێ یەك چرکە بەجێ بهێڵرێ و هەمیشە سەیری بکرێ، ئەوەش بۆ ئەوەی دەربڕینە دڵکراوەیی و ترسییەکانی سەر ڕوخساری بەدی بکەین. حەشارگەکانیش، هەروەك گوتمان، نە ئامار دەکرێن و نە دەژمێردرێن، بەڵام زۆربەیان ئاساین کە ئەمانەن:

١- بۆڕییەکان، بەشێوە جۆربەجۆرەکانیانەوە.

٢- خورادەمەنییەکان کە پێویستە پارچە پارچە بکرێن، یان چەقۆیان بەناودا بهێنرێ.

٣- ئەو پارچە قوماشانەی ڕادەخرێن و پاکێتی شتە گرانبەهاکان کە بەتاڵ دەکرێن، بەڵام دیوی ناوەوەی لەوانەیە نامەیەك، یان هەتا شتێکی گرانبەهای تێدا حەشار بدات.

٤- پارچە کەلوپەلەکان و تابلۆکان کە پێویستە هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکرێن.

٥- بنی مێز و لاقی کورسییەکان (کە بۆشن).

٦- مێزە مەڕمەڕییەکان: کە هەمیشە بۆشاییەك لە نێوان سەرەوەی پارچە کەلوپەلەکە و سەرەوەی پلێتە کانزاییەکە هەیە.

٧- باخەڵەکان (گیرفانەکان): باخەڵی گومانلێکراوەکان و باخەڵی جلوبەرگە هەڵواسراوەکان و کیسەی جل و بەرگە پیسەکان.

٨- پێپلیکانەکان: ژێرێکی دوو سەرەی حەشارگەیان هەیە، هەروەها دواوەشیان.

٩- نوێنەکان: پشکنینی سەر ئەستێرکی نوێن وجێ نووستنەکان.

١٠– زەوییەکان: هەڵکۆڵین و شەقاربوونی نوێ، ئاوسان، یان لۆچ لۆچی مشەمای (مشمع) سەر زەوی، شوێنەواری دەرهێنانی کاشییەکانی مەتبەخ، ئەگەر زەوییەکە بە نوێیی وەرگێڕدرابوو، ئەوە هەر بە ئاوڕشێنێکی ئاسایی دێتە خوارەوە و نەوی دەبێت.

١١– ئاودەستەکان: شوێنی خۆگۆڕین: لەناو ئەو جەنجاڵییەی لە پاڵاو شتی دیکەدا هەیە، شتی تێدا حەشار دەدرێ، هەندێ جاریش لەناو تانکی ئاو شتی وەك (چەکەکان، خشڵەکان) حەشار دەدرێن.

١٢– سەرەوەی تانکییەکانی ئاو و سەربانی دووکەڵکێشەکان.

هەروەها پێویستە بچینە ناو ئەو بۆشاییانەی کە لە ناو ژوورەکاندا هەیە، چونکە لەوانەیە تانکییەکی تێدا حەشار درابێ، یان شوێنی ژوورێکی بچووکی نهێنی بێت. لە هەمان کاتیشدا دەبێ بیر لە بوونی گومبەز و باخچە و ژووری خزمەتکاران بکەینەوە و سەرەڕای ئەمانەش ڕووی پێپلیکانەکان و ڕایەخەکانی سەریان بپشکنین، کە لەوانەیە لەو شوێنانەدا کلیل و نامە و شتی دیکە شاردرابێتەوە، هەروەها کۆمەڵە ڕەژوو و زبڵەکان هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکرێ و گوڵەکانی ناو گوڵدانەکان، لە ناو شوێنی خۆیان دەربهێندرێن و شیشەی پەنجەرەکانی بکرێنەوە، پاشان پێوەبدرێنەوە و سولاوکەکانیش چاك بپشکندرێن، هەندێ شوێنی دیکەش هەیە لەوانەیە بە تەواوی سەرنجی پشکێنەرەکان ڕانەکێشن،بەڵام لەگەڵ ئەوەدا گرنگن وەك سەعاتی کارەبا، لوولەی هەویری ددان خاوێنکردنەوە (کە لەوانەیە ئەنگوستیلەیەك، یان سرکەرێکی تێدا شاردرابێتەوە)، ناوەوەی شەپقەیەك (یان کڵاوێکی) پف دراو، بالیفێکی قورس، ئامێری پیانۆ (کە ناوەکەی بۆشە و دەتواندرێ شتی دزراوی تێدا دابنرێ)، ناوەوەی جلوبەرگی تاوانبار، کاتژمێری دیواری و... گەلێ شتی دیکە.

هەروەها نابێ جەستەی گومانلێکراو لەبیر بکرێ (شوێنەواری ڕوشان،

یــان ســووتان، چــەند پەڵەیــەکی گومانلێکراوو...هتــد). پێویســتە لــە نینۆکەکانی ورد بینەوە تۆزی ناو ئەو ماڵە و بنە پێڵاو، لە هەنـدێ حاڵـەتی زۆر ناچــار، دەبــین هــەردوو گــوێ و بــۆڕی هەستکردنیشــی بــە باشــی بپشکندرێ. هـەروەها پێویسـتە نامـەکانی، بیرخـەرەوەکانی، ئـەو کۆمەڵـە ئەدرێسـەی لایـەتی، بـە چـاکی بپشـکێندرێن، چـونکە لـە ڕاسـتیدا ئەمانـە کۆگایەکن بۆ زانیاری و بەڵگەکان.

لە هەندێ لە گرفتەکان پۆلیس دەتوانـێ پشـت بـە ئـامرازی تـەکنیکی ببەســـتێ: موگناتیســـی کارەبـــایی، بـــۆ دۆزینـــەوەی تەنـــە کانزاییـــە شاردراوەکانی ژوورێك، یان ئاوەڕۆیەك، یارمەتی دەدات.

ج- مۆرکردن بە شەمێی سوور (لۆککردن):

لە کۆتایی پشکنینەکاندا شتەکان و پاڵگەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی، هەر بەڵگەیەکی چەسپاوی دۆزراوە، بە شەمێی سوور مۆر دەکرێن. ئـەوەی زۆر گرنگە و پێویستە بکرێ ئەوەیە، کە ئەو پرۆسەیە لـە لایـەن ئەفسـەری پــۆلیس و گومــانلێکراو (یــان شــایەدەکەی) دەبــێ بڕاســتێندرێ، کــە هــەردووکیان نابــێ بــە هــیچ شــێوەیەك لەبــەر چــاوی پــۆلیس خۆیــان بشارنەوە[٩٠] لـە هـەمان کـات پێویسـتە هـەموو تەگبیرکارییـەکی پێویست بکرێ بۆ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییـەك لـە پاڵگـە دەسگیرکراوەکان نـەکرێ و وەك چــۆن لــە کۆنووســێکی دەســتنووس هــاتووە، بپــارێزرێ و ئەگــەر پێویستی کرد، لە ناو زەرفێکی داخراو دابندرێ، چونکە زۆر جـاری وا ڕێـك کەوتووە لەسەر لابردنـی وشـەیەك، یـان چـەند وشـەیەك لـە کۆنووسـێکدا، حوکمی تاوانبار سووك کراوە، یان بەبێ تاوان دەرچووە.

# دوواندن (الاستنطاق)

پشــكنین هــیچ ســنورێك بــۆ بەدواداگــەڕانی پــۆلیس دانانــێ، تــەنها گریمانەكەی ئەو تاوانبارە نەبێ كە پێشتر دادوەر تاوانی خستۆتە پاڵی.

رەنگە بەڵگەی ئیسپاتكردن سەلماندنێكی دیاریكراو بێ و دانپیانـانیش ســەلماندنێكی دیكــە بــێ، دەبــێ ئــەو دانپیانانــە لــە دوواندنێكــەوە دەســت بكەوێ، كە زۆرجار پشت بە شتە دەست بەسـەردا گیراوەكـان دەبەسـتێ. دەبــێ ئــەوەش بــزانین كــە لــە دوواندنــدا دەبــێ شــارەزاییەكی وردمــان لــە پێشەكییە دەروونییەكان هەبێ و ناشبێ پشـت بـە (دڵخەبـەران) و هەسـتپێ كردن ببەستین.

لـە سـەردەمی (مونتانیـا) ڕەخنـەگرتن لـە شـایەدی چـەندین تێبینـی لەسەر بووە، هەر لەم بارەیەوە پێویستە چەند سەرنجێك تۆمار بكەین:

١– هەمان ڕووداو ئەگەر سێ كەس بینییان، سێ گێڕانەوە هەڵدەگرن كە بە دەگمەن هاوتا (وەك یەك) دەبن.

٢– هاموشـۆكردنی شـوێنەكان و كەسـەكان تێبینـی لاواز دەكـا، كـە ئەویش قورسایی جۆری شایەدی لاواز دەكات.

٣– ڕاسـتی لـە دەمـی منـداڵان نایەتـەدەرێ، یـان ئەوەتـە ئـارەزووی ڕازیكردنی خەڵكیان هەیە، یان دەیانەوێ خەڵك بایەخیان پێبدا، یـان قسـە ناكەن تاكو ئازار بە خۆیان و كەسوكاریان نەگەیێنن.

٤– وەسفكردن هەرچۆنێ بێ، هەمیشە باشترە لە دەمی ئـافرەت بـێ، وەك ئەوەی لە دەمی پیاو بێ، بەڵام پیاو بـارودۆخ و مـەوداكان و قسـەكان ناشێوێنێ (ناگۆڕێ).

لە ڕاستیدا هیچ هاوتایەکی نە ئەدەبی و نە ئاسایی لە نێوان گوێگرتن و شایەدیدان، یان لە نێوان دوواندن و ڕووبەڕووبوونەوەدا نییە.

وشەی گوێلێگرتن بە باڵای ئەو شایەدە دەبڕێ، کە دەیەوێ ئەو شتانە بڵێ کە گوێی لێ بوونە، یان بینیویەتی.

بەڵام دوواندن، لەویش نزمتر ڕووبەڕووبوونەوە، ئاماژە بە گفتوگۆ دەکەن و پرسیار و وەڵام ئاڵوگۆڕ دەکەن. لە چوار چێوەیەکی فراوانتردا دەتوانین بڵێین، پۆلیسی تەکنیکار باسی دوواندنی هەر گومانلێکراوێك دەکات کە خۆی گوێی بۆ دەگرێ. ئەوەی ڕاستیش بێ لە سەرەتادا و بەر لە چوونە ناو گفتوگۆکردن، شایەدی و بەڵگەکان، شێوازی لەخۆوە شایەدیدان بەکار دەهێنێ.

### ١- مەرجە بابەتییەکان (الشروط المادية)

دانپیانانی ئاشکرا تەنها لە ژیانی ڕەبەنایەتیدا هەیە. دوواندن، کە لە ناوەڕۆکدا تایبەتمەندە، بۆ ئەوەی سەرکەوێ، چەند مەرجێکی بابەتی پێویستە، بەر لە هەمووی پێویستیمان بە نووسینگەیەك هەیە، هەر بە لایەنی کەمەوە بۆ دەرگا داخستن کە پێویستە دابخرێ، ئەوەش بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی سێ سەرە:

أ- دوورکەوتنەوە لە قسەبڕینی ناکاوی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن میوانێکی ناوەخت، ئەو قسە بڕینەی وا لە دانپیانانەکە دەکات پچڕپچڕ بێت، یان وا لە تاوانبار دەکا ئارامی بێتەوە بەر.

ب- ڕاکردن- دەبێ چاودێری دەرگا و پەنجەرەکان بکرێ، چونکە زۆر لەوانەی زوو هەڵدەچن، یان گومانلێکراون، خۆیان لە پەنجەرەکان فڕێ داوە.

ج- نهێنی ئاشکراکردن: هەروەها دەبێ ژوورەکە کەلوپەلێکی کەمی

تێدا بێت، ئەوەش بۆ ئەوەی تەواو ئاگای لە تاوانبار بێت.

هەتا (هـ... مولبار) وای بۆ دەچێت کە ڕووناکی ژوورەکـە ناڕاسـتەوخۆ بێت و تەلەفۆن قەدەغە بکرێ و ڕێکۆردەرێکی بچووکیش بشاردرێتەوە، بـۆ ئـەوەی دووان‌دنەکـە مـۆرکێکی گفتوگۆیانـە وەربگـرێ[٩١] بـەڵام کـە بـانگی شایەد دەکەین پێویستە ڕوو لـە پەنجـەرە بکـرێ، تـاکو ڕوونـاکی بکەوێتـە سەر، کەچی ئەوەی دەیدوێنێ پشت لە ڕوونـاکی دەکـا تـاوەکو ڕوخسـاری دوێندراو باش بخوێنێتەوە. هـەروەها دەبـێ دووانـدراو لـە مێـزی نوسـینگە دوور بخرێتەوە، نەوەك دۆسییەکان بخوێنێتەوە، یان تەنێك فڕێ بدات.

**٢- مەرجە دەروونییەکان:**

**أ- مەرجەکانی ناوەوەی کەسەکان:**

لــە بنەڕەتــدا پەیوەنــدی بــە میزاجــی کەســەکەوە هەیــە، ئــەوەش دەرئەنجامێکی جـەنجاڵی لەشـە بـۆ تێکـەڵاوبوونی دەروونـی. لـە ئـەنجامی تێکەڵبوونی ئەم دوو کردارە و لێکۆڵینەوەیان، ڕێگا بۆ نەشـونماکردنی ئـەم زانستە تازەیە خۆش بوو، کە زانسـتی ڕەفتـارە و پێشـی دەڵـێن: زانسـتی خوڕەوشت.

ئەگەر (غلیبن و ئیمانویـل موندیـە[٩٢] ویلیـەم شـیلدن)مان[٩٣] پێکـەوە کۆکردەوە، وا تێبینی دەکەین کە دابەشکردنی خوڕەوشت بۆ چوار توێژ بە تـــەواوی لەگـــەڵ واقیعێکـــی قـــووڵ دەگونجـــێ. بۆیـــە پێویســـتە دەستنیشـانکردنێکی بەسـوود بخەینـە ڕوو و شـتێك دەربـارەی پێکهاتـە و دەروون بـزانین، کـە بـۆ چـوار کۆمـەڵ دابـەش کـراون. لێـرەدا دەتـوانین زەرداوییـــەکان (واتـــە تورەکـــان) لیمفاوییـــەکان (واتـــە گێلـــەکان) و خوێناوییەکانو دەمارگرژەکان لێکدی جیا بکەینەوە.

**١- زەرداوییەکان:**

خاوەن نیگا تیژ و بەهرەدار و خۆش خوانە، پێویستی بە جوولەکردن هەیە و ماندوو نەناسە، بەڵام هەمیشە دڵڕەش و تووڕەیە. هونەری دووێنەر (المستنطق) ئەوەیە کە نابێ یەکسەر بەڕوویدا هەڵشاخێت، بەڵکو وا چاکترە، یان پشت بە لۆژیك (المنطق) ببەستێ، یان هەستە بەرزەکەی بڕوخێنێ و کەم و کوڕییەکانی بەرگریکردنی بدۆزێتەوە، یان خاڵێکی کەمدرەوشاوەی ژیانی تایبەتی، کە دەزانێ بێجگە لە خۆی، کەسی دیکە نایزانێ، بدۆزێتەوە.

**٢- لیمفاوی (گێلەکان):**

خاوەن سیمایەکی ئەستوور و کەم جوولەن، گێلن، بەڵام بە شێوەیەکی ئەوتۆ، تەواو کۆنترۆڵی خۆیان کردووە. ئەگەر تاوانێکیان کرد، کە بە دەگمەن دەیکەن، ئەوا دووانـدنی وەك شەڕێکی سەختە و هەموو شێوازەکانی دیالەکتیکی باری نابەن.

**٣- خوێناوی:**

دەم و چاو پانی ڕەنگا و ڕەنگە، دەنگی بەهێز و هاوار هاوارە، بە بوونی خۆی ڕازییە، لە ژێر پەردەی (پیاوی سادە) لە خۆباییبوونێکی قووڵ دەشارێتەوە. سروشتی ناجێگیرە، لە سەرەتای دوواندنیدا (لێپرسینەوەی دەڕوخێ).

**٤- دەمارگیر:**

دەمارگرژ (العصبي) پێست سپییە، خۆشڕۆیە، زوو هەڵدەچێ، جیاوازی لەگەڵ زەرداوی ئەوەیە کە هەوڵنادات. لەبەرئەوەی بەردەوام

پۆلیسی تەکنیکار

دەمار گرژە و بەرامبەر بە کەمترین جووڵە و دەنگ هەستیارە، بۆیە دەبێ لە کەش و هەوایەکی هێمن بدوێندرێ و کەشێکی پڕ باوەڕی پێ ببەخشرێ.

بێگومان سروشت زۆر لەو توێژە پراگماتییانە دەوڵەمەندترە، هەروەها زۆر سروشتی مرۆیی تێکەڵاو هەیە، کە لە سروشتە هەستپێکراوەکان پترن، بەڵام دۆزینەوەی سروشتی باڵادەست، گرەوێکی گەورەیە بۆ لێکۆڵەرەوە، جا چ دادوەر بێ و چ پۆلیس، بۆ ڕاکێشانی دووێندراو بۆ لێکدی گەیشتن، یان پەیمان بەستن.

سروشتی مرۆیی تەنیا وەك خاکێکە، پەروەردەکردن، ئەگەر نەشی گۆڕێ، بە لایەنی کەمەوە، دەتوانێ بیشارێتەوە. لە لایەکی دیکەوە تاوانبار چەند چەکێکی دیکەی دژی ئەو کەسە هەیە کە دەیپشکنێ، چونکە درۆ تاپۆ نییە لەسەر سروشتێکی دیاریکراو، بەڵکە هەموو کەسێك دەیگاتێ، پاڕانەوەش تەنها یەکێکە لە بگۆڕەکانی. باشترین شێواز بۆ دژایەتیکردنی ئەوەیە کە بەدرۆ بڕوای پێ بکەی. بەم جۆرە درۆ دەبێتە شێوەیەکی بەرزتر لە ڕاستی و چاکتر لە دانپیانان.

سەبارەت بە گریان و داد و فیغان، دەبێ دادوەر بە دەمارێکی سارد بەرامبەریان بوەستێ و واز لە تەنگژەکە بهێنێ، تا خۆی بە شێوەیەکی باشتر، یەکەم جار لە ڕووی دەروونییەوە و دواتریش لە ڕووی تاوانکاری دەستنیشان دەکرێ.

ب- مەرجەکانی دەرەوەی کەسێتی:

یەکەم مەرج زۆرجار پشتگوێ دەخرێ کە ئەویش بریتییە لە: شیاوی پۆلیس (یان دادوەر) بۆ کاری دوواندن.

بێگومان ئەو شیاویەی مەبەستمانە، یەکەم جار بریتییە لە شیاوی سروشتی. ئە ئامادەباشییە سروشتییەش، تەنیا پێویستی بە

دەوڵەمەنـدکردنی لێکۆڵینـەوەی دەروونناسـی و گەشەسـەندنی ئامـادەگی زەینـی نییـە، بـەڵکو پێویسـتی بـە قووڵبوونەوەیـەکی زانسـتیش هەیـە. یاخیبووەکان دووبارە دەبنەوە، تاقیکردنەوەی دوو پۆلیسـەکە (پشـکێنەر و تـۆژەر) و دادوەرە کۆنـەکان، تاقیکردنەوەیـەکی گرانبەهایـە. بۆیـە پێویستە ئەو کەسەی بۆ ئەم کارە پاڵێوراوە (کانلەر، غـورون، بوشـاردون، ماسـو)ی بـاش خوێندبێتـەوە و هـەتا خوێندنـەوەی پاڵگـەکانی فایلـە کۆنەکانیش بە کەڵکە. چەند جێگای داخە کـە هیـوای (ئۆتـۆلانگی) نەهاتـە دی، کە ڕایسـپاردبوو بـۆ هـەر تاوانبارێك، کـارتێکی دەروونـی بخرێتـە نـاو فایلەکەیەوە. مەرجی دووەم دەروونی و ماددییـە پێکـەوە. دووێنـەر دەبـێ کەش و هەوایەکی لـەبار بڕەخسـێنێ، یەکـەم جـار دەبـێ بـە تـەنیا لەگـەڵ گومانلێکراوەکان دابنیشێ (چونکە کەس ناتوانێ لە بەردەمی پێنج کەسـی دیکـە دان بـە تاوانـەکانی بنـێ، هـەروەها هـەر خۆتـێ هەڵقورتانـدنێکی نـاوەختی لابـەلا، دوور نییـە دانپیانـان کۆتـایی پـێ بێنـێ، یـان تاوانبـار دەرفـەتی بەخۆداهاتنـەوەی بـۆ بڕەخسـێ، لـەو حاڵەتـەدا دەبـێ یەکسـەر دەرگا دابخرێ و تەلەفۆن ببڕێ). هەروەها دووێنـەر نابـێ وشـەی ناشـیرین بەکاربهێنێ و دەبێ ڕێز لە تاوانبار (نەك تاوانەکەی) بگیرێ. نابێ زنجیـرەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە کاتی دوواندندا بپچڕێ. نابێ دووێنـەر، لـە کـاتی دوواندنـدا، وا خـۆی نیشـان بـدا کـە بایـەخێکی زۆر بـەم کـارەی دەدات. هەروەها نابێ خۆشی بەدیار بخا لە کاتی سەرکەوتن و دانپیانانی تاوانبار.

هەروەها دەبێ دووێنەر ئـەوە بزانـێ کـە چـۆن خـۆی دوادەخـات، کـە بەسـێ شـێوە ئـەنجام دەدرێ: یـان چـاوەڕوانکردنی سـەپێندراو بەسـەر گومانلێکراو بۆ جاڕسکردنی، لە پاڵ ئەوەش چاودێریکردنی بە نهێنی، یـان درێژکردنەوەی دوواندن بۆ دابەزانـدنی تایشـتی (مقاوەمـەتی) جەسـتەیی و دەروونی (بەڵام بێ زێدەڕۆیی کە ئازاردانی ڕاستەقینەی لێبکەوێتەوە) یـان

ئاڕاستەکردنی لەسەرەخۆ بەرەو ئامانج، ئـەوەش لـە ڕێـی چـەند وتووێـژێك کەوا دەردەکەون هـیچ پەیوەندییـەکیان بـە ڕووداوەکـان، یـان کێشـەکەوە نییە.

هەرچۆنێك بێ، دەبێ دوواندن زۆر بە وردی ئەنجام بدرێ، هەروەها وا بە باش دەزاندرێ کە پێشتر پلانێکی تۆکمە بۆ ئامـادەکردنی پرسـیارەکان دابندرێ، مەزندەکردن و کەمزانیاری دەربارەی فایلی تاوانبار (کە دەبێ بە تەواوی بخوێندرێتەوە) هەردووکیان گەلێ جار دەبنە هۆی تاوانبار نەکردن، یـان پاکانــە کـردن، کــە ســەبارەت بــە پۆلیســەکان و ڕای گشــتی بــە کەمتەرخەمی دادگا لە ئەرکەکانی دادەنرێـت. بۆیـە تاوانبـار پەشـێو بکـرێ ئـەوەش بـەهۆی زۆر پرسـیار لێ کـردن. هـەروەها نابـێ بـواری بـدرێتێ لـە دانپیانانەکـەی پەشـیمان ببێتــەوە، بەتایبــەتی دوای ئــەوەی گوێبیســت دەبین، یان دوای لێکۆڵینەوەی دادوەری ئەم تەکنیکەش پێویستە پشت بە دوو بنــەما ببەسـتێ: وردبوونــەوەی ڕاســتەوخۆ لــە هــەموو بانگەشــەکانی، پشکنینی پلان بۆ داڕێژراو دەربارەی پێشینە و بارودۆخە تەواوکارییەکانی کەسـێتی گومــانلێکراو، کــەوای لێبکــات بگاتــە ئــەو قەناعەتــە کــە هــەر نکۆڵیکردنێك، دادی نەدا.

لێرەدا دەبێ دوواندن بە ڕاستی و پاك و خاوێنی بکرێت. نابـێ نـەوتنی ڕاستی بە درۆ لە قەڵەم بدرێ، دووێندراو مـافی دڵـەڕاوکێ و دوودڵـی هەیـە، کەچی بـە پێچـەوانەی ئەمـەوە، نابـێ مامەڵـە بـۆ درۆ و فـێڵ کـەچ بکـەین. هەروەها دەبێ بەهۆی گوزارشتی جوان و هێزی وشە، تەنگ بە گومانلێکراو هەڵبچنین، بێ ئەوەی پەنا بەرینە بەر فێڵ و هەڵخەڵەتاندن کە دادگا ڕێگای پـێ نـادات، کەچـی دەربـارەی شـایەدەکان هــەموو وەك یــەك نـین، بــەڵام ڕەخنــەگرتن لــە شــایەدییەکان، لێــرەدا لەگــەڵ لێکۆڵینــەوەی دەروونــە حەشاردراوەکەی پشت شایەدییەکان، یەك دەگرنەوە.

دەبێ لە دروستی ئەقڵی دووێندراو دڵنیا بین، دەستنیشانکردنی ئەم دروستییەش لە کاتی دوواندن دا ئاسانە، ئەمەش بەهۆی ئەم پرسیارکردنانە: ئایا شایەد زوو توڕە دەبێ؟ ئایا دووچاری خەوزڕان بووە؟ ئایا بڕوای وایە هەمیشە لەسەر هەقە؟ ئایا بێزار کاری ژیانی ڕۆژانەی نائارامی، پشێوی بۆ دروست دەکات؟ خۆی بە چاودێرکراو دەزانێ؟ وەڵامی یەکێ لەو پرسیارانە بە بەڵێ، ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ نارێکی باری دەروونی. بۆ ئەوەی ئەم تێبینییە سەرەتاییانە تەواو بکەین، دەبێ پاڵپێوەنەرە شوێنییەکانی شایەدی بدۆزینەوە کە بەهۆیەوە دەتوانین ڕاستی شایەدییەکە بنرخێنین.

بەڵام گەڕان بە دوای ئەم ڕاستییە نابێ وامان لێ بکا، بۆ وەدەستهێنانی دانپیانان، بەبێ پشت بەستن بە زانیاری دەروونی، یان زانستی جێبینییەکانی تاوانکاری، یان هەتا ئاسانکارییە بابەتییەکانی دوواندن پەنا بەرینە بەر چەند شێوازێك. یەکەم شێوازیش، کە (پلە سێ)ی پێ دەڵێن، بریتییە لە سەرپێچیکردن، یاسای سزایی تێبینی کردووە و لە ژێر ناوی، کارە توند و تیژە ناڕەواییەکان، سزای بەسەردا سەپاندووە (مادەی– ١٨٦).

مەبەستیش لەم شێوازە گەڕانەوەیە بۆ ئازاردان، کە ماوەیەکی زۆر شێوازێك بوو بۆ وەدەستهێنانی دانپیانان. هەروەها شێوازی دیکەش هەیە وەك دەرزی لێدان و بەدەستهێنانی دانپیانان لە ژێر کاریگەری بێهۆشکەر. بێگومان مەحکومکردنی ئەم شێوازە، پێویستی بە بەڵگە نییە و بەرگریکردنی نەتەوەییش، نابێ پشت بەو شێوازە ببەستێ.

ماوەیەکە هەندێ کەس ڕێگایەکی سەیر بۆ دوواندن باس دەکەن... ئەویش ئەوەیە لە ڕێگای کاسێتێکی تۆماری تایبەت بە ئاشکراکردنی درۆ، دوواندنەکە ئەنجام دەدرێ. ئەم ئامێرە، کە وەك (فوتیلی) پزیشکی ددان

وایــه، پشــت بــه کاردانــەوه فســیۆلۆژییەکانی کەســەکە و بــەکارهێنانی دەبەستێ، وەك: کاری هەناسـەدان، پاڵەپەسـتۆی خـوێن، گـۆڕینی کـەرتی موگناتیسی لە کاتی ئارەق دەردان. لەم پێناوەشدا چەند وشـەیەکی کلیـل ئاسـا هەیـە و ئـەرکیان بـەڕەڵاکردنی، یـان کـارپێکردنی ئـەو دیاردانەیـە، هــەروەها بــەهۆی خوێندنــەوەی وێنــەی هێڵکــاری، گونــاهی گومــانلێکراو دەچەسپێ، یان بەبێ گوناه دەردەچێ. ئەم ڕێگایـە پێشـکەوتنێکی دیـاری بەخۆوە بینیوە، ئەمەش سەبارەت بـە تێبینیکردنـی دووێنـدراو کـە سـوور هەڵدەگەڕێ و ئارەقە دەکا و بیلبیلەی چاوی لێك دەکشێتەوە و دەلـەرزێ، هەتا هەندێ جار میـزیش بەخۆیـدا دەکـات، بـەڵام ئەوانـە نـاتوانن جێگـای جێبێن و تاقیکردنەوەی دەروونی بگرنەوە، کەچـی سـەرەڕای ئەمـەش لـەو بڕوایەدا نیم بتوانین بـە تـەواوی، لـە ڕووی بـەکارهێنانی ئـەم ئاشـکراکەری درۆیە بوەستین. ئەم ئامێرە هیچ کارێکی توندوتیژی تێدا نییـە، هـەروەها هــیچ کــەم و کوڕییــەکی بــۆ لــەش، بەتــەواوی تێــدا نییــە. بــەڵکو تــەنیا جێبــەجێکردنێکی تایبــەتی زانیارییــە دەروونییــە تەکنیکییەکانــە، کــە زانستێکی تازە پێك دەهێنێ و بەڕێوەیە بۆ سەپاندنی نۆڕینـەکانی بەسـەر سەربازە لاوەکان و فەرمانبەرەکان.

پێویستە دووێنەر پشت بەو ئامێرە ببەستێ نەك پشتی تێبکات.

**٣- شایەدی:**

یەکەم بنەما کە پێویستە دووێنەر ڕەچاوی بکـات، چـاودێری دەنـگ و نیگا و جووڵەی تاوانبارە، بەڵام دەبێ بە هەمان ئامادەیی زەینی (هۆشـی) ئاگـاداری ئـەو بنـەما گشـتییانە بـێ، کـە شـایەدی دەکەوێتـە ژێـر بـاری و (بینییە و گرۆس و شتێرن) دایان ڕشتووە.

سەبارەت بە شایەدی، (بیکون) وتویەتی: (شـایەدییەکان نـاژمێردرێن،

بەڵکو دەکێشرێن، واتا "سەنگ دەکرێن") ئەم تێبینییەی قوتابخانەی دەروونناسی فەرەنسیش پێویستە هەمیشە لە بیرماندا بخولێتەوە کە دەڵێ: درێژەپێدانی وردی، سەرتاپاگیری، بە پەلە داڕێژراو، نیشانەی دروستی یادکردنەوە نییە. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە شتێکی کەم لەم بابەتانە، نە لە بنکەکانی لێکۆڵینەوەی دادوەری و نە لە قوتابخانەکانی پۆلیس لای خۆمان هەیە. ئایا زەحمەتە بۆ دامو دەزگاکان ئەم چوار هەڵەیە فێری قوتابیەکانی خۆیان بکەن:

١- دیتنی شایەدیدانێکی پایەبەرز لە لایەن شایەدێك، کە بێ دوو دڵی شایەدی دەدا: ئایا ناکرێ تەنها پیاوێکی بڕوا بەخۆ بێ؟ هەمان هەڵە دەکرێ کاتێ بایەخێکی تایبەتی دەدرێتە کەسایەتییەکی پایەبەرز، یان کەسێکی خاوەن ڕەوشتێکی دانسقە، چونکە داوا لەو کەسە دەکرێ شێوەی ڕووداوەکە بگوازێتەوە، نەك حوکمی لەسەر بدات.

٢- بڕوا هێنان بەوەی کە ئەو شایەدەی هاتوچۆی شوێنەکان دەکات، وردەکارترە لەوەی بە ڕێکەوت دێتە شوێنەکان.

٣- پرسیارکردن: هەرچەندە ئەم شتە لە دادگاکانی تاوانکاری ڕوودەدات، چونکە هەموو کەس بە پەلەن، هەروەها شتە بەراییە سادەکانی بیرەوەری نازانن، کە لە وێنەگرتنی ڕووداوەکان زۆر ڕاستگۆنە هێندەی ئەوەی داوی زنجیرەی ڕووداوەکان دەداتە دوێ... بۆیە خۆی لە پرسیار کردن دوور دەخاتەوە، بەڵام هەتا ئەگەر سەربەستی قسەکردنیشمان دایە شایەد، ئەوا لە پێنج ئەگەر، تەنها یەکێکیان لە ڕاستی نزیکە. بۆیە دەبێ دوای پشکنینی ئەم خاڵە، یان ئەوەی دی نەکرێ تا بەسەربەستی شایەدی دەدا و شایەدییەکەش نابێ بسڕێتەوە.

٤- لەو بڕوایەدا بین کە فایلەکە بەهۆی وەلامگۆ یەك لە دوای یەکەکانی هەمان کەس دەوڵەمەند دەبێ، لە ڕاستیدا دووبارەکردنەوەی

یەکەم تێبینی نییە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی وەڵامگۆی پێشترە و دواتریش، ئەو هەڵانەی لەو وەڵامگۆیانەدایە و ئەو سروشە (ایحاء) ناهۆشیانەی گۆڕینی تێدا کردوون.

**٤- دوواندنی گومانلێکراو:**

گومانلێکراو بەو شێوەیە دەستنیشان دەکرێ کە کەسێکە، بارودۆخ و شایەدییەکان و بەڵگەکان و نۆڕینەکان و هەموویان پێکەوە یان جیاجیا، بە گوناهباری لە قەڵەم دەدەن، یان بە هاوکاری گوناهباری دادەنێن، یان هەتا وەك شایەدێکی جێگیر بۆ کردەی تاوانکاری. لە هەموو حاڵەتەکاندا، لە یەکەم ساتی تاوانکارییەکەدا لە لایەن پۆلیسەوە بانگی گومانلێکراو دەکرێ. بۆیە لێرەدا دەکرێ بپرسین: یەکەم، ڕێگاکانی دوواندن چین؟ دووەم، چین ئەو سەلماندنانەی کە دەتوانین لە دەرەوەی سنوری دانپیانان و بەڵگەکان کۆیان بکەینەوە؟ سێیەم، چۆن دوواندن دادەڕێژرێ.

**أ- هۆکارەکانی دوواندن:**

دیارە ناتوانین داوا لە گوناهبارێك (تاوانبارێك) بکەین زمان لە خۆی بدا. بەتایبەتی، چونکە ئەو یاسا دانراوانەی ئێستا، کە بەهۆی کەلێنێکی ترسناك و نکۆڵیکردنی بنەما دەروونییەکان، نرخی لە خۆڕا دانپیانان (الاعتراف العفوی) نادات. ئا لەو کاتەی هۆکاری ڕەوشتی نامێنێ، دەبێ دوواندن بۆ وەدەستهێنانی دانپیانان پشت بە ڕێگەی دیکە ببەستین، کە هەرگیز بەڵگەی زانستی، یان پزیشکی، یان شایەدی شایەدەکان جێگەی ناگرێتەوە.

دانپیانان، تا ڕادەیەکی زۆر، بەندە بە دەستنیشانکردنی دەروونی. بۆیە هەتا بەر لە ئاڕاستەکردنی یەکەم پرسیار، پۆلیس، یان دادوەر دەبێ

ئەو پیاوە هەڵبسەنگێنێ کە لەبەردەمی وەستاوە، لە ڕواڵەت و سەر و سیمای شت هەڵکڕینی پاڵگەکان بخوێنێتەوە. هەر هەڵەیەك لە پرسیار ئاڕاستەکردن دوواندن، تووشی مەترسی دەکات. دیار نابێ تاوانکارێکی بازاڕی و بازرگانێك وەك یەك بدوێندرێن، هەتا ئەگەر بازرگانەکە ڕاستگۆش نەبێت. پێویستە جیاوازی لە نێوان ئەمانەدا بکرێ، لاسارێکی سەرەتایی لاسارێکی خاوەن پێشینە (ئەزموون)، هەروەها لە نێوان ئەو شایەدەی نایەوێ قسە بکات و ئەو شایەدەی بە ساختە شایەدی دەدات، لە هەمان کاتدا لە نێوان ئەو کەسەی بە هەڵە وا دەزانێ تاوانبارە، یان لە پێناو شتێکی دیکە بێدەنگە و ئەو کەسەی بە تەواوی لە ڕووداوەکان بێئاگایە.

کاتێ کە دانیشتن (دیدار) بە مەبەستی دوواندن دەست پێ دەکات، دەبێ داوای ژیاننامەی وردی تاوانبار بکەین، ئەمەش تەنیا ڕێگەیەکی پەسندکراو نییە بۆ هەڵسەنگاندنی خووڕەوشتی تاوانکارەکە و پلەی زیرەکی، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ زانینی ڕابردووی، پەیوەندییەکانی، ئارەزوو و لاسارییەکانی، کاردانەوەی بەرامبەر گیروگرفتێکی دیارکراو، یان کەسێکی دیارکراو، یان بارودۆخێکی دیارکراو لە کێشە گەورەکاندا، وا بەباش دەزانین زۆربەی زۆری ئەم زانیارییانە بەهۆی لێکۆڵینەوەیەکی بە پەلە و پێشینە لەگەڵ کەسانێکی دیکە بکرێ. ئەو پرسیار و زانیارییانەش وا لە گومانلێکراو دەکا وا مەزەندە بکات، پۆلیس هەموو شتێك دەربارەی دەزانێ و هەر ئەو مەزەندەیەش هانی دەدا بۆ ئەوەی دان بە تاوانەکانی بنێ، یان بە لایەنی کەمەوە ڕادەی بەرگریکردنی کەم بکاتەوە، یان بلەقێ، ژیاننامەی گومانلێکراو یارمەتیمان دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیی گومانلێکراو بۆ ئەوەی وا بکەین، گومانلێکراو دان بە تاوانەکەی بنێ، یان ڕاستی بڵێ، لەگەڵ ئەوەش کە دووێنەر دەبێ تەنیا پشت بە کارامەیی پیشەکەی خۆی ببەستێ، لە خزمەتگوزارییەکەیدا چەند هۆکارێکی

دانپیانان هەیە کە هەموو کۆکن لەسەر بینینی:

١- لە پێویستیبوونی بەو پاساو هێنانەوەیەی، کە پاڵ بە تاوانبار دەنێ بۆ دیاریکردنی هۆی هەڵسوکەوتی.

٢- لە پێویستیبوونی بە دەمارخاوی، کە دوای دەمارگرژی پێشوو و لەگەڵ ئەنجامدانی کارێکی نائاساییدا، بەتایبەتی بە دەر بێ لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان.

٣- لە زەحمەتی درۆکردن بە ڕێکوپێکی، کە کەمتر بەند بوو بە دوورکەوتنەوەی نالۆژیك (اللامنطق).

٤- لەو لوت بەرزییەی کە پاڵ بە هەندێ تاوانبارەوە دەنێ بۆ ئەوەی شانازی بە خۆیانەوە بکەن (حاڵەتی ئەدەبی و هەنووکەیی ئەنجامدەری تاوانێکی تەواو، کە خۆی داوەتە دەست داد، ئەویش بۆ ئەوەی تاکو سەرکەوتن بەسەر ئەو دوو پۆلیسەدا تۆمار بکات کە هەرگیز تاوانبارێکیان دەسگیر نەکردووە).

٥- لە هیوا بوون بۆ لێبووردن کە لە بەدبەختییەوە زۆر کەم لە دادگاکانی فەڕەنسی وەسوود دەهێنرێ.

**ب- ئەگەرەکانی بە تاوانکردن لە دەرەوەی دانپیانان و بەڵگەی زانستی:**

*** ڕواڵەتە دەرەکییەکان:**

ئایا دەتوانین بە چەند ئاماژەیەکی دەرەکی، بزانین لێکۆڵینەوەکە بە ڕێگایەکی ڕاستدا دەڕوات؟ ئەگەر وابێ، ئەوە قەناعەتی سوودبەخشی دادوەر جێگیر دەکات، بۆ ئەوەی دوواندنی تاوانبار بەرەو کۆتاییەکی سەرکەوتووانە ببات.

بەهۆی ئەمانەی خوارەوە دەتوانین چەند ڕەگەزێکی تاوانباریەتی، یان بێتاوانی وەدەست بێنین.

١- وەڵامــەكانی تاوانبــار لەســەرەخۆیە، دوودڵــە، بــەرەو دواوە دەنوشتێتەوە (هەڵدەگەڕێتەوە)، كەچی وەڵامـەكانی بێتـاوان لـە خۆڕایـە، دوور و درێژە، هەندێ جـار زۆر و بێزاركـەرە، بـۆ زانیـاریش پێویسـتە ئـەم پێوەرەی دوایی، بایەخێكی كەمی پێبدەین.

٢- نیگای بێتاوان ڕاستەوخۆیە، بەڵام بە ئاسانی سوور هەڵدەگـەڕێ، كەچی تاوانبار ئاسانتر بەرگەی گومانلێكردن دەگرێ.

٣- بێتاوان هەڵسوكەوتی ئاسایی خۆی، بانگی شـەڕەفی (كەرامـەتی) دەكات و ئـەو تاوانـەی پـێ سـەیرە كـە دراوەتـە پـاڵی، هـەروەها دەیـەوێ بیسـەلمێنێ كـە هـیچ پەیوەندییـەكی بـەم كـارە كەمـەوە نییـە و هـیچ بەرژەوەندییەكیشی تێدا نییە.

٤- بێتـاوان زۆر بـە زەحمـەت چـۆنیەتی بـەكارهێنانی كـات دەداتـە دەست، كەچی تاوانبار یەكسەر بیانوییەكی زۆرچاك دەستنیشان دەكات.

**دیاردە دەروونییەكان ( المظاهر النفسیة )**

پزیشــكە دەروونناســەكان هــەوڵیان داوە، بــەهۆی (ڕوائــز)ە دەروونییەكانەوە، سروشتی قووڵی تاوانبار ڕوون بكەنەوە.

بۆچـی كـەس بـیر لـەوە ناكاتـەوە كـە ئـەم (ڕوائز)انـە دەربـارەی گومانلێكراوەكان بەكاربێنێ؟ بۆ نمونـە، هـەر حـەوت تاوانبـارە دیارەكـانی جـەنگ كـە لـە (نـورانبیرگ) سـزا دران، خرانـە ژێـر بـاری (ڕوائـز)ی (ڕۆرشاك)ەوە و شیكردنەوەی وەڵامەكانیشیان، ژمارەیـەكی یـەكجار زۆری لە نیشانەكانی ناڕاستی دەرخست. هەر لـەم بارەیشـەوە دكتـۆر (لوسلی- ئوستری) نوسیویەتی:

(وەك چـۆن تیشـكی سینی دەچـێتە نـاو قـووڵایی لـە شـەوە ئـاواش، (ڕوائزی ڕورشاك) مەرجەكانی دەروونی ڕوون دەكاتەوە كە مرۆڤ بـە نهێنـی

دەیهێڵێتەوە)[٩٤].

ئایا ئەمە ئامانجی دوواندنی پۆلیس نییە؟ هەروەها لەم پێناوەشدا دەتوانین (رائزی سزوندی) بە چاکی بەکاربهێنین[٩٥].

بۆیە ئێمە لەگەڵ (جیمیل و یۆنگ) بڕوامان وایە کە دەبێ پۆلیسی تەکنیکار، جاروبار، لە چوارچێوە تەسکەکەی خۆی دەربچێ کە تەنیا پشت بە وێکچوونە بابەتییەکان دەبەستێ، ئەوەش لە پێناوی کارکردن بە وێکچوونە دەروونییەکان، ئەمەش بەهۆی ئامادەکردنی کادیرێکی ئەوتۆ کە تاوەکو ئێستا، پێویستە پێك بهێندرێ.

**ج- داڕشتنی بابەتی دوواندن:**

دوواندن لە بنەڕەتدا زارەکییە و بنەماکانی دادگاش پێویستیان بە نووسینە. بۆ ئەوەی ئەم دوو جۆرە پێکەوە بگونجێن، دەبێ پشت بە کۆنووسی (محضر)ی دواندن ببەسترێ، جا ئەو پشت پێ بەستنە، چ لە ئاستی پۆلیس و چ لە ئاستی دادوەری بێ.

لێرەدا، وێڕای سەختی و دڵسۆزبوون، وا ڕێك دەکەوێ کە شایەد، یان تاوانبار دوو دڵ نەبێت کاتێك کە دەبینێ قسەکانی لەسەر کاغەز دەنوسرێن.

کەواتە چی بکەین باشە؟ دەبێ واز لە ڕێکخستنی ڕەمەکی بێنین کە تا ئێستا چەند کەسانێکی خێرا بەکاری دێنن و لە ڕاستیدا تەنها کات بەفیڕۆدانە. مەبەستمان لەوە، تۆمارکردنی (رستە دوای ڕستەیە، لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی دوواندن) ئەوەش بەهۆی ناچارکردنی نووسەری دادگا کە قسەکردنەکە بنووسرێتەوە، ئەنجامی ئەم ڕێگایەش ئەوەیە کە دووێنەر ناتوانێ چاودێری ئەو کەسە بکا، کە لە بەردەمی وەستاوە. کەچی کەسەکە (تاوانبارەکە) سوود لەم دەرفەتە وەردەگرێ بۆ چاککردنەوەی

هەڵەكانی. تاكە ڕێكخستنی یاسای شیاو ئەوەیە، كە یەكەم جار دواندن ئەنجام بدرێ و چەند بیرەوەرییەك تۆمار بكرێ، بۆ یارمەتیدانی بیردان لە كاتی پێویست، پاشان و دوای ڕوونكردنەوەی ڕوداوەكان، ئەو هەموو شتانەی بە زارەكی وتران، كۆبكرێنەوە و ڕەزامەندی دووێندراوی پێ وەربگیرێ، ئەو كاتە یەكسەر دەكرێتە نووسین (هەندێ جار دەكرێ بیكەینە بەش بەش) و بەر لە ئاماژەكردن بە كۆتاییهێنان بە دەنگێكی بەرز دەخوێندرێتەوە (دەبێ دانەیەك لەو كۆنووسە بدرێتە كەسی مەبەست، ئەمەش وەك وەفادارییەك بۆ پێداویستییە یاساییەكان) بەم شێوەیە خۆمان لە دووبارەكردنەوەكان دوور دەخەینەوە و دەرفەتیش بۆ دەستكاریكردنی پاش مۆركردن دەڕەخسێنین.

نابێ ترسمان لەوە هەبێ كە مزگێنی تازەبابەت دەبەخشینەوە، بە جۆرێك لە سەردەمی ئەلكترۆنیدا خۆمان نەئاخنینە نێو (نیولتی) و (خەنجەرە)وە. نە جێگای گاڵتەیە و نە جێی خۆبەزلزانینە كە دادوەر، یان پۆلیس لە ساڵی (٢٠٠٠) لە بەردەمی تۆماركەرێكی (مسجل) دەنگی، گوێ لە قسەكانی تاوانبار دەگرن و پاشان نووسەری دادگا كاسێتەكە بە شەمێی سوور مۆر دەكات، دواتریش دەگوازرێتەوە سەر كاغەز، ئا بەم شێوەیە نەك هەر (داد) بە چاكی دابین دەبێ، بەڵكو ئەم تەكنیكە دەرفەت بۆ كەڵەكە بوونێكی باشترە، وردەكارییەكانی مۆركراو دەڕەخسێنێ.

ئەم وەڵامگۆیانە باشترین ڕێگەن بۆ پاككردنەوەی پەرێزی تاوانباری ساختە، كە خۆی بە تاوانێكی خەیاڵاوی، یان بە دەستدرێژ كردنێكی واقیعی تۆمەتبار دەكات، ئەویش بە مەبەستی داپۆشینی بكەری ڕاستەقینە[٩٦].

تەكنیكی دوواندن و دەروونناسی پەیوەست پێی، هەروەك دەبینین، بۆ وەدەستهێنانی دانپیانان ئاڕاستەكراون. بەڵام پاش وەدەستهێنانی ئەم

دانپیانانە، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەم قۆناغەی کۆتاییی، تەواو ڕازیمان ناکات. بێگومان داد هەیە مادامەکی چارەی تاوانبار سزادانە، سزادانی تاوانباریش دەبێتە پەند بۆ ئەو کەسەی پەند وەردەگرێ، بەڵام ئاسا هەست بە سووکایەتی پێکردنی داد ناکەین، کاتێك کە دەبینین ئەو تاوانبارەی تا کۆتایی نکۆڵی لە تاوانەکەی دەکات و ئەو تاوانبارەی دان بە تاوانەکەی دەنێ لە یەك تای تەرازوو بن؟ بەڵکو ئایا نابینین هەتا زۆرجار دەستەی سوێندخۆران، دانپیانان خاوی کردونەتەوە و بە زێدە دڵڕەقی حوکم بەسەر ئەو کەسە دەدەن کە دانی بە تاوانەکەی ناوە، کەچی ئەو کەسەی بە ڕوون و ئاشکرایی نکۆڵی لە تاوانەکەی دەکا، بە سووکتر حوکمی بەسەردا دەدەن. لێرەدا لەو هاوارەی (ئەفینین) دەگەین کە لەسەر سێدارەدا نەڕاندی (هەرگیز دان بە تاوانەکانتان مەنێن) بۆیە لێرەدا بۆمان هەیە و بە دەرچوونی نازانین، ئەگەر داوای ئەوە بکەین سزای ئەو تاوانبارەی دان بە تاوانەکانی دەنێ پلەیەك، یان چەند پلەیەك کەم بکرێتەوە. ئەوەش وەك هاندانێك بۆ تاوانباران، بۆ ئەوەی دان بە تاوانەکانیان بنێن.

# ئامادەباشی دژی تاوان

ئەوانەی یەکەم جار یاسا تاوانکارییە نوێیەکانیان دانا، ئەو ڕۆڵە پارێزگاریکاریان لەبەرچاو ڕوون و ئاشکرا بوو کە لە ئەستۆی پۆلیس دایە، بەتایبەتی کاتێك کە پۆلیسی کارگێڕییان واتە (خۆپارێزیان) لە پۆلیسی دادوەری واتە (سەرکوتکاری) جیاکردەوە. کەواتە شتێکی پێویستە کۆتایی ئەم کتێبە(الوجيز في الشرطة التقنية) بە (ئامادەباشی دژی تاوان) بهێنین، بەتایبەتی ئەو ئامادەباشییەی لە چەندین حاڵەتدا وا دەخوازێ، هاریکاری لە نێوان دەزگا پۆلیسییە جیاجیاکان و لە نێوان ئەو فەرمانگانە لە لایەك و کارگێڕییەکانی دیکەی دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە ئەنجام بدرێ.

ئەم ئامادەباشییە دژی تاوانە، بە چەندین قۆناغ نەخشەی بۆ دادەنرێ و پیادە دەکرێ، بە جۆرێك شێوەی خۆپارێزی وەربگیرێ، بەتایبەتی کاتێ لەسەر ئەوانە پیادە دەکرێ کە ئامادەن بۆ کەتنکردن. شێوەی چارەسازکاری وەربگرێ، کە بایەخ بە کەتنکارەکان دەدات، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆهەرەس نەهێنان.

**یەکەم/ خۆ پاراستن لە تاوانکاری:**

ناتوانین نکۆڵی لە قازانجی دووسەرەی شێوەی چاودێریکردن بکەین:

ئەو نۆبەتگرانەی کاریان چاودێریکردن و وەستاندنی نۆکەرەکانیانە بە جلوبەرگی یاسایی، تەگەرە دەخەنە بەردەم ئەنجامدانی تاوانەکان، یان کەتنەکان. کەچی ئەو تێبینیانەی ئەوانە کۆیان دەکەنەوە لە ڕێگای ئەو شایەدییانەی کە سەبارەت بە ڕووداوەکان، یان کەسەکان دەدرێن، دەتوانن ببنە ڕێنیشاندەری فەرمانگەکانی دادوەری، یان پۆلیسی

سەرکوتکار. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە جلوبەرگی یاسایی تەنها بە کەڵکی ئەوە دێ، کە بە ئاشکرا یاسا بپارێزن و ناتوانن بە نهێنی چاودێرییەکی ڕاستەقینەی خەڵکانی گومانلێکراو بکەن. بۆیە ئەمە وەك پاساوێکە بۆ پۆشینی جلی ئاسایی (نەك یاسایی) لە لایەن پۆلیسەوە.

بێگومان ئەرکی ئەو جۆرە پۆلیسانە تەنها لە ناو شەقامەکان نییە، بەڵکو لە چەندین شوێنی جۆراوجۆرە، وەك وێستگەی هێڵی ئاسنین و نمایشەکان و ئاهەنگە میللییەکان و مەیخانەکان و...هتد.

هەروەها ئەرکەکەیان تەنها دۆزینەوەی چەندین سەرپێچیکردنی، وەك گیرفانبڕین و دەوێتی (گەوادی) نییە، بەڵکو دەتوانێ تەگەرە بخاتە بەردەم گەلێك لە هەڵەکانی ئەنجام دانی تاوان.

بەم چەمکە، بۆمان دەردەکەوێ کە پۆلیس، لە یەك کاتدا دوو کاری هەیە، هەروەك پرۆفیسۆر (دیگریف) نوسیویەتی و دەڵێ (پۆلیس دەتوانێ، لە یەك کاتدا، هەم تۆقێنەر بێت و هەم بەخشندە بێت)[٩٧] هەر سەبارەت بە خۆپاراستن لە تاوانکاری، گەلێ جار وا ڕێك دەکەوێ پۆلیس کۆمەڵێ کەسی ئاشنای مەیخانەیەك پێکەوە، بەرەو پۆلیسخانە ڕادەپێچێ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکا، ئەگەر چی هیچ سەرپێچییەکیان لێ نادۆزێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە و سەیرکردنی ناسنامەکانیان لەوانەیە تاوانبارێکی ڕەسەن دەسگیر بکات، یان هەر نەبێ ئەم هێنان و بردنە بۆیان دەبێتە ئاگادارییەك بۆ ئەوەی لە ئەنجامدانی تاوان دوور بکەونەوە، چونکە ئەم جۆرە شوێن و ناوەندانە لەبارن بۆ ئەنجامدانی تاوان. یان دەبینین کاتێ کۆمەڵێ لاو بەهۆی چەند دزیکردنێك، بۆ پۆلیسخانەیەك ڕادەپێچرێن و هەر بە تەنها بە لێکۆڵینەوە لە ناسنامەکانیان هەڵسوکەوتیان باش دەکەن و تێکەڵاوی شوێن و ناوەندی خراپ نابن.

بێگومان خۆپارێزی لە تاوان هەر بە تەنها لەسەر پۆلیس نەوەستاوە،

بەڵكو دەتواندرێ پشت بە هەندێ زانستی نوێش ببەسترێ، چونكە هەندێ دەروونناسی نۆژدارانی دەروونی، چەند شێوەیەكی جیاجیایان بۆ ڕەفتاری ڕاستەقینەی هەر مرۆڤێك لێك داوەتەوە.

بۆیە دەكرێ، سەبارەت بە بابەتی ئامادەباشی دژ بە تاوانكاری، چەند ڕێكخستنێكی بە كەڵك لە كاتی پشكنینی ئەقڵی چەند باڵقبووێكی كەتن نەكەر (غیر جانح) لە نێوان پۆلیس و پزیشكی دەروونی ئەنجام بدرێ، كە ئەمەش بە تەواوكاری تەگبیركارییەكانی ناسینی ناسنامە و یەككردنیان دادەنرێ.

**دووەم/ چارەسەری سەركەشیكاری ( معالجة الجنوحیة ):**

خۆپاراستن لە تاوانكاری بۆ ئەو كاتە نییە كە تاوانەكە ئەنجام دراوە، بەڵام ئەگەر نەشتوانی ڕێگا لە بەردەم ئەنجامدانیدا بگری، ئەوا بە لایەنی كەمەوە دەتوانێ هەوڵ بدات دووبارە نەبێتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێت كە ئامانجی سزادان دەبێ بۆ چارەسەركردنی تاوانبار بێ. لەم پێناوەشدا تاوانناسەكان بابەت و شێوازەكانیان دەستنیشان كردووە، بێگومان لاسارەكان جارێكی دیكە بە دڵی پڕ خەم و پەژارەوە بۆ بێهیوایی ناگەڕێنەوە. ئێمە هەمیشە زیاتر پەنا دەبەینە بەر تەكنیكەكانی پۆلیس و وا دەردەخەین كە هەندێ لەو تەگبیركاریانە، لە چوارچێوەی خۆپارێزی تاوانكارییە، ئاشكرایە كە بەندكراو، كاتێ كە ئازاد دەكرێ لەگەڵ دەوروبەرەكەی خۆی ناگونجێ، بەتایبەتی دوای بەسەربردنی ماوەی سزادانێكی دوور و درێژ، بۆیە گرفتی ئازادكراوەكان، چەندین وتار و كۆبێژییەك تەواو نابێ، بەڵكو پێویستیان بە ئامادەكردنی چەند شوێنێكی كاركردن هەیە.

**سێیەم/ سیاسەتی تاوانکاری:**

**أ- چەند کار ڕاییکردنێکی یاساکاری (تدابیر الشرعية):**

چەند گرفتێك هەیە کە بەهۆی دانانی یاساکان دێنە کایەوە، ئەم گرفتانە هەرچەندە ئەقلێشیان تێدا بەکار هاتبێ، ئەگەر پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی ئامارەکییان لەسەر ئەنجام نەدرابێ، بەبێ مەترسی لەسەر کۆمەڵگە چارەسەر ناکرێ، هەروەها دەبێ ئەوە بزانین، کە مەترسیدارترین تاوانەکان لە نیوەی حاڵەتەکاندا، ئەنجامدەرەکانیان ئەو لادەرانەن کە تازە دەستیان پێکردووە، زۆر گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو تاوانانەی ئاڕاستەی مرۆڤ دەکرێن، دەسکردی ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ تاکو ٢٨)ساڵیدایە، بۆیە پێویستە بەوپەڕی ئاگادارییەوە چاودێری ئەم قۆناغە تەمەنییە (١٠ ساڵییە) بکەین کە مەترسیدارترین (١٠ ساڵییە).

**ب- چەند ڕاییکارییەکی دادوەری و پۆلیسی (تدابیر قضائية وبوليسية):**

چەند ڕاییکارییەکی دادوەری و پۆلیسی هەنە، دەبنە هۆی ئەوەی دان بە سوودی خۆئامادەکردن دژی تاوان بنێین.

بۆ نمونە ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە کە حوکمدان و جێبەجێنەکردنی ئەم حوکمە، بۆ لابردنی بێهیوایی، یان هەرەسهێنان، کاریگەری لەو کاریگەرییە زیاتر نییە کە کوتان بە ئاسنی سوورکراوە هەیەتی، هەروەك لە دەقێکی یاسای (ناپلیۆن)دا هاتووە.

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی باوەڕپێکردنیش (اعادة الاعتبار)، حوکم دراو، یان بەندکراو ئەوەی بەسە کە دوای بەسەربردنی ماوەی سزا و بەندکردنەکە و ئازادکردنی، خۆی لە هەڵە ڕەخساوەکانی تاوانکاری دووربخاتەوە، بەڵام لێرەدا چەند شتێکی وردتر لەم ڕووەوە دێنە

بەرچاومان، ئەوانەش وەك هەندێ لە شێوازەکانی (پۆلیسی چاودێریکردنی ناسنامەکان) وا لەو کەسە دەکەن، کە بۆ ئەنجامدانی تاوان ئامادەیە، خۆی لە تووشبوون دوور بخاتەوە.

هەروەها ئەم چاودێریکردنەی پێناسە، دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕێگری یاخیبوو (چ هەڵاتوو لە بەندیخانە، یان یاخیبوویەکی هەڵاتوو لە بەردەمی دادپەروەری) کە ناسنامەکەی بەهۆی شوێن مۆری پەنجەکانی ناسراوە. هەر لە بواری ڕاییکاری (التدابیر) دادوەری و پۆلیسییەکاندا و بە مەبەستی ئامادەباشی دژی تاوانکاری، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە تەگەرە خستنە بەر ساختە و ساختەکاری، پێویستە کاغەزی مسۆگەر دروست بکرێ، کە ئەمەش جۆرێکە لە خۆپارێزی ناڕاستەوخۆ. هەروەها چاودێریکردنی کارگێڕی، یان پۆلیسی سەبارەت بە هەندێ پیشە، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی خۆپارێزی تەندروستی. قەرەجەکان، یان ڕەوەندەکان کاتێ کە بێ ناسنامە بوون، بێگومان گەلێك تاوانیان ئەنجام دەدا ودەستگیریش نەدەکران، بەڵام کەناسنامەیان بۆ کرا، بووە هۆی ئەوەی لەو تاوانانە دووربکەونەوە، هەر ئەوەش یەکێك بوو لە شێوازەکانی دوورخستنەوەیان لە تاوانەکان. ئەرکێکی ناو بازنەی تایبەتمەندییەکانی پۆلیس وەکو پێویستە تێی بگەین ئەوەیە، کە دەبێ بە پەلە داوا بکرێ بگاتە شوێنی ڕووداو، بەڵام دەبێ ئەم چوونە ناو ڕووداوە، بەر لە ئەنجامدانی لادانەکان بێت، واتە کاتێ کە دەبینی کەسێك ڕەفتارێکی گومانلێکراو ئەنجام دەدات.

لەوانەیە هەندێ کەس دژی توندی بن و بە بیستنی گرژ ببنەوە، بەڵام بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە لە ئینگلتەرا کە بە وڵاتی ئازادی تاکە کەسی دەناسرێ هەر لە ساڵی (١٨٢٩)ەوە جۆرە یاسایەکیان دەرکردووە، ڕێگا بە گرتن و سزادانی ئەو جۆرە کەسانە دەدات.

هەروەها چەند ڕاییکارییەکی دیکە هەنە، کە بریتین لە دانانی تۆڕێکی ئاگادار کردنەوە، لە وێستگەکانی هێڵی ئاسنین و بەنزینخانە و پردەکان و دەوروبەری ڕێگاکان، ئەم تۆڕەش لە کاتی هەڵاتنی کەتنکارە مەترسیدارەکان بەکاردەهێنرێ... هەروەها دەزگایەکی دابینکردنی ئاسایش لە دەوروبەری هەندێ لە ساختمانە (بناية) گشتییەکان، یان ئەو ئوتێلانەی هاتوچۆکەر و ئاستبەرزەکان هاموشۆیان دەکەن.

**ج- چەند ڕاییکارییەکی پەروەردەیی (تدابیر تربوية):**

یەکێك لە کارڕاییکردنە خۆپارێزییەکان، بریتییە لە هەندێ کارڕاییکردنی پەروەردەیی، ئەوەی زۆر ئاشکرایە ئەوەیە کە قوتابخانە و خێزان و شوێنە ئاینییەکان، بە یەکەمین پەروەردەکاری منداڵ دادەنرێن و لەسەریان پێویستە هەستی ڕەوشتباشی و شارستانێتی تێدا پتەو بکەن، هەروەها دەتوانین بڵێین، ئاڕاستەکردنی پیشەییش سوودێکی زۆری هەیە، چونکە یاخیبووەکان لەناو ئەو کەسانە دەردەکەون کە لە پیشەیەکی دیاریکراودا نوشوستیان هێناوە. بۆیە هەتا وەرزشیش دەتوانێ لە مەودایەکی دوور، بەڵام بە مسۆگەری خەڵك لە تاوان بپارێزێ، چونکە یاریگاکان دەتوانن هەرزەکار بە جۆرێکی ئەوتۆ بپارێزن، کە باشتر بێ لەوەی لە شەقامەکان دەیکەن.

**د- چەند ڕاییکارییەکی تەکنیکی (تدابیر تقنية):**

ئەو هەموو ڕاییکارییە خۆپارێزیانەی باسمان کردن بە گشتی ئامانجیان کەسانی کۆمەڵگایە، بەڵام دەتوانین، بەهۆی هەندێ دەستەبەری هونەری، تەواوتر و بە کەڵکتریان بکەین. بۆ ئەم مەبەستە هەر ئەوە مەبەست نییە ڕاسپێری ئەوە بکەین کە خەڵك ئاگادار بکەینەوە، چونکە

ئەرکی هەندێ لە دەزگاکان ئەوەیە کە قەرەبووی کەموکوڕییەکانی خۆیان بکەنەوە. هەر لەم بوارەشدا چەند ڕاسپێرییەك هەنە، لەوانەیە بە سوود بێنە بەرچاومان، بەڵام زۆر پێویستن، وەك داخستنی دەرگاکان لە کاتی هەر چوونە دەرەوەیەك، بەجێ نەهێشتنی پێپلیکانەکان لەناو باخچەکان و چاودێریکردنی پڕۆژە گەورەکان لە لایەن چەند خزمەتگوزارێکی تایبەتمەند لە کاتی داخستنێکی دوور و درێژ. هەروەها دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن سەر لە پاشدزەکان بشێوێنین، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ لە دراوسێ چاکەکان وا تێدەگەیەنین، چەند جارێك پەنجەرە داخراوەکانی ئەو ماڵە بکەنەوە و پێوەی بدەنەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو پۆستەیەی بۆ ماڵەکە دێت و لە ژێرەوەی دەرگا فڕێ دەدرێ، هەڵیبگرنەوە، چونکە کەڵەکەبوونی نامە لە ژێر دەرگا سەرنجی دزەکان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ئەو ماڵە چۆڵە. بۆ پاراستنی ناوەوەشی، پێویستە دەرگا و ڕێدەرچەکان بپارێزین، بە جۆرێکی ئەوتۆ قایمیان بکەین کە بە شیشەی ئاسن نەکرێنەوە. پێویستە ڕێزەی دەرگاکان و ئەو زمانەی دەرگاکان لە دیوی ژوورەوە دابخەین، چاك قایم بکرێن (بەتایبەتی سەبارەت بە دەرگای دوو دەری، یان سێ دەرییەکان). سەبارەت بە پاراستنی شوێنەکەش پێویستە سەگێك بۆ ئەم مەبەستە ڕابگیرێ، یان بەهۆی چەند دوگمەیەکی تایبەتی ئاگادارکردنەوە، یان چەند زەنگێك لە کاتی کردنەوەی دەرگاکان لێدەدا، یان بەهۆی ڕووناککردنەوەی ماڵەکە بە شێوەیەك بە دەرگاکان دەبەسترێتەوە، کە کاتێ دەکرێنەوە هەر کەسێك دەچێتە ژوورەوە، یەکسەر بە ڕێگایەکی ئۆماتیکی ژوورەکە ڕووناك دەبێتەوە)، یان بە دانانی تێلی کارەبایی (ئەگەرچی ئەمە مەترسیدارە لە حاڵەتی ڕوودانی هەر ڕووداوێك، خاوەن ماڵەکە تووشی لێپرسینەوە دەبێ).

## پەراوێزەکان :

١- دەقە فەڕەنسییەکەی بەم جۆرەیە Criminalistique.

٢- اعمال المؤتمر، پاریس، بەشی شەشەم.

3- Revue de science criminelle, 1961, No.1 P.44.
4- Sannie La Recherche Scientifique du Criminel, Colin-Paris 1954, P.19.

٥- هـ- سودرمان.

6- Congres de criminology, paris 1950.

٧- ج- دوکلو، بەهۆی یۆریل.

٨- اصول محاكمات الجزائية، مادە (١٤).

٩- وەرگێڕدراوە فەڕەنسیەکەی، پاریس (بییار و مارشال)، ١٨٩٩.

١٠- ئەم کارە لە ئەزموونگەی پۆلیسی تەکنیکی لە پاریس ئەنجام دراوە، کە پیاوانی پۆلیس لە ژێر چاودێری مامۆستایەتی دەرچوو لە کۆلێژ لە تاقیکردنەوە جیا جیاکانی فیزیاوی و کیمیاوی و هیدیکە لە پێشبڕکێ دانە.

١١- لە فەڕەنسا، فەرمانبەرانی پۆلیس هاوکاری لەگەڵ ئەوانە دەکەن کە سیفەتی ئەفسەری پۆلیسی دادوەرییان بە دەست هێناوە و پێویستە لەسەریان بنەما یاساییەکان و تەکنیکییەکان، لێکۆڵینەوەی تاوانکاری فێربن (اصول محاكمات الجزائیە، مادە ٢٠).

دەربارەی هەمان بابەت بڕوانە: Penale commente. 3e – et J-CSalan.

١٢- لە ٩ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٦ یاسایەك لە فەڕەنسا دەرچوو، بە پێی ئەم یاسایە پۆلیسی نەتەوەیی دامەزرا.

١٣- گومرسباخ ناوی هێناون: Verberechen in Tatund Bild, 1959.

١٤- لە گومرسباخ وەرگیراوە، سەرچاوەی پێشوو.

15- Introduction a la criminologie.
16- Caracterologie du criminel p 108.
17- De Greef, Introduction a la crominologie p. 274.
18- de criminologie: Etude Comparee de militaries delinguationns, 1965, p.25 P. Moutin, Annales.
19- Guehenno, Surlechemin des hommes.

٢٠- بڕوانە کتێبی: ف. کنیستری نایاب: Y civica, Paris, 1961. Sociale morale.

٢١- أ. کینبرگ.

22- Delinquants en herbe. Vitte, 1956.

٢٣- لە پاریس و لیۆن و تۆلۆز و ڕین، (٨,٥٪)ی خێزانەکان بۆ هەر (٥) کەس ژوورێك

هەیە. هەروەها ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لاساری لە ناو ئەو خێزانانە زۆر دەبێ کە تێکڕای منداڵەکانیان لە (٤) منداڵ زیاترە.

٢٤- زاراوەیەکە بەرامبەر وشەی (Comptoir).

٢٥- بگەڕێوە بۆ بەندی سێزدەهەم.

٢٦- شان بەشانی ئەوەش، ئەو داهاتەی لە ژێر دەسەڵاتی ناکامێك، یان بالقێك دادەنرێ، بەرەو تەمبەڵی پاڵی پێوە دەنێ، هەروەها تووشی دەرد و هەندێ جاریش بۆ تاوانی دەبات.

٢٧- بڕوانە ئەو ڕاپۆرتە نایابەی بەڕێز تامافیت لەو کۆنگرەیە ئامادەی کردبوو کە لە لایەن یونسکۆ دەربارەی (الوقایة من الجنوح ومعالجتە في اسیا والشرق الاقصي، طوکیو، ١٩٥٧) ڕێکخرابوو.

٢٨- لە ١٩٤١ تاکو ١٩٤٥، ژمارەی دزییە سادەکان لە فەڕەنسا گەیشتە سێ ئەوەی بەر لەو بەروارە.

29- Quarante ans de police internationale, presses de la Cite, 1956, p. 261.

٣٠- بەرامبەر بە وشەی (argot)ی فەڕەنسییە.

31- C. Baudouin, Elements de cryptographie pedone editeur, p.114.

٣٢- نمونەیەکی دیکەی تا ڕادەیەك ڕاییکەر (مقنعة): ئەندامێکی سێکسی پیاو یەکجار زۆر کرژ دەبێتەوە، هەروەها گۆ مەمکەکانی ئافرەتیش، ئەوەش هێمایەکە بۆ کەوتنە ژێری ئاوی پێشتری مردووەکە، بڕوانە: ڕ. بایو، لاپەڕە ٣١٠.

٣٣- هەرگیز نابێ تەرمێکی نادیار بە جلکەوە بخەینە ناو گۆڕەوە، چونکە لەوانەیە ئەو جلکانە ببنە هۆی ناسینەوەی.

٣٤- تەرمی (جوبان)، کە سەر و دەست و پێی بڕابوو و فڕێ درابووە ناو ڕووباری سین، بەهۆی چەند قەتماغەیەکی خوێن لە نێوان ئەندامی سێکسی و هەردوو گونی توانرا بدۆزرێتەوە.

٣٥- بەڵام دەبێ پۆلیس، بەبێ ئەوەش شوێنی پزیشك بگرێتەوە، لەگەڵ پزیشك جەستەی مردووەکە بەر لە هەموو شتێك بپشکنێ و بەتایبەتی بە دوای برینەکان بگەڕێ، بەزۆری ئەو برینانە تاوانەکە دەستنیشان دەکەن (هەروەك جاری وا هەیە دەبینین ئۆتۆمبێلی یەکەم لە یەکێك دەدا و خوێنی، یان شتێکی کەسە پانکراوەکەی پێوە دەنووسێ کەچی ئۆتۆمبێلی دووەم دوای یەکەم پانی کردۆتەوە).

٣٦- لە حاڵەتی گومان کردن لە خوێنەکە، یەکسەر لە ئەزموونگە دەپشکندرێت.

٣٧- هەندێ جار ئامێری (Stereo Photo grammetre) بەکار دەهێنرێ. بۆ ئەم

مەبەستە بڕوانە: R.C.P.T 1953, No.4.

٣٨– وەك چەند حاڵەتێکی سووکی سەر ڕێگای گشتی.

٣٩– ڕەوشتی هەڵخەڵەتێنەر (محتال) لە ڕەوشتی دز سووکترە، دز کەسێك تاڵان دەکات کە نایناسێ، کەچی هەڵخەڵەتێنەر بەهۆی برادەرایەتی و ناسین کارەکەی ئەنجام دەدات.

40- La repression del'escroquet a Paris, revue internation ale de police crirm ine lle. No. 34, janvier 1950.

41- L. Retail, techniques de l'enquete, Expertise Comptable et expertise Financiere.

٤٢– سەرباری ئەوەش، هەر پارچەیەك لەو دراوە سیمای تایبەتی بەڕێوەبەری ئێستای لەسەرە، کە لە پارەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

43- Louwage, DP, Cit.

44- Celard, policetechnique, 107.

٤٥– بۆ یاد هێنانەوە: یاسای سزادان، ساختەیی لە نووسینە گشتییەکان و ساختەیی لە نووسینە تایبەتییەکان و نووسینەکانی بازرگانی لێکدیان جیا دەکاتەوە.

٤٦– هەروەها دەتواندرێت وێنەگرتنی فۆتۆگرافی ژێر تیشکی شەپۆلە یەکجار زۆر کورتەکان بەکار بێت، دوور لە شەبەنگی گلۆپی جیوەیی.

٤٧– وێنەگرتنی فۆتۆگرافی بە پاڵپشتی خاوێن کەرەوە، تاکو بتوانین وشە سڕاوەکان، یان ڕەشکراوەکان بخوێنینەوە.

٤٨– لێرەدا بەرژەوەندی وا دەخوازێ سەرەك کارگێڕییە گشتییەکان و پڕۆژەکان مەرەکەبێکی تایبەتی بەکاربهێنن کەسی دیکە بەکاری نەهێنێ.

49- L.Retail, Lse techniques de l'Expertise Judiciaire (October 1952).

٥٠– دەربارەی ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ (بوریل).

٥١– زاراوەیەکە بەرامبەر وشەی Vinometre مەبەست لە بۆرییەکی باریکی پلە پلەکراو لە سفرەوە تاوەکو بیست. بەهەر خوێندنەوەیەکی سادە، پلەی مەیەکە (خمر)ەکە دەدات.

٥٢– ئەو هەوڵە لەبارچووەی بۆ ڕەشەکوژی (اغتیال) جەنەراڵ و دیگۆڵ لە نیس، لە ڕۆژی ١٥ی ئابی ١٩٦٤ ئەنجام درا.

٥٣– کەچی زمانی یاسا بە پڕدانی (اغتصاب) دادەنێن، هەتا ئەگەر توند و تیژیش ڕووی نەدابێ، ئەگەر تەنها بکەر (الفاعل) پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشێکی ناکام (قاصر) لە تەمەنی (١٥)ساڵیدا بەستابێت.

٥٤– هەتا بۆ کەسێکی بالق بووش لە لایەن پزیشکەوە بەبێ ڕازی بوونی ئەو کەسەی (مەبەستە): CASS.. 19 JUIN 1884 BUL No 196.

٥٥- لێکۆڵینەوە و ئاماری گرنگن لە: F.Zamaron, Police des mineurs.

٥٦- هاندانی ناکامەکان (القصر) لەسەر بێ ئابڕوویی، بۆ دابینکردنی کامی (شهودة) هاندەر، یان لایەنی سێیەم، تاوانێکی زەقە.

٥٧- پێویستە تێکەڵاویەك لە نێوان ئەم و ئەو گاندەرە نێرینەیە نەکەین، کە جل و بەرگی ژنانە لەبەر دەکات، تاکو ئاسانتر مەرامەکانی بەدەست بێنێ.

58- prot et bardenat, Anormaux et maladies mentaux, 1960.

٥٩- بەرامبەر وشەی pederasty لەبەر نەبوونی بەرامبەر لە زمانی کوردی.

٦٠- نەك لە لایەن پزیشکی خانەوادە (طبیب العائلة)، ناوبانگی هەرچۆنێ بێ، بەڵکو لەلایەن کار ئەنجامدەرێکی ناشەرعی (یاسایی) لەلایەن دادگاوە پەیوەندی بە نهێنی پیشەگەری نەبێ.

٦١- ئەوانە بریتینە لە: ئەفیونی خاو، مۆرفین و خوێیەکانی دیهیدرۆکۆدین، پەلکەکانی کۆکا، کۆکاین و خوێیەکانی، ترشەڵۆکی زەرنیخ، L.S.D هی دیکە.

٦٢- وەزارەتی ناوخۆی (فەڕەنسا) نووسینگەیەکی مەڵبەندی بۆ سەرکوتکردنەوەی قاچاغی چالاکبەخشەکان کردۆتەوە، ئەم نووسینگەیە پەیوەندی بە دەستەی چالاکبەخشەکان لەئەنجومەنی ئابووری کۆمەڵایەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە.

63- ARTICLE 628 DU Code de da Santepublique.

٦٤- لەوانەیە ئەم تەکنیکە بە تەواوی بۆ لێکۆڵینەوەی پۆلیسی دادوەری دەست بدات.

٦٥- ئەم ڕووداوانە، کاتێ کە لەسەر ئافرەتێکی زگپڕ لە کاتی هەرسکردن جێبەجێ دەکرێ، زۆر ڕوو دەدەن.

66- Zamaron, police des mineurs, Penicillin. er sq.
67- Elements de criminologie.
68- Caracterologie des criminals.

٦٩- چاویلکەی پزیشکی شرینقا- مۆمی چارەسازی...هتد.

٧٠- ئاماژەیەکی گرنگ: مندالباز (اللواطي) هەمیشە هەمان ئەو چینە تەمەنییانە هەڵدەبژێرێ: یان کوڕە بچووکەکان، یان هەرزەکارەکان، یانیش بالق بووەکان.

٧١- بگەڕێوە بۆ: أصول المحاكمات الجزائیة، لێکدانەوەی (موراندییر) و (سلمون).

72- Boschoff, La police scientifique, p.13.

٧٣- کێشەی (بینو)، کە ڕۆژنامەی (لوباریزیان) لە ٢٠ی ئاداری ١٩٥١، بۆ بیرهێنانەوە نووسیویەتی.

٧٤- ئەمە لەگەڵ یەکێك ڕوویدا کە دایك و باوکی خۆی کوشتبوو، ئەو بکوژە وای ڕادەگەیاند کە ئەو شەوە لە ژێر باڵی دایك و باوکیدا نووستووە، کەچی نوێنەکەی هیچ

تێك نەدابوو، ئەم درۆیەی وای لە لێكۆڵەرەوە كرد، گومانی لێ بكات.

٧٥- دەرخستنی ئەمە بۆ ئەم دوگمەیە دەگەڕێتەوە كە لە چاكەتی دزەكە كەوتبووە سەر پێپلیكانەی قوربانییەكە، لە كاتی گەڕان بە دوای دزەكەدا، لە لای یەكێ لە پزیشكەكان دۆزرایەوە كە چارەی ئەو گوللەیەی دەكرد كە قوربانییەكە لێیدا بوو: R.I.C.P.T., 1952, III

76- louwage, technique et teactique criminelle, P.82.

٧٧- لە ساڵی ١٩٥٢، ڕووداوێكی مرێنەر (ممیت) دۆزرایەوە، ئەویش ئەوە بوو كە نوێنەرێكی فەڕەنسا ماوەی (٧) ساڵ بەناسنامەی ساختە دەخولایەوە و لەو ماوەیەشدا هەمیشە دادوەری لێی دەپێچایەوە و بە دواییدا دەگەڕا! ( Tancnet. Alias Ducreux).

٧٨- جل و بەرگی ئەم تەرمە ماوەیەك دەپارێزرێ، دەبێ بەهەر نرخێك بێ لە شاردنەوەی بە جلكەوە دوور بكەوینەوە، ئەو ڕوونكردنەوەیەی چەند برینێكی نادیاردەردەخات، ڕێگا بەوە دەدا كە جل و بەرگەكانی بپشكێندرێ، پاشان پێویستە ئەم جل و بەرگانە بە چاكی بپشكنین تاكو پنتك و سوتان و هەر شتێكی دیكەمان بۆ دەردەكەوێ.

٧٩- بەرامبەر گوزارەی لاتینی: (de minimis non curat preator).

٨٠- زمانی ئەڵمانی، وەك هاوتایەك بۆ ئەو حەوت پرسیارە، داڕشتنێكی بەهێزی بۆ یادەوەری و دەگمەن هەیە، كە بە سەیری هەریەكە لە وشەكان بە پیتی (W) دەست پێدەكات: wer? Was? Wo? Womit? Warum? Wie? Wann?

٨١- یەك لە دوای یەك axe des abcisses دوای ئەو axe des ordonnees.

82- A.Neiss, Rayons X et police scientifique, R.I.P.C. 1962, No. 160.

٨٣- سەیری وتارەكەی بەڕێز (فری- سولزر) بكە: R.I.C.P.T., 1964, VOL. 8, P.52.

٨٤- لە كاتی كارەساتەكەی ڕۆژی ٤ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٠، لێكۆڵینەوە توانی تەرمی وەزیری هەوایی (ئاسمانی) بەریتانیای، (لۆرد تومبون) بناسێتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو چاویلكەیەوە كە لە گیرفانی بەجێ مابوو و ئاگریشی بە دەستەكەیەوە نوساندبوو.

٨٥- ڕەنگی زامەكان یەك لە دوای یەك بۆ ئەم ڕەنگانە دەگۆڕێت: سور، دواتر ڕەش، پاشان، سەوز، پاشتر زەرد: ج. نیسیڤۆرۆ، ل٥٤.

٨٦- بەرژەوەندی لەوەدایە دوو ئۆتۆمبێل بەكاربێت و هەریەكەیان بە پێچەوانەی ئەوی دیكە ڕابگیرێ و بەمجۆرە بۆ هەر دەرچوونێك ئامادەبن.

٨٧- لە حاڵەتی لێكۆڵینەوەی ڕەسمی، یاسای فەرەنسی، هەروەها ڕێگا دەدات سەردانی ماڵ بكرێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەوەی كە ئەم سەردانە بە دەسخەتی گومان

لێکراوەوە ڕێی پێدرابێ.

88- Morandiereet J.-C. Salmon, Codede procedure Penale commente 3 edirion 1966.

٨٩- مادەی (٦١) لە (أصول المحاكمات الجزائية الفرنسية).

٩٠- ئەمە تەنها هەر بنەمایەکی یاسایی نییە، بەڵکو تەگبیرکارییەکی ئاسایشە (أمنی)، هەندێ جار و لە کاتی پشکنینەکاندا، چەند هەوڵدانێکی خۆکوشتن، یان هەڵاتن دەبیندرێ، هەروەها پێویستە هەمیشە پەنجەرەکان داخراو بن.

91- spring field, interrogation, 1951.

92- Traite du caractere, Edite du seuil, 1949.

93- W. Sheldon et S. Stevens, Les Varietes du temperament, Trad. Prof. Ombredane, P.U.F, 1951.

94- Manul pratique du test de Rorschach.

٩٥- کەم و کوڕی لەوەدایە کە وێنەی کەسەکان مۆرکێکی کۆنیان پێوەیە.

٩٦- لە ئێستاوە چەند پیاوێکی پۆلیس، بۆ وێنەگرتنی وەڵامگۆکان (الافادات)، بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پشت بە کورتکردنە دەبەستن.

97- Et social des delinqants, cours international de criminologie, paris, 1952. L'exe en medico-psychologique.

# پێرست

پێشەکی وەرگێڕی کوردی ..... ٣
بەشی یەکەم : ڕوخسارە گشتییەکانی تاوان و پۆلیسی تەکنیکار ..... ٧
بەندی یەکەم : پۆلیسی تەکنیکار ..... ٩
بەندی دووەم : باوەڕ پێکراوانی پۆلیسی تەکنیکار ..... ١٥
بەندی سێیەم : هۆکارەکانی تاوان ..... ١٩
١- هۆکارەکانی تاکایەتی (الفردیه) ..... ٢٠
أ- هۆکارەکانی جەستەیی: ..... ٢٠
ب- هۆکارە دەروونییەکان: ..... ٢١
ج- هۆکاری ڕێککەوتنکاری: ..... ٢٢
٢- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ..... ٢٢
أ- ژینگەی خێزانی و قوتابخانەیی: ..... ٢٢
ب- ڕابواردنە پڕوپوچەکان: ..... ٢٣
ج- سینەما و ڕۆژنامەگەری: ..... ٢٤
د- بێ ئایینی (کەم بڕوایی) یان دوورکەوتنەوە لێی: ..... ٢٥
هـ- چڕی دانیشتوان: ..... ٢٥
٣- هۆکارە ئابوورییەکان ..... ٢٥
أ- بەهای گوزەران: ..... ٢٥
ب- بێکاری: ..... ٢٥
ج- بە پیشەسازیکردنی زۆر خێرا: ..... ٢٦
د- نەگونجان لەگەڵ پیشەگەری: ..... ٢٦
٤- هۆکارە سیاسییەکان ..... ٢٧
أ- ئایدیۆلۆژیای بێ لێپێچانەوە (اللامسؤولیة): ..... ٢٧
ب- جەنگەکان و قەیرانە سیاسییەکان: ..... ٢٧
ج- نوشوستییەکانی پۆلیس: ..... ٢٧
د- کۆچکردنی چڕ و جەنجاڵ ئاسا: ..... ٢٨
بەندی چوارەم : جیهانی تاوانبارێتی ..... ٣٠
أ- کوتان: ..... ٣١
ب- زاراوەکانی دزان[٣٠]: ..... ٣١
ج- نیشانەکانی پەیدۆزی (الاشارات الاستطلاعیة): ..... ٣٢
د- نووسین و هێما نهێنییەکان: ..... ٣٢
بەندی پێنجەم : ئامارەکانی تاوانبارێتی ..... ٣٥
أ- سروشتی سەرپێچییەکان: ..... ٣٥

ب- تەمەنی لاسارەکان و ڕەگەزیان: .......... ٣٥
ج- پیشە: .......... ٣٦
د- باری خێزانی: .......... ٣٦
هـ- دابەشبوونی جوگرافیایی: .......... ٣٦
و- هەرەسهێنان: .......... ٣٧
ز- پاشکۆیەتی: .......... ٣٧

**بەشی دووەم: دیاردە تاوانبارییەکان .......... ٣٩**

**بەندی شەشەم : تاوانەکانی خوێن .......... ٤١**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی .......... ٤١
دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن .......... ٤١
أ- خنکاندن: .......... ٤٢
ب- هەناسە بڕین: .......... ٤٢
ج- لەئاو خنکاندن: .......... ٤٢
د- بەغاز خنکاندن: .......... ٤٢
هـ- فڕێدان لەسەر بەرزایی: .......... ٤٣
و- چەك بەکارهێنان: .......... ٤٣
ز- ژەهر پێدان: .......... ٤٣
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە .......... ٤٤

**بەندی حەوتەم : کوشتن و بریندار کردنی بێ ئەنقەست (غیر متعمد) .......... ٥٢**
یەکەم/ دەستنیشان کردنی: .......... ٥٢
دووەم/ هەل و مەرجی تاوانەکان .......... ٥٣
سێیەم/ جێبینیەکان و لێکۆڵینەوە .......... ٥٤
١- ئۆتۆمبێلەکان: .......... ٥٤
٢- ڕووداوەکانی ماڵەوە، ڕووداوەکانی کارکردن: .......... ٥٨
٣- هۆکارە جیاجیاکانی گواستنەوە: .......... ٦٠

**بەندی هەشتەم : دزییەکان .......... ٦٣**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی .......... ٦٣
دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن: .......... ٦٣
١- دزی بە هەڵخەڵەتاندن: .......... ٦٣
أ- دزیی بە ئاشکرا: .......... ٦٤
ب- دزی بەهۆی سیفەتێکی ساختە: .......... ٦٤
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە .......... ٧١

**بەندی نۆیەم : هەڵخەڵەتاندنەکان .......... ٧٨**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی .......... ٧٨

دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن: .......................................................... ٧٨
دەستتێخستنی لایەنی سێیەم: ......................................................... ٨٣
چەند تەڵەکەبازییەکی جیا جیا ......................................................... ٨٣
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە...................................................... ٨٧

**بەندی دەیەم : دراوە ساختەکارییەکان ........................................... ٨٩**

**کانزا و متمانە بەخش و نووسیاری ............................................... ٨٩**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی ............................................................... ٨٩
دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن: .......................................................... ٨٩
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە...................................................... ٩٣

**بەندی یازدەهەم : گۆڕانکاری لە نووسینەکان (التحریفات الكتابات) ............. ٩٨**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی ............................................................... ٩٨
دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن ............................................................. ٩٨
سێیەم/ جێبینینەکان و لێکۆڵینەوە..................................................... ١٠٢

**بەندی دوازدەهەم : گزیی- تەڵەکەبازی (الغش)........................................١١٦**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی ............................................................... ١١٦
دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن ............................................................. ١١٦
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە...................................................... ١٢٠

**بەندی سێزدەهەم: ئاگر بەربوون و تەقینەوەکان (الحرائق والانفجارات) ........١٢٤**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی: ............................................................. ١٢٤
دووەم/ ڕێگاکانی کار کردن ............................................................ ١٢٤
سێیەم/ جێبینینەکان و لێکۆڵینەوە..................................................... ١٢٨

**بەندی چواردەهەم: تاوانە سێکسییەکان و ڕێخۆشکەرەکانی..........................١٣٣**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی ............................................................... ١٣٣
دووەم/ ڕێگاکانی ئە نجامدانی ........................................................ ١٣٣
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە: ................................................... ١٤١
* تێکدانی نەریتە گشتییەکان: ......................................................... ١٤١
* کردەوە ئابڕووبەرییەکان: ............................................................ ١٤٢
* دەویتی (القوادة): .................................................................... ١٤٣
* داوێنپیسی- جووتبوونی ناشەرعی (زینا): ......................................... ١٤٤
* تەنگژە سێکسییەکان: ................................................................. ١٤٤

**بەندی پازدەهەم : خوو پێوەگرتن بە بێهۆشکەرە ژەهراوییەکان .....................١٤٦**
یەکەم/ دەستنیشانکردنی: ............................................................. ١٤٦
دووەم/ ڕێگاکانی کارکردنی: .......................................................... ١٤٦
سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە...................................................... ١٥٠

**بەندی شازدەهەم : تاوانەکانی سیاسی** ..... **١٥٢**

یەکەم/ دەستنیشانکردنی ..... ١٥٢

دووەم/ ڕێگاکانی ئەنجام دانی ..... ١٥٢

سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە ..... ١٥٥

* پیلانەکان (المؤامرات): ..... ١٥٧

* سیخوڕی (التجسس): ..... ١٥٧

**بەندی حەڤدەهەم: ناکامەکان (قصر) وەك قوربانی و سەرپێچیکار** ..... **١٥٩**

یەکەم/ دەستنیشانکردن ..... ١٥٩

دووەم/ ڕێگاکانی کارکردن ..... ١٥٩

* لەباربردن (الاجهاض): ..... ١٦٠

سێیەم/ جێبینییەکان و لێکۆڵینەوە ..... ١٦٣

**بەشی سێیەم : لێکۆڵینەوەی تاوانبارێتی** ..... **١٦٧**

**بەندی هەژدەهەم : جێبینینی تاوانکاری (المعاينة الجنائية)** ..... **١٦٩**

یەکەم/ ڕێسا لۆژیکییەکان ..... ١٧٠

دووەم/ ڕێسا تەکنیکییەکان (القواعد التقنية): ..... ١٧٣

سێیەم/ ڕێسا کردەنییەکان (القواعد العلمية) ..... ١٨٠

**بەندی نۆزدەهەم : لێکۆڵینەوە (التحقيق)** ..... **١٨٢**

یەکەم/ هەلومەرجەکانی گرفتەکە ..... ١٨٢

دووەم/ پێکهێنانی گریمانەکە ..... ١٨٣

سێیەم/ وردبینییەکان ..... ١٨٥

**بەندی بیستەم : بەدواداچوون و ڕاگرتن (التقصي والتوقيف)** ..... **١٩٨**

**بەندی: بیست و یەکەمین : پشکنینەکان (التفتيشات)** ..... **٢٠٤**

**بەندی بیست و دووەم : دوواندن (الاستنطاق)** ..... **٢١٢**

١- مەرجە بابەتییەکان (الشروط المادية) ..... ٢١٣

٢- مەرجە دەروونییەکان: ..... ٢١٤

٣- شایەدی: ..... ٢٢٠

٤- دواندنی گومانلێکراو: ..... ٢٢٢

دیاردە دەروونییەکان (المظاهر النفسية) ..... ٢٢٥

**بەندی بیست و سێیەم : ئامادەباشی دژی تاوان** ..... **٢٢٩**

یەکەم/ خۆ پاراستن لە تاوانکاری ..... ٢٢٩

دووەم/ چارەسەری سەرکەشیکاری (معالجة الجنوحية) ..... ٢٣١

سێیەم/ سیاسەتی تاوانکاری ..... ٢٣٢

## سوپاس و پێزانین بۆ :-

* بەڕێز (فیصل دباغ) کە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە، وەك پشتیوانێك، هەمیشە هاندەرم بوو، لە گەلێك بواریشدا هاریکاری کردم.
* بەڕێز (کامل محمد –بەهرام) کە عەرەبی و کوردییەکەی بەراورد کردو لەڕووی زمانەوانییەوە بە کوردییەکەیدا چووەوە.
* خانەوادەکەم ، کە هاوکار و پاڵپشتم بوون بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.



## عەمیدی ماف پەروەر
## غفران سلیم سام

- لەدایکبووی: ١٩٧٢/٧/١ هەولێر.
- لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٠) خوێندنی سەرەتایی لەباکووری عێراق لەشاری سەماوە (مثنى) تەواوکردووە.
- قۆناغەکانی ناوەندیو ئامادەیی لەهەولێر تەواوکردووە.
- لەساڵی (١٩٩٧) دەرچووی کۆلێژی پۆلیس، (خولی بارزانی نەمر).
- بەکالۆریۆسی لەیاسا بەدەست هێناوە.
- ماستەری لەیاسا بەدەست هێناوە بەناوی (القيود القانونية لحق اكتساب الجنسية).
- بەشداری چەندین خولی سەربازی و پیشەیی لەناوەوەی وڵاتو دەرەوەی وڵات کردووە.
- راوێژکاری یاسایی یە لەرێکخراوی کاری پەرەپێدانی کوردستان.
- ئەو پلەو پایانەی لەوەزارەتی ناوخۆی هەرێم و عێراق وەریگرتوون :-
  - بەرێوەبەری پۆلیسی گومرگی سۆران.
  - بەرێوەبەری کارگێری و دارایی گشتی پۆلیسی گومرکی هەرێم.
  - بەرێوەبەری ئاسایشی و هەواڵگری فەرماندەیی پاسەوانی سنوور.
  - بەرێوەبەری کاروباری شارستانی هەولێر (نفوس).
  - بەرێوەبەری کارتی نیشتمانی پارێزگای هەولێر.
  - بەرێوەبەری هۆل لەچەندین خولی ئەزموونە گشتییەکانی کۆلێژی پۆلیس.
- ئەندامی سەندیکای مافپەروەرانی هەرێمی کوردستان.
- چەندین بابەتی سیاسیو یاسایی لەگۆڤارو رۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لەوەزارەتی ناوخۆ بەپلەی (عميد) لە بەرێوەبەرایەتی رەگەزنامەی گشتی هەرێم.
- خێزاندارەو خاوەن دوو کوڕو دووکچە.